٢-باهراپترگوتناندا مفا ژ لایێ ناڤەرۆکیڤە ب مەبەستەک جودا وەرگرتینە. بۆ نموونە گوتنا (حەتا نیڤا دەستی ڕەش نەبیت تاما دەڤی خۆش نابیت) هۆزانڤانی مفا ژ ناڤەرۆکا گوتنا مەزنا وەرگرتییە، بەلێ ب شێوەیەکێ بەروڤاژی ئەوێ واتایێ بکارهینایە، ژبەرکو گوتن ب خۆ دبێژیت هەتاکو تۆ زەحمەتێ نەبینی و نیڤا دەستێ تە ڕەش نەبیت تۆ خۆشییێ نابینی، بەلێ هۆزانڤانی ب ئەوێ واتایێ ئینایە، جۆتیاری و پالەیێ حەزا کارکرنێ هەیە و دشێن کاری بکەن، بەلێ ژ ئەگەرێ شکاندنا هنجارێ جۆتیار نەشیایە جوتێ خۆ بکەت، ئانکو ئەڤ گوتنە ب خۆ گرێدای لایەنێ ئابوورییە، بەلێ دیسان د شیاندایە بۆ لایەنێ سیاسی ژێ بهێتە شرۆڤەکرن، دەمێ شۆرەشەک ژبەرێ ئارمانجان بجهبینیت، بهێتە ڕاوەستاندن و شۆرەشگێر ژێ چ

مفای ژماندیبوونا خۆ وەرنەگرن .

٣- (٥) گوتنێن مەزنان ب شێوەیێ دەقا و دەق وەرگرتینە. بۆ نموونە گوتنا (دزو مال خویێ بوونە هەڤال، گا د کولەکا بانی را دزی)، هۆزانڤانی ژی ئەڤ گوتنە وەکی خۆ بێی دەستکاری د ڕۆخسارو ناڤەرۆکێدا د ناڤا هۆزانا خۆدا مەزراندییە.

٤-مفا ژ (٣) گوتنێن مەزنان کو ژ لایێ ڕۆخساریڤە وەکی خۆیە و ناڤەرۆک یا جودایە وەرگرتییە. بۆ نموونە (جەر ل ڕێکا ئاڤێ دشکێت)، هۆزانڤانی ئەڤ گوتنە ناڤەرۆکا ئەوێ بۆ مەبەستەکا جودا بکارهینایە، کو مفا وەرگرتییە ژ ژیان و ژیارا کەڤنا کوردەواری کو ژیانا ئەوان ل سەر ڕاڤ و نێچیرێ بوویە، بەلێ بۆ مەبەستەکا نەتەوایەتی بەرجەستەکرییە، دەمێ باب ژ نێچیرێ دزڤریت مەبەست پێ شۆرەشە .

ژێدەر

ب زمانێ کوردی

– ئالیخانی، پێزانێ (١٩٨٢) ، دومـراری ژ گەنجینا فولکلورێ کوردی، دهۆک: ژ بەلاڤکرنا ئەمینداریا گشتی یا روشنبیری و لاوان.

– ئامێدی، ریکێش (٢٠١٩)، فەرهەنگا گوتنێن مەزنا ، بەرگێ ئێکێ ، دهۆک : دەزگەهێ سپیرێز.

– ئامێدی، ریکێش (٢٠١٩)، فەرهەنگا گوتنێت مەزنا، بەرگێ سیێ ، دهۆک : دەزگەهێ سپیرێز.

– ئەمین ، زەکیە رەشید محەمەد (٢٠١١)، کومەڵێک پەند و ئیدیۆمی کوردی ، سلێمانی : وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان .

– تـەقی، جـلال (١٩٨٤)، پـەنـدی پێشنان و قسـەی نەستەق کوردی ، هەولێر : چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری لاوان .

– جەعفەر، حەجی (١٩٨٦)، گۆتنێن مەزنان ل دەڤەرا بەهدینان ، چاپا ئێکێ ، بەغدا .

– حسێن، ئەڤراز (٢٠٠٦)، فەرهەنگا گوتنێن پێشینان ، ژ ئەلفا بێیا لاتینی ڤەگوهاستیە ، هەلێر: دەزگەهێ سپیرێز

– خـەیـات، عبدالعزیز (٢٠٢٣)، گـوتـن و مـەرەم فولکلۆری، تەهران: وەشانێن کومپانیا پالو یا پەخش و راگەهاندنێ.

– خانکی، کوڤان (٢٠٠٨)، گوتنێن مەزنان د هۆزانا جەگەرخوین دا ، دهـوک : ریڤەبەریا پەرتووکخانا بەدرخانیا.

– ڕەسـول، شوکریە (٢٠٠٨) .ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی .چاپی یەکەم . هەولێر .

– ڕەسوول، عیزەدین مستەفا (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چاپی سێیەم ، هەولێر : دەزگا ئاراس .

– شـارەزووری ، عەلی مەعروف (١٩٨١)، پەندی

پێشینانی کوردی ، چاپخانەی (الحوادپ).
– عبدوللا. هزرڤان (٢٠١٣) ، هندەک ژ وە و هەموو ژ من ، کۆبەرهەمێ هەلبەستێ ، بەرگێ ئێکێ ، هەولێر : یەکێتیی نووسەرانی کورد .
– عەلی،عائشه محەمەد (٢٠٠٦)، گوتن و جڤاک ، چاپی یەکەم ، هەولێر .
– قەرەنی ، ئەحمەد (١٩٨٤)، کانی کۆمەلە تێکستین فولکلورینە ، پرتا یەکێ ،بغداد.
– محو، فارس تاهر (٢٠٢٢)، د پەرتوکا فولکلۆرێ کوردی ئەدەب ، زمان ، مێژوو، جڤاک و کەلەپوور دا هاتیە ، بەرگێ ئێکێ ، کۆمەکا ڤەکۆلەران ، زاخو:سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی .
– یاسین،وەهبیا محەمەد سەعید (٢٠٠٦). گۆتنێت پێشینان ل دەڤەرا بادینان . بەرهەڤکرن : مەسعوود محەمەد سەعید. دهۆک .
– سەعید، پەیمان عبدالکریم (٢٠١٣)، وەرگێرانا راڤەکرنێ د گوتنێن مەزناندا ، ناما ماستەرێ ، زانکویا زاخو : سکولا ئادابێ ١٩٩
– عەبدوللا ، عەدنان مەهدی (٢٠١٧)، گوتارا جڤاکی د گوتنێن مەزناندا (دەڤەرا بەهدینان) وەکو نموونە ، ناما ماستەرێ ، زانکویا دهۆک : کولیژا پەروەردا بنیات .
– ئەحمەد ، خالدە صەدیق(٢٠١٣)، رەنگڤەدانا گۆتنێن مەزنان د رۆخسار و ناڤەرۆکا هۆزانێن نالبەندیدا ، ناما ماستەرێ ، زانکویا دهۆک : سکولا ئادابێ .
– جەعفەر ، حەجی (٢٠٠٦)، (گەریانەک بلەز دناڤ پەندێن کوردیدا) ، گۆڤارا پەیڤ ، ژمارە (٣٦) .
– دۆسکی ، محەمەد امین (١٩٩٨)، (کورد د گوتنێت مەزنا دا)، گوڤارا ڤەژین ، ژمارە (١٢) .
– عەبدلرەحمان ، محسن (٢٠٢٤) ، (کەلتور گەنجینەیا مللەتانە)، گوڤارا مەتین ، ژمارا ٢٥٠، دهۆک : ناڤەندا خانی یا رەوشەنبیریو راگەهاندنێ .
– الیاس ، بارزان صالح و محەمەد ، بارزان حسێن (٢٠٢٣) ، (رەنگڤەدانا فۆلکلورێ د رۆمانا (هێلێن سۆر) یا هزرڤانیدا وەکو نموونە) گوڤارا زانکویا دهوک : ژمارا (٢) ، پەربەندا ٢٦.
– قادر . رەمـەزان حەجی (٢٠١١) ، (کارتێکرنێن فولکلۆرێ ل سەر یەکەمین شانۆناما کوردی). گۆڤارا زانکویا دهۆک . ژمارا (٢) . پەربەندا ١٤.
–٢٧ محمد، عبدی و قـادر، رەمــەزان و حاجی ، نوزاد عبدالله (٢٠١٦)، (گوتنێن مەزنان د گۆلزارا شێخ تاهرێ شووشی دا) ،گۆڤارا زانکویا زاخۆ ، ژمارە (١) ، پەربەندا ٤.
ب زمانێ عەرەبی
– ابو عي ، محمد توفيق (١٩٨٨) ، الأمثال العربية و العصر الجاهلي ، بيروت : دار النفائس للطباعة و النشر و التوزيع .
– الغلامى ، محمد رؤف (١٩٦٤)،كتـاب المردد من الأمثال العامية الموصلية ، بغداد ـ
– عبدالله. أحمد جاسر (٢٠١٠- ٢٠١١) ،مجمع الأمثال للميدانى ، رساله ماجستير ، جامعه الشرق الاوسط.
– فتحي ، مصطفى (٢٠٠١) ، موسوعة الأمثال العربية الفصحى ، عمان: دار أسامة للنشر و التوزيع .
– كراب ، الكزاندر هجرتى (١٩٦٧)، علم الفلكلور ، ترجمة: رشدى صالح ، القاهره : دار الكتاب العربى .

ملخص البحث

تعد الأمثال (الحكم) قسم لفظي في أقسام الفولكلور، وتحتل حيزا كبيرا في أدب الفولكلور الكردي. من حيث

المصطلح، فهي عبارات مختصرة تحمل معاني عميقة ومعقدة. أما من حيث الهدف و التعريف، فالأمثال تقدم النصيحة والتوجيه التربوي. وبما أن الشعر يحتاج أيضا إلى لغة معقدة ومؤثرة، يرى الشاعر أن الأمثال واحدة من أفضل الأدوات لتحقيق هذا الغرض. تهدف هذه الدراسة إلى توضيح كيف توظيف (هزرڤان) الأمثال واستفاد منها في شعره، من خلال دراسة طريقة استخدامها وتكرارها . وتسعى إلى إبراز مدى تأثير الأمثال في أعماله الشعرية ، مع التركيز على دورها في تشكيل التعبير الشعري. ولتحقيق ذلک، تم اعتماد ثلاث مقاربات رئيسية في التحليل: المقاربة البنائية، والمقاربة اللغوية (أو معجمية الألفاظ)، والمقاربة الأسلوبية (أو الجمالية).كيف استطاع (هزرڤان) الاستفادة من الأمثال ؟ وكيف استخدم الأمثال في الشعر ومدى استخدامها ؟ تم الشرح عن هذا الشئء في بحث تحت عنوان (توظيف الأمثال في ديوان (توظيف الأمثال (الحكم) في ديوان "البعض منكم والكل مني") يتكون هذا البحث عن فصلين. الفصل الأول، فيتناول تعريف الأمثال وأهميتها وكيفية الاستفادة منها. بينما يركز الفصل الثاني بشكل أوسع على استخدام الشاعر هزرڤان الأمثال في الشعره, وهذا البحث يتكون ايضا من ملخص بكل من اللغة الكوردية, العربية و الانجليزية و مقدمة و النتائج و قائمة المصادر.تبرز الأمثال في الأدب كميزة أدبية هامة، ولا سيما في التعبير الشعري لدى الشعراء. إذ تضفي الأمثال قوة وعمقا، وتمنح النص القدرة على خلق صور حيوية وذات مغزى، مما يسهم في جذب انتباه القارئ وتشجيعه على مواصلة القراءة. وغالبا ما تصبح وسيلة فعالة لاستمالة القارئ والحفاظ على تفاعله مع النص.

الكلمات المفتاحية: الفولكلور، الأمثال، الشعر، توظيف ، والاستفادة منها.

Abstract

Proverbs (wise sayings) are part of verbal literature within the domains of folklore and occupy a significant space in Kurdish folklore literature. In terms of terminology, they are concise expressions that carry deep and complex meanings. Regarding their purpose and definition, proverbs provide guidance and educational advice. Since poetry also requires a deep, complex and impactful language, the poet sees proverbs as one of the best tools to achieve this purpose. This study is an attempt to demonstrate how Hizrvan utilized and benefited from proverbs in his poetry? examining both the manner and frequency of their usage? It seeks to highlight the extent and impact of proverbs within his work, focusing on how they shaped the poetic expression. To achieve this, the analysis is structured around three key approaches: the structural approach, the linguistic (or diction) approach, and the stylistic (or aesthetic) approach. Research conducted called (The Employment of Proverbs in the Diwan (Some from You and All from Me)), which consist of two chapters. The first chapter discusses the definition, significance, and ways to benefit from proverbs. The second chapter delves more deeply into how the poet (Hizrvan) incorporated proverbs into his poetry. This research also contains of

an abstract in all three languages, Kurdish, Arabic and English, and introduction, outcome of the research and list of references. The prominence of proverbs in literature represents a significant literary feature, particularly in the poetic expression of poets. Proverbs add strength, depth, and the potential to create vivid and meaningful imagery, which helps attract the reader's attention and encourages continued reading. They often become a means to draw the reader in and sustain their engagement .with the text

Key words: Folklore, proverbs, poetry, .Employment, and benefiting from them

وەرگرتن:٢٠٢٥/٢/١٠
پەسەندكردن:٢٠٢٥/٧/١

مۆسیقای شیعریی لای میهری

سعد فاروق یوسف شێخ بزێنی
بەشی كوردی
كۆلیژی پەروەردەی مرۆڤایەتی
زانكۆی سەلاحەدین
Saad.yousif@su.edu.krd

پوختە

میهری لە شیعرەكانیدا مۆسیقایەكی شیعری ڕازاوەی بەرجەستە كردووە، بە تایبەتی لە رووی مۆسیقای دەرەوەی شیعرەكانیدا بەمەش شیعرەكانی لە رووی كێش و سەرواوە جۆراوجۆرن و ئاوازێكی جوانی بە شیعرەكانی بەخشیووە، هەروەها مۆسیقای ناوەوەی شیعرەكانی میهری ئاوازێكی جوان و هەمەڕەنگی بە شیعرەكانی بەخشیووە. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەكی و مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە پێكهاتووە كەلە مۆسیقای دەرەوە باس لە كێش و سەروا كراوە، كە بەزۆری پەیرەوی كێشی عەرووز كراوە لە شیعرەكانیدا بە تایبەتی كێشی هەزەج و ڕەمەل و موزاریع و ڕەجەز، هەروەها كێشی بڕگەشی بەكارهێناوە بەتایبەتی كێشی بڕگەی (٧و٨و ١٠و ١١و ١٢و ١٣و ١٤)، هەروەها سەروای یەكگرتوو و مەسنەوی و و چواری و پێنجی و سەروای كۆپلەی تاك و تەشتیری بەكارهێناوە لە شیعرەكانیدا، هەروەها لە مۆسیقای ناوەوەش پاتكردنەوەی بەكارهێناوە بەتایبەتی پاتكردنەوەی دەنگ و ووشە .

كلیلە وشە: مۆسیقای دەرەوە، مۆسیقای ناوەوە، شیعری كۆن، میهری ، كێش و سەروا.

پێشەکی

هەروەکو ئاشکرایە مۆسیقا پێکهاتە و بناغەیەکی سەرەکی شیعرە. یەکێکە لە پێکهاتەی ئیستاتیکی و ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی شیعر. بە درێژایی مێژوو شیعر بە بێ مۆسیقا نەبووە، لەبەرئەوەی مۆسیقا دەبێتە مایەی هاوسەنگی شیعر. ئەوەی شیعر لە پەخشان جیا دەکاتەوە تەنها مۆسیقایە، لەبەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی مۆسیقا لە شیعردا، لێکۆلینەوەکەمان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە بە ناونیشانی (مۆسیقای شیعریی لای میهری). هۆکاری هەلبژاردنی ئەم بابەتە بۆ تیشک خستنە سەر مۆسیقای شیعرییە لای میهری، لەبەر ئەو داهێنانەی کە میهری لە ڕووی مۆسیقاوە لە شیعرەکانی ئەنجامی داوە. ئەمە لە لاییێک، لە لایەکی تر بە شێوەیەکی ئەکادیمی لەم بوارەدا شتی لەسەر نەنوسراوە. و ئەگەر شتێکیش هەبێت، ئەوە لەژێر ناوی تر یان لە چوارچێوەی بابەتەکانی تردا لێی کۆڵدراوەتەوە.

لە لێکۆڵینەوەکە بە پێی میتۆدی (وەسفی شیکاری) ئەنجامدراوە . گرنگی لێکۆڵینەوەکەش لەوەدایە، کە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە مۆسیقای شیعریی شیعرەکانی میهری دەکۆڵێتەوە بەو نیاز و مەبەستەی لە چوارچێوەی مۆسیقای شیعرەکانیدا کارێکی هونەری پوخت و جوان بەدەست بهێنین. بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە: لە بەشی یەکەم: باسی پێناسەی مۆسیقای شیعر و مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکانی میهری کراوە. لەبەشی دووەم: باسی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی میهری کراوە. گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆلینەوەکەش لە بە چەند خاڵێک خراونەتەڕوو.

پێشینەی توێژینەوە

دوای گەران بە دوای لێکۆڵینەوەی زانستی لەم دە ساڵانەی دوایی دا تەنیا یەک نامەی ماستەر بە ناونیشانی (بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی میهری دا). لەلایەن (یوسف علی محمد) پێشکەش کراوە. باس لە وێنەی شیعری لە شیعرەکانی میهری دەکات لە ڕووی تیوری و پراکتیکیەوە ، لە بەشی یەکەم باس لە پێناسەی وێنەی شیعری و گرنگی وێنەی شیعری و پێکهاتەکانی وێنەی شیعری دەکات، لە بەشی دووەمدا باس لە جۆرەکانی وێنەی شیعری لە ڕووی هەستی و ژیری و جۆرەکانی وێنەی شیعری لە ڕووی پێکهاتەی شێواز و ڕوونبێژی و جۆرەکانی وێنەی شیعری لە ڕووی بزاوتن و بنیاتەوە دەکات، لە بەشی سێیەم باس لە سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لای میهری دەکات، بەتایبەتی سەرچاوەی خودی و بابەتی و سەرچاوەی نەتەوەیی و سەرچاوەی جیهانی و سەرچاوەی شیعری نەتەوەکانی تر. هەروەها عزیز گەردیش، لێکۆلینەوەیەکی بە ناونیشانی (میهری نشتیمان پەروەر)، لە نووسەری نوێ ژمارە (٢) سالی (١٩٧٤) بلاوکردۆتەوە. باسی ناوەرۆکی شیعرەکانی میهری دەکات بە تایبەتی ئەو شیعرانەی کە گوزارشت لە مەبەستی نشتیمان پەروەری دەکەن واتە هەستی نشتیمان پەروەری چەندە کاریگەری هەبووە لەسەر میهری کە لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە ، هەروەها عزیز گەردی لە کتێبی: ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی کە لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە چاپخانەی (دێکان) بلاوکراوەتەوە باس لە کێشی شیعری کلاسیکی کوردی دەکات لەنێویاندا میهری. هەروەها محمدی مەلا مستەفای هیرانی، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی بۆ دیوانی میهری کردووە، لە ساڵی (٢٠١٣) دا

بڵاویکردۆتەوە. تەنها کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی شیعرەکانی میهرییە لە چوارچێوەی دیوانێک دا، ئێمە هەڵسەنگاندنمان بۆ هەموو شیعرەکانی میهری کردووە لە دیوانەکەیدا لە ڕووی مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە لە شیعرەکانیدا، بۆیە ئەو سەرچاوانەی میهری کە باسکراوە هیچ پەیوەندیەکی بە بابەتی توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (مۆسیقای شیعریی لای میهری) نییە و بۆ یەکەم جارە توێژینەوەیەک بەم ناونیشانە پێشکەش دەکریت. ئەم سەرچاوانەی سەرەوەی پێشینەی توێژینەوە کە لەسەر میهری شاعیر نووسراوە هیچ سوودێکی ئەوتۆی نەبووە بۆ توێژینەوەکەمان چونکە بابەتەکانیان جیاوازن و پەیوەندی بەو لایەنەی توێژینەوەکەمان نییە نە لە ڕووی تیورییەوە نە لە ڕووی پراکتیکیەوە.

بەشی یەکەم: مۆسیقای شیعریی لای میهری[١]

مۆسیقا یەکیکە لە پێکهاتە ئیستاتیکی و ڕەگەزە بنەرەتیەکانی شیعر، مۆسیقای شیعر کاریگەری زۆری لەسەر سەرنج ڕاکێشانی وەرگر هەیە، چونکە خودی مۆسیقا (هەستکردنی خوێنەر یان گوێگرە بەو ئاوازانەی کە دەنگەکانی وشەکان و جۆری هەست و سۆزی دەروون و مانای وشەکان لە ئەنجامی ترپەی برگەکان و پێکهاتنی پێیەکان بەکێشی هەڵبەستەکەی دەدەن)(بیمار ١٩٩٢، ل١١)، شاعیر بە کاریگەری مۆسیقای شیعرەکەیەوە دەتوانێت کاریگەری زیاتر لەسەر وەرگر دروست بکات، بۆیە ئەفلاتوون پێی وایە (شاعیر بەهۆی وشەو ڕستەکان گونجاوی دەبەخشێتە هەریەک لە پیشە جۆراو جۆرەکان.... ئەو کەسانەش سەرنج دەدەنە کارەکەی تەنیا لەسەر وشەکان بریاری خۆیان دەدەن و لەبەرئەوەی بە یارمەتی کێش و نەزمی شیعر و ئاواز قسەدەکات)(بیمار ١٩٩٢:١١) . مۆسیقا هەست و سۆزو ئاواز بە وشە و دەستەواژەکانی شیعرەکە دەدات و چێژ بە وەرگر دەبەخشێت .

مۆسیقا سازگاری و ڕەوانی بە شیعر دەبەخشێت و وا لە وەرگر دەکات کارتێکراو بێت بە وشە و دەربرینەکانی شیعرەکە، مۆسیقا لە شیعردا ئاویتەی ڕەگەزەکانی تری شیعر دەبێت و کار لەیەک دەکەن و پێکەوە جوانی شیعرەکە بەرجەستە دەکەن و بەلایەنیکی گرنگی ئیستاتیکی شیعر هەژمار دەکرێت . مۆسیقای شیعریی بەپێی جۆری دەرکەوتنی لە شیعردا بۆ دوو ئاست دابەش دەبێت: (١-مۆسیقای دەرەوە، ٢-مۆسیقای ناوەوە) .

بەشی یەکەم / مۆسیقای دەرەوە: یەکێکە لە دوو جۆرەکەی مۆسیقای شیعریی، بەهۆی کیش و سەروای شیعرەوە دروست دەبێت و ((دەبێتە ئاهەنگی چوارچێوەی گشتی هەڵبەستەکە و سەرجەمی بنیاتەکە دەگرێتەوە)) (عەلی ١٩٩١:٨٧)، ئەم جۆرە مۆسیقایە، ئاوازی دەرەکی شیعرەکە لە ڕووی هاوسەنگی و ڕێکەوتنی نێوان وشەکان دەگرێتەوە، بەوەی بە کەمکردن یان زیادکردنی برگە لە کێش ، یاخود بە نەگونجاندنی ئەو دەنگانەی سەروا دروست دەکەن، لەنگی و ناریکی دەکەوێتە مۆسیقای شیعرەکە و ئاوازی شیعرەکە تێکدەچێت بەمەش پەیام و بیرۆکەی شیعرەکە وەک پێویست ناگات و چێژ و خۆشییەکی ئەوتۆ بە وەرگر نادات .

مۆسیقای دەرەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر وەرگر دروست دەکات، چونکە وەرگر سەرەتا

[١] - میهری ناوی تەواوی (مەلا محمد شەریف کوڕی مەلا ابراهیم کوڕی مەلا عبدالفتاح نەوەی مەلا (عبدالکریم) حەنەفیە،لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر لە ساڵی (١٩٠٩) لە دایک بووە، میهری بە خوێندنی ئاینی و مەدرەسە دەستی پێکردووە پاشان لەسەر دەستی (مەلا فەندی هەولێری بڕوانامەی خوێندنی ئاینی پێدراوە، دواتر لە دادگای شەرعی شاری هەولێر دامەزراوە، میهری ژنی نەهێناوە لە ساڵی (١٩٤٢ز) بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووە.

بە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکە ئاشنا دەبێت و لەوێوە مۆسیقا کار دەکاتە سەر هەست و ناخی وەرگر، (د.کامل حەسەن عەزیز بەسیر) لە ڕوانگەی بایۆلۆجی دەروونییەوە باس لە کاریگەری مۆسیقای دەرەوە لەسەر وەرگر دەکات و دەڵێت: ((لێدانی دڵ و دەمارەکانی لەشی ئادەمیزاد بەگوێرەی چەشنی سۆز و هەڵچوون دەگۆڕێت، ئەگەر هات و سۆز ئاکامی ڕوداوێکی خۆشی و کامەرانی بەخشندە بوو، ئەو لێدانە خێرا و یەک بە دوای یەکدا دەبێت، بەلام ئەگەر سۆزەکە ماتەمین و خەفەتبار بوو لێدانەکە سست و خاو لەسەرخۆ دەبێت)) (البصیر: ١٩٣)، کەواتە مۆسیقای دەرەکی وەک بەشێکی سەرەکی مۆسیقای شیعری ڕاستەوخۆ کاردانەوەی بەسەر سۆز و دەروونی وەرگردا دەبێت، (عەلائەدین سەجادی) پێی وایە مۆسیقای دەرەوە پێویستە ((جۆشێکی نەفسی بدات بەدەستەوە)) (سجادی ١٩٨٦:١٣٤). بۆیەش هەر لەنگی و ناتەواوییەک لە مۆسیقادا کاردەکاتە سەر ئەو پەیام و مەبەستەی شاعیر دەیەوێت بیگەیەنێت و پێشکەشی بکات و دوا جار کاردانەوەی بەسەر جوانی شیعرەکەش دەبێت .

مۆسیقای دەرەوە لەسەر دووپایە دامەزراوە:

١-کێش: یەکێکە لە بنچینە سەرەکییەکانی دروست بوونی مۆسیقای دەرەوە، لە کۆنەوە بە گرنگترین خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و پەخشان دانراوە و بەشیعرەوە پەیوەست کراوە، بۆیە لە یەکێک دیارترین پێناسەکانی شیعر لە ئەدەبی عەرەبیدا ئەوە بووە: ((شیعر گوتەیەکی کێشداری سەرواداره، کە مانایەک دەبەخشێت)) (جعفر:٦٤). ئەم پێناسەیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بۆ ناساندنی شیعر بە گرنگیەوە لێی ڕوانراوە و پشتی پێ بەستراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی جەختی لەسەر کێش کردووەتەوە و بەرەگەزێکی بنچینەیی لە بنیاتی شیعری داناوە . کێش پەیوەستە بە زمانەوە و زمان هۆکاری سەرەکی دروست بوونی کێشە و هەر زمانێکیش جۆرە کێشێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە بنەڕەتدا شاعیرانی ئەو زمانە لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە. میهری پەیرەوی دوو جۆرە کێشی کردووە، وەکو ڕێژە بە پلەی یەکەم پەیرەوی کیشی عەروزی کردووە، بە پلەی دووەم پەیرەوی کێشی برگەیی کردووە .

١-١-کێشی عەرووزی: جۆرێکە لەکێشی چەندی ((گوزارشت لەو سیستەمە دەکات، کە خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی بەسرەیی دۆزیەوە و تایبەتی کرد بەکیشی شیعری عەرەبی))(زاهد، ٢٠١٠، ص٧٢). کێشی عەرووز ژمارەی برگەی کورت و درێژ و چۆنیەتی ڕیز بوونی برگەکان و دابەش بوونیان بۆپێی تایبەتی لە دێرە شیعردا دەکاتە بنەما ، ئەمەش ((بەگوێرەی بەدوای یەک هاتنی پیتی بزواو (متحرک) (ە) و پیتی وەستاو (ساکن) (ا)، پێ (تفعیلە) و کێش (بەحر)ەکان دیاری دەکرێن و لێک جیا دەکرێنەوە)) (گەردی،١٩٩٩،ل٨٨) . فەراهیدی دوای ئەوەی کێشەکانی دۆزیەوە ((شازدە کێشی بەکارهاتوو شەش کێشی پشت گوێخراوی لەناو پێنج بازنەدا دیاری کردووە و زاراوەی تایبەتی بۆ جۆری کیش و پایە و پێ و گۆڕانەکانی داناوە)) (گەردی١٩٩٩:١٤٤) .

ئەم کێشە لە بنچینەدا تایبەتە بە شیعری عەرەبی، بەلام دوای بلاو بوونەوەی ئاینی ئیسلام بەناو میللەتانی نا عەرەب و گەلانی دراوسێی عەرەب بلاوبووەوە. ئەم جۆرە کێشە یا ڕاستەوخۆ بە ڕێگەی زمان و ئەدەبی عەرەبییەوە، یا لە

ڕێگەی ئەدەبیاتی فارسیەوە هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە کاتێک شاعیری کورد ئەم جۆرە کێشەی بەکارهێناوە دەقاو دەق وەکو بەکارهێنانی کێشەکە لە ئەدەبی عەرەبیدا نییە، بەڵکو گۆرانکاریەکی زۆری بەسەردا هاتووە، تا لەگەل سروشتی زمانی کوردی دا بگونجێت و شاعیرانی کورد بتوانن شیعری پێ بهۆننەوە.

١-١- کێشی عەرووز:

میهری بەشی زۆری شیعرەکانی بەم کێشە هۆنیوەتەوە، ئەو دەریایانەی کە بەکاری هێناون بە نموونە دەخەینەروو:

١-١-١-کێشی هەزەج:

لە بازنەی سێیەمدایەو پێیەکانی ئەمانەن: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) (گەردی ١٩٩٩:٧٧)، میهری (٧) قالبی بەم کێشەی بەکارهێناوە، لەوانە:

١-١-١-١- هەزەجی هەشتی تەواو:

ئەسیری پەن/جەیی دەردم/منی بێچا/رە یا الله
بکە بۆ بەن/دەیی ناچا/ری خۆت یەک چا/رە یاالله
ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

میهری لەکۆی (١٦٠) شیعر، (٦)شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە(٣,٧٥٪).

١-١-١-٢- هەزەجی هەشتی ئەخرەب:

سەرما لە چل و یەکدا کارێکی بە من کرد
فیرقەت بە (رضا) جانا بەعوششاقی تۆ ناکا
ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ ـــ/ ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ ـــ
مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن

میهری (١) شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٠,٦٢ ٪) .

١-١-١-٣- هەزەجی هەشتی مەحزووف:

وەتەن دوورِی ، وەتەن جانی، وەتەن رووحی ڕەوانم
وەتەن بۆ من ئەتۆی سەروەر ، ئەتۆی ڕووتبەو نیشانم
ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفعولن

میهری لەکۆی (١٦٠) شیعر (١) شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە(٠,٦٢ ٪) .

١-١-١-٤- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف:

دل خەستەو و دەم بەستە، کەمن کەوتووم ئەمشەو
تریاقی ویصالت مەگەر ئەم دەردە دواکا
ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ.
مفعولمفاعیل مفاعیل مفعولان

میهری لەکۆی (١٦٠) شیعر (١٣) شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە کە ڕێژەکەی دەکاتە(٨,١٢ ٪).

١-١-١-٥- هەزەجی شەشی مەحزووف:

لەبەر نالە و ئەنینم مردم ئەمرۆ
فیراقە هەر لەبۆ من هەمدەم ئەمرۆ
ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ
مفاعیلن مفاعیلن فعولن

میهری لەکۆی (١٦٠) شیعر (٥٣) شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە ،کە ڕێژەکەی دەکاتە(٣٣,١٢ ٪).

١-١-١-٦-هــەزەجــی شەشی مەقصوور (مەقسوور):

هەزار حەیف و (تأسف) دەربەدەر بووم
ب -- -- -- / ب -- -- -- / ب -- -- .
لە دونیادا عەجەب تووشی کەدەر بووم
ب -- -- -- / ب -- -- -- / ب -- -- .
مفاعیلنمفاعیلن فعولان

شاعیر لە کۆی گشتی (١٦.) شیعر تەنها (٢) شیعری بەم کێشە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,٢٥٪).

١-١-٢-کێشی ڕەمەل:

لە بازنەی سێیەمدایەو پێیەکانی ئەمانەن: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن) (گەردی، ١٩٩٩، ل١٠٩)، میهری (٥) پێنج قالبی ئەم کێشەی بەکارهێناوە لەوانە:

١١-١-٢-١- ڕەمەلی هەشتی مەحزووف:

بیری مزگەوت و سەراکەت مەکتەبیشت چاوەکەم
-- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب --
بیری ئاو و دۆی شیرینت بیری بێستانت دەکەم
-- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب --
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتنفاعلن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) شیعر تەنها (١٧) شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٦٢,.١%).

١-١-٢-٢- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەصڵەم:

میهری یا کونجی قەناعەت بکە جێگـا بـۆ خۆت
-- ب -- -- / ب ب -- -- / ب ب -- -- / -- --
بژی بێ ترس و خەتەر هەروەکو پاشا بۆ خۆت
-- ب -- -- / ب ب -- -- / ب ب -- -- / -- --
فاعلاتنفعلاتنفعلاتن فع لن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) شیعر تەنها (٤) شیعری بەم کێشە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٢,٥٪).

١١-١-٢-٣- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف:

ساقیا تێکە لـە بـۆم کوشـتـەیی یـارم بــە خـودا
-- ب -- -- / ب ب -- -- / ب ب -- -- / ب ب -
کوشتەیی ئەو صەفحەیی مشک غەددارم بە خودا
-- ب -- -- / ب ب -- -- / ب ب -- -- / ب ب -
فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) شیعر تەنها (٢) دوو شیعری بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,٢٥٪).

١-١-٢-٤- ڕەمەلی شەشی مەحزووف:

شـەرت بێ ئیتر داخلی هەولێر نەبم
-- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب -
تاوەکو بۆ ئەهلەکەی سەروەر نەبم
-- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب -
فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) هۆنراوە تەنها (٢) هۆنراوەی بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,٢٥٪).

١-١-٢-٥- ڕەمەلی شەشی مەقصوور:

لە ئەمری یەزدان تۆ ئەبەد دەرمەچوو

-- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب – .

زلـــزلـــة الســاعة شـيء عظيم

-- ب -- -- / -- ب -- -- / -- ب – .

فاعلاتن فاعلاتنفاعلان

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) هۆنراوە تەنها (١) هۆنراوەی بەم قالبە شیعرییە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٦٢,٠٪).

١-١-٣- کێشی موزاریع: لە بازنەی چوارەمدایەو پێیەکانی ئەمانەن: (مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن) (گەردی، ١٩٩٩،ل١٣٧)، میهری (٢) قالبی ئەم کێشەی بەکارهێناوە لەوانە:

١-١-٣-١- موزاریعی هەشتی ئەخرەب:

نـەدیمی حـەسرەتم من، بێ شان و شـەوکەتم من

-- -- ب / -- ب -- -- / -- -- ب / -- ب -- --

چەند ساڵ و چەند عەیامە چاوەڕێی نەصرەتم من

-- -- ب / -- ب -- -- / -- -- ب / -- ب -- --

مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) شیعر تەنها (٣) شیعری ئەم قالبە شیعرییە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,٨٧٪).

١-١-٣-٢- مـوزاریـعی هـەشتی ئـەخرەبی موسەببەغ:

من خـۆم کە موعتەبەر بووم پڕ قـەدرو تاجی سەر بووم

-- -- ب / -- ب -- -- / -- -- ب / -- ب -- -- .

بــەد بــەختی زۆری هێنـا وا من کە دەربەدەر بووم

-- -- ب / -- ب -- -- / -- -- ب / -- ب -- -- .

مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتان

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) شیعر تەنها (٣) شیعری ئەم قالبە شیعرییەی بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,٨٧٪).

١-١-٤- کێشی ڕەجەز:

لـەبـازنـەی سـێیـەمدایـەو پـێیەکانی ئـەمـانـەن: (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن)،(گەردی ١٩٩٩:١٥٢)، میهری دوو قالبی ئەم کێشەی بەکارهێناوە لەوانە:

١-١-٤-١- ڕەجەزی هەشتی مەخبوون:

دڵ کە نەخۆشــە عــاجزە خەریکە وا فیرار ئەکا

ب – ب – / ب – ب – / ب – ب – / ب – ب –

مەرهەمی زام و عیللەتی دەمێکە (انتظار) ئەکا

ب – ب – / ب – ب – / ب – ب – / ب – ب –

مغاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن

میهری لە کۆی گشتی (١٦.) هۆنراوە تەنها (٢) هۆنراوەی بەم قالبە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,٢٥٪).

١-١-٤-٢- ڕەجەزی هەشتی تەواو:

ساقی بە لوتف و مەرحەمەت هەڵسە بگێڕە جامی مەی

– – ب – / – – ب – / – – ب – / – – ب –

قوربـانی یـەک سـەعاتی تۆ تەختی ڕەچاو تـاجی کەی

– – ب – / – – ب – / – – ب – / – – ب –

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

میهری لە کۆی گشتی (٠.١٦) هۆنراوە تەنها (١) هۆنراوەی بەم قالبە شیعرییە بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٠.٦٢٪).

میهری (١١٢) هۆنراوەی بە کێشی عەرووزی هۆنیوەتەوە کە ڕێژەکەی دەگاتە (٠.٧٪) ، شاعیر زیاتر پەیرەوی هەردوو کێشی هەزەج و ڕەمەل ئینجا موزاریع و ڕەجەزی کردووە، کە کێشی هەزەج بە پلەی یەکەم و کێشی ڕەمەل بە پلەی دووەم و کێشی موزاریع بە پلەی سێیەم و کێشی ڕەجەز بە پلەی چوارەم دێت.

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو کێشانەی کە شاعیر بەکاری هێناون دەخەینەڕوو:

جۆری کێش	قالبی کێش	ژمارەی شیعرەکان	ڕێژەی سەدی
هەزەج		٧٧	١٢,٤٨ %
	١- هەزەجی شەشی مەحزووف	٥٣	١٢,٣٣ %
	٢- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف	١٣	١٢,٨ %
	٣- هەزەجی هەشتی تەواو	٦	٧٥,٣ %
	٤-هەزەجی شەشی مەقصوور	٢	٢٥,١ %
	٥-هەزەجی هەشتی ئەخرەب	١	٦٢,٠ %
	٦-هەزەجی هەشتی مەحزووف	١	٦٢,٠ %
	٧- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقصوور	١	٦٢,٠ %
ڕەمەل		٢٦	٢٥,١٦ %
	١-ڕەمەلی هەشتی مەحزووف	١٧	٦٢,٠١ %
	٢- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەسلەم	٤	٥,٢ %

	٣-ڕەمەلی شەشی مەحزووف	٢	% ٢٥,١
	٤- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف	٢	% ٢٥,١
	٥- ڕەمەلی شەشی مەقصوور	١	% ٦٢,.
موزاریع		٦	% ٧٥,٣
	١-موزاریعی هەشتی ئەخرەب	٣	% ٨٧,١
	٢-موزاریعی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ	٣	% ٨٧,١
ڕەجەز		٣	% ٨٧,١
	١- رەجەزی هەشتی مەخبوون	٢	% ٢٥,١
	٢-رەجەزی هەشتی تەواو	١	% ٦٢,.
	کۆی گشتی کێشە عەرووزییەکان	١١٢	% .٧

١-٢- کێشی بڕگەیی:

ئەم کێشە پشت بە ژمارەی بڕگە دەبەستێت، واتە لە کێشانەکردنی شیعردا ژمارەی بڕگەی دێرە شیعرەکان لەبەرچاو دەگیرێت، وە هەر دێرێکیش لە چەند پێیەک پێک دێت. میهری لە کۆی (١٦٠) شیعر، (٢٩) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (١٨,١٢ ٪)، لەو کیشانەش کە بەکاری هێناون:

١-٢-١- کێشی حەوت بڕگەیی (٤+٣) و (٣+٤):

میهری (٨) شیعری بەم کیشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

لەم دونیایەی پڕ عـەزاب (٤+٣+٤+٣)
ئەم دیوە ڕێگەی صەواب (٤+٣+٤+٣)

ڕێـژەی بەکارهێنانی ئـەم جـۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، بریتی یە لـە(٨) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کەڕێژەکەی دەگاتە (٥ ٪) .

١-٢-٢- کێشی دەبڕگەیی: (٥+٥)

میهری (٢) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

چەندە بەدحاڵم ، هەردەم دەناڵم (٥+٥)
چەنـدە بڵاوە فیکـر و خـەیاڵـم (٥+٥)

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، بریتی یە لە (٢) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (١,٢٥ ٪).

١-٢-٣- کێشی یـانزە بـرگـەیی (٤+٤+٣) و (٣+٣+٥):

میهری (٢) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

لە وەختی گوڵ شەرابی گوڵڕەنگ بخۆ
(٣+٤+٤)
بە دەنگی نەی بەزەمزەمەی جەنگ بخۆ
(٤+٤+٣)

ڕێـژەی بەکارهێنانی ئـەم جـۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، بریتی یە لە (٢) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (١,٢٥ ٪) .

١-٢-٤-کێشی دوانزە بڕگەیی: (٣+٣+٣+٣) و(٤+٤+٤)و(٤+٣+٥)

میهری (١) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

دڵم بەقوربان داغە لە دووری یارم (٥+٣+٤)
بە ڕۆژ تاکو ئێوارە لە ئـاهـو زارم (٤+٣+٥)

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، تەنها (١) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٠,٦٢ ٪).

١-٢-٥- کێشی سیانزە بڕگەیی:

میهری (٢) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

کاکڵی قورئانمان غـەربی عـەمـەل پێ دەکا
لە سوورەی حەدیدە ئەنواعی فەن دەردەکا

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، بریتی یە لە (٢) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (١,٢٥ ٪) .

١-٢-٦-کێشی چواردە بڕگەیی(٤+٣+٤+٣):

ئەم کێشە بریتی یە لە چواردە بڕگە بۆ هەر نیوەدێڕێک، سەبارەت بەباسکردن و کەرتکردنی ئەم جۆرە کێشە (د.پەرێز سابیر) دەڵێ: (لەناو ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی لەسەر کێشەکانی شیعری کـوردی کـراون سـەبـارەت بـەم کێشە هەندێکیان هەر باسیان نەکردووە، هەندێکیشیان کە باسیان کردووە بەلای کەرتکردنی بڕگەکانی ئەم کێشەدا نەچووە، ئەمەش ئـەوە دەگەیەنێت کە ئەم کێشە هیچ جۆرە کەرتکردنێکی بۆدیار نەکراوە)(سابیر، ل٣.٤)، میهری (١٣) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆنموونە:

عێراقەکەی نەوجەوان لە پاشـی دین و ایمان
عەزیزتر لەتۆم نییە قەسەم بە شاهی مەردان

ڕێژەی بەکارهێنامی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر ، (١٣) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٨,١٢ ٪).

١-٢-٧- کێشی هەژدە بڕگەیی:

میهری (١) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

مەهپارەکەم ئـەمرۆ کـە بە عـینـوان و بەناز
بزنی دەدۆشی

(میهری)ش بە هەزاران دەردو کەدەرو خەفەت
ژەهری دەنۆشی

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، تەنها لە (١) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کەڕێژەکەی دەگاتە (٠,٦٢ ٪) .

١-٢-٨- کێشی نۆزدە بڕگەیی:

میهری (١) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە بۆ نموونە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

زەمزەمـەی ئاوازی بولبول، بۆنی گـوڵ عەطری
هەناسـەی یاسـەمین
کاسی کردم ، مەستی کردم ، بێ شەڕاب و بێ
مەزەو ڕووخساری یار

ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەکۆی (١٦٠) شیعر، بریتی یە لە (١) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٠,٦٢ ٪).

لەم خشتەیەی خـوارەوەدا ڕێژەی بەکارهێنانی کێشە بڕگەییەکان لای میهری دەخەینە ڕوو:

ژ	جۆری کێش	ژمارەی شیعرەکان	ڕێژەی سەدی
١-	کێشی چواردە بڕگەیی	١٣	٨,١٢٪
٢-	کێشی حەوت بڕگەیی	٨	٥٪
٣-	کێشی دە بڕگەیی	٢	١,٢٥٪
٤-	کێشی یانزە بڕگەیی	٢	١,٢٥٪
٥-	کێشی دوانزە بڕگەیی	١	٠,٦٢٪
٦-	کێشی سیانزە بڕگەیی	١	٠,٦٢٪
٧-	کێشی هەژدە بڕگەیی	١	٠,٦٢٪
٨-	کێشی نۆزدە بڕگەیی	١	٠,٦٢٪

سەرنج و تێبینی: میهری (١٧) شیعری هەیە که بە هیچ یەکێک لە کێشەکانی عەرووز و بڕگەیی ناکێشرێن و ڕێژەکەی دەگاتە (١٠,٦٢٪) لەکۆی گشتی شیعرەکانی، هەروەها یەکێک لە شیعرەکانی لە دیوانەکەیدا لە (٦) نیوە دێر پێکهاتووە لە دێری یەکەمدا بیست بڕگەیە، بەڵام (٥)دێرەکەی تر (١٠) بڕگەیی یە بۆ نموونە:

بەری بەیـانی لـە مـاڵ هـاتـەدەر
بەربـادی کـردم عیشـوەو دەلالی
بێ ڕەحمـە یـارم ناپرسـێ حـاڵم
دەڕوا بە لەنجە بـۆ مـاڵی خـاڵی

لە دێری دووەمی دا:

پابەندی عیشـقم ڕوو زەردو ڕیسوام
تووشـــی داوی بووم بە دانەی خـاڵی
(دیوانی میهری ٢٠١٣:١٨٦)

١٢-سەروا:بریتییە لەو پیتانە -بەدەنگ یان بێ دەنگ- کە ئاوازەکانیان وەکو یەکەو کەوتوونەتە دوایی هەر دوو نیوە هۆنراوەکە (سەجادی، ١٩٦٩، ل١.٣)، میهری لـە شیعرەکانی دا چەندین جۆر سـەروای بەکارهێناوە لە خـوارەوە ئاماژەی پێ دەکەین:

٢-١- سەروای یەکگرتوو:

ئەو چەشنە سیستەمە بەکارهێنانەی قافیەیە، کە لە شیعری کلاسیکی بەشێک لە ئاوازی قەسیدەو غـەزەل و پارچەی پێ بنیات نـراوە لە سەرەتای قەسیدە تا کۆتایی یەک جۆر قافیەی تێدا بەکارهێناوە (عەلی ٢..٧:٢١٨)، میهری سەروای یەکگرتووی لە بەشێکی شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، کە مەبەست پەیڕەوکردنی یەک سەروایە لە سەرەتا تا کۆتایی هۆنراوەکە، بەشی هەرە زۆری شیعری کلاسیکی کوردی بەم سـەروایە نووسـراوە، کە میهری لە شیعرەکانیدا بەزۆری دەنگەکانی (أ ، ب، ت، د، ر

،م ، ن ، و، ه ، ی) کردووە بە ڕەوی بەزۆریش دەنگەکانی (ه ، م ، ی، و) بۆ نموونە میهری لە شیعری (شکایەت لە ئەحواڵی زەمانە)دا دەڵێت:

تەواو سەر گەردانم بێ حەد
پەریشانم A
لە دەست کەرو لەبەر مەڕ تەواو
هەراسانم A
لەباتی حورو غیلمان لەناو
حەیوانانم A
لەناو طابووری غەمدا ڕەئیسی
ئەرکانم A

(دیوانی میهری ٢٠١٣، ل٨٦)

ئەم شیعرەی میهری لە (٤٢) دێرە شیعر پێکهاتووە، هەموو نیوە دێرەکان هاوسەروان، سەروای (انم) لە هەموو نیوە دێرەکان دووبارە بۆتەوە وشەکانی سەروا بریتی یە لە (پەریشانم، هەراسانم ، ....).

٢-٢- جووت سەروا (سەروای مەسنەوی):

بریتی یە لەو شیعرەی کە هەر دێرێک سەروایەکی سەربەخۆ و تایبەتی هەیە، ئەم جۆرە سەروایە زیاتر بۆ نووسینی هۆنراوەی دوور و درێژ بەکار دەهێنریت، بۆ نموونە میهری لە شیعری (بایەکەی صەبا)دا دەڵێت:

بایەکەی صەبا جەرگ و هەناوم A
بێدارەوە بە ئەی نووری چاوم A
ئیشێکی یەکجار (مەهـ)م پێتە B
دەمێکە هەردوو چاوم لە ڕێتە B
دەتنێرم بۆ لای دلدارەکەی خۆم C
دڵداری شیرین گوفتارەکەی خۆم C

میهری (٤) غەزەلی نووسیوە لەسەر سەروای مەسنەوی، کە سێ غەزەلیان هەریەکەیان لە (١٤) دێرە شیعر پێکهاتووە غەزەلەکەی تر لە (١٩)دێرە شیعر پێکهاتووە، لێرەدا شاعیر شێوازی دواندنی ڕاستەوخۆی بەکارهێناوە، کە ڕووی دەمی لە (بای صەبا) کردووە بۆ ئەوەی پەیامی شاعیر بە دولبەر بگەیەنێت، پاش ئەوەی کە هیچ کەسێک نەیتوانی چارەسەری دەردە دڵ و نەخۆشیەکەی بکات هانای بۆ (بای صەبا) بردووە .

٢-٣- میهری گرنگی بە شێوازی تری سەروا داوەو ئیستاتیکایەکی بەرزیان خولقاندووە گرنگترینی ئەمانەن:

٢-٣-١- سەروای چواری: چوارین پارچەیەکی چوار لەتیەو کێشی سەروای تایبەتی خۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیایە و بۆ مەبەستێکی تایبەتی دەردەبردرێت وەکو (سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و مەی و مەیخانە و پەندو قسەی نەستەق و دانایی و شتی تر......)(گەردی، ١٩٩٩، ل٢٠٤)، میهری لەو شیعرانەی کە بە چوارین نووسیویەتی ئەم قالبانەی سەروای بەکارهێناوە:

AABA: (دیوانی میهری ل٢٠٤ - ٢٢٤) (٥٢ جار)
AABC: (دیوانی میهری ل٣١٨ - ٢٢٠) (٣ جار)
AAAA: (دیوانی میهری ل٢١٧ ، ٢١٠) (٢ جار)
ABCB: (دیوانی میهری ل٢٢١ ، ٢٢٢) (٢ جار)
ABCA: (دیوانی میهری ل ٢١٩) (١جار)
AAAA: (دیوانی میهری ل١٧) (١ جار)
BBBA: (دیوانی میهری ل١٧ -١٩) (٩ جار)

بۆ نموونە میهری لەم شیعرەیدا دەڵێت:

بێچارەمە دائیم لە فیراقی تۆ دەناڵێنم
A
وەک زەهرە لەزارم شەکرو ئاوی زوڵاڵم
A

واللە نـەمـا سـەبـرو قـەرارم سـەرو مالم
A
وەک بـولبـولی شەیدایە هەراسانە دڵی من
B
(دیوانی میهری ٢٠١٣:١١٧)

بەڵام لەناو ئەم (٥) قالبانە زیاتر قالبی (AABA) بەکارهێناوە، هەروەها میهری لە شیعری (من مەستی حەبیبم) دەڵێت:

ئەبەد مەستی بادەنیم
مەستی روحی سادەنیم
مەستی عەشقی حەبیبم
بە هیچ کەس دالـدەنیم
(دیوانی میهری ٢٠١٣:٢٢٣)

٢-٣-٢- سەروای کۆپلەی پێنجی

پارچە هۆنراوەیەکی پێنج لەتییە بە پێی سیستەمی تایبەتی سەرواوە دادەرێژرێ، جا ئەو پێنج لەتە چ بە تەنیا پارچەیەکی سەربەخۆ پێک بێنن و چ پارچەیەک بن لە هۆنراوەیەکی دوور و درێژ، (گەردی، ١٩٩٩،ل٢١٥)، میهری لەو شیعرانەی دا کە بەکۆپلەی پێنجی نووسیویەتی ئەم قالبانەی سەروای بەکارهێناوە:

AAAAB: (دیوانی میهری ل٢٢٩ - ٢٣٦) (١٨ جار)
AAAAA: (دیوانی میهری ل٢٢٩ ، ٢٣٢) (٢ جار)
AABBC: (دیوانی میهری ل٢٣٦) (١ جار)
AAABC: (دیوانی میهری ل٢٣٣) (١ جار)

هەروەها میهری لەم شیعرەیدا دڵێت:

ڕەفیقی چاک لەدونیا قەت نەمایە A
لە زومرەی شاە بێ یاخۆ گەدایە A
چ دەورێکە خودایە ئەی خودایە A
هەچی ئەیبینی پڕ جەورو جەفایە A
وەکو دووپشکە عەینەن بۆ ڕەفیقی B
(دیوانی میهری ٢٠١٣:٢٣٤)

٢-٣-٣- سەروای کۆپلەی پێنج خشتەکی

میهری لەو شیعرانەی دا کە بەکۆپلەی پێنج خشتەکی نووسیویەتی ئەم قالبانەی سەروای بەکارهێناوە:

AAAAB: (دیوانی میهری ل٢٣٧ - ٢٤٣) (١٤ جار)
AAAAA: (دیوانی میهری ل٢٣٧، ٢٣٩، ٢٤١) (٣جار)
AABAC: (دیوانی میهری ل٢٤٠) (١ جار)

بۆ نموونە لە پێنج خشتەکییەکی میهری کە لەسەر شیعرێکی نالیدا دایناوەو دەڵێت:

بە دائیم دڵم وەک بەردە بێتۆ A
وەکو وەحشی لەشاخ و هەردە بێتۆ A
گوڵ و گوڵزارو قەصرم گەردە بێتۆ A
دەرووم پڕ کەباب و دەردە بێتۆ A
دڵم گەرم و هەناسەم سەردە بێتۆ A
(دیوانی شاعیر ٢٠١٣:٢٣٧)

٢-٣-٤- سەروای کۆپلەی تاک

میهری لەو شیعرانەی کە بە کۆپلەی تاک نووسیویەتی ئەم قالبانەی سەروای بەکارهیناوە:

AA: (دیوانی میهری ل٢٤٨ - ٢٥١) (١٠ جار)
AB: (دیوانی میهری‌ل٢٤٨ - ٢٥١) (٦ جار)

هەروەها میهری شاعیر لەم دێرە شیعرەیدا دەڵێت:

دڵ خەستە و دەم بەستە، کەمن کەوتووم ئەمشەو
A
تریاقی و ویصاڵت مەگەر ئەم دەردە دەواکا B
(دیوانی میهری ٢٠١٣: ٢٤٨)

٢-٣-٥- تەشتیر

جۆرێکە لە سەروای ناوەوە، کە ئاوازی شیعرەکە بەرزتر دەکات (لەم جۆرە شیعرە سەیری نیوە دێر دەکرێت نەک دێرەکان، هەر یەکێک لە نیوە دێرەکان وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ وەردەگیرێت) (أنیس:٣.٢))، جگە لە سەروای گشتی هۆنراوەکە، لە ڕووی کەرتکردنی لەتە دێرەوە شاعیر هۆنراوەکە دابەش دەکات بەسەر چەند سەروایەک، کەواتە تەشتیر (بریتی یە لەو سەروایەی کە بێجگە لە سەروای گشتی هۆنراوەکە، شاعیر بۆ تەفعیلە و دەستەواژەکانی نێو دێر و نیوە دێرەکانی هۆنراوەکە دادەنێت)(عبدالله ٢٠..٢٠١٣:٥). ئەمەش بە چەند شێوەیەک دەبێت

٢-٣-٥-١- شاعیر دێرە هۆنراوەکەی بکاتە چوار کەرتی یەکسان تەنها نیوە دێری یەکەم تەشتیر بکات بۆ دوو کەرتی هاوسەروا ، نیوە دێری دووەمیان تەشتیر نەکات بۆ نموونە میهری دەڵێت:

من خۆم کە موعتەبەر بووم پڕ قەدرو تاجی سەربووم
بەد بەختی زۆری هێنا وا من کە دەر بەدەر بووم
(دیوانی میهری ٢٠٠٣:٩٥)

٢-٣-٥-٢- یان شاعیر دێرە هۆنراوەکەی خۆی بکاتە چوار لەتی یەکسان، سێ کەرتی یەکەم یەک سەروایان دەبێت و کەرتی چوارەم سەروای گشتی هۆنراوەکە پێک دێنێت، بۆ نموونە میهری لەم شیعرەدا دەڵێت:

ئەگەر ڕووخسارت ببینم بۆ چیمە من گوڵ چنینم ؟
ئەتۆی گوڵ و هەم نەسرینم ئەی خودا لەم ئاگر بارانە
(دیوانی میهری ٢٠١٣: ١٦٦)

وشەکانی سەروا لە هەر سێ کەرتی یەکەمدا بریتین لە (ببینم، چنینم، نەسرینم) کە لە دەنگی (ببینم) هاوبەشن و (م) دەنگی ڕەوییە .

٢-٣-٦- پاش سەروا:

بریتی یە لەو وشە یان دەستەواژە یان ڕستەیەی کە بە هەمان واتا لە دوای وشەی سەروا لەکۆتای لەت یان دێرە شیعرەوە دووبارە دەبێتەوە، کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە زیادکردنی ئاوازی هۆنراوەکە، میهری بە ڕێژەیەکی زۆر لە شیعرەکانیدا پاش سەروای بەکارهێناوە لە (ناو ، کار، جیناو، مۆرفیمی ڕێزمانی .....) بۆ نموونە میهری لە شیعرێکی دا بەشە ئاخاوتنی (کار)ی وەک پاش سەروا بەکارهێناوە و دەڵێت:

دڵ کە نەخۆشە حاجزە
خەریکە وا فیرار ئەکا
مەرهەمی زام و عیللەتی
دەمێکە (انتضار) ئەکا
ئەو چەرخی کە چ مەدارە ، کەی مەتلەبی
کەس دروست ئەکا
زۆر کەس لە حەیف و داخی ئەو
خەریکە (انتحار) ئەکا
(دیوانی میهری ٢٠١٣:٦٦)

وشەکان سەروا بریتین لە (فیرار، انتظار، انتحار) و (ر) دەنگی ڕەوییە، (ئەکا) پاش سەروایە کە لەکۆتای وشەکانی سەروا بە هەمان مانا بە درێژایی شیعرەکە دووبارە بۆتەوە، میهری لە هۆنراوەکانیدا لە (١٦) هۆنراوە پاش سەروای بەکارهێناوە.

بەشی دووەم/ مۆسیقای ناوەوەی شیعر

شیعر جگە لە مۆسیقای دەرەوە کە خۆی لەکێش و سەروا دەبینێتەوە، مۆسیقای ناوەوەش بە هاوبەشی لەگەڵیدا مۆسیقای شیعرەکە بەرزترو ڕەوانتر دەکەن، ئەم جۆرە مۆسیقایە پەیوەندی بە ڕێکخستن و هاوئاهەنگی وشەکان لە لایەنی دەنگ و فۆنیم و برگەکانەوە هەیە ، مۆسیقای ناوەوەی

شیعر خۆی لە ڕێکخستنێکی ورد و جوانی وشەکانی ناو دێرە شیعر و پاش و پێش کردنیان و دووبارە کردنەوەیاندا دەردەخات و بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێ، کە هەندێ جار لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر کاریگەرترە، مۆسیقای ناوەوەی شیعر (بریتیە لە ئاوازی ناوەوەی دەنگەکان و لێکدان و پێکەوە گونجاندنیان و پاش و پێش خستنی وشە و بەکارهێنانی هەندێک لە ئامرازە زمانیەکان بە جۆرێک کە زۆر جار لەکێشەکان کاریگەرتر دەبن)، (عید، ١٩٧٥، ل٢١) هەروەها زۆرجار مۆسیقای ناوەوەی شیعر ئاستی داهێنانی شاعیر و پلەی بەراوردی نێوان شاعیران دیاری دەکات .

شاعیری داهێنەر ڕەچاوی هەڵبژاردن و ڕێزبوونی وشەکان و دەستەواژەکانی نێو دەقەکەی دەکات، تا ئاواز و ڕیتمێکی بەجۆش بە چنینی ناوەوەی دەقەکە بدات و جۆری بەدوایەکداهاتن و هەڵبژاردنی پەیف لە مۆسیقای ناوەوەدا بایەخی زۆری هەیە ، چونکە مۆسیقای ناوەوە لە ((پەیوەندی نێوان وشەو دەربڕین و ڕستەکانی هەڵبەستەکەوە هەڵدەقوڵێ)) (البصیر١٩٣:١٩٨٣).

گرنگترین ئەو ڕەگەزانەی میهری بۆ پێکهێنانی مۆسیقای ناوەوە سوودی لێ بینیوە ئەمانەیە:

١- پاتکردنەوە:

پاتکردنەوە لە بچوکترین کەرەستەی زمانەوە، کە دەنگە دەگرێتەوە، تا گەورەترین وانەی زمان ، کە ڕستەیە کاتێک پاتکردنەوە لەناو دەقەدا دێتە کایەوە شاعیر کەرەستەیەکی زمانی یا زیاتر ((چەند جارێک پاتی بکاتەوە بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی ، بەو مەرجەی هەموو واتایان یەک بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێت)) (عەبدوللا ٢٠١٢:١٢٤). شاعیر بە شارەزاییەوە لێهاتووییەوە سوود لە پاتکردنەوە وەردەگرێت بۆ جوانکردنی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکەی تاوەکو بتوانێت کاریگەریەکی زیاتر لەسەر وەرگر دروست بکات دڵ و دەروون و هەست و سۆزی بە ڕێگەی ئەم ڕەگەزەی مۆسیقای ناوەوە بۆ شیعرەکەی کەمەندیش بکات . ئەمەش لەسەر شاعیر پێویست دەکات بە لێزانی و وردەکارییەوە مامەڵە لەگەڵ پاتکردنەوەی دەنگ و وشەو گرێ و ڕستەکاندا بکات و بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لێهاتوانە بەکاریان بهێنێت . کەواتە پاتکردنەوە سەرنجی وەرگر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و وای لێدەکات جەخت لەسەر ئەو کەرەستانە بکاتەوە کە زیاتر لە جارێک لە بنیاتی دەقەکەدا هاتوون.

١-١ پاتکردنەوەی دەنگ:

بریتی یە لە پاتکردنەوەی دەنگێک بۆ زیاتر لە جارێک لە دێرێک یا کۆپلەیەک یاخود سەرتاپای شیعرەکە، پاتکردنەوەی دەنگ(لەسنووری بەیت و دەقی شیعری دا جۆرە هاوتەریبییەکی ئاوازەیی پێکدەهێنن بەو هاوتەریبییەش دیارترین بنەمای جوانی شیعریەت دەرەخسێنێت کە ئەرکەکەی پێش هەر ئەرکێکی تر جوانییە واتا ئەگەر هەڵگری هیچ دەلالەتێکیش نەبێت ئەوا ئەرکی جوانکاریانەی ئاوازەیی خۆی لە ئاستی ئاوازەیی دا هەر دەبینێت، ئەو ئەرکەشی ئەرکێکی دیاری شیعر خۆیەتی) (تۆفیق، ٢٠١٢، ل١١٩). بۆ نموونە میهری لە هۆنراوەیەکی دا دەڵێت:

ساقی تێکە پیالە، زمانم بوو بە لالە
لە عیشقی ئەو غەزالە، ئەو صاحێب خەت و خالە
ئەو کولمی وەک گولالە، ئەو قودوومی بەفالە
ئەو شۆخی ئەو نیهالە، ئەو ئەبرۆیی هیلالە
(دیوانی میهری ٢٠١٣:١٥٨)

میهری شاعیر لەسەر شێوازی هونەری کەرتکردن وێنەیەکی لێکدراوی لە ئاکامی کەلەکەبوون و چوونە

ناویەکی چەندین وێنەی تاکەوە دروستکردووە، وێنەکە لەسەر بنەمای وەسفکردنی یارو دولبەرەوە دروست بووە، کە هەر لەت و کەرتێک لە کەرتەکانی نیوە دێرەکان جوانییەک و جۆرە ئاوازێک بە تێکرای وێنەکە دەبەخشن و زیاتر دەوڵەمەندی دەکەن (هەموو ئەمانەش خزمەت بە بنیاتی گشتی وێنە لێکدراوەکە دەکەن. دووبارە کردنەوەی دەنگەکانی (ا، ل، ە) لە هەر نیوە دێرێک دا دوو جار بەشێوەیەکی گونجاو مۆسیقایەکی جوانیان بە شیعرەکە بەخشیووە، هەروەها هەریەک لە وشەکانی (پیالە، لالە، غەزالە، خالە، گولالە، بەخالە، نیهالە، هیلالە) جگە لە هاوبەشبوونیان لە کۆمەلە دەنگێکدا مۆسیقایەکی جوانی ناوەوەیان دروست کردووە، ئاوازێکی ڕازاوەی ناوازەیان بە شیعرەکە بەخشیووە، هەروەها جێناوی (ئەو) لە هەر نیوە دێرێک دووجار دووبارە بۆتەوە، تێکرا ئاوازێکی شیعری بەرزیان دروست کردووەو بنیادێکی ئیستاتیکیان بە شیعرەکە بەخشیووە ، هەروەها میهری شاعیر سوودی لە هەست و بیری شاعیرانی پێش خۆی لەلایەک و سەردەم و ڕۆژگاری خۆی لەلایەکی ترەوە وەرگرتووە، شەیداو هۆگری بیرو مانا قوول و فراوانەکانی شیعرەکانیان بووەو لاسایی بەشێکیانی کردۆتەوە، هەروەها میهری لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

وەتەن دوڕڕی، وەتەن جانی، وەتەن روحی ڕەوانم
وەتەن بۆمن ئەتۆی سەروەر، ئەتۆی ڕوتبەو نیشانم
(دیوانی میهری ٢.١٣: ٢٤٩)

دووبارەکردنەوەی دەنگەکانی (ن، ت، ڕ، و، ۆ، ە) چەند جارێک بەشێوەیەکی گونجاو مۆسیقایەکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیووە، هەروەها وشەی (وەتەن) چوار جار دووبارە بۆتەوە ، جێناوی (ئەتۆ) دووجار دووبارە بۆتەوە ، جگە لە هاوبەشبوونیان لە کۆمەلە دەنگێک ، زەنگ و ئاوازێکی ناوەکییان بەرپا کردووە لە شیعرەکەدا، هەروەها لە ڕێگەی کەرتکردنەوە ئاوازێکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیووە.

١-٢- پاتکردنەوەی وشە:

بریتیە لە پاتکردنەوەی وشەیەک یان زیاتر لە دێرە شیعریک یاخود بەند و کۆپلەو سەرجەمی شیعرێکدا، شاعیر بە زیرەکانە دەتوانێت سوود لەم چەشنە پاتکردنەوەی وشەیە ببینێت و هەوڵدەدات (مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی پێ بەهێز بکات شاعیر کە وشەیەک دووبارە دەکاتەوە مەبەستی جەخت کردنەوەی زیاترە لەسەر ماناو مەبەستی ئەو وشەیە بەمەش مۆسیقای شیعرەکە پتەوتر دەکات و خوینەریش زیاتر سەرنجی دەداتێ) (ئەحمەد،٢.١٤، ل١١٩). پاتکردنەوەی وشە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت ئەم بنەمایەی مۆسیقای ناوەوە پەیوەستە بە مەبەستی شاعیر و ناوەڕۆکی ئەو شیعرەی شاعیر دەینوسێت. میهری ئەم جۆرە مۆسیقایەی لەشیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بەمەش جوانی ڕازاوەیی زیاتری داوەتە شیعرەکانی و شیعرەکانی بەرەو ئاستێکی باڵا بردووە، بۆیە ئەگەر بە وردی سەیری شیعرەکانی میهری بکەین ئەوا دەبینین لە هەندێ شیعرەکانیدا ئەم تەکنیکانەی بەکارهێناوە، بۆ نموونە میهری لە ڕێگەی نۆبەتی کردنی وشەکان و دووبارەکردنەوەیان ئاوازێکی مۆسیقی ناوەکی دروست کردووەو دەڵێت:

خودایە زۆر پەرێشـــانم خـودایە
بە دەردی دڵ هەراسـانم خـودایە
دەروونم ئاگری گرت بێ قـەرارم
ڕزی جەرگـم، دڵ و جانم خودایە
(دیوانی میهری ٢.١٣:٢٢٢)

جگە لە دووبارەکردنەوەی دەنگ، شاعیر لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی ووشە ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی بەرزتر کردووە، بۆ نموونە میهری لەم شیعرەی خوارەوە (٩) جار ووشەی (ئەتۆی) ی دووبارە کردۆتەوە و (٢) جار وشەی (بەتۆ) ی دووبارە کردۆتەوە، بەهۆیەوە ئاوازێکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیووە وەک شاعیر لە وەسفی نیشتماندا وێنەیەکی جولاومان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

ئەتۆی هێزم ئەتۆی قووتی وجوودم
ئەتۆی چاوم ئەتۆی باڵی فرینم
ئەتۆی ڕووحم ئەتۆی ڕەمزی نەجاتم
ئەتۆی مەرهەمم لە بۆ زام و برینم
بە تۆ بەرزم بە تۆ من سەر بڵندم
ئەتۆی ماڵم ئەتۆی تاج و نگینم
(دیوانی میهری ٢.١٣:٩٣)

شاعیر لەڕێگەی (باڵی فرین)ەوە ئاراستەی جولەکەی بەرەو سەرەوە بردووە، بە هەریەک لە ئاخاوتنەکانی (بەرز، سەربڵند، تاج) خۆشحالی خۆی بەرامبەر بە خۆشەویستی نیشتمان دەربڕیووە، هەروەها میهری لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

شاری هەولێر مەنبەعی عیرفانمە
شاری هەولێر باغ و هەم بێستانمە
سەرچلی سەر ئەرضە قووتی ڕووحمە
شاری هەولێر عەنبەری شارانمە
(ذرە)یێ خاکی ئەمن نادەم بە زێر
گەوهەرە و دووڕە و هەم مەرجانمە
(دیوانی میهری ٢.١٣:١٦٣)

میهری لەم شیعرەیدا لەسەر شێوازی وەصفی ڕاستەوخۆوە وێنەی شاری هەولێری بۆ دەرخستووین، شاعیر لەم هۆنراوەیەدا بەهۆی وشەی لێکدراوی (شاری هەولێر) کە چوار جار دووبارە بۆتەوە، مۆسیقایەکی ناوەوەی ڕێک و جوانی بۆ کۆپلە شیعرەکە ڕێک خستووەو جوانیەکی تایبەتی بە شیعرەکە بەخشیووە.

ئەنجام

میهری وەکو فۆتۆگرافەرێک بەها وێنەی چاوی فۆتۆ ئاسا هەرچی دیمەن و لەقتەیەکی پێ جوان و کاریگەر بووبێ وەریگرتووەو دواتر وێنای کردوون لەناو دەقی شیعریدا وەکو وێنەی شیعری جێگەی بۆ کردۆتەوە، لە ئەلبوومی شیعرەکانیدا چ بە خەیاڵێکی فراوان و چ بەخەیاڵێکی سادەو ساکار بنیات و بەرجەستەی کردوون. شاعیر ئەو بەسەرهات و ڕووداوە واقیعەی کە لە ڕۆژگارو سەردەمیدا تووشی ناوچەکە بووە، وەک شاعیرێکی لێ هاتوو مامەڵەی لەگەڵدا کردوون و ئاوێتەو تێکەڵاوی هەست و نەست و سۆزی خۆی کردوون و بەرگێکی ئەدەبی و هونەری بەبەردا کردوون، لە قالبی شیعریدا بە ئاوازو ڕیتم و ئەداو مۆسیقاوە زیندوو و بەرجەستەی کردوون.

لە ڕووی مۆسیقای شیعرییەوە، میهری مۆسیقایەکی شیعری ڕازاوەی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، بەتایبەتی لە ڕووی مۆسیقای دەرەوەی شیعرییەوە کە کێشی عەرووزی بە ڕێژەی یەکەم هەزەج کە دەکاتە ڕێژەی (١٢و٤٨٪) کە (٧٧) قالبە شیعری بە کێشە هۆنیوەتەوە، دواتر ڕەمەڵ کە دەکاتە ڕێژەی (٢٥و١٦٪) کە (٢٦) قالبە شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، پاشان موزاریع کە دەکاتە ڕێژەی (٧٥و٣٪) کە (٦) قالبە شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، دواتر ڕەجەز کە دەکاتە ڕێژەی (٨٧و١٪) کە (٣)قالبە شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە، بەمەش شیعرەکانی لە ڕووی کێشەوە هەمە جۆرن و ئاوازو مۆشیقایەکی خۆشی بە هەموو شیعرەکانی بەخشیووە. بەکارهێنانی کێشی برگە لەپاڵ کێشی عەرووز کە لەدوای کێشی عەرووز بە ڕێژەیەکی گشتی پەیرەوی کردووە لە کێشانەکردنی هۆنراوەکانیدا کە لە کۆی (.١٦) شیعر

(٢٩) شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە کە ڕێژەکەی دەگاتە (١٨و١٢٪).

بەکارهێنانی چەندین جۆر سەروا لە هۆنینەوەی شیعرەکانی کە بریتین لە سەروای یەکگرتوو و سەروای مەسنەوی (جووت سەروا) (٤) غەزەلی بەم جۆرە سەروایە نووسیوە، سەروای چواری کە (.٧) قالبی بەم جۆرە سەروایە نوسیووە، سەروای کۆپلەی پێنجی (.٤) قالبی بەم سەروایە نووسیوە، سەروای کۆپلەی تاک (١٦) قالبی بەم سەروایە نووسیوە، تەشتیر (٢) قالبی بەم سەروایە نوسیووە، کە سەروای یەکگرتوو بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕۆلی لە پێکهاتنی شیعرەکانیدا بینیووەو دواتر جووت سەروا و ئەوانی تر، بەمەش شیعرەکانی میهری جوانی زیاتری وەرگرتووەو مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکانی هەمە ڕەنگتر کردووە. لە ڕووی مۆسیقای ناوەوە میهری بایەخی زۆری بە پاتکردنەوە داوە بەتایبەتی پاتکردنەوەی دەنگ و ووشە، کە بە هۆیانەوە ئاوازەکی جوان و دانسقەیان بە شیعرەکانی بەخشیووە.

سەرچاوەکان

بە کوردی

- البصیر ، کامل)١٩٨٣)، ڕەخنەسازی (مێژوو و پەیرەو کردن) ، بەغداد، کۆڕی زانیاری کورد.
- بێدار ، جمال (٢٠١٣)، دەروازەی شیعرناسین، چاپ یەکەم، دەزگای تارین، هەولێر.
- بیمار ، عبدالرزاق (١٩٩٢)، کیش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چ١ ، چاپخانەی (دارالحریە)، بغداد.
- حداد ،عبدالله (١٩٩٧) ، ژیاننامە و شیعرەکانی میهری، چاپخانەی سەلاحەدین هەولێر.
- خەزنەدار ، مەعروف (١٩٦٢)، کیش و قافیە لە شیعری کوردی دا ، چاپخانەی (الوفاء) ، بەغداد.
- سەجادی ،علاءالدین (١٩٨٦)، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- سەجادی ،عەلائەدین (١٩٧٤) ، نرخ شوناسی ، چاپخانەی (مەعارف)، بەغداد، .
- شارەزا،کەریم (٢٠٠٨)، وشەی شیعری و وشەی ناشیعری، گ: ڕامان: ژ: ١٢٨ .
- علی ، دلشاد (١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراورد کارە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی .
- عەبدوللا ، ادریس (٢٠١٣)، کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- عەبدوللا ،ادریس (٢٠١٢)، شێواز ، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.
- عەبدوڵلا ، عەبدولموتەلیب (٢٠٠٤) ، خەیالی زمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- عەلی ، عەزیز(٢٠٠٧) ، فەرهەنگی کێشناسی ، چاپی یەکەم .
- فواد ، احسان (١٩٧٢) ، دووکیشی عەروزی لە شیعری کوردی تازەدا ، گ: کۆلیژی ئەدەبیات ،

زانستگای بەغداد ژ: ١٥ .

– قادر ، خانزاد (٢٠١٢)، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– گەردی ، سەردار(٢٠٠٤) ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی(١٩٧.-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .

– گەردی ،عەزیز (٢٠٠٢) ، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی دێکان، سلێمانی.

– گەردی ،عەزیز (١٩٩٩)، سەروا، لیکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە لە شیعری کوردیدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر .

– گەردی ، عەزیز(١٩٩٩) ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

– هیرانی ، محەمەد (٢٠١٣)، دیوانی میهری، چ١، هەولێر.

–ئەحمەد ، سافیە (٢٠١٤)، شێوازە شیعرە کوردیەکانی پیربال مەحمود، چ١، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

– گـەردی،عـزیـز(١٩٩٤)، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەل عـەروزی عەرەبی و کیشی شیعری فارسی ، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

محمد، عبدالقادر (٢٠٠٨)، بنیاتی کارامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چ١، چاپخانەی تیشک، سلیمانی.

بە عەرەبی

– انیس ، ابراهیم (١٩٧٣)، موسیقی الشعر، مکتبە الانجلو المصریە، الطبعە الخامسە.

– زاهد ، زهیر (٢٠٠١)، بحوث فی اللغە الشعر و عروضە، ط١ ، عالم الکتب، بیروت.

– سعید، شاهۆ(١٩٩٩) ، دلالات البناء الاقاعي في الشعر ، رسالة الماجستیر ، جامعة السلیمانیة.

– عید ، رجاء (١٩٧٥) ، الشعر والنغم ، مطبعە دار النشر والثقافە، قاهرە .

بە فارسی:

– شمیسا ، سیروس (١٣٧٤)، اشنائی باعروض و قافیە، چاپخانە رامین، تهران.

– کدکنی ، محمد (١٣٨٤)، موسیقی شعر، چاپ هشتم، نشراگە، تهران.

الملخص البحث

هذا البحث الموسوم ب(موسيقى الشعر عند ميهرى) هو محاولة لتوضيح الموسيقى في شعر الشاعر ميهرى. ومن الواضح ان الموسيقى هو أساس الشعر، وهي بحاجة الى الايقاع ولاتقوم الا عملية، ويقصد بالايقاع ترتيب اجزاء البيت الشعرى وتردد اجزائها في نسب محدودة وثابتة. وهذه الاجزاء هي وحدات صوتية أو مقاطع صوتية تعرف بالتفاعيل، من هنا يتبين ان الاوزان الشعرية هي الاساس الذي يميز الشعر عن الاجناس الأدبية الاخرى. النهج المتبع في هذا البحث هو المنهج الوصفي التحليلي. وقد درست الموسيقى الخارجية والداخلية وتهتم الموسيقى الخارجية بالوزن والقافية، اذ نظم الشاعر أغلب قصائده اعتمادا على العروض العربي ولاسيما وزن الهزج والرمل والمضارع والرجز, بيد انه استخدم الوزن المقطعي ايضا ولاسيما (٧-٨-١٠-١١-١٢-١٣-١٤) كما أنه استخدم المثنوي والرباعيات والخماسي والقافية ذات المقطع الواحد والتشطيرفي القصائده. وعند دراسة الموسيقى الداخلية نجد ان الشاعر استخدم التكرار، تكرار الاصوات والكلمات ..الخ. واختتم البحث بمجموعة من النتائج, ثم ثبت المصادر والمراجع وملخص باللغتين العربية والانجليزية.

كلمات المفاتيح: الموسيقى الداخلية – الموسيقى الخارجية – شعر القديم – البلاغة – الوزن والقافية

Abstract

This research, entitled (Poetic Music in Mehri,) aims to identify and present poetic music in Mehri's poems. Music constitutes the main structure and foundation of poetry. It is a source of balance, as poetic rhythm, inherited from music, is an important factor that distinguishes poetry from other literary forms. In this research, the descriptive method (analysis) encompasses both external and internal musical elements. The study focuses on the weight and authority of external music. It also considers the weight of the verses, particularly verses as well as the unified verses, Masnavi, ,١٤ to ٧ fourth and fifth-order verses, isolated verses, and taster verses present in his poems, and the internal music. The research concludes with the presentation of several relevant findings, a scholarly and academically compiled bibliography, and a summary of the research in Arabic .and English

Keywords: Internal music – External music – Ancient poetry – Rhetoric – Weight – Rhyme

وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/٢٢
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/١

ڕەهەندی ئایینی لە کۆمەڵە حیکایەت و ئەفسانەکانی (ساردۆن دا)

پ.د.مەولود ئیبراهیم حەسەن
کۆلێژی زمان، بەشی کوردی
زانکۆی سەلاحەددین

(توێژەر) دڵسۆز یاسین صدیق
قوتابی ماستەر لەزمانی کوردی،
زانکۆی سەلاحەددین

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: ڕەهەندی ئایینی لە کۆمەڵە حیکایەت و ئەفسانەکانی (ساردۆن دا)، ئامانج لێی دەرخستن و شیکردنەوەی ڕەهەندە ئایینیەکانی دەڤەری خۆشناوەتی بە گشتی و شەقڵاوە بە تایبەتییە. بۆ ئەم توێژینەوە حیکایەتە کۆکراوەکانی (سەرباز مەجید خۆشناو) مان بە نموونە وەرگرتووە، کە زۆر بە پەرۆشەوە بەدوای کۆکردنەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییە کوردیەکانی تایبەت ناوچەی خۆشناوەتییە، حیکایەت و ئەفسانە وەک دوو ژانری ئەدەبی فۆلکلۆری، مێژوویەکی کۆنیان هەیە، بیرکردنەوەکانی مرۆڤ لە سەرەتا دا زیاتر بە لای ئەفسانەکانەوە دەڕۆشت، کەواتە ئەفسانە لە سەر بنەمای ڕاستیەک دروست بووە. هەموو نەتەوەیەک ئەفسانە لە پێکهاتە و لایەنی کلتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکانی هەیە، ئەگەرچی جیاوازی لە بنەما و تایبەتمەندییەکانی لە نێوان گەلان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیدا هاوبەشن، لە خوێندنەوەی ووردی ئەفسانە کوردییەکاندا، ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە ئەفسانەی کوردی خاوەن چەندین خاسیەت و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیەتی.

وشەکلیل: ڕەهەندی ئایینی، حیکایەت، ئەفسانە، خۆشناوەتی، کلتوور.

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی: ڕەهەندی ئایینی لە کۆمەڵە حیکایەت و ئەفسانەکانی (ساردۆن دا)، حیکایەت بەشێکی سەرەکی ناو توێژینەوەکانی ئەدەبی کوردییە، لە لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە، حیکایەت لە ناو هەموو کۆمەڵگەو داب و نەریتەکان هەیە، بەڵام بە شێوەی جیاواز، کوردیش وەک و هەموو میللەتانی دیکە خاوەنی کۆمەڵێک حیکایەت و ئەفسانەیە، کە هەڵێنجراوی ناو کۆمەڵگە و کلتووری تایبەتی خۆیەتی، بێگومان بە پێی تێپەربوونی کات و سەردەمەکان گۆڕانکاری لە ئەفسانەکانیشدا کراوە. ئەرکی ئەم توێژینەوەیە ئاشناکردنمانە بە حیکایەت وئەفسانەکانی ناوچەی خۆشناوەتی. میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی (وەسفی شیکاری)، سەرەتا ڕێبازی وەسفیمان گرتە بەر بۆ ئەوەی لایەنە تیۆریەکەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی زانستیانە بخەینە ڕوو، بۆ لێکدانەوەی دەقی حیکایەتەکان و پراکتیزە کردنی جۆری ئایینەکان ڕێبازی شیکاری بەکارهاتووە، لە زۆر شوێندا هەردوو ڕێبازەکە تێکەڵ دەبن و دەبن بە تەواوکەری یەکتر.

ئامانجی توێژینەوەکە، دەرخستنی ڕەهەندە ئایینیەکان و ڕەنگدانەوەیانە لە نێو حیکایەت و ئەفسانەکاندا، ڕەنگدانەوەی لە نێو ئایینەکاندا، ئەمەش کاریگەری تەواوی دەبێت بە سەر ناساندنی کلتووری میللەتان بە گشتی و کلتووری کورد بە تایبەتی، جگە لەمانەش شەنوکەوکردنی حیکایەتەکانە و گونجاندنیان لە گەڵ کلتووری ئایینەکان، چونکە حیکایەت یەکێکە لە ژانرە ئەدەبییە نایابەکان، بوونی حیکایەتی جۆراوجۆر لە ناو هەر میللەتێک دەوڵەمەندی کلتووری ئەو نەتەوەیە دیاردەخات.

سنووری ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دیاریکردنی ڕەهەندی ئایینی لە نێو حیکایەت و ئەفسانەکانی دەڤەری خۆشناوەتی، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم باسە دا کۆمەڵە حیکایەتەکانی (ساردۆن) شیکردنەوەو لێکدانەوەیان بۆ کراوە، ئەم کۆمەڵە حیکایەتە، کۆمەڵێک حیکایەتی تێدا کۆکراوەتەوە، بەڵام ئێمە بە پێی پێویستی توێژینەوەکە و هەروەها گونجانیان لە گەڵ ناونیشانی بابەتەکە هەڵبژاردنمان بۆی کردووە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە: لەبەر ئەوەی ڕەهەندی ئایینی پرسێکی گرنگی ناو کۆمەڵگەیە، هەروەها وردبوونەوەیە لە دەرخستن و پیشاندانی کاریگەری ئایینەکان لە ناو حیکایەت و ئەفسانەکانی ناوچەی خۆشناوەتی، کە لە ڕووی مێژووییەوە ژیان لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی زۆرترین گۆڕانکاری لە بیروباوەڕە ئایینیەکاندا ڕوویدات. توێژینەوەکە: باس لە ڕەهەندی ئایینی لە کۆمەڵە حیکایەت و ئەفسانەکانی ساردۆن دا دەکات. لە بەشی یەکەم: پێگە و چییەتی ئایین لە حیکایەت و ئەفسانەکاندا، پێناسەی ئایین، هەروەها ئایین و بیرو باوەڕی ئەفسانەیی، لە بەشی دووەمدا لایەنی پراکتیک خراوەتە ڕوو، ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئەفسانەیی لە کۆمەڵە حیکایەتەکانی ساردۆن دا، لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

بەشی یەکەم: پێگە و ناساندنی ئایین لە حیکایەت و ئەفسانەکاندا.

ئایین هەر لە سەرەتای شارستانی مرۆڤەوە دەرکەوتووە، تا ئەمرۆشی لە گەڵدابێت بەردەوام توێژینەوە لە ئایین دەکرێت، کەوایە ئایین پرسێکی گرنگە، پەیوەندی بە ڕابردوو و ئێستە و داهاتووی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە هەر لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە بە پێی ئەو داب و نەریتەی کە تێیدا دەژی ئایینی بۆ دەستنیشان دەکرێت، بەڵام ئەمەش

مەرج نییە تا کۆتایی بێت، بە پێی تێپەڕبوونی کات و شێوازی بیرکردنەوەی ئەو کەسە و تێگەیشتنی لەو ئاینە، ئەگەری هەیە ئایینی خۆی بگۆڕێت، چونکە پەیڕەو کردنی هەر ئایینێک پێویستی بە بڕوایییەکی تەواو هەیە، بۆ ئارامی ڕۆحی و دەروونی کە هێزێک هەیە ئەم گەردوونە بەڕێوە دەبات وا پێویست دەکات بیپەرستێت، ئایین وەک پێویستییەک بۆ ڕێکخستنی کار و کردەوەکانی مرۆڤ دروست بووە، زۆر لە ئایینەکان چیرۆک و مێژووی پیرۆزیان هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی مانا بە ژیان ببەخشن، پەیامی ئایینەکان جەخت لەسەر ڕێنمونی و هاندانی مرۆڤ بۆ کاری چاکە و خێر دەکاتەوە، ئامانجەکەشیان سەربەرزی و بەختەوەری بۆ هەردوو دونیایە. بە پێی تێپەڕبوونی کات ئایینەکان فۆرمی جیاواز وەردەگرن، بۆیە لێرەدا بە پێی چەند پێناسەیەک لە چییەتی ئایین دەدوێین:

١-١. ئایین: ناساندن.

ئایین ڕەهەندێکی دەروونی هەیە، لایەنێکی مەعنەوی هەیە، کە بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی مرۆڤەکان دروست بووە، ئەمەش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، هەندێکیان لە ناو کۆمەڵگە دروست نەبوون، بەڵکو بۆیان هاتۆتە خوارەوە، هەروەها کۆمەڵێک یاسایە کە پێویستە پەیڕەوانی لە سەری بڕۆن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە بە دڵی هەمووان بێت و هەموویان وەکو یەک پەیڕەوی بنەما و پرۆگرامەکان بکەن (ئایین ئەو دەستوور و یاسایانەن کە بۆ گەیشتنە ژیانێکی باشتر و بەختەوەرتر و پێشکەوتووتر گەیشتنە دونـدی مرۆڤایەتی لە گشت بوارەکانی ژیاندا) (پەهلەوان ٢٠١٣:١١٢).

کەواتە ئایینەکان بۆ گەیشتن بە لوتکەی بەختەوەری مرۆڤەکان هاتوونەتە ئاراوە. ئایین بریتییە لە پێکهێنەرەکانی کلتوور کاتێک سیفەتی بەردەوامی و پیرۆزی وەردەگرن و دەستیان بۆ نابرێت. هەر بۆیە ئایین ئاوێنەیەکی کلتوورە و هەموو بوارو پێکهێنەرەکانی کلتووری تێدا جێ دەبێتەوە...ئایین تەنیا بریتی نییە لە باوەڕ بە خودا و پەرستنی، بەڵکو بریتییە لە جیهانبینی و شێوازی تێڕوانین و تێگەیشتن لە بوونەوەرو سروشت و کۆمەڵگا و مرۆڤ، لە شێوازی ژیان، وشەی کلتوور هەڵبەتە مەبەست لە کلتووری ئەو گەلە یان ئەو کۆمەڵگایەیە کە ئایینەکەی بەرهەم هێناوە، یان ئەو کۆمەڵگایەی ئایینەکەی تێدا سەر هەڵدەدات (پێنجوینی ٢٠١٢،ماڵپەر).

کەواتە ئایین پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کلتووری ئەو کۆمەڵگایە هەیە کە پەیڕەوی دەکات، لێکۆڵەران زۆربەیان لە سەر ئەوە کۆکن کە پێناسەی ئایین شتێکی ئاسان نییە، بتوانی بە چەند دێرێک گوزارشتی لێ بکەی. فەیلەسوف و مێژوونووسی ئایینی ئەڵمان "ماکس مۆلەر" دەربارەی ئایین دەڵێت: (ئایین هەوڵێکە بۆ وێنا کردنی شتێ کە ناکرێت وێنا بکرێت. گوتنی شتێ کە ناتواندرێت گوزارشتی لێ بکرێت) (السواس٢٠٠٢: ٢٣). کەواتە بە بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە، ئایین شتێک نییە بتوانین بە ئاسانی گوزارشتی لێ بکرێت، لە بەر ئەوەی ئایین بابەتێکی قوڵە و چەند لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت شتی نوێتر بەدیار دەکەوێت، کەواتە پێناسەکردنی ئاسان نییە، ئایینەکان دوو جۆرن زەمینی و ئاسمانی، ئەو حیکایەتانەی کە ڕەهەندی ئایینیان تێدا زاڵە زیاتر ئاکار و ئەخلاقی ئەو ئایینە پێشکەش دەکەن، واتە حیکایەت و ئەفسانە هۆکارێکن بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاست و هەڵە پیشانی تاکەکان بدەن، جگە لەمانەش ڕەفتاری مرۆڤەکان و هەموو پرسە وجوودییەکانی

وەکو (دروستبوونی گەردون، مردن و ژیانی دوای مردن، سروشت و ئازارەکان و حیکمەتی هەبوونی ئازار...هتد) پێشکەش دەکەن چونکە حیکایەت و ئەفسانەکان پەیوەستن بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانەوە.

ئایین و بیروباوەڕی ئەفسانەیی

ئەفسانە چیرۆکێکی خەیاڵیە، کە زیاتر لە گەڵ بیرو باوەڕی کۆن تێکەڵ بووە، زۆربەی کات ئەفسانەکان چیرۆکی پیرۆزن، ئەفسانە وەک کلتوورێکی نەتەوەیی بایەخ و گرنگی خۆی هەیەو زۆربەی نەتەوە جیاوازەکانی جیهان بە گرنگ لە ئەفسانە دەڕوانن، هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی بە بابەتەکانی ئایینەوە هەیە. (ئەفسانە بریتییە لە گێڕانەوەیەکی پیرۆزی ڕووداوەکان کە سیمایەکی دیار بە خۆناسینی مرۆڤی ئیماندار دەبەخشێت) (خۆشناو٢٠١٣: ٩). کەواتە ئەفسانەکان بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە ئاینییەکان پێویستن. ئەفسانە لە کۆندا وەک چیرۆکێکی خوڕافی باسی لێوە دەکرا، یاخود پێشبینی کردن و خەیاڵ کردن، کەواتە لەم بیروبۆچوونانە دەتوانین مێژوو دروست بکەین، لە کات و شوێنی خۆیدا. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئەفسانە و کلتووردا هەیە، پێیان وایە جیاکردنەوەی ئەم دووانە وەک ئەوە وایە کە منداڵ لە وێلاشەکەی جیا بکرێتەوە، هەروەها پچڕاندنی پەیوەندی لە نێوان منداڵ و باوانەکەی، کە کارەکە لە ڕەگەوە نەمێنێت، لە ئێستاشدا ئەفسانە وەکو تۆمارێکە لە تێگەیشتن یاخود لە تێنەگەیشتن، لە یەک کاتدا گۆڕانکاری لە ئەفسانەکان زۆر بە هێواشی دەست پێ دەکات، لەمەشەوە بۆمان بە دیار دەکەوێت، کە تاکو ئێستا ئەفسانە پێویستی بە وردەکاری و تێگەیشتنی زیاترە (القمنی١٩٩٩: ٢٧).

پەیوەندی نێوان ئەفسانە و ئایین، پەیوەندییەکی ئاڵۆز و دوور و قووڵ و فرە ڕەهەندە. ئەم پەیوەندییە دەکرێت لە ڕوانگە و پێگەی مێژوویی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و فەلسەفەوە شیبکرێتەوە. (ئەفسانەکان، کە چیرۆکی کۆنن سەرەتا بە شێوەی زارەکی و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، دەماودەم گواستراونەتەوە بۆ ئێمە، باس لە ڕووداو یان کەسایەتی خەیاڵی دەکەن، زۆر جار دیاردە و ڕووداوەکانی سروشتمان بۆ شیدەکەنەوە و بیروباوەڕ و تێڕوانینی سەردەمانی پێشوومان لە ڕێگای ئەفسانەکانەوە بۆ دەردەکەوێت، کە ئەمانەش زۆربەی جار پەیوەندییان بە باوەڕی ئاینی یان کولتووری کۆمەڵگایەکەوە هەیە) (علی ٣٤٧:٢٠٢٥). بێگومان هەم ئەفسانە و هەم ئایین ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ژیان و ڕاددەی گەشە و پێشکەوتنی هزر و ئەندێشە و تێگەیشتنی مرۆڤ لە گەردوون و خودی مرۆڤ خۆیەوە هەیە. ئەفسانەکان زنجیرەیەک گێڕانەوەی پیرۆزن کە لە کۆمەڵگە دێرینەکانی مرۆڤایەتی بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لەبابەت پەیدابوونی گەردوون، مرۆڤ و هێزە ئاسمانییەکان ئاراستە کراون. لەم ڕوانگەیە دەردەکەوێ ئەفسانە تێگەیشتنی مرۆڤە بۆ دیاردەکانی گەردوون وەکو جیهان، مرۆڤ، ئاسمان، زەوی، دیاردە سرووشتییەکان و بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەم دەرکەوتە پیرۆزانەن کە لە هزری مرۆڤدا بە جۆرێک نادیار داپۆشراون. (حەسەن٢٠٢٤: چاوپێکەوتن). ئەفسانە و ئایین پەیوەستن بە جڤاک و دیاردەی کلتوورین، بۆیە وەها لەناو کلتوور و دابونەریت و بیروباوەڕی مرۆڤدا ڕەگیان داکوتاوە کە جیاکردنەوەیان کارێکی تارادەیەک ئەستەمە. لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئەگەر لەم دوو بابەتە ووردبینەوە دەردەکەوێ، ئەوەی

ئەمڕۆ پێی دەگوترێ ئایین ڕۆژگارێک ئەفسانە بووە. واتا گەشە و گۆڕانی هزری و کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لە دیاردەکان هۆکارن بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو بابەتە. ئەم هێڵە لێڵ و لاوازەی لە نێوان ئەفسانە و ئاییندا بەدی دەکرێن، بەهۆی ئەم گەشە هزری و فەلسەفییانەوە دەستەبەر دەبن کە لە ئەنجامی تێپەڕینی دەیان و سەدان ساڵ بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هاتوون. (تا ئێستا گەلێک ڕای جیاواز لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ئەفسانەکان و ئاینەکان پەیدا بووە کە پێویستە دانی پێدا بنێین کە زەحمەتە جوداوازی لە نێوان ئەفسانەو ئایین بکرێت شتێکی ئاسان نییە بزانرێ کامیان پێشتر پەیدابووە) (عیزەدین ٢٠١٠: ٢٧٦). بێگومان بوونی ئەو هەموو بۆچوونە جیاوازانە وای کردووە کە نەتوانین بە ئاسانی ئەو جیاوازییەی نێوان ئەفسانەکان و ئایین دەستنیشان بکەین، جگە لەمانەش بۆ پێشخستنی هەر یەکەیان پێویستمان بە بەڵگە هەیە بۆ ئەوەی بتوانین مێژووەکەیان دەست نیشان بکەین.

(ئەفسانەکان و کەسایەتییە ئاینییەکان، لە چنینی خەیاڵی ئینسانەکاندا، زۆر لە بارستایی و توانای خۆیان زیاتریان دراوەتێ و کراون بە کەسایەتی پیرۆز و کاریزماو نیوە خواوەند) (ئەسوەد٢٠١١: ١٨١). ئایین هەروەکو ئەفسانە هەوڵدەدا دیاردە شاراوە و نادیار و دوور لە هزری مرۆڤ شیبکاتەوە وەکو پەیدابوونی جیهان و مرۆڤ و ژیان. خاڵی هاوبەشی نێوان ئەفسانە و ئایین بابەتی پیرۆزبوونە، واتا پیرۆزیی بوون و پەیوەستبوونی بە خواستی خواوەندەکان کە خۆی لە ئافراندن و ڕێکخستنی سەرجەم دیاردە ئافرێنراوەکاندا دەبینێتەوە.

ئەفسانە گێڕانەوەی پیرۆزی هەموو ئەم دیاردانەن کە بۆ یەکەمینجار بەدیهاتوون و لە چوارچێوەیەکی لۆجیکی و شیاودا ڕێکخستراون، ڕێک ئایینیش هەمان ئەم ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێ. دووبارەکردنەوەی دیمەنی یەکەمین ئافراندنەکان، لە چوارچێوەی ئەفسانە و ئاییندا لەڕێگەی کۆمەڵێک ڕێوڕەسمی پیرۆزەوە جێبەجێ دەکرێن کە تاڕادەیەک خاڵی جیاوازی نێوان ئەفسانە و ئایین ئاشکرا دەکەن. ئەم ڕێوڕەسمە پیرۆزانەی لە چوارچێوەی ئەفسانەدا لەلایەن شوێنکەوتووانەوە بەمەبەستی بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی دیاردە بەرایییەکانی گەردوون جێبەجێ دەکرێ، ناسنامەیەکی دێرینتریان هەیە و مرۆڤی پێگەیشتوو بە سەدەکانی سەردەمی ئایینە ئاسمانییەکان، ئەم ڕێوڕەسمانە بەجۆرێک لە خورافیات و دیاردەی ناپەسەند هەژمار دەکەن. وەکو قوربانی کردنی مرۆڤ بۆ خواوەندەکان، خواردنەوەی خوێنی قوربانی کراو، ئاوێتەبوونی بەکۆمەڵی شوێنکەوتووان لە پەرستگە پیرۆزەکان، بەیەکدانانی پاشا و خواوەندەکان و ...هتد. لە کاتێکدا ڕێوڕەسمە ئاینییەکان کۆمەڵێک ڕەفتار و هەڵسووکەوتی سەردەمیانەتر وەردەگرن و بەدوورن لەم توندوتیژییەی لە ڕێوڕەسمە ئەفسانەییەکاندا بەدی دەکرا. (خۆشناو٢٠٢٥: چاوپێکەوتن).

ئەفسانە لە سەرەتای پەیدابوونییەوە ڕۆڵێکی کاریگەری لە تێگەیشتن و ئاراستەکردنی هزری مرۆڤ بە ئاراستەی جیهان و دیاردە پیرۆزەکان هەبووە و هەروەها بەگوێرەی هەلومەرجی کلتووری جوگرافیایی و مێژوویی گەشەی کردووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دواتر لە چوارچێوەی ئاییندا جارێکی دیکە بنیاتنراوەتەوە. ئەفسانە لە ڕێڕەوی گەشەی مێژوویی خۆیدا بە ئاراستەی گۆڕان بۆ دەرکەوتەی ئایینی لە سووڕدابووە. لە ئەفسانە دێرینەکاندا ئەم بابەتانە لە چوارچێوەی گێڕانەوەیەکی پیرۆزدا خۆی دەنوێنێ و لە هەمان

کاتدا لە چوارچێوەی ئایینیش ئەم گێڕانەوانە هەمان دۆخە پیرۆزەکەیان هەڵگرتووە، بەڵام بەم جیاوازییە کە ناوەڕۆکی گێڕانەوەکان تێمایەکی ئایینی یەکجار سنووورداری وەرگرتووە تاکو لەگەڵ بنەما فیکری و فەلسەفی و باوەڕە بنچینەییەکانی خودی ئایینەکە هاوتەریب بێ (خۆشناو ٢.٢٥:چاوپێکەوتن).

ئەمەش واتا هاوتەریب بوونی ئەفسانە و ئایین لە بەرجەستەکردنی هزر و تێڕوانینی مرۆڤ بۆ گەردوون، بە جیاوازی زەمەنی گێڕانەوە و پەردە لادان لە نهێنییەکان و ڕادەی تێگەیشتنیان لە دیاردە نامۆ و شاراوەکان (ئەفسانە بە قەد ئەوەی وەک ناوەڕۆک دەوڵەمەندە و پڕ لە گەوهەری یەکدانەیە، ئاواش وەک"زمان" پڕاو پڕە لە وشەو ناو و ئیدیۆم و ڕستەو وێنەی بێ وێنە، هەر لەبەر گرنگی زمانەکەشە وا پێویست دەکات فۆلکلۆر بە گشتی و ئەفسانە و حیکایەت بە تایبەت بە زمانی کوردی و بە شێوەزارەکەی خۆی کۆبکرێتەوە و دەستکاری نەکرێت، نەزار و بنزارەکەی بگۆڕێ و نە بە وەرگێڕاویش بۆ یەکەمجار بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەگەر یەکەمجار بە زمانی کوردی و ئەو زار و بنزارەی پێی دەگێڕدرێتەوە، کۆبکرێتەوە ئەوا سەرمایە زمانییەکە دەپارێزێ و لە نێو ناچێ، بەڵام ئەگەر هەر لە سەرەتاوە جاری یەکەمی بڵاوکردنەوەی دەقەکە وەرگێڕدرایە سەر زمانێکی تر ئەوا بەشە گرینگەکەی زمان دەدۆڕێنی و ناوەڕۆکەکەی دەمێنێتەوە، کە هەندێجار ناوەڕۆکیش پەیوەستە بە زمانی دەربڕینەوە. تا ئێستا زۆر جار ڕوویداوە ئەفسانەو حیکایەتی کوردی کۆکراوەتەوە و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانێکی تر و دەقە ڕەسەنەکەیان-ئێستا-لەبەر دەستدا نییە!) (حەسەن٢..٨: ٨). ئەو کۆمەڵە حیکایەت ئەفسانانەی (ساردۆن)یش هەمووی ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندو وێنەی زۆر نایاب و پڕ مانایان تێدایە و بە شێوەزاری خۆشناوەتی (دەڤەری شەقڵاوە) گێڕدراونەتەوەو سەرماییە زمانیەکەیان پارێزراوە، ڕەنگە زۆر لە حیکایەتەکانیش لێرە و لەوێ پێشتر هاتبنە بەر باس بەڵام بە هۆی گێڕانەوەی حیکایەتەکان بە شێوەزاری خۆشناوەتی لەم پەرتووکە شێوازی گێڕانەوەیان تام و چێژێکی تر دەبەخشنە خوێنەر.

ئەفسانەکان لە زۆر ڕووەوە پەیوەندیان بە حیکایەتەکانەوە هەیە، بەڵام لەوانەیە لە ڕووی بنەماو پشت بەستن بە کەرەسەکانەوە جیاوازی تێبکەوێ (ئەفسانەکان بابەتگەلێکی حیکایەتئامێزن، لە ڕێی هەندێک بنەماو تایبەتمەندی لە جۆرەکانی دیکەی حیکایەت جیادەکرێنەوە، لە گەڵ هەندێک جۆری حیکایەتدا لە یەکتر نزیک و لە گەڵ هەندێ جۆری دیکەدا لێک دوورن) (خۆشناو٢.٢٥: ٢١٥). کە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە لایەنی خەیاڵ و تێکەڵ کردنی لە گەڵ ئەو ڕووداوانەی کە لە سروشت ڕوونادەن هەیە. ئەفسانە وەکو سیستەم و زادەی بیری مرۆڤی بەرایی، بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوە و شیکردنەوەی شتە شاراوەکانی دەورووبەردایە زیندوویان دەکاتەوە، هەروەها پەیوەندی بە چیرۆکی سەرزاریش هەیە، ئەم چیرۆکە سەر زاریانەش کە لە قۆناغەکانی پێشووتر هەبوون بە سیمای نوێوە دەرکەوتن، لە کۆمەڵە حیکایەتەکانی (ساردۆن) هەندێ ئەفسانەی تێدایە کە تێکەڵن لە مێژووی سەردەمەکان وبەمەش مێژووی کورد بە مێژوویەکی دەوڵەمەند دادەنرێت، لێرەشدا دەگوترێت مەرج نییە ئەم کۆمەڵە حیکایەتە هەمووی تایبەت بن بە ناو جەرگەی خۆشناوەتی، بەڵکو لەوانەیە تێکەڵیەک هەبێت لە ئەفسانەکانی میللەتی کورد بە شێوەیەکی گشتی. لەوانەیە کەمێک جیاوازی لە نێو ئەفسانەی گەلاندا هەبێت، بەڵام لە کۆتایی لە ڕووی تێگەیشتنەوە لێک نزیکن.

(هێما) لە نێو ئەفسانەکان پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە. لە ڕووی سۆزدارییەوە هێماکان کاریگەریان لە سەر مرۆڤ هەیە، مرۆڤ بەرەو کردار دەبەن (هێماوەکو تەکنیک لە گێڕانەوەی حیکایەتەکان بەکاردێن، مێژووی بەکارهێنانیان بۆ سەدە کۆنەکان و شارستانیەتە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام وەکو ڕێباز لە سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵداوە، لە ئەدەبیاتدا بە وەسفی شتێک بۆ شتێکی تر بەکاردێت، زیاتر واتای "ئاماژە"دەگەیەنێت، بۆچەند مەبەستێک وەک مەبەستی ئیستاتیکی وچەند بابەتی دیکە، وەک ڕەمزی (کەسایەتی ئەفسانەیی گشتی، ئایینی، مێژووی، کەلەپووری) (خۆشناو٢٠١: ٢٨).

ئەفسانە بەشێکی هێمایە، هەندێک لەو هێمایانە لە ئایینەکان وەرگیراون. ئەفسانەکانی ساردۆن مێژوویەکی کۆنیان هەیە، ئەو کۆمەڵە حیکایەتە چەندین حیکایەتی تێدا کۆکراوەتەوە، بەڵام هەموویان هی یەک سەردەم نین و جیاوازن، هەروەها ناوەڕۆکی حیکایەتەکانیش جیاوازن و بەها کلتووریەکانی ناوچەی خۆشناوەتی تێدا باسکراون.

لە ناو کۆمەڵە حیکایەت و ئەفسانەکانی (ساردۆن) (ڕەمز)بەرچاو دەکەوێت، وەک ڕەمزی (ئایینی، کەلەپووری) ئەفسانەی کوردی هەر لە سەرەتاوە ڕەمزو هێمای خۆی هەبووە (ئەفسانە پەیوەندی دەکا بە هەندێ وێنەو کەسایەتی کە تێکەڵە لە هێماو مانا، هەندێکیان پەیوەندی بە ئاستی ئاگایی و هەندێکیشیان پەیوەندی بە ئاستی نائاگایی هەیە) (السواس،٢٠٠١، ٣٥). واتا نووسەر دەتوانێت ڕەمز بە ئارەزووی خۆی بەکاربهێنێ، لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە و بە ئارەزوومەندانە بەکاری دەهێنێ، هەندێ جاریش بێ ئەوەی مەزراندنی بۆ بکا خۆنەویستانە ئەم حاڵەتە دروست دەبێت. (ئەفسانە بە ڕەهەندە بەرفراوانەکەی لە ناو تراژیدیادا وەک بوونایەتی کاریگەری لەسەر سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری هەیە) (ڕەسول ٢٠٢٥: ١٥٣) کەواتە ئەفسانە تەنیا خەیاڵێکی داهێنراو نییە و خاڵی بێت لە بابەتی کۆمەڵایەتی و کلتوور، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو بابەتانەوە هەیە، گوزارشت لە پێکهاتەی کلتوور دەکات.

ئەگەر باس لە پێکهاتەکانی ئایین بکەین، ئاوڕدانەوەیەکی ووردتر لە مێژوو و جوگرافیای ئایین بدەینەوە، ئەوا پێکهاتەیەکی یەکگرتووی ئایینمان بۆ ئاشکرا دەکات لە هەر شوێنێک و سەردەمێکدا، کە پەیوەندی بە بیروباوەڕەکانی هەر چینە و تاقمێک هەیە لە سەردەمە جیاوازەکاندا. لەسەرەتادا ئایینەکان ئایینی مرۆڤکردبوون، وەک ئەفسانەکانیش هەر بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤ بوون. بۆچوونەکان زۆرن سەبارەت بە ئایین هەر لێکۆڵەرێک بە شێوەیەک دەنووسێ و بیرو بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ (کاتێ خۆی قورەیشیەکان-ئەوانەی تەسلیم نەبوون بەوەی قورئان هاتووە-وەک قورئان خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە، بە قورئانیان دەگووت"ئەفسانەی پێشووەکان" ئەوان ئاوایان دەگووت، نەک پێغەمبەرایەتی، پێغەمبەری ئیسلامیان پێ ڕاست نەبێت، یان پێغەمبەریان پێ شتێکی سەیر بێ لە دەرەوەی سنووری ئاوەزی ئەوان بێت!! هەندێ لەوانە پێیان خۆش بوو پێغەمبەر لەبەنی هاشم نەبێت، ئەگەرنا کەسێکی وەک ئەبی حەکەم کە ئەبو جەهلی لای ئیسلامیەکانە دەیزانێ ئەوەی پێغەمبەر دەفەرموێ دروستە و لە خۆی نییە!! (ناوخۆش٢٠١٢: ٩٦). لەم بۆچوونەی نوسەریش دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە پێشتر زیاتر لە ڕێگای ئەفسانەکانەوە دەیانویست لە ئایینەکان تێبگەن، ئاستی هۆشیاری خەڵکەکە بەم شێوەیە بوو.

سەبارەت بە پێناسەکردنی ئەفسانە گەلێک سەرچاوە باسیان لێوە کردووە، زۆربەشیان ئەفسانەیان بە مانا گشتییەکە وەرگرتووە،

بەڵام زانایەکی وەکو (فرۆید) خاوەنی تیۆری دەروونشیکاری دەڵێت: (ئەفسانە خەونێکە دەچێتە ژێر باری گۆڕانکاری سیحراوی و کاری نائاسایی لە ڕادەبەدەر ئەنجام دەدات کە هەموو ئەمانەش تەنیا ڕەنگدانەوەی ئارەزووە کپکراوەکانن، کە لە دووری چاودێرییەکانی ئاستی ئاگایی دەربڕاون، بۆیە پڕە لەو هێمایانەی ئەگەر بمانتانیبوایە شرۆڤەیان بکەین، ئەوا تێگەیشتنێکی قووڵی بۆ ناخی مرۆڤایەتی و ئارەزووی پێ دەبەخشین) (اسماعیل ٢.٢٣: ٢٧). کەواتە بەلای فرۆیدەوە ئەفسانە دەربڕینی ئارەزووە کپکراوەکانە، هەتا ئەگەر بە شێوەیەکی ڕەمەکی و لە خۆڕاییش گوزارشتی کردبێت، چونکە ئەفسانەکان زۆربەیان نەوە دوای نەوە لە سەر زار گواستراونەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی تەنیا گێڕانەوەی چیرۆکێک نەبووە، بەڵکو ئەو نەریتانەی لە خۆ گرتووە کە ڕەنگدانەوە و شێوازی ژیانی مرۆڤ و بارە کۆمەڵایەتیەکەی ئەو سەردەمی نواندووە. (هەندێ ڕووداو لە نێو دەقە ئەفسانەکان هەن، کەچی مێژوو کەمتر، یان هەر باسی نەکردوون، هەر بۆیە گەڕان بە نێو ئەفسانەی کوردیدا و بە دوای ڕاستییە مێژووییەکان، کارێکی پێویستە و هێشتا زۆر شت هەن لە گۆشەکانی ئەفسانەدا دەرنەهێنراون و نرخی ڕاستەقینەیان نەدۆزراوەتەوە) (حەسەن٢.٢.:٤١). کەواتە لێرەدا نووسەر جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە ئەفسانەکان گرنگی و نرخی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە میللەتان بۆ بەدەست هێنانی زانیاری پێشوەختەکان(مێژوو) دەتوانن سوود لە ئەفسانەکان وەربگرن، چونکە زۆر جار لە ناو ئەفسانەکان دڕکی پێکراوە و مێژوو هەستی پێنەکردووە، بێگومان کوردیش بەدەر نییە لەم بابەتە.

بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئەفسانەیی لە کۆمەڵە حیکایەتەکانی ساردۆندا:

ئەفسانە یەکێکە لە ژانرە سەربەخۆکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەرهەمی قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤە، کەتیایدا بە شێوەیەک بیری کردۆتەوە، بەڵام بە هۆی نەشارەزایی پەنایان بۆ هەندێک بابەت بردووە، لەوانە ئەفسانە، بۆ بابەتی ئایین و ناسینیشی زیاتر بیریان لە فرەخواوەندی کردۆتەوە، ئەمەش خاڵێکی بەهێزی ناو ئەفسانەکانە، بۆیە ئەفسانە پیرۆزە، کارەکتەرەکانی نەمرن، بۆ نموونە (خدری زیندە) لێرەدا سیفەتی پیرۆزی وەرگرتووە، ڕەهەندی ئایینی بریتییە لە هەموو ئەو پێکهێنەرانەی کە لە ناو کلتوور دا هەن، کاتێک سیفەتی پیرۆزی وەردەگرن، کە ئەمەش مەرج نییە تەنیا باوەڕ بوون بێت بە خودای تاک و تەنیا، بەڵکو هەموو جۆرە پەرستشێک دەگرێتەوە، هەر وەکو لە ناو کۆمەڵگە جیاوازەکان بە دی دەکرێت، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر ئایینەکان. ئەو کۆمەڵە حیکایەتەی کە ئێمە کارمان لەسەر کردووە دابەش دەکرێت بەسەر دوو بەرە، ئەوانیش:

١-ڕەنگدانەوەی ڕەهەندە ئایینییەکان بە پێی بەرەی خێر:

لە ناو ئەو کۆمەڵە حیکایەتەی کە سنووری توێژینەوەکەی ئێمەیە، یەکێک لە حیکایەتەکان دەکەوێتە ناو چوارچێوەی بەرەی خێر (لە حیکایەتە میللییەکاندا، چەندین کارەکتەر لە بەرەی خێرو چاکەدا هاوکاری و پشتیوانی لە پاڵەوانەکان دەکەن و لە سەرکەوتن بە سەر بەرەی ڕەش و خراپەدا بە هانایانەوە دێن و هاوکاریان دەکەن. لە ڕووی هێز و توانا و پیرۆزییەوە، لە مرۆڤەکان باڵاترن) (خۆشناو٢.٢٥ :٢٢). ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بە

گشتی و حیکایەت بە تایبەت، گرنگی زۆری هەیە و زۆربەی حیکایەت لە ناو کوردەواری دەکەونە ناو چوارچێوەی بەرەی خێر، لە کاتێکدا مرۆڤ دەکەوێتە ناو تەنگەژەیەک هیچ چارەیەکی نامێنێت و نازانی چی بکات لەو کاتەدا پاڵەوانەکانی بەرەی خێر وەک فریاد ڕەسێک دێن و کەسەکە لەو بارە ناخۆش و ناهەموارە ڕزگار دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی کارەکتەرەکانی بەرەی خێر، کۆمەڵێک کارو کردار ئەنجام دەدەن، بۆ مەبەستی سەرکەوتن، لە هەمان کات گۆڕانکاری لەو بارودۆخەی کە تێی کەوتوون، لە یەکێکی لە حیکایەتەکان بە ناوی (ئاسینگر) باس لە بەسەرهاتی پیاوێک دەکات کە زۆر خراپ و نەفس پیس بووە، بەڵام بە هۆی ڕێکەوتێک لە گەڵ ئافرەتێک و گوێبیستبوونی بەسەرهاتی ئەو ئافرەتە وای لێدێت کە گۆڕانکاری ڕیشەیی بکات و کەسایەتییێکی تری لێدروست ببێت، هەروەها ئاراستەی ڕووداوەکانیش پێچەوانە دەبێتەوە، ئەو ئاسینگرە بە دەستەکانی ئاسنی سوورکراوەی دەگرت و دەستەکانیشی هیچ ئازارێکیان پێنەدەگەیشت، ئەمەش ببوە باس و خواسی خەڵکی ئەو ناوچەیە و هەموویان سەریان سوورڕمابوو ئاخۆ چۆن ئەمە ڕوودەدات. (ڕۆژەکی ژن بە خۆم هاتە بەردەرکێ گۆتی مێردم لە سە جێی کەتییە، کەس شک نابەم ئۆ هاتیمە بەر دەرکێ توو، گۆتم ئۆخخەی ئۆ ئاخیری بە مەرامی درێ خۆ گەیشتم، گۆتی ژنەم بردە ژۆرێ، دەرکەم لە سە خۆ گارە دا، گۆتم ئەوەی ئەمن دەمەوێ بمدێ، ئەجە ئەتووش چت دەوێ هەتا بتدەمێ. گۆتی ژنە گەلەک پاڕاوە، بەرا گۆتم ئۆ ئەو جارەی کەتییە بە دەستان، گۆتی ئاخیری گۆتی قەیدی نییە چت دەوێ بکە، بەس دەرکە و بانان بەباشی تەقەتکە، گۆتم خەمت نەبی، هەموو دەرکە و بانم گرتینە کەس نابینی. گۆتی ژنەی گۆ دەرکەک مێیا نەتگرتییە، گۆتی چاوم گێڕان هەموو دەرکەم قەپات کردبوون، گۆتی گۆتم کا کیهە دەرکە؟! گۆتی ژنێ سەری برند کرد، گۆتی دەرکێ ڕەبلعالەمینت قەپات نەکردییە..) (خۆشناو ٢.١٩: ١.١-١.٢).

هەر لەو کاتەی ئەو ئافرەتە ئەو قسەیەی کرد ئەوا کابرای ئاسینگر هەستی بە پەشیمانییەکی زۆرکرد و هەر لەوێ بەڵێنیدا کە چیتر دەست بۆ کاری خراپە نەبات و هەموو کاتێک و لە هەموو شوێنێک خودای گەورەی لەبیربێت ئافرەتەکە (دەستێ خۆی لە بە خوای پانکردنۆ گۆتی خوایە لە ئاگری دنیا و قیامەتانی بپارێزە)) ((خۆشناو٢.١٩:١.٢-١.٣).

لێرەدا ئەم ئافرەتە توانی ڕۆڵی کارەکتەرێکی باش بگێڕێت وهەم خۆی لەو نەهامەتییە ڕزگاربکات و هەم ئەو پیاوەش لە دونیای پیسی و هەوەسبازی ببات بۆ دونیایەکی پاک و بێگەرد.

ئەم حیکایەتە ڕەهەندی ئایینی ئیسلامی تێدا زاڵە، چونکە ئەو ئافرەتە لەبەر خوای گەورە دەپاڕێتەوە کە پیاوەکە لە ئاگری دونیا و قیامەت بپارێزێت جگە لەمەش لەگەڵ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز یەکدەگریتەوە تەواو وەکو چیرۆکی حەزرەتی (ئیبراهیم، سەلامی خوای لە سەر بێت) دەگونجێت (قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ) ﴿الانبياء:٦٩﴾. هەموومان دەزانین کە ئاگر سوتێنەرە و زیان بە جەستەی مرۆڤ دەگەیەنێت. بەڵام لەم چیرۆکەدا ئاگر هیچ زیانێکی نییە و کابرای ئاسنگر دەستی لێدەدات، هیچ مەترسەییەکی لە سەر ژیانی ئەو نابێت، کەواتە چیرۆکی (حەزرەتی ئیبراهیم) بە فەرمانی خوای گەورە بە سەلامەتی لە ناو ئاگرەکە دێتە دەرەوە و ڕزگاری دەبێت، بە هەمان شێوە ئاسنگریش بە نزای ئەو ئافرەتە لە ئاگر دەپارێزرێت.

٢- ڕەنگدانەوەی ڕەهەندە ئایینەییەکان بە

پێی بەرەی شەڕ

بەرەی شەڕ، لە ناو حیکایەتە فۆلکلۆرییەکان پانتاییەکی فراوانیان داگیرکردووە و هەموو کاتێک کارەکتەرەکان هەوڵی تێکدان و ئاژاوەگێڕی دەدەن، وا لە مرۆڤەکان دەکەن کە ڕێگای ڕاست نەگرنە بەرو بەلاڕێیاندا دەبەن، هەوڵ دەدەن مرۆڤەکان بە ئاقارێکی خراپ دا ببەن، بۆ ئەوەی بەرەی شەڕ سەر بکەوێ (لە ئاڤێستای نوێدا هاتووە، ئەنگرەمەینییو کە سەرۆکایەتی بەرەی شەڕ دەکات، لە بەرامبەر هەر ئەمێشەسپێەنتێکی خێر، دێوێکی خوڵقاندووە (حەسەن٢.١٣: ١١١) کەواتە لە ناو ئایینی زەردەشتی دا دێوەکان زۆربەی کات لە بەرەی شەڕن، ڕۆڵیان لە ڕۆڵی شەیتانەکان نزیکە (لە ڕوانگەی بیروباوەڕەوە، بوونی فرە دێوی لە ناو ئەفسانەدا و فرە شەیتانی لە ئایینەکاندا هەمان تێڕوانینیان هەیە، بەڵام دێوەکان وەک بوونەوەرێکی خورافی و شەیتان وەک ئەفرێنراوێکی نەفرەت لێکراوی خودا ناسراون) (خۆشناو٢.٢٥: ٢١٦). مەرج نییە هەموو کات دێوەکان مەبەستیان خراپە کردن بێت، بە پێی پێویستی حیکایەتەکە گۆڕانکاری بە سەر ڕۆلەکەیان دادێت، یان زۆر جار ئەو بارەی کە تێی کەوتوون وا دەکات پەنا بۆ تۆڵەکردنەوە ببەن، بۆ نموونە(ئازار دانیان، کوشتنی بێچووەکانیان، داگیرکردنی شوێنەکانیان، هتد...) جگە لە دێوەکان چەندین کەسایەتی تر هەن دەکەونە ناو بەرەی شەڕ لەوانە (شەیتان، کەسەخراپەکان، سۆری چاوشین هتد..).

لە ناوحیکایەتی (ساردۆن) دا چەندین حیکایەت هەن دەکەونە ناو بەرەی شەڕ، بەڵام ئەگەر بە پێی ئایینەکان دابەشیان بکەین، ئەستەمە، چونکە هیچ ئایینێک لە گەڵ خراپەکردن و شەڕ و تێکدان و ئاژاوەگێڕی دانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو ئەفسانەکان و ئایینەکانیش خراپەکاری هەبووە و بەردەوامیش دەبێت. شەیتان لە نێو ئاینەکان هەیە، شەیتانەکان کاریان خراپەکردن و دروستکردنی دڵەڕاوکێیە لە دڵی مرۆڤەکان، شەیتان لە نێو حیکایەتە کوردییەکان ڕەهەندێکی ئایینی وەرگرتووە، لە ناو ئەفسانەکانیش فرەدێوی هەیە کە هەمان ڕۆڵی شەیتانەکان دەبینن.

لە حیکایەتی (خەراتی شەیتانی) دا هاتووە، ((کابرێیاک هەبوو هەتا برێی لە خوا نەترس بوو، هەرچی خواو پێغەمبەران پێنەخۆش بوو، ئەوی ئەوەکرد.. ئەتەگۆ شەیتانە، شەوەکی شەیتانی هاتە خەونی، گۆتی ئەمن شەیتانم، هاتیمە خەراتت کەم. گۆتیێ خەراتی کووا!؟ گۆتێ ئەمن هەتا هەنکوە کەسی لەتووم باشتر نەبووە، ئەتوو زۆرت خزمەتێ من کردییە... لۆیێ دەموێ خەراتەکی وەت بکەم هەتا حەفت پشتان پشتی خۆ لێ بکەیۆ.. کابرا ڕوو بووە دەستێ شەیتانی لە خەنی و خۆشیان دەستی ماچ کرد، شەیتانی گۆ: ئۆ ئەمنیش حەفت کووپە لیرەم کردییە خەرات. گۆتی: کانن؟! گۆتی: هەستە وەگەرم کۆ. کابرا وەگە شەیتانی کەت.. هەڕۆیشتن.. هەڕۆیشتن.. هەتا گەیینە سەحرێیاکی.. شەیتانی پێ لە عاردی دا گۆتی: کوپە لیرەکان لێرەنە.. کابرای چاودا دەورو بەرێ خۆ، گۆتی بەقوربانت بم پێ خۆ لانەبەی هەتا هەندەک بەردان دینم.. شەیتانی گۆ: بەردت لۆچنە!؟ گۆتی: ئەدی نابی جێیەکەی بە نیشان کەم! شەیتانی گۆ: بەرد باش نییە... ئەگە ئێکەک پاشی توو لێرە تێبپەڕی شکەکە، کوپە زێرەکان دەردینی. گۆتی: ئەدی چ بکەم؟!

گۆتی: وەرە گوەکی لە سە بکە، ئەگە کەسیش بێ.. وکی دیتی لێ وەدوورەکەویتۆ، وکی شەیتان بزربوو.. کابرا گوی خۆی کرد.. وکی واگا هات یێک تێلەگە گوی دەبنەخۆ کردییە.. ئەی گۆتی بە نەعلەت

بی شەیتان، نەخۆتکە نە خەراتت)) (خۆشناو٢.١٩: ٤٧-٤٨).

لێرەدا شەیتان یەکێکە لە کارەکتەرە خراپەکان، کە هیچ کاتێک ناتوانرێت مرۆڤەکان پشتی پێ ببەستن، ڕاستە کابرا کەسێکی زۆر خراپەکار بووە، بەڵام شەیتان کە دێتە خەونی و بە شێوەیەک وەسفی خراپەی ئەو دەکا کە دەیەوێ بە هەموو شێوەیەک سوپاسی بکات و لە هەمانکات خەڵاتی بکات لە سەر ئەوەی کە ڕێچکەی ئەوی گرتووە و بە هیچ شێوەیەک خۆی لە خراپە نەپاراستووە، بەڵام لە کۆتایی کابرا تێدەگات کە شەیتان کەسێکە بەردەوام هەوڵی هەڵخەڵەتاندن دەدات و خۆی دەڵێ: (بە نەعلەت بی شەیتان) و هەست بە خراپەی خۆی دەکات، دواتر لە کەسایەتی شەیتان تێدەگات. (شەیتان لە حیکایەتی میللی کوردیدا زیاتر ڕەهەندێکی ئایینی وەرگرتووە، لە گەڵ ئەوەشدا لە هەندێک حیکایەتدا ڕووداوەکان مۆرکی ئەفسانەی خۆیان پاراستووە) (خۆشناو٢٢٧:٢.٢٥). چونکە ئەفسانەکان، حەقیقەتێکیان لە پشتەو باس لەو ڕووداوانە دەکەن کە لە ژیان ڕوویانداوە، بەڵام تێکەڵ بە ڕەگەزی خەیاڵ کراون. ئەگەر لێکدانەوەی بە پێی هەر ئایینێک بکەین، بۆ نموونە (ئایینی ئیزەدی) شەیتان لە لایان ناوێکی تری هەیە، ئەویش(مەلیکە تاوس)ە ناتوانن بە ئاشکرا بڵێن کە بە قسەی ناکەین، چونکە پێیان وایە هێزی خراپەکاریان بۆ دێنێ و پێویستە لە ژێر فرمانەکانی ئەو بن.

دواتر لە حیکایەتی (فعلێ شەیتانی) دا هاتووە ((پیرەمێردەک هەبوو لە خوای زێتر کەسی دیی نەبوو، سبەینەکی زوو، ویستی هەندەک خۆری بینی، دەستەکی دەبانی بگێری هەتا بەسەری دا کاول نەبی، تا هێوارێ چەند گرەکی هینان، ئاخیر ڕێ بێری وە شتەکی ڕەق کەت، وکی دیتی ئۆ کوپە زێرە، خەنی بوو، لە ڕێی هەزار فکری لۆ دەهاتن.. وکی چووە مارێ، شەوێ کوپە زێڕی هەڕشت، لیرەکان سێ دەو و پێنج لیرە بوون، زۆرە ترسا کەسەک پێبزانێ، شەوێ پیاوەکی نورانی هاتە خەونی، ئەیگۆتێ هەر مارەک و دوو لیرانێ بدێ، بەرا بە قسێ پیاوە نورانییەکەی نەکرد، شەیتانی گۆ، ئاخر خوای ئاقر لۆ دایتە بەشەری ئەتوو ئەگە ژنەکی بێکەس و فەقیر لۆ خۆ بینی، ئەوەش خێر نییە؟)) (خۆشناو ٢.١٩:٥.-٥١-٥٢).

لەم حیکایەتە ئەوە بە دیار دەکەوێت کە پیاوەکە لە خودی خۆیدا کەسێکی زۆر باشەو هەرگیز هیچ کاتێک بیری لە کاری خراپە نەکردۆتەوە، بەڵام شەیتان وای لێدەکات کە بە قسەی خودای گەورە نەکات، هەوڵ دەدات کە کە کاری خراپی پێ ئەنجام بدات، تا وای لێدەکات کە بێگوێی لە فەرمانەکانی خودا بکات، ئەگینا پیاوە نوورانییەکە لە جارێک زیاتر دێتە خەونی و پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەو لیرانە بە تەنیا موڵکی ئەو نییە و پێویستە هەر ماڵە هەژارێک دوو لیرەی پێبدرێت، بۆ خۆشی تەنیا دوو لیرە، بەڵام شەیتان پێی دەڵێ ئەوە هەلێکە بۆ تۆ ڕەخساوە و پێویست ناکات ئەو زێڕانە بە فیڕۆ بدەی، جارێکی تر ئەو هەلە بۆ تۆ نارەخسێت، چەند جارێک پیاوەکە دەیەوێ لیرەکان ببەخشێت بەڵام شەیتان دوو دڵی دەکات و نایەڵێت کارەکە ئەنجام بدات، بۆیە لێرەشدا دەتوانین بیگونجێنین لە گەڵ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز (مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ،الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ) {الناس:٥،٤}. بۆیە پێویستە هەموو کاتێک مرۆڤ خۆی لە شەڕو خراپەی ئەوەی کە وەسوەسەی دەخاتە خەیاڵ و دڵیەوە بپارێزێت، کە بێگومان ئەوانە سیفەتی شەیتانەکانن. لە کاتێکدا پیرە پیاوەکە کە زێڕەکان دەدۆزێتەوە زۆر هەستێکی سەیری لەلا دروست

دەبێت، چونکە سروشتی مرۆڤایەتی وایە کە شتێکی دیتەوە یاخود بە ئاسان کەوتە دەستی هەر گومانی هەیە لەوەی کە کەسانی دەورو بەر پێی بزانن و دەستکەوتەکە بە فیرۆ بروات و نەمێنێت. لە کۆتاییدا پیرەمێرد بە قسەی شەیتان دەکات و ئەوەی کە پێشتریش هەیبووە، هەر هەمووی بە فیرۆ دەچێت، تووشی سەرگەردانی دەبێت، ماڵ و شوێنی خۆی بە جێ دەهێڵێ و دواتریش زۆر بە دەردەسەری سەر دەنێتەوە و دەمرێت. خەسارەیەکی زۆریش دادەنێت. پێویستە هەر کەسێک کە ماڵوموڵکی لە خۆی زیاتر هەبێت، کە بێگومان ئەو سەروەت و سامانە خودا پێی داوە، بۆیە بە تەنیا موڵکی ئەو نییە و هەژاران و کەم دەرامەتانیش پشکیان هەیە لەو سەروەتە، هەروەکو لە ئاییبنی پیرۆزی ئیسلامیش باس دەکرێت، بە هیچ شێوەیەک ماڵ بە بەخشین کەم ناکات، بەڵکو بەرەکەتی دەکەوێتێ و بەردەوام زیاد دەکات.

ئەنجام

لەم توێژینەوەیە بچەند ئەنجامێکمان بەدەست هێناوە، ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە: لەم کۆمەڵە حیکایەتە، بە پلەی یەکەم ڕەهەندی ئایینی ئیسلام بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ناوچەی خۆشناوەتی زیاتر پەیرەوی ئەم ئایینە بوونە. ئەو کۆمەڵە حیکایەتە، دابەش دەبێتە سەر دووبەرە، واتە سنووری حیکایەتەکان لەم دوو تەوەرەیە دەسوڕێتەوە، ئەوانیش (بەرەی خێر و بەرەی شەڕن). هەموو ئایینەکان داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان هەیە، جگە لەمەش هەموویان پارێزگاری لە کاری چاکە دەکەن، دژی خراپەکارینە و پێیان وایە مرۆڤ بەئەنجامدانی کاری باش ڕێگەی ڕۆشنتر دەبێت.

سەرچاوەکان

به کوردی

-ئەسوەد، نەوزاد وەقاس. (٢٠١١) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

-پەهلەوان، فەرهاد عبدولحەمید، (٢٠١٣) زەردەشت و ئاڤێستاو فەلسەفەی یەکتاپەرستی، چاپی یەکەم،چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

-حەسەن، مەولود ابراهیم، ٢..٨ تێر نەخۆرە، بەرگی یەکەم، بەشی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

-حەسەن، مەولود ابراهیم،(د)، (٢٠٢٠) پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

-خۆشناو، سەرباز مەجید، (٢٠١٩) ساردۆن (کۆمەڵە حیکایەت و ئەفسانەیەکی خۆشناوەتیی ناوچەی شەقڵاوەیە)، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

-خۆشناو، نەریمان عبداللە، (٢٠٢١) ڕەمزو مەغزا لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربال، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر. -ڕەسول، هەڵمەت بایز(٢٠٢٥) تراژیدیای ناشادیی بوونایەتیی لە نێوان مەم و زینی خانی و ئەفسانەی تراژیدیای یۆنانیدا، چاپی یەکەم، سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینا کوردی، زاخۆ (توێژینەوە).

-علی، صدیق اورحمان، (٢٠٢٥) تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردیی خۆراسان، بەرگی یەکەم، سەنتەری زاخۆ. (توێژینەوە).

-عیزەدین، سامان، (٢٠٢١) بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، سلێمانی.

-ناوخۆش، سەلام، (٢٠١٢) ئایینی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

به عەرەبی

-القران الكريم.

-السواس, فراس, (٢٠٢٠) دين الأنسان, ط ٤, المطبعة دار علاء الدين, سورية-دمشق.

-السواس، فراس، (٢٠٠١) الأسطورة والمعنى، ط٢، الناشر: دار علاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة، دمشق.
-القمني، سيد، (١٩٩٩) الأسطورة والتراث، ط٣، طابعة (المركز المصرى لبحوث الحضارة تحت التأسيس)، القاهرة.
-اسماعيل، نعمە قرەنی، (٢٠٢٣)مەزراندنی ئەفسانە- ڕۆمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە، هەولێر.
- پێنجوینی، سەروەر (٢.١٢/٥/١٩) ڕێکەوتی سەردانی ماڵپەڕ (٢.٢٤/١٢/٢٤).
https://sarwar-penjweni.blogspot.com
-بن باز، عبدالعزيز، (٢.٢٣)، ڕێکەوتی سەردانی ماڵپەڕ (٢.٢٥/٣/٣).
sa.binbaz//:https
-چاوپێکەوتن لە گەڵ(فەرهاد عزیز حسن)، شوێن، ماڵی ناوبراو، هەولێر، ڕێکەوتی(٢.٢٤/١٢/١٥) کاتژمێر(٧)ی ئێوارە.
-چاوپێکەوتن لە گەڵ(سەرباز مەجید خۆشناو)، شوێن، ماڵی ناوبراو، شەقڵاوە، ڕێکەوتی(٢.٢٥/١/٤) کاتژمێر(٩)ی شەو.

ملخص

عنوان هذا البحث هو البعد الديني في مجموعة قصص وأساطير (سردون) يهدف البحث إلى التعريف بالأبعاد الدينية لمنطقة خوشناوتي بشكل عام وشقلاوة بشكل خاص ويسعى جاهدا لجمع أعمال الفولكلور الكردي وخاصة في منطقة خوشناوتي. القصص والأساطير كنوعين من الأدب الشعبي، لها تاريخ قديم، حيث اتجهت الأفكار البشرية في البداية إلى الأساطير، لذا فإن الأساطير مبنية على حقيقة، ولكل أمة أساطير في بنيتها الثقافية وقيمها الاجتماعية. والقراءة المتأنية للأساطير الكردية تظهر أن الأساطير الكردية لها العديد من الخصائص الخاصة بها.

الكلمات المفتاحية: الأبعاد الدينية، القصص، الأساطير، خوشناوتى، الثقافة.

Abstract

The Religious Dimen-(This study is titled sion in the Collections of Stories and Myths (Sardon), their research aims to explore the re-.ligious dimensions of the Khoshnavati region It is important to understand the culture in general and to reflect on the culture and culture of The traditions of the heavenly and.the country We.earthly religions are explored for this study have taken the likes of Sarbaz Majid Khoshnaw as an example, which we are very excit-It is after the collection of Kurdish.ed about folk products and especially the Khoshnavati Fiction and fiction, as two genres of .region folk literature, have an ancient history. Human thinking at first moved more towards myths, It is based on facts. Every nation is .so myths They have different cultures.made up of myths although they differ in their origins ،and value but ،There are a lot of the.and characteristics they also share a lot of talent in terms of care-we ،In the history of the Caucasus.ful reading It has its own.know that there are many myths characteristics and characteristics that have Differ-.adapted to the conditions of the times ences, the results of this study, show that be-.liefs and traditions

Key words: religious dimension, story, .myth, love, culture

وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/٢٨
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨/٤

بەراوردییەکا شوناسەییا سروشت وگوندایەتییَ ژلاییَ سەقا وجهێن ئاکنجیبوونیَ، دناڤبەرا ڕۆمانێن (گوند) و (تحت ظلال النخيل)دا

کاروان رشید حسن
فاکولتیا زانستێن مرۆڤایەتی - پشکا زمانیَ کوردی
زانکۆیا زاخۆ
karwandoskyy@gmail.com

پ.د.ابوعبیده عبدالله ذیاب
فاکولتیا زانستێن مرۆڤایەتی - پشکا زمانیَ کوردی
زانکۆیا دهۆک
Abuoobaida.a.dheyab@uod.ac

پوختە

شوناس وەکو بابەتەکیَ گرنگ ژچەندین سالوخەت وتایبەتمەندیان پێک دهێت، کو دبنە ئەگەریَ ژێک جوداکرنا کەسایەتی وملەتێن ژێک جودا، هەر ملەتەکی هندەک تایبەتمەندیی هەنە دبنە شوناسەکا تایبەت بۆ وی جودا ژملەتێن دیتر. دڤیَ ڤەکولینێدا بەراوردی دناڤبەرا سەقا و جهێن ئاکنجیبوونیَ، وەکو تایبەتمەندیی و شوناسەکا تایبەت بۆ دوو نەتەوێن ژێک جیاواز هاتییە ئەنجامدان. لەوڕا دڤەکولینێدا بزاڤ هاتییە کرن کا ئایا سەقا وجهـ و شێوازێن ئاڤەدانکرنیَ چەوا دبنە شوناسەیەکا تایبەت بۆ دوو ملەتان؟ هەروەسا ئەو چ فاکتەرێن سەرەکینە بووینە ئەگەر کو سەقا وجهێن ئاکنجیبوونیَ شوناسەکا تایبەت بدەنە وان دەڤەران؟ پێکهاتا ڤیَ ڤەکولینیَ ژپێشەکییەکیَ ودوو پشکان پێک دهێت. دپشکا ئێکێدا سەقاییَ باشوریَ کوردستان و دەڤەرا ئەهواران ل باشوریَ عیراقیَ هاتینە ڕوونکرن زێدەباری دیارکرنا ڕەنگڤەدانا سەقای دڕۆمانانێن [گوند] و[تحت ظلال النخيل] دا. دپشکا دووێدا جهێن ئاکنجیبوون و شێوازێن ئاڤەدانییَ ل هەردوو دەڤەران هاتینە باس کرن. دگەل ڕەنگڤەدانا وان دهەردوو ڕۆماناندا. ول داوییَ ڤەکولین ب کومەکا ئەنجام ولیستا ژێدەران و پوختەیا ڤەکولینیَ ب چەند زمانێن جیاواز ب دووماهیک دهێت.

پەیڤێن کلیلی: شوناس، گوند، سەقا، جهێن ئاکنجیبوونیَ، کەرستێن ئاڤەدانکرنیَ.

پێشـەکی

شوناسەیا گوندایەتیێ درۆمانێدا وەکو بابەتەکێ گرنگ و دەولەمەندێ ئەدەبی دهێتە دیتن. ب وی رادەی ژیانا گوندنشینی و ئەو کاریگەرییێن ل سەر کارکتەران و پێکهاتا کەلتووری و جڤاکی وێنە دکەت. گەلەک جاران شوناسەیا گوندایەتیێ ب داب ونەریتانڤە گرێدایە وپەیوەندییەکا ب هێز دگەل عەرد وسروشتی و کارلێککرن دگەل ناڤخۆیا جڤاکی هەیە. ئەڤ ڤەکولینە تیشکێ دئێخیتە سەر وێ چەندێ کا سەقا وشێوازێن ئاڤەدانکرنێ ل باشورێ کوردستانێ و دەڤەرا ئەهواران بووینە تایبەتمەندیی و شوناسە بۆ ڤان دەڤەران؟ و چەوا سەقا وجھ وشێوازێن ئاڤەدانیێ دبنە شوناسەیەکا تایبەت بۆ دوو دەڤەرێن جیاواز؟

سەقا وجھ وشـێوازێن ئاڤەدانکرنێ ژبەر کاریگەریا کومەکا فاکتەرێن توپوگرافی وسروشتی وەکـو شوناسەیەکا تایبەت گرنگیا خۆ بۆ هەر میللەتەکی جیاواز ژمللەتێن دیتر هەیە. لەورا دڤێ بیاڤێدا جوگرافیا باشورێ کوردستانێ شوناسەکا تایبـەت هـەیـە. وپێدڤییە گرنگی ب ڤـی بابەتی بهێتەدان, چونکە شوناسە هەبوون و مێژوو و داب ونەریتێن تایبەتێن مللەتان نیشاندەت. دڤێ ڤەکولینێدا مە ڤیایە جیاوازیێ بێخینە ڤان لایەنان دناڤبەرا باشورێ کوردستانێ ودەڤەرا ئەهواراندا. شوناس وەکو بابەتەکێ گرنگ وسەردەمانە دناڤا بیاڤێن ئەدەبیدا بوویە جهێ ناکوکی وگەنگەشێ. ب تایبەتی دناڤا رۆمانێدا. ئارامانج ژئەنجامدانا ڤێ ڤەکولینێ بزاڤەکە بۆ هندێ بدەینە دیارکرن کو سەقا وجھ وشێوازێن ئاڤەدانیێ چەوا دشێن ببنە شوناسەکا تایبەت بۆ هەر دەڤەرەکێ، ب تایبەتی دناڤبەرا باشورێ کوردستانێ ودەڤەرا ئەهواراندا. هەرچەندە سنورێ ڤێ ڤەکولینێ دچارچووڤێ وەلاتێ عیراقێدا هاتییە ئەنجامدان. لێ ل گورێ قوتابخانا بـەراوردکـاریـا فەرەنسی ئـەڤ توێژینە دناڤبەرا رۆمانێن دوو نەتەوە وزمانێن ژێک جودا(کورد-عـەرەب)دا هاتییە ئەنجامدان. زێدەباری جیاوازیا زمانی دناڤبەرا هەرێما کوردستانێ وباشورێ عیراقێ ژلایێ جوگرافیژیڤە دوو دەڤەرێن جیاوازن. ودڤان رۆماناندا بەراوردی دناڤبەرا سەقا وشێوازێن ئاڤەدانیێ وەکو شوناسەیەک بۆ دوو نەتەوێن ژێک جودا هاتییە ئەنجامدان. دڤێ ڤەکولینێدا برێکا میتودا بکارهاتی، رێبازا وەسفی شیکاری بەراوردکارییا شوناسەیا گوند و سروشتی، بـزاڤ هاتییەکرن بەراوردییا هەردوو رۆمانێن [گوند] و[تحت ظلال النخیل] ژلایێ پێشاندانا پەیوەندیا دناڤبەرا مرۆڤ و گوند و سروشتیدا وەک سەقا و جھ وژینگەهـ و گوندایەتیێ دهــەردوو رۆمـانـانـدا دیاربکـەت. زێدەباری پێشـەکیێ ل دەسپێکێ ولیستا ژێدەر و ئەنجامان ل داویی، ئەڤ ڤەکولینە ژدوو پشکان پێک دهێت. دپشکا ئێکێدا بەحس ل سەقایێ باشورێ کوردستانێ ب گشتی ودەڤەرا گوندێ سوارێ دگەل دەڤـەرا ئەهواران ل باشورێ عیراقێ ورەنگڤەدانا وان درۆمانێن[گوند]و[تحت ظلال النخیل]دا هاتییە کرن. دپشکا دووێدا شێوازێن ئاڤەدانیا خانی وجهێن نیشتەجێبوونێ هاتینە بەرچاڤکرن و رەنگڤەدانا وان دهەردوو رۆماناندا.

پێشینەی توێژینەوە:

ل گورێ دیڤچوونا مە بۆ بابەتێ بەراوردیا شوناسەیی دناڤ ئەدەبیاتا کوردیدا ب رێژەکا کێم گرنگی ب ڤی بابەتی هاتییەدان، ژلایێ ڤەکولینێن ئەدەبیڤە وئەو ڤەکولینێن دەربـارەی ڤی بابەتی هاتینە ئەنجامدان ب شێوەیەکێ تیروتەسەل باس ل بەراوردیا شوناسەیی نەهاتییەکرن. ئانکو بەشەک

یان تەوەرەک دناڤ پەرتووک وڤەکولینێن پێشتردا بۆ بابەتێ شوناسەیێ هاتییە تەرخانکرن. نەک هەمی ڤەکولین ل ژێر ناڤێ بەراوردیا شوناسەیی هاتییە ئەنجامدان. مینا پەرتووکا[شوناسی عیراق ململانێ نەتەویی ومەزهەبییەکان] ژلایێ شێرکۆ کرمانج ل ساڵا ٢٠١٧ هاتییە بەلاڤکرن. ئەڤ بەرهەمە دچیتە دچارچووڤێ زانستێ کومەلناسییێدا وتارادەیەکی گرێدان ب ئەدەبیاتانڤە نینە.هەروەسا ماستەرنامەیا ب ناڤێ[ئەزموونی شیعری کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان کرمانجی ناوەڕاست١٩٨٠-٢٠١٤]ژلایێ گوڵباخ حوسێن ئەحمەد هاتییە نڤیسین. ئەڤ توێژینەژێ تا ڕادەکی باس ل شوناسێ هاتییەکرن لێ ب گشتی پەیوەندی ب شعرێڤە هەیە. ژبەر ڤێ چەندێ جیاواز ژڤان بەرهەمان دێ بزاڤێ کەین پتر ڕووناهییێ بێخینە سەر بەراوردییا شوناسەیی درۆمانێن {گوند} و{تحت ظلال النخيل}ژلایێ سەقا وجهـ وکەرستێن ئاڤەدانیی وەکو بابەتەکێ ئەدەبی دناڤبەرا نەتەوێن کورد وعـەرەب دچارچووڤێ وەلاتێ عیراقێدا.

١-سەقا:

١-١-سەقایێ هەرێما کوردستانێ:

سەقا ب هەمی ڕەگەزێن خۆڤە ژوان فاکتەرێن گرنگ دهێنە هژماتن، یێن کاریگەریا ڕاستەوخۆ ل سەر ڕوییێ عەردی ل هەر جهەکی ب شێوەیەکێ جیاوازتر دکەت. لەوڕا ب ئەگەرێ هەبوونا بەرزی ونزمییێ وەکو فاکتەرەکێ ب هێز دجوگرافیا کوردستانێدا، سەقایێ باشورێ کوردستانێ ژدەڤەرەکێ بۆ ئێکا دی جیاوازە. ژبەرکو بلنداهیێن کوردستانێ ئەو فاکتەرێن جوگرافینە، یێن کارتێکرنێ دکەنە سەر ڕەگەزێن سەقای. سەرەرای وێ چەندێ ((هەرێمی کوردستانی عێراق ناوچەیەکی زۆر بەرفراوان نییە و کەوتۆتە نیوانی زیاتر لە سێ بازنەی پانییەوە، هەتا هەرێم یان وەڵاتێک فراوانتربێت و ژمارەیەکی زۆرتری بازنەی پانی بگرێتەوە، سیستەمی جیاوازی ئاووهەوای لێ بەدیدەکرێت)) (امین٢٠١٤: ٨٢-٨٣). ڤێرێ دشێین بێژین کوردستان وەکو دەڤەرەکا جوگرافی ((دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی[٣٩،٤٠] هەتاکو[٣٠،٦١] ئاو وهەوای ئەم ناوچە جوگرافییە لەنیوان بیابانی گەرم وئاوهەوای دەریای ناوەڕاست دایە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا جیاوازی لەنێوان نێوچەکانی کوردستاندا هەیە، بەتایبەتی لەپلەی گەرما وبارستایی باران وجۆرە بارینەکانی دیکەدا)) (غەفور٢٠٠٥: ٤٥-٤٦) سەرەرای هەمەڕەنگیا دەڤەرێن سەقای ل کوردستانێ. بەلێ ئەو جیاوازییە گەلەک دمەزن نینن. پلێن گەرمێ) ل دەڤەرێن مام ناوەند دگەهنە[٢١-٤٠]پلەیان، و ل دەڤەرێن نزم سەقایێ نیمچە بیابانی هەیە دناڤبەرا[٣٧-٤٨] پلەیاندایە، ول دەڤەرێن چیایێن بلند دهێنە خوار بۆ[١٥-٢٠]پلەیان ل ژێر سفرێ، وهندەک جاران دگەهنە[٣٠-٣٥] ل ژێر سفرێ)(علي٢٠٠٨:٢٠). لەوڕا ژبەر جوداهیا بەرزی ونزمییێ ژئاستێ دەریا ودویر ونێزیکیێ ژهێلێن یەکسانیێ، تێکڕاییا پلێن گەرما ساڵانە ل هەمی دەڤەرێن کوردستانێ وەکی ئێک نینە.

ئەڤا مە گوتی دبیتە ئەگەرێ سەرەکی کو ((کوردستانی عیراق لەبارەی جوگرافیای فیزیاوی وئاو وهەواوە، دەکرێتە سێ بەشی سەرەکی، ئەوانیش لە[پێدەشدەت، گرد، چیا]پێک دێن)) (ژێگیل ٢٠:١٩٩٩). هەر دەڤەرەک ژڤانژێ تایبەتمەندی وجیاوازی خۆ هەیە. دوەرزێ زفستانێدا ل زۆربەیا دەڤەرێن کوردستانێ ب تایبەتی ل دەڤەرێن چیایی سەقا ساردبیت (پلێن گەرمێ ل چاڤ دەڤەرێن مام ناوەند نزم دبن وبەلگەژێ داپوشینا بەردەوام یا

کوپیتکا چیایێن دەڤەرێیە ژبەفرێ)(عبدالواحد٢٠٢٣ :٣٦). هەر چەندە جوگرافیا کوردستانێ یا هەمەجۆرە بەلێ زێدەتر ژنیڤا جوگرافیا وێ ژچیایان پێک. ژبەر ڤێ چەندێ ل سەرانسەری کورستانێ دوەرزێ زڤستانێدا ((بەفر سەر لوتکەکان دائەپوشێت لەگەل سەرمایەکی زۆر وپلەکانی گەرما بۆ ژێر سفرێ دادەبـەزن)) (تومابوا١٧:١٩٨٠) ساڵانە ب دەهان سانتیمەتران بەفر دباریت، هندەک ساڵان ول هندەک دەڤـەران بارستاییا بەفرێ ژئێک مەترێ زێدەتربوویە، ل هندەک دەڤەرین چیایی ب درێژییا ساڵێ بەفر ژێ ناچیت، ب شێوەیەکێ گشتی بارینا بەفرێ ل کوردستانێ ژهەیڤا یازدە تا هەیڤا سێ دباریت، واتە ماوەیێ بارینا بەفرێ پێنج هەیڤن مانگ.

سەرەرای بارینا بەفرێ، بارانژی وەکو رەگەزەکێ گرنگێ سەقای کارتێکرنەکا ڕاستەوخۆ ل سەر زۆربەیا چالاکیێن مرۆڤی هەیە، ب تایبەتی چالاکیێن ئـابووری. ڕێـژا بارانێن سـاڵانە ل سەرانسەری باشورێ کوردستانێ ((لەنیوان ٢٥٠-١٣٠٠ ملم دایە، لەمانگی ئەیلول تا مانگی مایسی ساڵی دواتر بەردەوام دەبێت. هەموو ساڵێک جیاوازیەکی بەرچاوی لەبڕی باران بارینداا لە نیوان وەرزەکاندا هەیە، هەروەها لەناو مانگەکانی یەک وەرزیشدا جیاوازی هەیە)) (امیـن١٥٥:٢٠١٤-١٥٦) کەواتە زۆرترین ڕێژەیا بارانێن ساڵێ دکەڤنە هەیڤێن وەرزێ زڤستانێ، دناڤبەرا هەیڤێن کانوونا دووێ وئادارێدا. ئەڤەژێ ڤەدگەریتەڤە وێ چەندێ کو((توفانەکانی زەریای ناوەڕاست لەبەر نزمبوونەوەی پلەی گەرما، لەم وەرزەدا بە تـەری دەگـەنە کوردسـتان، وەرزی بەهاریش بارانی تێدا دەبـارێ، بـەڵام بـەراورد بە زستان کەمترە. باران لە پایزدا لەچەند ملیمەترێک زیاتر نییە، وەرزی هاوین لەکوردستاندا وشکە وبەدەگمەن نەبێ ئەویش لەنێوچە شاخاوییەکاندا بارانی تێدا نابارێ)) (غەفور٥٩:٢٠٠٥) هەلبەتە ئەو دەڤەرێن بارانێن باش لێ دبـارن، ب ژینگەهەکا گونجای بۆ ڕووەک وگیاندارێن جوراوجۆر دهێتە هژمارتن.

١-٢-سەقایێ دەڤەرا ئەهواران ل باشورێ عیراقێ:

سەقایێ وەلاتـێ عیراقێ سـەر ب جۆرەکێ تایبەتێ سەقایڤە نینە. (ژبەر نە یەکسانییێ دناڤبەرا بەشێن عیراقێدا ژلایێ پلێن گەرمێ وڕێژەیا باران بارین وبارودۆخێن دیترێن سەقایڤە، بەلێ ب گشتی هەلگرێ تایبەتمەندیێن سەقایێ کیشوەری وکەمەری ودەریا ناڤەراستە، سەرەرای هەبوونا سەقایێ بیابانی ب هەمی تایبەتمەندیێن خۆڤە ل دەڤەرێن باشور ورۆژئاڤایێ عیراقێ) (الدزیي١٣:٢٠١٠-١٥). سەقایێ عێراقێ دهەر وەرزەکیدا تایبەتمەندی وجیاوازیا خۆ هەیە. ((وەرزێ هاڤینێ یێ درێژ وگەرمە وهەوایەکێ هشک هەیە، ڕێژا شەهێ بۆ١٠٪ دادبەزیت وئەڤە دبیتە ئەگەر کو پلێن گەرمێ توندبن وبگەهنە ٤٣٪ تا ٤٩٪ و ل وەرزێ زڤستانێ پیلێن دژوارێن سەرمایێ پەیدادبن) (الباحثین١١:٢٠٢٠). سەرەرای کاریگەرییێن نەرینیێن بلندبوونا پلێن گەرمێ وڕێژەیا شەهێ ل سـەر ژیانا وەلاتییان،(کاریگەرییێن ئەرینیژی بۆ بەرهەمێن چاندنێ هەنە، چونکی چەندین بەرهەمێن چاندنێ پێدڤی ب ڕێژەکا بلندا گەرم وشەهێ بۆ گەشەکرنێ هەیە) (الحسـان٤٧:٢٠١٧). ژبـەر ڤێ چەندێ دارخورمە ئێکە ژرووەکێن بەربەلاڤە ل ڤێ دەڤـەرێ، چونکی ئەو سەقایێ گـەرم وڕێژەیا زۆرا ئاڤێ ل ڤێ دەڤـەرێ ژینگەهەکا گونجای بۆ گەشەکرنا ڤێ ڕووەکی پەیدادکەت.

ڤەکولینێن زانستی دیاردکەن کو (سەقایێ عیراقێ دوەرزێ هاڤینێدا ب ئێک ژسەختترین سەقایان ل سەرانسەرێ جیهانێ دهێتە نیاسین، چونکی تایبەتمەندە ب پلێن زۆر بەرزێن گەرمێ) (الدزيي وبشرى، ٢٠٠٨:٣٨٣) ب وی رادەی کو گەرماتیا رۆژێ دوەرزێ هاڤینێدا یا سوتێنەرە وکارتێکرنێ ل سەر تەندروستیا مرۆڤی دکەت، و گەلەک جاران مرۆڤ نەشێت بەرگەیا گەرمێ ل نیڤرۆیا رۆژێ بگریت. گەرماتیێ کارتێکرنەکا بهێز ل سەر ژیانا مرۆڤی هەیە، هەروەسا ئەگەرێ سەرەکیێ هەڵمبوون وپەیدابوونا بارانایە ودبیتە ئەگەرێ گەشەیا رووەک وگیانەوەران. واتە ب گشتی (پلێن گەرماتیێ ل دەڤەرێن دەشتێن باشورێ عیراقێ دناڤبەرا زڤستانەکا سار وهاڤینەکا گەرمدایە) (سليم٥٧:١٩٧٠) ودەڤەرێن هەمیشەیی یێن ئەهواران بەشەکن ژناڤچەیێن سەقایێ بیابانی یێ هشک، کو دکەڤنە ناڤەراست وباشورێ عیراقێ، هاڤینەکا درێژە وزڤستانەکا کورت هەیە و(کێم جاران وەرزێن پاییز وبهاران ب درێژی دەربکەڤن. بلندبوونا پلێن گەرماتیێ ل دەڤەرا ئەهواران ڤەدگەرنەڤە بۆ (کاریگەریا کەنداڤێ عەرەبی ل سەر پارێزگەها بەسرا ودەوروبەرێن وێ سەقا گەرم وشیداردبیت، هەروەسا ب ئەگەرێ هەبوونا ئەهواران وەکو گومێن ئاڤا ناڤخۆیی. ژ لایەکێ دیڤە نێزیکیا باشورێ عیراقێ بۆ دەڤەرێن کەمەری دبنە ئەگەرێن بەرزبوونا پلێن گەرمێ ورێژا شەهێ. لێ ژبەر گهورینا تیشکا رۆژێ دوەرزێ زڤستانێدا سەقا سار دبیت) (عبدالرضا ٢٠٢٢:٣٨٤) ب شیوەیەکێ گشتی ئەم دشێین بێژین وەرزێ باران بارینێ ل باشووری عێراقێ، دناڤبەرا هەیڤا (تشرینا ئێکێ دەسپێدکەن، تاکو رێژا وێ ل کانوونا دووێ دگەهیتە کوپیتکێ، پاشان دەست ب کێمیێ دکەت تا ل هەیڤا ئاداری جارەکا دی ب شێوەیێ لاوەکی وپچرپچر دهێت) (الخفاف واخرون٢٠١٩:٨٦) ب ڤێ شێوەی زڤستانا ڤێ دەڤەرێ دەمەکێ کورت هەیە لێ دڤی ماوەیدا بارانێن زۆر دبارن تا هندەک جاران دبنە ئەگەرێ دروستبوونا لەهییان.

چەندین دیاردە وتایبەتمەندیێن دیترێن گرێدای سەقایێ باشورێ عیراقێ هەنە ژوانژی(باهوزێن توزێ ژتایبەتمەندیێن دیار وگرنگێن سەقایێ ڤێ دەڤەرێنە، ب رویدانا ڤان باهوزان مەودایێ دیتنێ کێم دبیت زێدەباری کاریگەریێن نەرینی دکەتە سەر تەندروستیا مرۆڤی وجهین ئاکنجیبوونی، ئەڤ باهوزە ژئەنجامێ وێ چەندێ پەیدادبن دەما دەشتێن نزم ل ژێر کاریگەریا گەرما توندا هاڤینێدا هشک دبن)(الباحثين٢٠٢٠ :٦٦) یان ((باهوزێن توزێ ژتایبەتمەندیێن دیارێن سەقاینە ل دەڤەرا باشور وناڤەراستا عیراقێ)) (خياط٧٣:١٩٥٥)، رەنگە ئەڤ باهوزە دوەرزێ هاڤینێدا رۆژانە روبیدەن. ل سەرانسەرێ وەلاتێ عیراقێ ب گشتی وب تایبەتی ل دەڤەرا ئەهوارێن باشوری عێراقێ ئەڤ باغهۆزە ((بووینە پرسگرێکەکا تەندروستی ب زێدەبوونا نەخۆشیێن کوئەندامێ هەناسەدانێ وگیان ژدەستدانا ولاتییان ب ئەگەرێ رویدانا ڤان باهوزان)) (صالح٢٠٢٣:٦) لەوران ئەڤ دەڤەرە تاڕادەیەکی بۆ ژیانێ یا سەختە و ب زەحمەت هەر کەسەک بشێت ل ڤێ دەڤەرێ بژیت. وژلایەکێ دیڤە ئەڤ بارودۆخێن سەختێن سەقای گەلەک جاران دبنە ئەگەرێ کوچکرنا خەلکێ دەڤەرێ.

١-٣-رەنگڤەدانا سەقای درۆمانێن(گوند) و(تحت ظلال النخيل)دا:

بارودۆخێن سەقای ل گوری جهێ جوگرافی وبەرزیا ل ئاستێ رویێ دەریایێ دهێنە گهورین،

ژبەر هندێ سەقایێ هەمی دەڤەرێن عیراقێ وەکی ئێک نینە، ب تایبەتی دناڤبەرا باشورێ کوردستانێ وباشورێ عیراقێدا، چونکە فاکتەرێن سروشتی وتوپوگرافیا هەردوو جهان ژێک جیاوازە، وئەڤ جیاوازییە دبیتە ئەگەرێ هندێ ژلایێ سەقایڤە ببنە دوو دەڤەرێن جودا وسەقایێ هەر دەڤەرەکێ شوناسەیەکا تایبەت دبەخشیتە وێ جهی.

ل باشـورێ کوردسـتـانـێ هـەر وەرزەکـێ سەقایەکێ تایبەت هەیە. هاڤینا وێ یا گەرم وهشکە وپلێن گەرمێ دگەهنە ٤٠ پلەیان ل وەرزێ پایزێ تارادەکێ نزمتر لێ دهێن وزڤستانا وێ یا سارە وریژەکا زۆرا بەفر وبارانان تێدا دبارن، ب تایبەتی ل دەڤەرێن چیایی. لێ دوەرزێ بوهارێدا چ ژلایێ هاتنا باران یان پلێن گەرمێڤە سەقایێ ناڤنجییە. بەلێ ل باشورێ عیراق ودەڤەرا ئەهواران ژینگەهەکا جوداتر هەیە. هەرچەندە ژلایێ رۆخساریڤە خالێن هەڤپشک هەنە بۆ نموونە ل وەرزێ هاڤینێ ل هەردوو دەڤەران سەقا گەرم دبیت. بەلێ جیاوازی دپلێن گەرمێدا هەیە، هەروەسا هەر دەڤەرەکێ هندەک تایبەتمەندیێن تایبەتێن سەقای هەنە و ئەڤە دبیتە خالا جیاوازیێ وشوناسەکا تایبەت بۆ هەر دەڤەرەکێ ژوان.

درۆمـانـا گـونـدـدا چـەنـدیـن جـاران ئـامـاژە ب سەقایێ وەرزێن باشورێ کوردستانێ وگوندێ سوارێ وەکو شوناسەکا تایبەت بۆ ڤێ دەڤەرێ هاتییەکرن. بۆ نموونە دەماکو رێبەر ل دووماهیا سـەرەدانا خـۆدا بۆ گـونـدێ سـوارێ خـاترا خۆ ژگوندییان دخازیت ودبێژیت:((هندە وەختە ئەم دێ چین..هێش دونیا گەرم نەبووی ونەبوویە تەحرە .. دا ب هوینکاتی بگەهینە گوندێ سپیندارێ)) (سـوارێ٣٥٠:٢٠٠٥) ئـامـاژەدان ب پەیڤا[تەحرە] وێ دگەهینیت کو دوەرزێ هاڤینێدا ب تایبەتی ل بەربەرکێ نیڤرۆ پلێن گەرمێ بلند دبن. هەرچەندە ل سپێدەهیان سەقا هوینترە. کەواتە ئەڤە نیشانەکە درۆمانا گونددا پلێن گەرمێ دهاڤینێدا ل گوندێ سوارێ بلند دبن. لێ وەرزێ پایزێ چەندەکێ سەقا ساردبیت، زێدەبارێ بارانا بارانێ هندەک جاران. هەروەکی درویدانێن رۆمانایێدا هاتی، دەما دەیکا عـەزوێ رویـدانـا کوشتنا بابێ وێ بۆ ڤەدگێریت ودبێژیت: ((بەرێ بابێ تە دمزگەفتێڤە بهێتە کوشتن ل وێ شەڤا پایزێ دونیا گەلەکا ساربوو وهندەک باران بارییوو وعەرد تەرکربوو))(سوارێ٦٢:٢٠٠٥) ئانکو هەر ل دەسپێکا وەرزێ پایزێ سەقا دهێتە گهورین ونیشانێن زڤستانێ دەردکەڤن ب هاتنا بایێ سار وتەڤیێن بارانێ.

دزڤستانێدا ل دەڤەرێن چیایی سەقا دژوار دبیت. دگەل هاتنا ریژەیەکا زۆر ژبەفر وبارانان. ژبەرکو رویدانێن رۆمانا گوند بەحس ل گوندێ سوارێ دکەن وسـوارێ دکەڤیتە دەڤـەرەکا چیایی لـەورا چەندین جاران ئاماژە ب هەبوونا بەفر وبارانان هاتییە کرن. ژوان دیمەنان دەما دەیکا شێروی ڤەدگێرا ((هـەر سـاڵ بـەرێ زڤستان بهێت بابێ تـە دچـوو میسل وهـەمـی پێدڤی بۆ مـاڵ دکرین. بەرێ دونیا ببیت بەفر وباران ورێ بهێنە گرتن)) (سوارێ٦١:٢٠٠٥)ودیمەنەکێ دیتردا دەمێ شێخێ رێبەتکی داخازێ ژحەجی حسێنێ دکەت. دا خازتییا کورێ وێ عریفەخانا عەبدول عەزیزێ ژئامێدیێ ڤەگوهێزن ((هـەر ل ئەو گاڤا ژدەرگەهـێ ئامێدیێ خار کەتین دونیا تێک چوو وبۆ با وبارۆڤە..تا ئەو گەهشتین سەرسنگێ.. بەفرێ عەرد سپیکر ومرۆڤی باش رێبار نە ددیـتـن.ل سەروکانیا سەرسنگێ مەزنێت بەروارێیا حەجی حسێن تێگەهاند کو دڤێت چەندەکێ ل سەرسنگێ بمینن.. ژبەرکو زەلام قوت بر بوون ژسـەرمـادا ودەوار وەستیان وقەرمین.

دڤێت چارەیەکێ بکەن چونکی کەس ب سلامەتی ناگەهت. دبەرسڤێدا حجی حسین دبێژیتە وان، خۆ شاش نەکەن ئەم نە ئێک ودووینە بمینینە ل سەرسنگێ وکی نابێژت تا بوهارێ ئـەڤ بەفرە نامینت)) (سـواری١٩٥:٢٠٠٥-٢٠١)ئـەڤـە بەلگەیێن ئاشکرانە کو ل دەڤـەرا ئامێدیێ وگوندێ سواریێ زڤستانەکا سەخت ودژوار هەیە وبۆ ماوەکێ دێژ بەفر ل ڤان دەڤـەران دمینیت وب رێژەیێن زۆر دباریت. دیسان ((دەمـێ دەواتـی ل سـەروکانیا سەرسنگێ سەر ئەڤراز بووین بۆ گارەی وشیڤشکی .. بەفرێ کر و وان کر..حەتا ل شیڤشکێ سپیندایا دەربازبوین بۆ شیڤشکێ سواریا گەلەک زەلام ل دەواریت خۆ هاتنە خارێ دا گورج نەبن .. دا خوین دگیانێ واندا بهێت وبچت ودسەرمادا نەقەرمن)) (سواری،٢٠٢:٢٠٠٥) گەلەک جاران ل ڤێ دەڤەرێ تا چەند مەتران بەفر بارییە. دەما حجی حسێنی بویک گەهاندیە سواریێ دبێژیتە گوندییان ((ئەگەر چەند رێک یائاسێ بیت دڤێت بویکێ بگەهینینە گوندێ ڕبەتکێ، مە قوناغا ب زەحمەت خلاس کر ئەڤرۆ تا سپیدێ هندی بەفر دهێت بلا بهێت ئەگەر بگەهیتە ڕومەکێ ژێ)) (سواری٢٠٨:٢٠٠٥) ژبەر هندێ ئەم دشێین بێژین گوندێ سـواریێ هەرساڵ دوەرزێ زڤستانەکا سـەختدا دەربازدبیت. وهندەک جاران بەفرێ وەسا لێکریە تاگەهشتییە سیڤاندێ خانییان. دبەردەوامیا ڕویدانێن ڕۆمانێدا هاتییە پشتی مانا وان بۆ دەما شـەڤەکێ ل گوندێ سـواریێ ((دگەل سپیدێ ولێکرنا بەفرێ حەسەن ڕەشمالا وزۆرنا بێژا دەست ب ڕێکێ کر بۆ هندێ بگەهنە گوندێ مێزێ وژوێرێ بـەرەڤ ڕبـەتکـی))(سـواری٢٠٩:٢٠٠٥)ل ڤێرێ بۆ مە دیاردبێت لێکرنا بەفرێ ل ڤێ دەڤەرێ گەلەک جاران بۆ دەما چەندین ڕۆژان ل سەر ئێک بەردەوام بارییە.

دڕۆمانا (تحت ظلال النخیل)ژیدا چەند جاران ئاماژە ب سەقایێ وەرزێن سالێ هاتییەکرن، وەرزێ هاڤینێ ل دەڤەرا ئەهواران زوی دهێت دەماکو ل دووماهیا مەها نیسانێ سەقا ب گشتی دەست ددەتە گهۆڕینێ وپلێن گەرمێ بلند دبن جیاواز ژهەمی دەڤەرێن دیترێن عیراقێ. ڕۆژێن هاڤینێ تێدا ددرێژ وگەرمن. دەما ڕۆمانڤیس دبێژیت:)(دمەها حەفتدا کو کوپیتکا وەرزێ هاڤینێ یە ڕۆژێن وێ درێژ وگەرمن)) (حسون٩:٢٠٢٤) ژلایەکێ دیڤە دبێژیت:) ((دوەرزێ هاڤینێدا خەلکێ گوندی زوی ژخەو ڕادبن پشتی دەرکەفتنا تیشکێن ڕۆژێ دناڤ بەلگێن دارقەسپاندا پشتی شەڤەکا کورت وگەرم))(حسون٢٠٢٤: ١٥) کەواتە ئەڤە ئاماژێن دیارن بۆ بەرزیا پلێن گەرمێ وجیاوازیا ددەمێ شەڤ وڕۆژاندا، ئانکو ل هاڤینێ شەڤ دکورت وڕۆژ ددرێژن. پلێن گەرمێ گەلەک بلند دبن تا وێ ڕادەی مینا سوپەکێ پەسنا وێ دناڤ ڕویدانێن ڕۆمانێدا هاتییەکرن، دەمێ داپیرا یاسری بۆ زارۆکـان دئاخڤیت:((ل دووماهیا مەها حەفت سەقا دگەرمترین ئاستدایە وەکو ئامانەکێ دەما ل سەر ئاگری دکەلیت))(حسون٢١:٢٠٢٤)ئەڤ بەلگە نیشانن کو پلێن گەرمێ زۆر بلنددبن ودگەهنە بەرزترین ئاست.ژبەر ڤێ چەندێ هەر دڤێ ڕۆمانێدا هاتییە کو ((دوەرزێ گەرمێ هاڤینێدا پلێن گەرمێ نێزیکی ٥٠پلێن سلیزی دبن))(حسـون٢٧:٢٠٢٤)تا دووماهیک ڕۆژێن هاڤینێ ل مەها هەشت بەرزیا پلێن گەرمێ بەردەوامدبن هەروەکی دڕۆمانێدا هاتی ((ل ڕۆژێن مەها هەشتدا تیشکێن ڕۆژێ زۆر دگەرمن وژبەر دژواریا تیشکا ڕۆژێ هەر تشتەک نەشێت بەرگەیا گەرمێ بگریت)) (حسـون٥٦:٢٠٢٤) بەلێ دگەل هاتنا مەها ئەیلولێ پلێن گەرمێ دهێنە خوار وئەو گەرما دژوارا ل هاڤینێ کێم دبیت. ((ودماوێ مەها تشرینا دووێدا سەقا خۆش دبیت ژبەر کو

تیشکا ڕۆژێ نە یاستوونی ودژوارە، وەکی مەهێن تەموز وئاب. هەوایێ گەرم وهشک ئەوێ ژباشوری دهێت بۆ هەوایێ فێنکێ باکوری دهێتە گهوڕین)) (حسون٢٠٢٤: ٨٦).

هەولێرەی ژنی حەیرانبێژمان هەبووە و گازی کورەتیمە حەیرانی کردییە، ئەحمەد حەیران ناوی چەند حەیران بێژێکمان بۆ دیاری دەکات: (حەیشێ عەبدوڵلا سنجاوی لە گوندی عالّلا، حەلیم بادینی لە گوندی قەپران، ئامینە کوڵەندە لە گوندی باقرتی قەراج، زولێخا محەمەد سالح لە گوندی خەزنەی کەندێناوە، عەیشێ رەحمـان میکایل لە هەولێر خێزانی عوسمان حەیرانە، زبێد عەباس لە گوندی شۆرە زەرتکە...) (سنجاوی٢٠١٠: ٦١)، یەکێکی تر لە حەیرانبێژە ژنەکان، کە ئێستاش لە ژیان ماوە و لە شـارۆچـکـەی عـەنـکاوە، پارێـزگـای هەولێر دەژیت ژنێکی مەسیحییە و دەنگی تۆمارکراویشی هەیە، ناوی(بەسێ بویە شەعبا)یە(عیسی، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن)، ئەو حەیرانانەی کە لەسەر زمانی ژنان گۆترانە، ئاورێکی وەهایان لێ نەدراوەتەوە، کە پێویست بوو، وەک حەیرانبێژە پیاوەکان رۆڵیان گرنگیان پێدرابایە و لە ناوەندی هونەری کوردی باشتر دەرکەوتبان.

٢ – رەنگدانـەوەی کچ لە حەیرانەکانی (رەسول بێزار گەردی)دا:

حـەیران بەرهەمێکی راستەقینەی دەشتی قەراج و کەندێناوەی شاری هەولێرە، ئەم بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییە بۆ نەتەوەی کورد بۆتە مایەی شانازی و ناسنامەیەکی راستەقینە، چونکە وەک گوترایە هیچ نەتەوە و میللەتێکی تر جگە لە میللەتی کـورد خـاوەنی ئـەدەب و هـونـەری حـەیران نییە، ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە، چونکە ئەمە نیشانەی زیندوویی زمان و هۆشیاری میللەتەکەیە، دواجار بۆ دەوڵەمەندی زمانەکەش دەگەرێتەوە.

حەیرانەکانی (رەسـول بێزار گـەردی)، لەرووی هونەرییەوە دەوڵەمەدن و چێژی هونەری ئەدەبی تایبەت بە خوێنەر یان گوێگر دەبەخشێت، لەپاڵ ئەمەشدا کچ کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمانە رۆڵی دیاری لە دەقەکاندا دەردەکەوێت، سروشتی کۆمەڵگەی کوردی وایە، ژن زۆر ئازایانە و لێهاتووانە تێیدا هەڵدەکەوێت، کە لە هەموو کارێکدا هاوکاری پیاوە، جا پیاو باوک بێت یان برا یان هاوسەرەکەی بێت، بەڵام لە کاری هەرەوەزیدا بەشدار دەبێت و هێزێکی مەعنەویش بە دەوروبەر دەبەخشێت، لەپاڵ کـاری هـەرەوەزی و یارمەتی پیاوان لە دەرەوە، کاری ناوماڵیش وەک خواردن ئامادەکردن و منداڵ بەخێوکردنیشی لەسەر شان بووە.

هەرکاتێک کچەتیمە حـەیران عاشقی کورێک بووبێت، زۆر بە پارێز و وریـاییـەوە هەرێی بە کورەتیمە داوە، لەگەڵ ئەم عاشق بوونەش زۆرجار پارێزگاری لە رەسەنایەتی و شکۆی خێزانەکەی خـۆی کـردووە، نـەبادە بـەهـۆی ئـەوەوە نـاو و ناوبانگیان لەکەدار ببێت.

لەم کـارەی بەردەستمان، کە خوێندنەوەیەکی وەسفیی شیکارییە، هـەوڵـدەدەیـن لـە تـەواوی حەیرانەکانی ناو کتێبی دارە شەکرانی رەسول بێزار گەردی، ئەو لایەنانە دیاری بکەین، کە لەسەر کچ و پەیوەندییەکانی رەنگ دەداتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەهێزبوونی زمانی دەقی حەیران و بنیاتی ناوەرۆکێکی هونەری.

٢-١ وەسفی کچەتیمە حەیران:

وەسف لایەنێکی بەهێزە لە ناو حەیرانەکاندا، وەک چۆن لە ئەدەبیاتەکانی تری وەک شیعر و رۆمان و چیرۆک... لایەنێکی هونەری بەهێزە، لە ئەدەبی فۆلکلۆریشدا بەهەمان شێوە وەک لایەنێکی هونەری بەهێز دەور دەبینێت. لـەم حەیرانانەی رەسـول بێزار گەردیدا وەسفی کچەتیمە حەیران

زەق کراوەتەوە، زۆرینەی وەسفەکان وەسفی ڕاستەوخۆن و کاریگەری ئارام و جوان دەخەنە سەر دەروونی گوێگر و خوێنەر. لە حەیرانی ژمارە (٢٦)دا دەڵێت:

حەز لێ کردن هەنگینێ خۆشە
لەبن چیغ و ڕەشماران
وەکی کوڕ دادەنێ خەتێ سمێران
کێژیش دادەنێ بنێ جۆتە مەمکان

لەم دەقەدا حەیران بێژ وەسفێکی جێندەری کردییە، هەڕەتی لاوێنی کچ و کوڕی دیاری کردووە، کە دیارترین و هەستیارترین قۆناغە بۆ حەزی سێکسی و دروستبوونی خۆشەویستی. لە حەیرانی ژمارە (٣١)دا دەڵێت:

لە سیلەی ڕەزێ
بن سێبەری دار شەنگەبیان
سەر کانی بێترمەی
بەژنەکی برند و دوو چاوی بەرەک و سەرەکی بە تاس
دانیشتیە بە پەنجەی بە خەنە
لانکی دەژینی

لەم حەیرانەدا وەسفی بەژن و باڵا و دوو چاوی یار و سەری دەکات، تاسی خستۆتە سەری، کە جۆرێکی جوانکاری و خانومانی کچی کوردی پێ دیاری دەکرا، دەستی بەخەنە، جۆرێک بووە لە وەسفە جوانەکانی نێو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی. لە حەیرانی ژمارە (٤٥)دا دەڵێت:

دەوەرن زەینێ خۆ بدەنەوە
بەژنەکی برند و زەندەکی بە بازن، قامکەکی بە ئەنگوستیلە
تازە لە بن کراسەکی مەرەز کتان
بناغەی جۆتە شەمامە و شەمامان دادەنێ
گەلەک شیرین ڕادەکێشی جوانە ماینی سەرجوانی، پێشی باری

حەیرانبێژ وەسفێکی ڕاستەوخۆی کچەی کردییە، ئەم وەسفە لە زمانی کوڕەتیمە حەیرانەوەیە، تەنانەت وەسفی ئەو دیمەنەش دەکات، کە کچەتیمە حەیران بەو هەموو جوانی باڵایەوە، چۆن سەری جوانییە ماینێ ڕادەکێشیت. لە حەیرانی ژمارە (٥١) دا دەڵێت:

گەلی برادەرینە
بریا ئەمن هەموو سبیانان
ببامایە باجگری ماچان
لە بەرایێ کۆمەری دارکەران
سەر لە سبیانێ
لە چارە ڕەشی تۆماریان
لە خەزێم شۆڕی بەحرکەییان
لە لفکە شۆڕی کۆییان
لە تاس بەسەری هەولێریان
لەگەردن کێلی ڕواندزیان
لەسەر بە هیزاری دزەییان
لە پلپلە شۆڕی خۆشناوان
ناوەڵلا لە کیژۆرە سیانان
لە بەرایی کۆچ و کۆچباری
لە تەنگانەی کاولە جاسەنێ

لەم حەیرانەدا، جۆرێک وەسف دەردەکەوێت، کە جیاوازە لە جۆرەکانی تر، لەم دەقەدا وەسفی کچەتیمە حەیرانێ بە پێی ناوچە جیاوازەکان دەرکەوتووە، تەماشا بکەین، هەموو ئەو ناوچانەی گرتۆتەوە، کە حەیرانی تێدا گوتراوە و کاریگەریی تێدا دەرکەوتووە، واتە هەر ناوچەیە و تایبەتمەندی و کەرەستەی جیاوازی تایبەت بەخۆی هەبووە بۆ ناسینەوە و جوانی و دەرکەوتنی ژن لە کوردەواریدا. لە حەیرانی ژمارە (٥٢)دا دەڵێت:

کراسی وانم دارکەژۆکن

گوارەی وانم زێڕن پێنج گۆنە
زێدە لە هەموو عاشیرەتان، گۆریە چەلینە
شاییەک دەگەڕێ
لەبەر دیوانێ ئەسمەرێ
بە پەنجەیێ بە خەنە
قامکێ بە ئەنگوستیلە
قاوەی دەگێڕێ، بەوێ فنجانێ

لەم حەیرانەدا، وەسفێکی ڕاستەوخۆی کچ دەکات لە دیوەخان و لە ساتی خزمەتکردنی میوان و قاوە گێڕاندا، ئەمەش هونەرکارییەکی وردە، کە بۆ کارزانی حەیرانبێژ دەگەڕێتەوە.

٢-٢ لێکچواندنی کچەتیمە حەیران:

لێکچواندن هونەرێکی ڕەوانبێژییە، گرنگە لەنێو دەقی ئەدەبیدا، وەک بنەمایەکی گرنگ تەماشا دەکرێت، چونکە لە بنیاتی وێنەی شیعریدا دەورێکی سەرەکی و جۆراوجۆر دەبینێت. لە حەیرانەکانی ڕەسول بێزار گەردیدا، چواندن وەک ڕەگەزێکی هونەری بەرچاو دەکەوێت، ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە، کە هیچ شتێک بە کچەتیمە حەیرانێ نەچوێندرایە، بەڵکو لە هەموو شوێنەکان کچەتیمە حەیران بە شتەکانی تری وەک (مامز، پۆڕ، دارکنێر، گورە نیسان...) چوێندرایە. (لێکچواندن بریتییە لە چواندنی شتێک بە شتیکی دیکەوە، لەبەر هەبوونی سیفەتێک، یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش لەنێوان هەردوو شتدا) (مستەفا٢٠١١، ١١٨) لە حەیرانی ژمارە(٨٨)دا دەڵێت:

براینە حەیرانەکەی خۆم دەشوبێنم
بە جوانە ماینەکەی عەلیەل حەسەنێ
وەکی فەسلی بەهاران، وەلەکە عارەب تەوریان دەدایێ
گیر نەدەبوو بە چ سندم و زنجیران
دەبیرپییەوە بریاری کاولە مەفتەنێ

حەیرانبێژ لە ئەدای گازکردنە حەیرانێ، ڕووی قسان دەکاتە دۆست و برادەران، پێیان دەڵێت: ئەمن یارێکم هەیە شوبهاندیتم بە جوانە ماینێ، هەڵبەتە لەم چوواندنەی بیرت دەکەوێتە سەر کچێکی ناسک و تازە پێگەیشتوو، واتە لەنێوان هەژدە تا بیست ساڵی دابێت. لەم جوانە ماینەدا کۆمەڵێک دیمەنی دیکەشت بۆ دەردەکەوێت، واتە خورتە و بە ئاسانی دەستەمۆ نابیت. لە حەیرانی ژمارە (١٠٢)دا دەڵێت:

گەلی برادەرینە
ئەمن سینگ و مەمکی ئەو چاوڕەشەی دەشوبێنم
بە دوکانی مەرجانان، ئەوەندەی ماملەتی لێدەکەم،
چ جوابان نادا

سینگ و مەمک:	لەوچووە
دوکانی مەرجانان:	لێی چووە
چ جوابان نادا:	ڕووی لێکچوونە

لە حەیرانی ژمارە (٧)دا دەڵێت:

گەلی برادەرینە،
ئەمن حەیرانی خۆم دەشوبێنم
بە خەجیجی ڕەحمانی، جەواهێرێ ئەحمەد بارینان
ئەسمەرێ کابایزی، خانزادی سۆران
وەکی سەردەمەکێ
حوکمی دەگێڕا لە بنە بنەی هەریرێ

حەیران بێژ ڕووی قسانی لە برادەرانە، پێیان دەڵێت، یارەکەی من زۆر جوان و بەتوانایە، لەم توانا و جوانییەی کە هەیتی چوواندیتی بە کۆمەڵێک کەسایەتی ژنی کوردی، کە سەردەمانێک خانومان و ناو و دەنگی سەردەمەکەیان بووینە. لە حەیرانی ژمارە (١١)دا دەڵێت:

گەلی دۆست و برادەرینە
ئەمن بەژنی باریک دەشوبێنم بە نەمامە سێوەکانی

وەک شین دەبیتەوە

ئەوەلی بەهاران لەبەری بێریێ

بەژن باریک: لەوچووە

نەمامە سێو: لێی چووە

شلک و بەرز: ڕووی لێکچوونە

لە حەیرانی ژمارە (٢٩)دا دەڵێت:

گەلی برا و برادەرینە

شەپۆری خۆی دەداوە لە عاویە و عاویان

کلکەیی گوێری گردی کوشافی

دەبا سینگ و مەمکێ ئەو زاڵم بابەی

لەبۆ من بمینێ، بەو جۆتە گومەتی سوڵتان عەولای خۆمان

فەسڵی بەهاران دەچمەوە تەوافی

حەیران بێژ لەم دەقەدا وێکچواندنێکی واتایی لەنێوان دوو شتی بەرجەستە دروستکردووە، ئەمەش هونەرکارییەکی جوانی نێو کایەی ئەدەبییە، بەتایبەتی لە بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆریدا.

سینگ و مەمک: لەوچووە

جۆتە گومەتی سوڵتان عەولای: لێی چووە

تەواف: ڕووی لێکچوونە

لە ناو حەیرانەکانی ڕەسول بێزار گەردی ڕێژەیەکی زۆر لە هونەری چوواندن بەرچاو دەکەوێت، بەڵام کەم وایە ڕووی لێکچوون هاتبێت، لە هیچ شوێنێکی هونەری چوواندندا ئەوزار دەرنەکەوتووە، کە کەرەسەیەکی لاوەکی هونەری چوواندنە لە ئەدەبی ڕەوانبێژیدا.

٢-٣ ڕووی کوڕەتیمە لە کچەتیمە حەیرانیێ:

لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا، بە تایبەتی حەیران، کاتێک ئەدەبەکە لەسەر زاری کوڕە دەگۆترێت، ئەوا سەری قسان دەکەویتە دەست کوڕەتیمەی، بەڵام لە ناوەوەی دەقەکاندا، لایەنی تری وەک دەمەتەقێ و ڕووی قسەکردنی کچەتیمە حەیران... دەردەکەوێت. لە حەیرانی ژمارە(١)دا دەڵێت:

حەیران ئەتو ئەوڕۆکە سبیانێ

سەری خۆتم لەبۆ برندکە گەردەنت گەلەک زەردە

خار بێنە دەرێ

دواتر دەڵێت:

لە زاری کۆرانێ

دەگەیمە حەیرانەکەی خۆم دەمگۆت

دەتو بینە دەستی چۆپە داوێمە سەر ملی بەکەزی

دەگرم جۆتە شەمامە و شەمامەی خڕی خەیلانی

هەر وەکی بەرێ

ئەتو ئەو سارەکە سەری چەندان سارانە

سینگ و مەمکی تو لۆ من پاوان بوو

هەموو دەمێ کیژە کۆچەری

گەردن مامزی، جوانی پشدەری

لە حەیرانەکاندا نموونەی لەم چەشنە دەردەکەوێت، کە ڕووی کوڕەیە لە کچە و پێیدا هەڵدەدات، ئەمەش سۆزدارییەکەی لە سنوور بەدەری کوڕەتیمە حەیران پیشان دەدات بۆ دۆستەکەی، لە زۆربەی وێنەکاندا داواکاری ماچ و دەست بردن بۆ ناو مەمکان و بۆنکردنی گەردەن..... بابەتێکی تری ڕووی کوڕەکەیە، لەلایەکی تریشەوە کوڕە داوای هاوسەرگیری و لێک گرێدانیان دەکات، وە لە هەندێک لە وێنەکان هەرێ و بەڵێنەکانی خۆی بۆ کچەتیمە حەیرانێ دووپات دەکاتەوە.

٢-٤ ڕووی کچەتیمە لە کوڕەتیمە حەیرانێ:

ئەگەرچی حەیرانەکان هەموویان لەسەر زمانی کوڕە گۆتراون، دەستپێکی گۆتنەکان لەدەست کوڕە بووە، بەڵام کە دەچینە ناوەوەی دەقی حەیرانەکان، دەبینین لە زۆر شوێنان کچەتیمە حەیران ڕووی

قسانی لە کوڕەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتوویی هونەری حەیران و کارزانانەی حەیرانبێژەکە. لە حەیرانی ژمارە (٥٠)دا دەڵێت:

ئەورۆ هێواری
دەگەیمە جوانی ناوماران
دەیگوت: کوڕەتیمە حەیران
ئەتو ئەوشەوە لە سێباری نیوە شەوێ
وەرەوە بن چیغ و ڕەشماری
ماچکە خەت و خاری گەردەنی
بگرە جۆتە شەمامە و شەمامان
پێشی بەیانییان
بە پارێز بڕۆ هەروەکی دزان

کچەتیمە حەیران ڕووی داوای لە کوڕەتیمەیە و دەڵێت: دیسان وەرەوە ژوانی، بن چیخ و ڕەشماڵی، (وەرەوە) دەلالەتی ئەوە دەدات کە پێشتریش لەهەمان شوێن ژوان و ڕاموسانیان هەبووە، ئەگەر بیگوتبایە (وەرە)، ئەو (وە)یەی دووبارەکردنەوەیەی پێوە نەلکاوە، دەلالەت بوو لە یەکەمین ژوان و دیداری کچەتیمە و کوڕەتیمە حەیران، هەڵبەتە لەناو ڕەوەندییان جێژوانی زۆربەی کوڕ و کچەکان لە ناو ڕەشماڵ و بن چیخان بووە. لە حەیرانی ژمارە (١٠٩)دا دەڵێت:

حەیران کیژ دەرێ: لاوە گولەکەی مێردان
دونێ هێواری، ئەمن لەسەر تو ئەنگافتن
دارەکی دەداوە لە زەندێ بە بازن
لە قامکێ بە ئەنگوستیلە
قەمزە و قەرەپۆشی
لە سەری منی خانە وێرانی هەرافتن

کچەتیمە لە قاڵبی وەسف لەسەر خۆیدا ڕازی دەروونی خۆی بۆ کوڕەتیمە حەیرانی دەڕێژێت، پێی دەڵێت کەچی بەسەر هاتووە لەسەر ئەو. ئەمە ئاگادارییەکە لە کچەوە بۆ کوڕەکە نەبادا خیانەتی لێبکات و پشتی تێبکات. لە حەیرانی ژمارە (٥٥)دا دەڵێت:

حەیرانەکەی من دەیگۆت کوڕەتیمە لاوە
بەسم جۆتە شەمامە و شەمامی باغەوان بگوێینە
دەستە خوشکانم دەزانن دەستیان لێ مەدە
کچەتیمە لە ژوانی کوڕەیە و داوای لێ دەکات، کە زۆر دەست لە مەمکانی نەگێریت و نەیانشێلێت، نەبادا دەستە خوشکانی بزانن، ئەمەش جۆرێکە لە مەکر و نازی کچان لەگەڵ کوڕە دۆستەکانیان.

٢-٥ دەمەتەقێی نێوان کوڕەتیمە و کچەتیمە حەیرانێ:

دەمەتەقێ جۆرێکی ترە لەناو حەیرانەکاندا بەرچاو دەکەوێت، ئەم دیمەنە لەناو دەقی ئەدەبی نووسراو و فۆلکلۆردا دەور و گرنگی خۆی هەیە، چونکە دەبێتە هۆی جوانکاری و دروستبوونی زمانی جیاوازی ئەدەبی. لە حەیرانەکاندا شتێک نابینیتەوە لەوەی، کە ئایا قسەی کوڕەکە زاڵە بەسەر کچەکەوە، یان بە پێچەوانەوە کچەکە بەسەر کوڕەکەوە. بەڵکو دەمەتەقێیەکی ئاسایی و گەیاندنی زانیاری و دووبارەکردنەوەی هەرێیە. لە حەیرانی ژمارە (٣٨)دا دەڵێت:

حەیران کیژۆرە جوانێ
ئەمن ئەورۆکە سبیانێ
دەچمەوە شارەکەی پیرە هەولێرێ
نازانم چت لەبۆ هەرگرم لەسەر دوکانێ؟
کیژ دەرێ کوڕەتیمە لاوە
ئەتو کەوییەکم لەبۆ بینە
بەری لە سۆرە گورێ
پشتی لە ڕەشە ڕەیحانێ
خەناوکەش لەبیرنەکەی لەگەر قەنەفر و مەرجانێ
دەمەتەقێی نێوان کچ و کوڕە بەشێکی دیاری

ناو هەندێک لە حەیرانەکانە، گومانی تێدا نییە جاران کاتێک کوڕ دەچووە شاری، دەبوایە دیاری بۆ دۆستەکەی بێنێت، لەم دەقەدا کوڕەتیمە پرسی پێدەکات و هەر شتێکی کە حەزی لێبێت بۆی بێنیت، کچەش وەڵامی دەداوە و کە چی خواست ئەوی بۆ بکاتە دیاری. واتە دەمەتەقێیەکە لە چوارچێوەی تەبایی و خۆشەویستییدایە. لە حەیرانی ژمارە (٦٣) دا دەڵێت:

دەگەییمە حەیرانەکەی خۆم
دەمگوت دەتو بینە دەست باوێمە
سەر ملی بە کەزی
ماچ کەم چەرخی ڕوومەتێ
بەقسەی بەدکاران مەکە
بوختانیان زۆرە
گەلی برا و برادەرینە
حەیرانەکەی من دەرێ
کوڕەتیمە لاوە
دەزانم لۆ کنەمن هاتی
ئەمن هەتا رۆژی مردنێ
بە شەرت و پەیمان هەر گراوی تومە
یەکدی ماچ دەکەین
نۆرە بە نۆرە

لەم حەیرانەدا دیمەنی دەمەتەقێیەکمان بۆ باس دەکات، کە زەمەنێکی ڕابردووی هەیە، کورەتیمە حەیران بۆ برا و برادەرانی دەگێرێتەوە. ناوەڕۆکی ئەم دەمەتەقێیە لە جێژوانێبووە، باس و خواسی ماچ و دەست لە باخەڵ گێران بووە. لە حەیرانی ژمارە (٩١)دا دەڵێت:

حەیران کیژۆرە گورێ
ئەتو ئەوسارەکە هاوینێ
سەبرەکم لێ بگرە هەتا جۆخین هەردەگیرێ
دەچمەوە شارەکەی قۆچە موسرێ
تفەنگی سەر ملیت لۆ دەفرۆشم
دەیدەم بە مەرجان، خەریتە بە قەنەفرێ
کیژ دەرێ: کورەتیمە حەیران
ئەتو هەنگینێ تفەنگی سەر ملی لەبۆ من بفرۆشی
وەکی ئەمن بمرم مەیتم ڕاببری
هەمووم بە دارەبازەی وەبکرێ

ئەم دەمەتەقێیەی لەم دەقەدا بەرچاو دەکەوێت، کەسایەتی کورەتیم و کچەتیمە حەیران لەسەر پاراستنی ڕەسەنایەتی کلتووری کوردی پیشان دەدات، وەک کچە ڕازی نییە، کە هیچ کات کەرەستەی جوامێری و جەنگ بفرۆشێت و بیدات بە کەرەستەی جوانی و ڕازاندنەوە.

ئەم دەمەتەقێیە بە شێوەیەکی ئامادە و ڕووبەڕوو لە حەیرانەکە دەردەکەوێت، واتە زەمەنەکە لە دۆخی ئێستا دایە.

٦-٢ کار و هەرەوەزی کچەتیمە حەیران:

لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵی کوردیدا، کاری هەرەوەزی کلتوورێکی جوان و بەرچاوی نێو کۆمەڵگەی کوردی بووە، لەم کلتوورەدا ژن و کچی کوردیش دەورێکی باڵا و کاریگەرییان هەبووە، زۆرجاری وا هەبووە ژن و کچی ئەم کۆمەڵگەیە کار و پیشەی پیاوانیشیان ڕاپەڕاندووە. لە ئەدەب و هونەری حەیراندا باس لەو دەوری ژن و کچی کوردی کراوە، لە حەیرانی ژمارە (١٢)دا دەڵێت:

حەیران لە شینکان لە شینکی هەڵگۆزێ
گەلی برادەرینە
ئەنگۆ وەرن ئەورۆ سبیانێ
بە چاوێ من بڕۆننە بەژنەکی باریکەلانە
دەستی دایتەوە کۆتکەکی دارکنێر لە دەشتی کاولە قەراجی
گەلەک جوان دەکوتیتەوە کۆتان و کۆزی

ئەمە نموونەیەکی جوان و بەرچاوە لەنێو حەیراندا، کە دەوری ژن و کچی کورد لە کاری هاوبەشی لەگەڵ پیاودا دەیانکەن، ئەگەرنا ئەم کارەی کە کچەتیمە دەیکات، وەک لە دەقەکەدا هاتووە، پێویستی بە هێزی بازوو هەبووە، ئەم هێز و توانایەش زیاتر لەلای پیاو کۆبوویەتەوە.

٢-٧ کچ وەک پێناو لە حەیراندا:

ئەوەی پەیوەندی نێوان دوو دڵان تێکبدات و لێکیان بکات، پێی دەڵێن (بەکرۆک، زی)، واتە بەدکار، خرپەکار، ئەوەی نێوان دوو دڵان خۆش دەکات و لێناگەڕێت بەینیان تێکبچێت پێی دەڵێن (پێناو)، واتە خۆکردنە قوربانی بۆ خۆشی دوو دڵی خۆشەویست و عاشق.

لە حەیرانەکانی ڕەسول بێزار گەردیدا، کچی پێناو دەورێکی باش و کاریگەری هەبووە بۆ خستنەروو و گواستنەوەی هەواڵ و سەلامی کچەتیم و کوڕەتیمە حەیران. پێناو هۆکارێکی گرنگی گەیاندن بووە لەم بوارەدا، کە دەکاتە نامە و تەلەفۆن و مۆبایلی ئێستا، لە حەیرانی ژمارە (١٣) دا دەڵێت:

دەگەیمە پێناوی دەمگۆت: دەوەرە دەستی منت دامەنێ

لەبۆم برێ بە بەژنەکی برند و دوو چاوێ بەرەک گەردەنەکی بە خەناوکە، هەتا ئەوێ ڕۆژێ پێکدەبڕێین

دەبا جۆتە شەمامە و شەمامەی ڕۆستەم بەگی

لە بن کراسی وابی

لە بۆ من بە دیاری هەرگری

لەم دەقەدا دەوری پێناو گەیاندنی هەواڵ و داوای کوڕەیە بۆ کچە، کە پێی بڵێت خۆی نەگۆڕیت، چونکە من هەر بە هیویێ ویمە، نەکا مەمک و شەمامان بداتە دەست کوڕێکی تر. لە حەیرانی ژمارە (٢١)دا دەڵێت:

ئەمن ئەوڕۆکە چاوم بە پێناوێ دەکەت

دەمگۆت: دەتو وەرە دەستی منت دامێن بی

ئەتو ئەوڕۆکە لەبۆم برێ

بە بەژنەکی برند و دوو چاوی ڕەشکۆکە

سبەی دانی هێواری

لەبۆم بێتەوە جێی ڕاوگەی ژوانی جاران

هەموو خەرکی گوندێمە

لۆخۆیان پێکبڕان

با ئەمەش دانیشین بکەین تەکبیرێ

پێناو دەوری خێری هەیە، تا قسەی دڵی کوڕەتیمەی بگەینێتە کچەتیمە حەیرانێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکی خەڵکی گوندەکەیان تەکبیری هاوسەرگیری و پێکەوەبوونیان بکەن و لەسەر شتەکان ڕێک بکەون. لە حەیرانی ژمارە (١١٣)دا دەڵێت:

لە کانیێ بەر ماران دەگەییمە پێناوێ

دەمگۆت: چاوێی مەحبوبەکەی بەر ماران، لەخۆڕا ڕەشن

دەیگۆت: نا، کلی لە شاران

لە چاوی خۆی دەکاتەوە بارگرانی

لەم دەقەدا دەمەتەقێیەک بە دی دەکرێت، بەڵام جیاواز لەو دەمەتەقێیەی لە بەرایی باسمان کرد، ئەمەیان لەنێوان کوڕەتیمە حەیران و پێناوییە، بەڵام باس هەر باسی کچەتیمە حەیرانییە، واتە کچەتیمە حەیران ئامادەیی نییە لەم دانیشتن و قسە گۆڕینەوەیەدا.

٢-٨ گلەیی کردنی کچەتیم و کوڕەتیمە حەیران:

ئەم دیاردەیە لە حەیرانەکانی ڕەسول بێزار

گەردی بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش دیمەنێکی ئاساییە، چونکە هەتا کوڕ و کچە چاویان لە یەکتر بێت، ئەوا هەمیشە بە چاوی چاودێر و ترسەوە چاو دەخەنە سەر یەکتر، لەم بارەشدا کۆمەڵێک گلەیی و گازاندە دروست دەبێت، تەنانەت دەگاتە ئەوەی، کە لایەک بێوەفایی لەگەڵ بکات و بۆ لایێکی تر وەرچەرخێ. لە حەیرانی ژمارە (٤٨)دا دەڵێت:

دەگەیمە حەیرانەکەی خۆم، دەیگۆت: کوڕەتیمە حەیران

ئەمن زانیتم ئەتو ئەوسارەکە بەهارێ
جۆتە یارانت لە سەر من گرتینە
خۆ من دەمگۆت: راستە بەڵان درت چ نەکا
شەوێ زستانان گەلەک دوور و درێژە
یەکت لۆ دەکەم بە کۆیلە
ئەویدیش بە لانک ژینە

لەم دەقەدا ڕووی گلەیی و گازاندەی کچەتیمە حەیرانییە لە کوڕەی، کە لە پاڵ ئەوی دوو دۆستی تریشی گرتینە، بەڵام کوڕەتیمە حەیران وەڵامی ڕاستی دەداتەوە، پێی وایە هەردوو یارەکەی بۆ خزمەتی ئەو و منداڵەکانی گرتینە. لە حەیرانی ژمارە (٨٥)دا دەڵێت:

حەیران ئەورۆ هێوارێ
لە دوم هەناردی لۆچی نەهاتی؟
ئەورۆ سەری سێ ڕۆژانە
زانیتم بازن و خرخارت لە کن وەستا شەریفی زێرینگرە
جلکی بووکینیت لەسەر خەیاتی
ئەتو ئەوسار سەری چەند ساران بوو
دۆست و گراوێیێ من بووی
ئەوسارەکە پایزێ
بە قسەی بەدکاران لەگەر من خاین دەرهاتی

ئەم دەقە ڕووی گلەیی و گازاندەی کوڕەتیمە حەیرانییە لۆ کچەتیمە حەیرانی، ئەم دەقە ئاماژەیەکی زیندووە لە بوونی ئەو دیاردەیە، کە دوای بەڵێن و هەرێ بەیەکتر دان، دوایی خاین و بێوەفا دەربچێت.

٢-٩ بەڵێنی کچەتیم و کوڕەتیمە حەیران لە ناو دەقەکاندا:

ئەم دەقانەی بەردەستمان کۆمەڵێک دیمەنی بەڵێندان و هەرێ بردنە سەری تێدا دەردەکەوێت، جا ئەم بەڵێن و هەرێ پێدانە چ لەلای کچەکەوە بێت، چ لەلای کوڕەکەوە بێت، ئەوە ئاداب و ڕەوشتێکی بەرزی کۆمەڵگەی کوردییە، بەتایبەتی کۆمەڵگەی گوندنشین و کۆچەرییان، هەڵبەتە دەقەکانی حەیرانیش بەرهەمی بیر و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵی گوندنشین و کۆچەرییانە. لە حەیرانی ژمارە (٢٧)دا دەڵێت:

گەلی دۆستینە ئەمن ئەورۆ سبیانێ لە جێی ژوانێ
دەگەیمە چاو ڕەشەکەی ناوماران
دەمگۆت: دەتو وەرە ماچ کەم
چەرخی ڕومەتێ، گەردەنێ بە خەناوکە
ئەمن پاشی تو ناکەم نەزەرێ
بروام پێبکە، هەتا هەتایێ

لەم حەیرانەدا کوڕەتیمە حەیران ڕوو دەکاتە کچەتیمە حەیرانی، ئەگەر ئەو ڕازی بێت ماچ بکاتن چەرخی ڕوومەتێ، ئەویش هەرێی دەداتێ هەتا دنیای دنیایە خیانەتی لێ نەکات و تەماشای هیچ کچی تر نەکات. لە حەیرانی ژمارە (٧٤)دا دەڵێت:

گەلی خزمینە
بەژنی باریکەلانە جوابان دەنێری دەرێ:
کوڕەتیمە حەیران ئەتو چیدی خەمان مەخۆ
ئەوسارەکە بوارێ بابم ڕازیکە
داکم چ پیگۆتنی پێ ناوێ

کچەتیمە حەیران ڕووی بەڵێنی بە پیناوێ بۆ

كورەتیمە حەیرانی دووپات دەكاتەوە، پێی دەڵێت: كە هیچ دڵ لە دڵ نەدات و ئەو هەر لەسەر پەیمان و هەرێی خۆیەتی، هەمیشە لە ناو كۆچەری و گوندیان كچ خاوەنی هەڵوێستی خاسانەی خۆیان بووینە، ئەمە گوزارشتە لە پێگەی ڕەوشتی كۆمەڵایەتی و هێزی ئەویندارانەی ژن و كچی كوردی كۆچەری و گوندییان.

ئەنجام

زمانی حەیرانەكان، زمانی نشینانی گوند و كۆچەرییانە، هیچ دەركەوتەیەكی شارستانی پێوە دیار نییە، واتە هیچ هونەرمەندێكی شارستانی كە مەقام و قۆریاتیان چریوە، ناتوانن حەیران بڵێن، چونكە ئەوان كەوتوونەتە ژێر كاریگەری ئەدەبیاتی شارستانی. كچ كارەكتەرێكی كۆمەڵایەتی بەهێزە و پێگەیەكی دیاری لەنێو حەیرانەكاندا هەیە، كچ بەشدارە لە هەموو كارێكی هەرەوەزی لە تەك پیاوەكاندا. لە حەیرانەكاندا دەردەكەوێت، كە كچەتیمە حەیران دەورێكی دروستی گێڕاوە لە سەرگرتنی ئەو پەیمانەی بە كورەتیمە حەیرانی داوە. حەیرانەكان تۆپۆگرافیایەكی ستونی تەواوی هەیە، لە كورت و ناوەند و درێژ پێكدێت، مۆسیقا و زمانی شیعریشی هەیە. دایك لە حەیرانەكاندا هەردوو ڕۆڵی هاوكار و چاودێری بینیوە بەسەر كچەكەیەوە.

سەرچاوەكان

– پیربال، فەرهاد (٢٠١٠)، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای كوردی، چاپی یەكەم، بڵاوكراوەی دەزگای ئاراس_ ژمارە ٩٤٩، هەولێر.

– جوتیار، خالید (١٩٧٧)، كورتە سەرەتایەک، حەیران، گۆڤار: ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە: ٦٣.

– حەیران، ئەحمەد (١٩٨٤)، ئاشناییەک لەگەڵ لاوک و حەیراندا، گۆڤار: كاروان، ژمارە:٢١، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

– خەزنەدار، مەعروف (١٩٦٢)، كێش و قافیە لە شیعری كوردیدا، مطبعە الوفاء، بغداد.

– ڕەسوول، مستەفا، عیزەددین (٢٠١٠)، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چاپی سێیەم، بڵاوكراوەی دەزگای ئاراس_ ژمارە ٩٧٤، هەولێر.

– مستەفا، عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١١)، لایەنە ڕەوانبێژییەكان لە شیعری كلاسیكی كوردیدا-بەنموونەی حەمدی و حاجی قادری كۆیی، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– سنجاوی، جەمیل (٢٠١٠)، حەیران و چەند بۆچوونێكی تر، چاپی یەكەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

– عیسی، سلێوە، هاوژین٢٠٢٤، چاوپێكەوتن، ٤/٢٥، چوارشەممە، كۆیە.

– عەزیز، ئیبراهیم، عومەر(١٩٨٩)، لەنێو فۆلكلۆری داب و نەریتی كوردەوارییدا، گۆڤار: بەیان، ژمارە: ١٥٧.

– عەلی شەناغەیی. حاجی. عومەر٢٠٢٣، كۆژانی حەیران، بەرگی دووەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی كوردستان، هەولێر.

– گەردی، ڕەسول، سەفین (٢٠٠٧)، دارە شەكران_ حەیران و گۆرانییە بڵاونەكراوەكانی ڕەسول گەردی، چ١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

– مەخمووری، غەفور (١٩٩٦)، حەیران، چەمک_ ناوەڕۆک_ سەرهەڵدان، گۆڤار: ڕامان، ژمارە:٥، هەولێر.

– مەخمووری، غەفور (١٩٩٦)، حەیران، چەمک_ ناوەڕۆک_ سەرهەڵدان، گۆڤار: ڕامان،ژمارە: ٤، هەولێر.
– مخموری، غفور(٢٠١٧)، ترجمة: كمال غمبار، الحيران مفهوما و مضموما و ظهورا، مطبعة (روزهلات)، هەولێر.

الملخص

لا تنتمي الحەيرانات إلى فضاء مديني أو سياق حضري، إذ إنها تعد من النتاجات الشفاهية التي تبلورت ضمن بيئة رعوية وقروية بحتة. ولذلك، فإن أي فنان أو مثقف ينتمي إلى الوسط المديني، وإن امتلك أدوات التعبير الفني، يعجز عن الإحاطة بجوهر هذا الفن أو إعادة إنتاجه بما يحافظ على بنيته الدلالية والأدبية الأصيلة، ذلك لأن الحەيران تشكلت ضمن أطر ثقافية وفكرية تتأثر إلى حد كبير بالأدب الشعبي ذي الجذور الريفية.

تجسد "الفتاة" في هذا النمط من النصوص الشفاهية شخصية فاعلة ومؤثرة داخل البنية الاجتماعية التي يصورها الحەيران، إذ تشارك في مختلف الأنشطة اليومية والاقتصادية جنبا إلى جنب مع الرجل، دون أن تُختزل في أدوار نمطية أو تقليدية. ومن خلال تمعننا في نماذج مختارة من حەيرانات رسول بێزار گەردی، تتبدى لنا صورة الفتاة كقطب دلالي ومحوري داخل النص؛ فهي لا تشكّل مجرد طرف في علاقة وجدانية، بل تتحول إلى مركز للصراع الرمزي والاجتماعي، يعاد من خلاله إنتاج مفاهيم الشرف، والوفاء، والانتماء.

إن فن الحەيران يتميز بخصوصية جغرافية واضحة، وهو من الفنون الشفاهية التي ينفرد بها المجتمع الكردي. وتعد منطقتا قراج وكندناوه من أهم الحواضن التاريخية لهذا الفن، كما تؤكّد على ذلك جملة من المصادر الفولكلورية. غير أن ثمة مناطق أخرى ضمن النطاق الجغرافي الكردي قد احتضنت هذا الفن، وظهرت فيه بصيغ لغوية وأسلوبية مختلفة، وإن ظلّ التأثير المركزي لمنطقة قەراج وكەندێناوە حاضرا بوضوح في تلك النصوص.

ترتكز هذه الدراسة على المنهج الوصفي التحليلي، في محاولة للكشف عن تمثلات الفتاة داخل الحەيرانات من حيث الوظيفة الرمزية والدور الاجتماعي، وذلك بالإجابة عن مجموعة من الإشكالات الرئيسة، أبرزها: هل تؤدي الفتاة دورا بنيويا متكافئا مع الرجل داخل النص الحەيراني؟ وهل يمكن الحديث عن تمثيل مغاير للأنثى في هذا الفضاء الأدبي مقارنة بالتمثيل السائد في باقي الأنماط الفولكلورية؟

وقد أسفرت نتائج البحث عن جملة من الاستنتاجات، من بينها: أن الفتاة في الحەيرانات لا تقدم بوصفها كائنا هامشيا أو خاضعا، بل تمنح تمثيلا قويا يكرس دورها في النسق الاجتماعي والرمزي على حد سواء. ويبدو ذلك جليا في مشاركتها الفاعلة في شؤون الحياة اليومية، فضلا عن حضورها المحوري في تشكيل البنية السردية والدلالية للنص.

أما الدراسات السابقة التي تناولت فن الحەيران، فقد انصب معظمها على الجوانب الجمالية والبلاغية دون أن تولي العناية الكافية للأبعاد السوسيولوجية والنوعية داخل النصوص. وعليه، فإن هذه الدراسة تعد محاولة لإعادة قراءة الحەيرانات بوصفها وثائق ثقافية حاملة لبنى اجتماعية، تكشف عن صراع النوع الاجتماعي وتعيد تموضع المرأة ضمن سياقاتها الرمزية والمعرفية.

الكلمات المفتاحية: الفولكلور الكردي، الحەيران، التمثيل الأنثوي، النص الشفاهي، الأدب الشعبي.

Abstract

The Hayranat are not part of a city; they are instead examples of an oral tradition that started in a rural and pastoral setting. So, any artist or intellectual from a city, even if they have the right artistic skills, would have a hard time fully understanding or putting this genre in a new context without changing its basic structure and literary character. This is because Hayranat has grown up in cultural and intellectual frameworks that have been heavily influenced by rural folklore literature. In these oral texts, the “woman” is a strong and important social figure who does all the things that men do in everyday life and business, without being limited to traditional or stereotypical roles. When you look at specific examples of Rasul Bezar Gardi’s Hayranat, you can see that the woman is not just a passive character in a romance story; she is the center of symbolic and social tensions. She is a key link in the process of changing values like loyalty, honor, and belonging.

Hayran is a unique form of oral literature that is only found among the Kurdish people. It is known for its regional specialization. Folklore sources agree that the Qaraj and Kendenawe regions were the historical centers of this art. This art can also be found in different Kurdish areas, but it has a lot of different styles and languages. However, the main influence of Qaraj and Kendenawe is still clear in these regional forms. This study uses both descriptive and analytical methods to show how women are portrayed in Hayranat, focusing on their symbolic roles and roles in society. The main question it wants to answer is: Does the woman in Hayranat have the same structural role as the man in the story? Can we talk about how women are shown differently in this genre compared to other types of folklore?

The study›s results show that the woman in Hayranat is not shown as marginal or subordinate. Instead, she is given a strong portrayal that shows how important she is in the texts› social and symbolic contexts. This is especially clear because she is actively involved in the community›s daily life and plays a key role in building the text›s story and symbolic structur .Most of the time, previous research on Hayranat has focused on the texts› aesthetic and rhetorical elements, ignoring their socio-economic and gendered aspects. This study gives a new meaning to Hayranat as cultural artifacts that explain how society works, with a focus on gender dynamics and a new definition of women›s roles within their symbolic and cognitive frameworks.

Keywords: Kurdish folklore, Hayranat, female representation, oral narrative, folk literature.

وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/٣
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨/٤

وێنەی شەهید لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا

عومەر حمد محمود
فاکەڵتیی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی
زانکۆی کۆیە
omerhamad41@gmail.com

پ. ی. د.عبدولواحید ئیدریس شەریف
فاکەڵتیی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی
زانکۆی کۆیە

پوختە

ئەم توێژینەوەیە وردبوونەوەیەکە لە وێنەی شەهید لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا. شەهید وەک هێمایەکی کولتووری و نەتەوەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا جێگەی تایبەتی هەیە، بەتایبەتیش لەلای شێرکۆ بێکەس کە ئەزموونی پێشمەرگایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ شەهیدانی هەبووە. لە شیعری ئەودا شەهید نەک تەنها وەک نیشانەی قوربانیدان، بەڵکو وەک هێزێکی زیندوو و بەردەوام دیاری دەکرێت کە لە مردنیشەوە ژیان دەبەخشێتە خەباتی نەتەوەیی. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە نەبوونی لێکۆڵینەوەی پێشووتر و کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتەوە سەرچاوە دەگرێت. لەئەنجامدا توێژینەوەکە دەریخست کە شێرکۆ بێکەس سەرکەوتووبووە لە کێشانی وێنەیەکی هونەریانە بۆ شەهیدانی کوردستان بە بەکارهێنانی وشە کوردییە پەتییەکان و لە شیعرەکانیدا خوێنی شەهید دەبێتە ئاوێک کە نیشتمان پێی گەشە دەکات و بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێت. ڕێبازی پەیڕەوکراوی ئەم توێژینەوەیە (ڕێبازی وەسفی و شیکاری)یە. ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت: لە بەشی یەکەمیان: لە تەوەری یەکەمدا کار لە سەر وێنەی شیعری و چەمک و زاراوە و دیدوبۆچوونی ڕەخنەگران دەکەین تەوەری دووەم لە چەمک و زاراوەی شەهید دەدوێین و بەشێوەی تیۆری دەیانخەینەڕوو.

لە بەشی دووەمیان: کە بەشێکی پراکتیکییە باسی ڕەنگدانەوەی وێنەی شەهید و جۆرەکانی وێنە دەکەین لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا.

کلیلە وشە: شێرکۆ بێکەس، شەهید، وێنە، قوربانیدان، کورد.

پێشەکی

شەهید لای شاعیرانی کورد وەک هێمای قوربانیدان و خەبات دەردەکەوێت، بەڵام لای شێرکۆ بێکەس تایبەتمەندی لەوەدایە کە وەک هێزێکی بەردەوام و زیندوو وێنای دەکات. لە شیعرەکانیدا، خوێنی شەهید دەبێتە ئاوێک کە نیشتمان پێی گەشە دەکات و بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێت. ئەم توێژینەوەیە جەختی کراوەتەسەر بەیانکردن و دەرخستنی وێنەی شەهیدە، کە شاعیر بە وشەکان چ وێنەیەکی هونەری کێشاوە لە خزمەت قوربانیدان و پەیامەکانی شەهیدان. گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە، هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی زانکۆیی وەکو ناونیشانێکی تایبەت لەسەر (شەهید) لە شیعری شاعیران نەکراوە، بەتایبەتیش لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا. کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتە وای لێکردووین ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین بۆ نیشاندانی وێنەگەلێکی زۆر جوانی شەهیدانی کوردستان لە دوو دیوانی شیعریی (کەشکۆڵی پێشمەرگە) و (شایی شەهید)دا. سنوری توێژینەوە، هەردوو دیوانی (کەشکۆڵی پێشمەرگە و شایی شەهید) بە نمونە وەرگیراون، بە تایبەت ئەو شیعر و کۆپلە شیعرانەی کە باسی شەهید دەکەن. گرنگی توێژینەوە، خستنەڕوو و نیشاندانی شەهیدە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، چونکە جۆرە وێنەیەکی جوان و وشەگەلێکی کوردی پەتی تێدا بەکارهێناوە کە شایانی دەرخستن و لێکۆڵینەوەبوون. توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئەم شاعیرە تا چەند سەرکەوتوو بووە لە کێشانی وێنەی هونەرمەندانەی شەهیدانی کوردستان بە بەکارهێنانی وشە کوردییە پەتییەکان، و تا چەند ئەم وێنانە نەمری بە دەقە شیعرییەکانی دەبەخشن.

- پێشینەی توێژینەوە

هیچ توێژینەوەیەک بەرچاونەکەوت کە بەشی تیۆری و پراکتیکیەکەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بێت. زۆرێک لە توێژینەوەکان تەنها بەشی یەکەمیان لە باسی تیۆری (وێنەی شیعری) دا وەک ئەم توێژینەوەن، کە لەڕووی چەمک و زاراوە و چۆنییەتی سەرهەڵدانی ئەم زانستە، تا ڕاددەیەک لێکچوون لەڕووی تیۆرییەوە لەنێوان توێژینەوەکاندا هەیە. بەڵام ئێمە هەوڵمان داوە زیاتر سوود لەو سەرچاوانە وەربگرین کە بەجیاوازتر باسی ئەم بابەتەیان کردووە، هەر بۆیە بەشێکی زۆری سەرچاوەکان بیانین و دید و بۆ چوونمان لە ڕوانگەی خۆمانەوە بۆ بابەتەکە خستووەتەڕوو. هەرچی کە پەیوەندی بەلایەنی پراکتیکییەوە هەیە، بابەتێکی تەواو جیاواز و سەربەخۆیە و گرنگترین ئامانجیش لەم توێژینەوەیە، پەیوەستە بەلایەنی پراکتیکییەوە. بۆیە بە پێویستمان زانی بۆ زیاتر بەرچاو ڕونی ئەم زانیارییانە بخەینەڕوو. بەهۆی سنورداری توێژینەوەکە بەکورتی ئاماژە بەهەندێک لەو توێژینەوانە دەکەین، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان تەنها پەیوەندیان بەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان هەیە لە باسی وێنەی شیعریدا. ئەم توێژینەوانە زۆر بەڕوونی و بەتەواوەتی باسی وێنەی شیعری و جۆرەکانیان کرووە، کە شایەنی دەستخۆشین، بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەم دەربارەی شەهید هیچ سەرچاوەیەکم نەبینی باسی بکات، تا لێرە بیخەمەڕوو. ئەمەش چەند سەرچاوەیەکە پەیوەندی بە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمانەوە هەیە: یەکەم: مەریوان حمەکریم احمد (٢٠٢٢) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری)سالم)دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی. دووەم: هاوژین سلێوە عیسا (٢٠٠٩) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ

بێکەسدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی. سێیەم: دەریا جەمال حەوێزی (٢٠٠٩) وێنەی ڕونبێژی لە کۆمەڵە شیعری (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات)ی قوبادی جەلیزادە دا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

١- بەشی یەکەم:

١-١ تەوەرەی یەکەم: چەمک و زاراوەی وێنەی شیعری .

مێژوی ئەدەبدا (وێنە) ئەو زاراوەیە کە لەمێژە بابەتێک بووە گەنگەشەی لەسەر کراوەو لە ڕەخنەی نوێشدا ناوبانگێکی زۆری لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا بە دەست هێناوە، ئەم زاراوەیە چەمکە ڕەخنەیەکەی لە ئەوروپاوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم سەری هەڵدا، (زاراوەی (Image) لە (Imagination) وەرگیراوە و بە واتای (ئەندێشە و خەیاڵ) دێت. (شارەزا١٩٩٧: ١٥) لە ئەدەبی عەرەبیدا کۆمەڵێک زاراوەی جۆراوجۆر بۆ وێنەی شیعری بەکار هێنراون. دکتۆر جابر عصفور لە ساڵی (١٩٧٣) لە کتێبی (الصورة الفنية عند شعراء الإحياء في مصر) کە پێ دەچێت بۆ یەکەم جار زارەوەی وێنەی هونەری (الصورة الادبية) بەکارهێنابێت، لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت: (وێنەی هونەری زاراوەیەکی مۆدێرنە، کە لەژێر کاریگەری زاراوەی ڕۆژئاوایی ڕەنگاوڕەنگ بووە).(الرباعي ١٩٩٤: ٤٨) جگە لەم زاراوەیە زاراوەکانی تری وەک (الصورة الفنية، الصورة البلاغية، الصورة البيانية، الصوره المجازيه، الصوره الشعريه) بەکارهاتوون. لە زمانی فارسیشدا هەردوو زاراوەی (تصوير شعرى و صورة خيال) خواستی لەسەرە، بەڵام دەستەواژەی (تصوير شعرى) بە گشتی قبووڵ کراوە. لە ئەدەبی کوردیشدا زاراوەی (وێنەی ئەدەبی و وێنەی شیعری و وێنەی هونەری...) بەرچاو دەکەون و بەکاردێن.

لە فەرهەنگی (المحیط)دا (وێنە لە پیتەکانی (ص، و، ر)دا پێکهاتووە، کە بە مانای (وێنە، فۆرم، ڕاستی، وێنە بۆ خەیاڵی شتێک، واتای وەهم، واتای پەیکەر دێت.) (بلمقنعي٢٠١٦: ٤٠) لە فەرهەنگی نۆبەرەی گێوی موکریانیدا کە فەرهەنگێکی (عەرەبی و کوردی)یە، ((صورة) بۆ واتای (نیگار، پێکەر، نەخش، شکڵ، شێوە، دیمەن) وەرگێڕدراوە.) (رضا ، ٢٠٢١: ٧)

چەمکی (وێنە) پێناسەی زۆری بۆ کراوە هەر لە کۆنەوە هەتاکو سەردەمی ئێستا و جیهانی تازەگەری، بەڵام (هەر هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی کۆتایی و جێگیر بۆ وێنە نالۆژیکیە، ئەوەش بە هۆی گۆڕانی بەردەوامی سروشت و بیری مرۆڤەکانەوە.) (صالح١٩٩٤: ١٩) ئەم پێناسەیە باس لە پرسێکی بنەڕەتی زانستی زمان و فەلسەفە دەکات. ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی تەواو و نەگۆڕ بۆ دیاردەی (وێنە) کارێکی ئەستەمە، چونکە هەم سروشت و هەم بیری مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕاندان. واتە تێگەیشتنمان لە وێنە و واتاکەی بەردەوام پەرەسەندوو دەبێت و ناتوانین پێناسەیەکی ساکار و هەمیشەیی بۆ دابنێین. یاخود وێنە بەم شێوەیە ناسێندراوە (دروستکردنی وێنەیە بە وشە، وێنە بنەمای تێگەیشتنی مرۆڤەکانە، بۆچوونێکی هەستییە، لە بونیادی فیکری شاعیر یان ئەدیب، لە ڕێگەی واتا زمانی و بارە دەروونی و توانا هونەرییەکان ئاشکرا دەبێت.)(مستەفا ٢٠١٧: ٨) لێرەدا تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی وێنە لە ئەدەبیات و هونەردا. بەپێی ئەم بۆچوونە، وێنە تەنها وەسفکردنێک نییە، بەڵکو بنچینەی تێگەیشتنی مرۆڤانەیە. وێنە لە ئەساسدا شتێکی هەستیی و سۆزداری یە، کە

لە دەروونی شاعیر یان نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێت. (ڕۆبرت ارزروز)ش دەڵێت: (ڕاست نییە، کە وێنە یەکێکە لە پایەکانی شیعر، بەڵکو ڕاستییەکە ئەوەیە کە بڵێین وێنە جەوهەری شیعرە، ڕوح و جەستەیەتی.) (باباعربی٢٠١٨: ٢٠) دکتور جابر احمد عصفوریش هاوڕای ڕۆبرت دەڵێ: (وێنەی ئەدەبی کرۆکی هەمیشەیی شیعرە.) (ئەمین ، ٢٠٠٩: ١٢) کەواتە وێنە بەڕوح و گیانی شیعر دادەنێن بەتایبەت لە سەردەمی شیعری هاوچەرخدا، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین ، کە ناکرێت پێکهاتەکانی تری شیعر لەبیر بکەین و تەنها وێنە بە پێکهێنەری شیعر بزانین، هەروەکو (جاکۆبسن) دەڵێت: (ناکرێت_تایبەتمەندییەکانی شیعر تەنها لەوێنەدا کۆ بکەینەوە.) (Лотман1972 :77) هەموو ئەو پێناسانەی کەپێشوتر باسکران گرینگی خۆیان هەیە چونکە هەر یەکەو جەختیان لەسەر چەند لایەنێکی وێنە کردووەتەوە، وە گرنگترین ڕەهەندی وێنەی شیعری بە پێی ئەو پێناسانە، ئەوەیە کە وێنە بەرهەمی چنینی زمانە و سەرچاوەکەشی زەینی مرۆڤە.

وێنەی شیعری لە دیدی ڕەخنە گرانی کۆن و نوێدا، سەرەتا بیر و بۆچونی ڕەخنەگرانی خۆرئاوا دەخەینە ڕوو، لە دواتریشدا ڕەخنەگرانی عەرەب و لەکۆتایشدا ڕەخنە گرانی کورد دەخەینە ڕوو.

سەرەتا باسی وێنەی شیعری دەکەین لە لای خۆرئاواییەکان یاخود لە ڕەخنەی خۆرئاواییدا، ئەگەر بمانەوێت باس لە وێنەی شیعری بکەین، بێگومان دەبێت ئاوڕێک لە ئەدەبیاتی فەیلەسوفانی یۆنانی بدەینەوە، کە بەرهەمەکانیان پارێزراون و ماونەتەوە، بۆ ئەمە سەرەتا دەچینە لای گەورە فەیلەسوفی یۆنانی (ئەفلاتون) دەربارەی وێنە دەڵێت: (هەموو شتێک لە بووندا لە هەر لایەکەوە سەیری بکەین پێویستە وێنەیەکی هەبێت، هەر ئەو وێنەیەش بەها جێگیرەکەی ئەو شتەیە.)(گەردی ، ٢٠٠٤: ٣٣) لێرەدا شاعیر وێنای کارەکانی خەڵک یان سروشت دەکاتەوە، وێنەی ئەوشتەیە، کە لە شتێکی تر دەچێت، واتا لاسایکردنەوەکە یان وێنەگرتنەکە دەقاودەقە. ئەرستۆش لەگەڵ مامۆستاکەی (ئەفلاتوون) هاوڕایەو دەڵێت: (شیعر هونەرە، هونەریش لاساییکردنەوەیە، شاعیریش وەکو وێنەگر و هەر لاسایکەرەوەیەکی تر لاسایدەکاتەوە. (احمد ٢٠١٢: ٣٠) هەروەها لەگۆشەیەکی دیکەوە دەڵێت: (وێنەکان جوان دەبن، ئەگەر گۆڕینێک لە خۆ بگرن، ئەمەش واتا وێنە ڕەنگە گۆڕینێک لە خۆ بگرێت، کە ئەوەش دەبێتە خواستن یان چواندن.) (عەلی٢٠٠٧: ٣٠) بەم شێوەیە ئەرستۆ بیرۆکەی لاسایکردنەوەکەی پێش خست و وێنەی پەیوەست کرد بە ڕەوانبێژی، بە تایبەتی هونەرەکانی (چواندن و خواستن) لە ڕەخنەی نوێی خۆرئاواییشدا دەبینین کۆمەڵێک پێناسەوە چەمکی جۆراوجۆر بۆ (وێنە) دانراوە، سەرەتای وێنەی هونەریش لە جوانناسیەکەی فەیلەسۆفی ئەڵمانی (هیگڵ) وەە(١٧٧٠-١٨٣١) دەست پێدەکات دەڵێت: (هونەر، وێنەی ڕۆحی دەکات بە وێنەی بینراوی دەرەوە، کە توانای بینین و بیستنی هەبێت.)(احمد ، ٢٠٢٢: ٣١) کە ئەمە بەسەرەتای برەوپێدانی وێنە دادەنرێت لە ڕەخنەی نوێدا.

لە ئەدەبی عەرەبیدا کۆمەڵێک بیر و بۆچوونی جیاواز دەربارەی وێنەی شیعری خراوەتەڕوو، سەبارەت بە کۆنترین دەربڕین دەربارەی وێنەی شیعری دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، کەدەیانخەینە ڕوو: هەندێک لە توێژەران پێیان وایە کۆنترین بۆچوون دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەکەی (خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهید)کە لەساڵی (١٧٥ی کۆچی)

کۆچی دوایی کردووە، کە دەڵێت: (شاعیران ناحەق لە وێنەی حەقداو حەقیش لە وێنەی ناحەقدا پیشان دەدەن) واتە شاعیران شازادەی قسەکردنن، بە ئارەزووی خۆیان شتە نزیکەکان دوور دەخەنەوە و دورەکانیش نزیک دەخەنەوە، درۆ بە بەرگی ڕاستییەوە وێنا دەکەن و ڕاستیش بە بەرگی درۆوە وێنا دەکەن.(اکتراب ٢٠٢٤: ٧٦)

هەندێکی تر لە نوسەران پێیان وایە کۆنترین لێدوان دەربارەی وێنەی شیعری لە کتێبی (ئاژەڵاندایە) کە لەلایەن (جاحظ بصری)یەوە لە ساڵی (٢٥٥ ی کۆچی)یەوە نوسراوە، کە دەڵێت : (شیعر جۆرێکە لە بونیادنان و جۆرێکە لە وێنە.)(بوردیم ٢٠١٦: ٥٤) ئەم بۆ چونەش لای توێژەران بەو مانایە دێت (توانای وژاندنی وێنەی بینراوە لە مێشکی وەرگردا، کە بیرۆکەکە یەکەمین چوونە ژوورەوەیە، یان ناساندنی پەیوەندی نێوان وێنەسازی و پێشکەشکردنی مانایە).(احمد ٢٠١٢: ٥٠) بەلەبەرچاوگرتنی هەردوو بۆ چوونەکە، دەتوانین بڵێین خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەڕاهیدی یەکەمین نوسەر بووە، کە باسی وێنەی شیعری کردووە،چونکە لە پێش جاحظی بصرییەوە ژیاوەو کۆچی دوایی کردووە.

لە ئەدەبی کوردیشدا هەر لە کۆنەوە بایەخی بە مەسەلەی شیعر داوە، هەر وەکو گەلانی جیهان کەم تا زۆر ئاوڕیان لە پێشکەوتنەکان و گۆڕانکارییەکان داوەتەوە، ئەگەرچی وێنەی شیعری بەو چەمکە تازەی ئێستا زۆرکەم لە شیعری شاعیرانی کۆن دەبینرێت، بەڵام ئاوڕیشیان لە وێنەی شیعری داوەتەوە، (کاکەی فەلاح) دەڵێت: (وێنەی شیعری لە سەردەمی ئەمرۆماندا بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی شیعر و پەروەردەکردنی بەهرەوچێژی ئەدەبی بایەخی زۆری پێدراوە و پێدەدرێت، یەکێکە لە بوارە تازانەی کە بەنسبەت شعری کوردییەوە ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و ئەو بایەخ وگرنگیەی پێ نەدراوە کە هەڵی دەگرێت.)(کاکەی فەلاح١٩٨٦: ٢٣) (دکتۆر ئیدریس عبدوڵلا)ش دەڵێت:(زۆربەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەوانەی وێنە دروست دەکەن، خزمەت بەو مەبەستەی واتا لە دەرەوەی دەق دەکەن) (عەبدوڵلا ٢٠٢٣: ١٠٥) واتا وێنەکانی ناو بابەتەکانی ڕەوانبێژی زیاتر لە مانایەک هەڵدەگرن دەکرێت بە بیر و هۆش هەستیان پێ بکەین و زیاتر وێنەکان وێنەی ڕووتی ڕەوانبێژی نین.

١-٢ تەوەرەی دووەم: چەمک و زاراوەی شەهید و شەهیدبوون

لە ئایینی مەسیحیدا کردەی شەهیدبوون (لە خاچدانی عیسای مەسیحە بە فەرمانی پۆنتیۆس پیلاتۆس. لەکۆی گشتی ئینجیلەکانی مەسیحییەکان هاتووە بۆ ئەوەی مردنی عیسا لەسەرخاچ وەک کردەیەکی شەهیدبوون لێکبدەنەوە، چونکە بۆ دابینکردنی لێخۆشبوون بۆ گوناهباران مردووە. Belanger & Sharvit & Caouette & Dugas, :495) (2014 ، کەواتە ڕیشەی چەمکی شەهیدبوون لە ئاینی ی مەسیحی بۆ خودی ڕووداوی لە خاچدانی عیسا مەسیح دەگەڕێنێتەوە.

لە ئاینی هیندۆسی شەهیدەکان بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوانەن، کە ئازاریان چەشت و ژیانی خۆیان بەخشی لە پێناو (نیشتیمانی دایک)، شەهیدەکان هەریەک لە خۆسوتێنەران و خەباتکاران دەگرێتەوە. هەروەکو ئەنتۆنیۆ تیرۆن دەڵێت: (لە کۆمەڵگای تبتییەکانی دەوروبەری هیندستان، ئەوانەی خۆیان سوتاندووە وەک شەهید و پاڵەوانی نەتەوەیی ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن و نەمر دەکرێن، ئەمەش بەڵگەی ناونانی ئەوانە بە (ڕاشۆ)

وشەکە لە زمانی تبتی کە هەم بە مانای (پاڵەوان) و هەم واتای (شەهید) دێت. (РЫЖАКОВА & :154) (РЕНКОВСКАЯ, 2022

لە ئایینی جوولەکەدا، جوولەکەکان لە کۆندا دەیان وت: (شەهیدبوون ئەزموون و نیعمەت و خۆشەویستی خودایە، کە تەنها دەیهێنێت بۆ جوولەکە.)(Boyarin 1998 :611) لەناو کولتووری جوولەکەی کۆندا، شەهیدبوون وەک (ئەزموون و نیعمەت و خۆشەویستی خودا) دەبینرێت.

چەمکی شەهیدبوون لە ئیسلامدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، کە لە سەرەتادا بە شێوەی بەرخودان لە پێناو باوەڕ دەستی پێکرد کاتێک موسڵمانە سەرەتاییەکان لە مەککە دەچەوسێندرانەوە، دواتر پەرەی سەند و کەسانی بەشداربوو لە شەڕ لە پێناو ئیسلام و هەروەها ئەوانەش کە بە هۆی نەخۆشی پەتا یان بە سەرکۆڕپەوە دەمردن، بە شەهید دانران.

شەهید)لە بنەڕەتدا لە وشەی یۆنانی (ماردیس) (μάρτυς) وەرگیراوە، کە دەبێتە (ماردیرۆس)، (ماردیریس)(μάρτυρος, μάρτυρες) ئەم وشەیە بە سادەیی بە واتای (شایەت، شاهید) دەگەیەنێت. ئەم وشەیە مێژوویەکی کۆنی دووروودرێژیی هەیە، کە لە زمانی یۆنانیدا لە سەرەتا بە شێوەیەکی سروشتی بەشێک بووە لە زمانی یاسایی دادگاکانی یۆنان، کە بۆ هەموو جۆرە چاودێری و ئیسپاتکردنێک بەکاریدەهێنا، بەڵام لە دوای ئەدەبیاتی مەسیحی لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی زاینی وشەکە خلیسکاو واتای (مردنی بەبێ هۆکار)ی گەیاند، کە لە زمانی لاتینیش هەمان مانای دەگەیاند.)(Bow-: 5 (ersock 2002

لە زمانی عەرەبیدا وشەی شەهید سیفەتێکە لەسەر وەزنی (فعیل) وەرگیراوە لە فیعلی (شهید، یشهد) کە بە واتای (شەهیدبوون) دێت، واتە ئەو کەسەی کە ئامادەیە. (السرحان وجاسم ٢٠٠١: ١١) ابن فارس دەڵێت: (شەهید لە ڕووی زمانەوە لە پیتەکانی (الشین، الهاء، الدال) ڕەنگێکن ئاماژەن بۆ ئامادەبوون و زانین وئاگادارکردنەوە ئەوەش (شایەتحاڵ)ییە، کە شەهید ئەو کەسەیە کە لە ڕێگای خودا دا کوژراوە. (ریان، ١٩٩٠: ١) الراغب الاسفهانیش دەڵێت: شایەتحاڵ و شایەتیدان لەگەڵ ئامادەبوون و چاودێری بە بینینە یان بیستن. (المسبحي ، ٢٠٠٨: ٢٢) بەو مانایەی وشەی (شەهید) لە ڕەگی (شهد) وەرگیراوە کە بە مانای (شایەتیدان) و (شایەتحاڵبوون) دێت. ئەم وشەیە واتای ئامادەبوون و چاودێریکردنی ڕاستەوخۆ دەگەیەنێت، چ لە ڕێگەی بینین یان بیستنەوە بێت یان شایەتی ڕاستییەک دەدات، یان ئامادەی ڕووداوێک بووە،

لە سادەترین چەمکەکانی شەهیدبوون) وابەستەیی مرۆڤە بە ئیرادەیەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک. (Belanger & Sharvit & Caouette: 496 (& Dugas, 2014 بەومانایەی پەیوەندی مرۆڤ بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک دەخاتە ڕوو کەجەخت لەسەر پەیوەندی نێوان بڕیاری کەسی و ئامانجی کۆتایی دەکاتەوە. لێرەدا، شەهیدبوون لە چوارچێوەی کردەیەکی خۆویست دایە، کە تاک بە وشیارییەوە هەڵیدەبژێرێت، نەک ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو. ئیرادەی مرۆڤ و ئامانجی باڵا دوو ڕەگەزی سەرەکی ئەم پێناسەیەن. لاس بالدوین سمس لە پەرتووکی (گەمژەکان ، شەهیدان ، خیانەتکاران)دا دەڵێت: (شەهید سەر بەو کۆمەڵە هەڵبژێردراوەی ژن و پیاوە کە ئەوەندە کۆنتڕۆڵی ڕەهاییوونی خۆیان دەکەن و بەهای وردی دەزانن، ئامادەن وازی لێبێنن، کە ژیان وەک ئەوەی لە مانگی ڕابردوو گرنگی نەبێت و فڕەی

دەدەن. (Smith 1997: 3)

ڕیوڤن فایرستۆن لە پەرتووکی (شەهیدبوون) دا باسی سەرەتایترین مانای شەهیدبوون دەکات و دەڵێت: (ئـازاردان و مردنێکی توندوتیژانەیە لە پێناو پابەندبوون بە یاسای (ئایینی، باوەڕ، یان هەر هۆکارێک) سەرەڕای هەڕەشە و فشار بۆ ئەوەی بە پێچەوانەوە ئەنجام بدرێت).(Firestone 2004 : 18) ڕیوڤن کەمێک بۆ سەرەتاییترین مانای شەهیدبوون دەگەڕێتەوە و دوو لایەنی سەرەکی دەخاتە ڕوو: یەکەم، ئازاردان و مردنی توندوتیژ، کە ڕەهەندی فیزیکی شەهیدبوونە. دووەم، پابەندبوون بە یاسا یان بیروباوەڕێک سەرەڕای هەڕەشە و فشار، کە ڕەهەندی مەعنەوی و ئەخلاقییە.

ئاینی ئیسلامیش سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ هەردوو چەمکی شەهید و شەهیدبوون، کەچەندین پێناسەو ڕای دەربارەی خراوەتە ڕوو، قوتابخانەی مالیکییەکان دەربــارەی شەهید دەڵـێن:)شەهید کەسێکە کە لە لایەن کافرێکی جەنگاوەرەوە بکوژرێت لە شەڕی نێوان موسڵمان و کافراندا، جا شەڕەکە لە وڵاتی موسڵمانان بێت یان کافران، ئەو موسوڵمانە بە چەقۆ یان بەرد یان هەر شتێکی تر بکوژرێت شەهیدە.)(المغربي ، ٢٠٠٩: ٧) لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (سەلامی خودای لەسەر) چەند جۆرێکی شەهید دەستنیشان کراون، کە لە فەرموودەیەکدا (٥) جۆر و لە فەرموودەیەکی تردا (٧) جۆر شەهید دەستنیشان دەکات کە ئەمانەن:

١. ئەوەی لە ڕێگەی خودادا بکوژرێت.
٢. ئەوەی بە نەخۆشی گەدە بمرێت.
٣. ئەوەی لە ئاودا بخنکێت.
٤. ئەو کەسەی بە هۆی هەوکردنی سییەکان دەمرێت.
٥. ئەوەی چەقۆی لێ بدرێت.
٦. ئەوەی دەسوتێت.
٧. ئەو ژنەی بە سەر منداڵ بوونەوە دەمرێت.
٨. ئەوەی لە ژێر ڕووخاندا دەمرێت.
٩. هەر کەسێک لە پێناو پاراستنی سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵیدا بکوژرێت.

زانایان جۆرێکی تریش لەناو فەرمودەکاندا دەستنیشان دەکەن کە ئەویش (گەڕانە بەدوای زانستدا واتە لە پێناو زانیندا بمرێت).(السرحان وجاسم ٢٠٠١: ١٣-١٩)

٢- بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی وێنەی شەهید لە شیعرەکانی شێرکۆبێکەسدا

لەم بەشەدا کار لەسەر ڕەنگدانەوەی شەهید و جۆری ئەو وێنە شیعریانە دەکەین کە شاعیر بنیاتی ناون لەناو دەقەشیعرییەکانیدا، کە ئەمانەن:

٢-١ شێوازی هەست گۆڕکێ

بریتییە لە بەکارهێنانی هەستێک لە جێگای هەستێکی دیکە یاخود پێدانی ئەرک و ڕۆڵی هەستێک بە هەستێکی تر بە ئامانجی دروستکردنی وێنەیەکی کاریگەر بەواتایەکی تر (هەڵسانی هەستەوەرەکانە هەریەکە بە ئەرکی هەستەوەرێکی تر جگە لە ئەرکە بنچینییەکەی خۆی، ئەو ئەرکەش لە زەینی شاعیر دروست دەبێت و دەیخاتە سەر یەکێک لە هەستەوەرەکان.)(گەردی ٢٠٠٤: ٢٣)بەو مانایەی شاعیران دەتوانن هەستەکان ئاڵوگۆڕ بکەن. لە کۆپلەیەکدا شاعیر لەوەسفی شەهید"شەماڵ"دا دەڵێت:

من "شەماڵ"م نەبینیوە
قەت دوو بەدوو
چاوی و چاوم
بەیەکەوە دانەنیشتوون.
دەستم قسەی

لەگەڵ دەستیا نەکردووە.
وەکوو تەرزەو وەکوو گڕە
قەت پێکەوە نەبینراوین
ئەو کەڵی ناو شاخان بووەو
منیش شیعرێکی شارنشین.
ئەو سەرچاوەی زەڵم بووەو
منیش شەقامێکی غەمگین. (بێکەس ٢٠٠٢: ٢٧٧)

لەم شیعرەدا، هونەری هەستگۆڕکێ وەک تەکنیکێک دەردەکەوێت کە شاعیر بەهرەمەندانە بەکاری هێناوە. کاتێک دەڵێت (دەستم قسەی لەگەڵ دەستیا نەکردووە)، هەستی قسەکردن کە بەشێوەیەکی سروشتی تایبەتە بە دەم و زمان، گوازراوەتەوە بۆ دەست. ئەم هەستگۆڕکێیە زۆر مەبەستدارە، چونکە شاعیر هێمای دەست بەکار دەهێنێت بۆ دەربڕینی پەیوەندییەکی نەکراوی فیزیکی و دۆستایەتی لەگەڵ شەهید شەماڵ، کە هەرگیز ڕووی نەداوە نە بە قسە و نە بە کردار. ئەو بەراوردییەکی پڕ لە واتا دەکات لە نێوان خۆی و شەماڵدا؛ شەماڵ وەک (کەڵی ناو شاخان) و (سەرچاوەی زەڵم) وێنا دەکات (هێمای سەربەستی و ئازایەتی) لە کاتێکدا خۆی وەک (شیعرێکی شارنشین) و (شەقامێکی غەمگین) دەبینێت (نیشانەی ژیانی شارستانی و خەم) ئەم بەراوردکردنە جیاوازی دوو ژیان دەردەخات: پێشمەرگە کە ژیانی بەختکردووە و شاعیریش بە وشە خەبات دەکات..

٢-٢ شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو

أ/ بەکەس کردن: ئاڵوگۆڕکردن و بەخشینی ئەندام و سیفەتی زیندووە بە مردووەکان، بەومانایەی (پێدانی سیفەتەکانی مرۆڤە بەو شتانەی کە مرۆڤ نین، یاخود زیادکردنی خاسیەتی ئادەمیزادە بۆ سەر ئەو شتانە یان بۆ گیانلەبەرانەی کە ئادەمیزاد نین جا ئەو شتە زیندوو بن یاخود بێگیان بن.)(عباس و حسین ٢٠٢٣: ٤٢٢) لە کۆپلەیەکدا لەوەسفی پێشمەرگەیەکی شەهیدا دەڵێت:

هۆ لوتکەی بەرز!
ئەوا ئێستە دەگەنە لات
مل هەڵبڕەو بەو هەورە تەنیایە بڵێ
کە گەیشتنە سێبەرەکەی
نمە..نمە.. با ببارێ
مل هەڵبڕەو سووک پێی بڵێ
شەهیدێکیان لەگەڵ دایە
ئەڕواتەوە بۆ دێکەی خۆی
لەوێ ئەنوێ
سوک پێی بڵێ
شەهیدێکە زۆر تینویەتی و ئاوی ئەوێ (بێکەس ٢٠٠٢: ٢٢٠)

شاعیر لوتکەی بەرزی وەک مرۆڤێک وێنا کردووە، چەندین سیفات و ئەندامی مرۆیی بە لوتکە بەخشیوە کە دەکرێت بەم شێوەیە ڕوونی بکەینەوە: ئەو ئەندامە مرۆییانەی کە شاعیر بە لوتکەی بەخشیوە بریتین لە: مل و گوێ و زمان. کاتێک شاعیر دەڵێت (مل هەڵبڕە) لوتکەی وەک کەسێک وێنا کردووە کە دەتوانێت ملی بەرز بکاتەوە بۆ سەیرکردنی هەور. هەروەها توانای قسەکردن و پەیوەندیکردنیشی پێ بەخشیوە کاتێک دەڵێت (پێی بڵێ)، واتە لوتکە دەتوانێت قسە بکات و پەیامێک بگەیەنێت. ئەمەش واتە لوتکە خاوەنی زمان و دەنگیشە. لەگەڵ ئەوەشدا، لوتکە دەتوانێت بیستەر بێت چونکە بانگی دەکات (هۆ لوتکەی بەرز) و دەتوانێت گوێ لە فەرمان و داواکاری شاعیر بگرێت.

لەم کەس بەخشینەدا، لوتکە وەک نێوەندێک دەردەکەوێت لە نێوان زەوی و ئاسمان، لە نێوان

ژیان و مەرگ. دەبێتە پەیامبەرێک بۆ گەیاندنی ئاواتی شەهیدێک کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دیکەی. شاعیر بەم کەسبەخشینە مانایەکی قووڵی سۆزداری و نیشتمانپەروەری بە شیعرەکە بەخشیوە و وێنەیەکی جوانی بەکەسکردنی دروستکردووە بۆ پێشوازی کردن لە شەهید. بە زمانێکی شیعری و سیمبولی مەرگ، گەڕانەوە، پشوودان و تینوێتی بۆ ئازادی بەیەکەوە گرێداوە و مانایەکی قووڵتر و بەرزتر بە شەهادەت بەخشیوە.

ب/ بەرجەستەکردن: بەخشینی هەستپێکراوێکی جەستەدارە بەو شتە ژیری و ناهەستیانەی کە خاوەنی جەستە نین واتا (بەرجەستەبوونی وشە ناهەستییەکانە، کە دەگوێزرێتەوە بۆ وشەیەکی هەستی و سیفاتی تازەی دەدرێتێ.)(کەریم و ئەمین٢٠٠١: ٣٧) واتە بەرجەستەکردن و گۆڕینی بیرۆکەو چەمکە زەینییەکانە بۆ شتی ماددی و هەستپێکراو. لە کۆپلەیەکدا دەڵێت:

هۆ!هۆ!هۆ!ئەی نیشتیمان
خۆ گوێت لێمە!
بە وچاوانەت،بە ئەوینت بە ئازارت
لەئێستەدا
بەتەنافی تەماشای تەڕێ منەوە،هەموو شەوێ
تک،تک،تک،تک
بەسەر قەڵەمی بێدارما
خوێنی شەهیدێکی تازەت ئەتکێتەوە!
(بێکەس ٢٠٠٢: ٦٥٨)

ئەم شیعرە لە ڕێگای تەکنیکی بەرجەستەکردنەوە نیشتمانی کردووە بە کەسێکی زیندوو کە دەبیستێت، دەبینێت، خۆشەویستی دەکات و ئازار دەچێژێت. شاعیر بەشێوەیەکی هەستیار و کاریگەر و لە ڕێگەی وێنەی بەرجەستەکردنەوە نیشتمانی کردووە بە بوونەوەرێکی زیندوو کە چەندین سیفاتی مرۆیی پێ بەخشیوە. کاتێک دەستپێکی شیعرەکە بە بانگکردنی (هۆ! هۆ! هۆ! ئەی نیشتیمان) دەست پێدەکات، ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی زیندوو دروست دەکات لەگەڵ نیشتماندا، وەک بڵێی کەسێکی نزیک و خۆشەویستە. شاعیر پێمان دەڵێت کە نیشتمان توانای بیستنی هەیە بە گوتنی (خۆ گوێت لێمە)، وەک کەسێک کە گوێی هەبێت و بتوانێت قسەکانی ببیستێت. هەروەها، نیشتمان وەک بوونەوەرێک وێنا دەکات کە خاوەنی (چاوان)ە، واتە توانای بینینی هەیە و دەتوانێت شاعیر و جیهانی دەوروبەری ببینێت. لەگەڵ ئەوەشدا، نیشتمان توانای ئەویندارى و خۆشەویستی هەیە کاتێک شاعیر باسی (ئەوینت) دەکات، هەستێک کە تەنها بوونەوەرە زیندووەکان هەیانە. دیارترین سیفاتی مرۆیی کە بە نیشتمان بەخشراوە توانای هەستکردن بە ئازارە کاتێک شاعیر دەڵێت (بە ئازارت)، کە دەری دەخات نیشتمان وەک مرۆڤ ئازار دەچێژێت لە ئەنجامی ستەم و کارەساتەکان. کاتێک دەڵێت (بەتەنافی تەماشای تەڕێ منەوە، هەموو شەوێ تک، تک، تک، تک بەسەر قەڵەمی بێدارما خوێنی شەهیدێکی تازەت ئەتکێتەوە!) لەم دێڕەدا شاعیر پەیوەندییەکی قووڵ لەگەڵ نیشتمان دروست دەکات. چاوی پڕ لە فرمێسک بووە بە (تەنافی تەماشای تەڕ)، کە پەیوەندییەکی نەپچڕاوی لەگەڵ نیشتمان نیشان دەدات. وێنەی (خوێنی شەهیدێکی تازە) کە هەموو شەوێک لەسەر قەڵەمی بێداری شاعیر دەتکێنێتەوە، دەریدەخات کە قوربانیدانی شەهیدان بووە بە سەرچاوەی ئیلهامی نووسین. دەنگی (تک، تک، تک، تک) ڕیتمی بەردەوامی زەمەن دەردەبڕێت، لەکاتێکدا ئاماژە بە (شەهیدێکی تازە) نیشانەی بەردەوامی خەباتە لە پێناو ئازادی نیشتمان.

٢-٣ شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ

زۆربەی شاعیران پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبەن، کاتێک شاعیر دیمەنێک یان وێنەیەک یان دیاردەیەکی لا گەلاڵە دەبێت وەکو خۆی نایگوازێتەوە، بەڵکو لە هەمبانەی خەیاڵیدا هەڵتەک هەڵتەکی پێدەکات و لە وێنایەکی وەسفی کاریگەرتر لەوەی پێشتر دەیخاتە ڕوو، چونکە بێگومان شاعیران دیدگاو خەیاڵ وهەستێکی ناسکتریان هەیە لە وەرگر، هەربۆیە دەبینین وێنەکان جیاوازتر و کاریگەرترن لەوێنە و دیاردە ڕەسەنەکان، چونکە (شاعیر وێنەکان وەک خۆی ناگوازێتەوە، بەڵکو خەیاڵی خۆی دەخاتە سەر وێنەیەکی جوان و قەشەنگ و دڵرفێنیان لێ دروستدەکات.)(عیسا ٢٠٠٩: ٩٧) ڕوونتر بڵێین بەشێکی زۆری وێنەکانی ناو هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەم جۆرەن. لە کۆپلەیەکەدا لەوەسفی شەهید فوئاد مەجید سوڵتانیدا دەڵێت:

وەکو نێرگز ساڵی جارێ
بەسەردانێ
ئەو دێتەوە
بەزریبارِدا دێتەوە
خەونەو لەپڕ پەیدا ئەبێ
ئەگاتە جێ و ورد چاوێکمان پیا ئەگێڕێ.
لەو وەختەدا
ئێمە ئەڵێی دارستانی بنارین و
ئەویش لە لوتکەی سەر ئەچێ.
(بێکەس ٢٠٠٢: ٦٨٨)

شاعیر لە مرۆڤێکی ئاسایی زیاتر دەکەوێتە ژێر دیاردە و ڕووداو و سروشت و باشتریش دەتوانێت تەعبیر لەو شتانە بکات و لەڕێگەی وێنەو وەسفی بەرز و قوڵ و فەلسەفی بەیانیان بکات و سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت. شاعیر وێنەیەکی هەستیاری شەهیدێک دەخاتە ڕوو کە ساڵی جارێک وەک نێرگز دەگەڕێتەوە بۆ سەردانی خۆشەویستانی. شاعیر بە شێوەیەکی ناسک و پڕ لە خەیاڵ، گەڕانەوەی شەهید وێنا دەکات؛ وەک خەونێک کە لەناکاو دەردەکەوێت. ئەم دیمەنە هەست و سۆزێکی قووڵ دەوروژێنێت، چونکە شەهید لە ڕێگەی زریبارەوە دەگەڕێتەوە – کە ئاماژەیە بۆ ناوچەیەکی سروشتی کوردستان و مەڵبەندی یادەوەرییەکان. کاتێک شەهید دەگەڕێتەوە، وردبینانە چاو بە خۆشەویستانیدا دەگێڕێت، وەک ئەوەی دڵنیا بێت لە باری ژیانیان. وێنەی بەراوردکردنی خەڵک بە (دارستانی بنار) و شەهید بە کەسێک کە لە (لوتکەی سەر ئەچێ) ئاماژەیە بۆ بەرزی و پیرۆزی پێگەی شەهید. لێرەدا شاعیر مەزنایەتی و بەرزی شەهید دەخاتە ڕوو، کە سەرەڕای نەمانی جەستەیی، هێشتا لە بیر و یادەوەری خەڵکدا بە پایەیەکی بەرز دەمێنێتەوە.

٢-٤ کەڵەکە بوونی وێنە (هێشوە وێنە)

بریتییە لە بەدوای یەکدا هاتنی چەند وێنەیەکی تاک، بە ئومێدی دروستکردنی وێنەیەکی گشتی کە زۆر جار لە شیعروقەسیدەی درێژدا ڕەنگ دەداتەوە و بەدیدەکرێت، کە ئەم کۆمەڵە وێنەیە لە ژێر سەقفێکی پەیوەندیدار بەیەکەوە ڕیزدەکرێن وێنەیەکی قەشەنگ بەیەکەوە بنیات دەنێین. لە کۆپلەیەکدا دەڵێت:

وەکوو هەتاو"زین" لەکوێ بێ
سێبەری "مەم" لەوێ بوو.
زەردەخەنەی گوڵ لە کوێ بێ
ماچی هەنگی خۆشەویستی لەوێ بوو.
مانگی ئازادیی کوردستان لەکوێ بووبێ.
خەرمانەی خوێنی شەهیدان لەوێ بووە.
(بێکەس ٢٠٠٢: ٢٩٦)

شاعیر دەیەوێت بە چەند وێنەیەکی تاک وێنەیەکی گشتیمان بۆ بکێشێت ، کە هەریەک لەو وێنە تاکانە بەشدارن و بەگوێرەی کاریگەرییەکەیان ڕۆڵیان هەیە لە بنیاتنانی. شاعیر لە ڕێگەی سێ دوانەی جوان وێنەی ئازادی کوردستان دەکێشێت کە سەرچاوەکەی خوێنی شەهیدانە. لە دوانەی یەکەمدا (زین و مەم) وەک هەتاو و سێبەر وێنا دەکات، کە تەواوکەری یەکترن و بوونی یەکێکیان بەبێ ئەوی تر بێمانایە. دوانەی دووەم (گوڵ و هەنگ) پەیوەندییەکی سروشتی و هاوسەنگ نیشان دەدات لە نێوان بوونەوەراندا. دوانەی سێیەم (ئازادی و شەهیدان) ئەو ڕاستییە دەربڕێت کە ئازادی بەبێ خوێنی شەهیدان مەحاڵە. لە (خەرمانەی خوێنی شەهیدان)دا شاعیر گەورەیی قوربانیدان دەردەخات و پەیامی سەرەکی ئەوەیە کە ئازادی هەمیشە پێویستی بە بەهایەک هەیە، هەروەک چۆن زین بەبێ مەم و گوڵ بەبێ هەنگ ماناکەیان لەدەست دەدەن.

٢-٥ لێکچواندنی لێکدراو

بریتییە لە چواندنی چەند شتێک بەیەک شت یان (وێنەی لێکدراو لەسەر بنچینەی وێنەکێشانی سیفەتی جۆراو جۆری یەک وەسفکراو بنیات دەنرێت.)(عباس و حسین ٢٠٢٣: ٤٢٧) بەو مانایەی چەند سیفەتێک بۆ یەک وەسفکراو بە کاردێت، واتا لێرەدا چەند (لەوچوویەک) ئامادەبن بۆ خزمەتی (لێچوویەک). لە کۆپلەیەکدا دەربارەی مامە ڕیشە دەڵێت:

مامە ڕیشە
ئەی پڵنگی چنگ بەگڕی گەرمیانم !
بەیتی تازەی توحفەی ئەمڕۆی کوردستانم
لە ماڵانی گوند بەگوندی هەڵقرچاوا
تۆ قوتیلکەی بەر هەیوانی.
داسی دروێنەو، هەتاوی
سەربانیژەی زستانانی .
مانگە شەوی هێشوی ڕەزی.
هاژەی چەم و وژە وژەی دارستانی.
ئاگری شوانی
وەکو باران
وەکو کانیی
وەک دەغڵ و دان
خۆشەویستی.
تو کوڕی بابەگوڕگوڕی
داستانێکی سەدەی بیستی! (بێکەس ٢٠٠٢: ٣١٤)

شاعیر لە ڕێگەی لێکچواندنی لێکدراوەوە کەسایەتی شەهید (مامە ڕیشە) بە زنجیرەیەک لەوچوو دەردەبڕێت، شاعیر (مامە ڕیشە) بە چەندین وێنەی هێمایی وەسف دەکات کە پێگە و گرنگی ئەم کەسایەتییە نیشان دەدات. وەک پڵنگی چنگ بەگڕی گەرمیان دەیبینێت (هێمای ئازایەتی) وەک بەیتی تازەی کوردستان (نرخ و تازەگەری) و وەک قوتیلکەی بەر هەیوان لە گوندەکاندا (ناوەندی کۆبوونەوە) هەروەها وەک داسی دروێنە (ڕەنج و بەرهەم) هەتاوی سەربانیژەی زستان (ڕووناکی لە سەختیدا) مانگەشەوی هێشو (جوانی و بەرەکەت) و ئاگری شوان (ڕووناکی لە تاریکیدا) وەسفی دەکات. شاعیر ئەویش بە دیاردە سروشتییەکانی وەک باران، کانی و دەغڵ دەچوێنێت کە هێمای خێر و ژیانن. لە کۆتاییدا وەک کوڕی بابەگوڕگوڕ و داستانی سەدەی بیست ناوی دەبات، کە ئاماژەیە بە ڕەچەڵەکی نەتەوەیی. بەم شێوەیە (مامە ڕیشە) نەک تەنها کەسێک، بەڵکو هێمایەکی نەتەوەییە کە بەهاکانی کۆمەڵگای کوردی لە خۆی کۆکردووەتەوە.

٣-٦ وێنەی شیعری لە ڕووی هەستی و ژیرییەوە(واتایی)

یەکەم/ وێنەی هەستی: هەموو ئەو دیاردانەی کە شاعیر لە جیهانی واقیع و خەیاڵدا هەستیان پێدەکات، دەیانگوازێتەوە بۆ جیهانی ناوەوەی، چونکە وێنەی هەستی (وێناکردنی جیهانی نـاوەوەی شاعیرە بە هەموو هەست و بیرکردنەوە و وەسەوەسەو و بیرۆکەکانییەوە.)(بومالی، ٢٠١٨: ١٢٧) شاعیر هەستی بینین و بیستن و بەرکەوتن و بۆنکردن و تامکردن لە ڕێگەی وشـەوە بەیان دەکـات و وەرگریش لەڕێگەی هەستەکانەوە درکی پێدەکات.

دووەم/ وێنەی واتـایی: زۆرێـک وێنە دەبینین لە ژیانی ڕۆژانــەدا، کە بـەر هەستەکانی مرۆڤ ناکەون چونکە هیچ قەبارە و بارستاییەکیان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە بوون و گرنگیان دەکەین، ئەم جۆرە وێنانە لە ڕێگەی عەقڵ و ئاوەز و ژیرییەوە هەست بەبونیان دەکەین، هەروەکو (جۆن دینس) دەڵێت: (دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ژیری، زۆر دوورە لە ڕەوانبێژی هەستەکانەوە، زیاتر بابەتی خۆشەویستی بە خۆیەوە دەگرێ، هەروەها دوورە لە وەسفی باو.)(عەلی ٢٠٠٧: ١٢٣) شاعیر لە کۆپلەیەکدا دەربارەی شەهیدکردنی سێ گەنجی شاری سلیمانی بەدەستی ڕژێمی بەعس دەڵێت:

مانگی پژان و هەڵوەرین، حەقدەی کانون،
لەڕۆژێکی خۆرەتاودا
لە بەردەم مەکتەبێکی حەپەساودا
لەپاڵ دیوارێکی نزما، ڕایانگرتن
ئەرخەوانبوون
ڕوویانکردە (پیرەمەگروون)
سێ ئاسکبوون
سێ ئاسکی (سلێمانی)
سێ جوانوی وەرزی قوربانیی.
سێ گۆرانیی.
سێ دارنەمام.
(سەردار) لقی دار چوالەبوو
یەکەم بەهاربوو گوڵ بگرێ
(هیوا).. ئەتوت کانیەکەوپێ ئەکەنێ
(ئارام)..بێچوە هەڵۆی چاوتیژ
ئەیویست بەر لەوەی پەڕ دەرکا
بەرەو حەسارۆست هەڵفڕێ!
لەپاڵ دیوارێکی نزما ڕایانگرتن
شریخەیەک و دووان و سیان و چوار و دە
تفەنگ.. خۆرەتاو ئەکوژێ!
تفەنگ خوێنی گوڵەکەنم
بەسەر شەقامدا ئەڕێژێ!   (بێکەس ٢٠٠٢: ٦٠٨)

لـە ڕووی وێـنـەسـازیـیـەوە، شـاعـیـر وێـنـەی شـەهـیـدەکانی لـە ڕێـگـەی چـەنـدیـن لێکچواندنی هونەرییەوە بەرجەستە کردووە، کە ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر هەستی بینین و بەرکەوتنی خوێنەر. لێکچواندنی شەهیدەکان بە (سـێ ئـاسـک)، (سێ جوانوی وەرزی قوربانی)، (سێ دارنەمام) هەروەها لێکچواندنی تایبەت بۆ هەر شەهیدێک ((سـەردار) وەک لقی داری چـوالـە و(ئـــارام) وەک بێچوە هەڵۆی چاوتیژ) پێکهاتەیەکی دیداری دەوڵەمەندی خوڵقاندووە. وشەکانی (ئەرخەوان)، (پیرەمەگروون)، (دیوار)، (خۆرەتاو)، (تفەنگ) و (خوێن) هەموویان بەشدارن لە دروستکردنی ئەو وێنە دیدارییەی کە خوێنەر بەر هەستی بینین و بەرکەوتنی دەکەوێت. شاعیر لە ڕووی هەستی بیستنەوە، توانیویەتی لە ڕێگەی وشـەکانی (گۆرانی) و (شریخە)ی تفەنگەکان، بارگاوی دەنگی بۆ وێنەکە زیاد بکات. ئەم وشانە وێنەیەکی بیستن دروست دەکەن.

لە لایەکی تـرەوە، شاعیر توانیویەتی سنووری

هەستەکان تێپەڕێنێت و لە ڕێگەی چەمکە واتاییەکانەوە هەندێک وێنەی واتایی بخولقێنێت، کە بەر هەستە فیزیکییەکان ناکەون، بەڵکو لە ڕێگەی بیر و ئاوەزەوە درک دەکرێن. نموونەی "پێکەنینی کانی"، "خوێنی گوڵەگەنم" و "خۆرەتاو ئەکوژێ" وێنەگەلێکی واتایین کە تەنها لە ڕێگەی تێگەیشتنی هزری و هێماییەوە دەشێت درکیان پێ بکرێت. تێکەڵکردنی هەستە فیزیکییەکان (بینین، بیستن، بەرکەوتن) و وێنە زەینییەکان کە دەسەڵاتی هزر و ئاوەز تێیاندا زاڵە، شیعرەکەی لە وێنەی سادەوە بەرز کردووەتەوە بۆ وێنەی هونەری. شاعیر توانیویەتی تابلۆیەکی تەواو و هەمەلایەنە لە تراژیدیای مەرگی سێ شەهیدەکە بکێشێت.

٢-٧ وێنەی دەروونی

بریتییە لەو وێنانەی کە دەروونی شاعیر یان تاکەکان بەیان دەکات، لەم بارەوە (پاوەند) دەڵێت: (وێنە پیشاندانی لێکدراوێکی دەروونی و سۆزدارییە، لە ساتێکی کاتدا.)(الجنابي٢٠١٩: ٢٠٣) هەر لە کۆنەوە وێنە دەروونییەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ ناخ و دەروونی شاعیردا هەبوو هەمیشە لە خزمەت شاعیراندا بوون بۆ گەیاندنی هەست و نەستەکانیان بە تایبەت ئەو هەستانەی کە ناتوانرێن ڕاستەوخۆ بەرجەستە بکرێن، وێنەی دەروونی ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ. لە کۆپلەیەکدا لەوەسفی شەهید "جەمیل ڕەنجبەر"دا دەڵێت:

سەعاتێ زیاترە لە چاویام
تەماشای خۆر ئەکەم
سەعاتێ زیاترە لە دڵیام
گوێ ئەگرم لە خوێن و سەر ئەنێم
بەسنگی خاکەوە. (بێکەس ٢٠٠٢: ٢٨٧)

شاعیر بە وێنەیەکی هەستیار و کاریگەر دەربڕینی هەست و تێڕامانی دەروونی خۆی دەکات بۆ هاوڕێ شەهیدەکەی. کاتێک دەڵێت (سەعاتێ زیاترە لە چاویام تەماشای خۆر ئەکەم)، دەشێت خۆر وەک هێمایەک بێت بۆ یادەوەری و ڕووناکی گیانی جەمیل ڕەنجبەر. خۆر هێمای بەردەوامی و نەمری و درەوشانەوەیە، هەروەک چۆن یادی شەهید لە بیروباوەڕی نەتەوەییدا بەردەوام درەوشاوەیە. کاتی دەڵێ (سەعاتێ زیاترە لە دڵیام گوێ ئەگرم لە خوێن) دەربڕینی ئازار و خەمی قووڵی شاعیرە بۆ لەدەستدانی هاوڕێکەی. گوێگرتن لە لێدانی دڵ نیشانەی ئەو خەمەیە کە هێشتا لە سینگی شاعیردا دەژیت. هەروەها دەشێت ئاماژە بێت بۆ ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە لەگەڵ خوێنی شەهیدان بەستوویەتی. یان (سەر ئەنێم بەسنگی خاکەوە) وێنەیەکی کاریگەرە بۆ پەیوەندی شاعیر بە گۆڕی هاوڕێکەی و ئەو خاکەی کە جەستەی شەهیدی لە ئامێز گرتووە. لێرەدا خاک دەبێتە شوێنی پەیوەندی نێوان دوو هاوڕێ، یەکیان زیندوو و ئەویتریان شەهید. لە دواتر کاتێک دەڵێت (سەعاتێ زیاترە من ئەوم، ئەو منە)، دەیەوێت بڵێت کە ڕۆحی ئەو و جەمیل تێکەڵبوونە، یادەوەری و ئامانجەکانی جەمیل ڕەنجبەر بەشێک بووە لە ناسنامەی شاعیر. شاعیر خۆی بە بەردەوامی ڕێگای هاوڕێ شەهیدەکەی دەزانێت، و هەست دەکات ئەرکی سەرشانیەتی بەردەوام بێت لەو ڕێگایەدا.

٢-٨ وێنەی هێمایی (ڕەمزی)

ڕەمز یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکان بۆ شیعر، کە (شاعیران هەمیشە مەبەستەکانیان لە پشت ڕەمزەکانەوە حەشار داوە، بەمەش جۆرە وێنەیەک بەرپا دەبێت کە پڕیەتی لە نیشانە وە بۆ تێگەیشتن لەم وێنە هێماییانە پێویستە خوێنەر لێکدانەوەیەکی

وردی بۆ بکات.)(حەسەن و حسێن٢٠٢١: ٢٨)
شاعیر لە شیعرێکدا دەڵێ:

لەدوای (مەسیح)
خاچ بوو بەنیشانەی دییان
- ئەی بۆ شەهیدی کوردستان؟!
-من نیشانەو
مەدالییای
سێدارەیەک دروست دەکەم
هەتا یەک یەک
بیدەن لەیەخەو بەرۆکتان.
(بێکەس ٢٠٠٢: ٢٤٨)

لەم دەقە شیعرییەدا، شاعیر چەند ڕەمز و هێمای گرنگی بەکارهێناوە کە پەیوەندییان بە ئایین، مێژوو و نیشتمانپەروەرییەوە هەیە. (مەسیح) ئاماژەیە بۆ پێغەمبەر عیسا. (خاچ) ڕەمزی سەرەکی ئایینی مەسیحییە و ئاماژەیە بۆ قوربانیدان و خۆبەختکردن. شاعیر بەراوردی دەکات لەگەڵ نیشانەی شەهیدانی کوردستان کە پێشنیاز دەکات (سێدارە) بێت وەک هێمایەک بۆ قوربانیدان و ستەملێکراوی گەلی کورد. سێدارە لێرەدا بووەتە مەدالیا و نیشانەیەک کە دەبێتە شانازی و بەڵگەی خەباتی نەتەوەیی. شاعیر بە شێوەیەکی هونەری ڕەمزەکانی ڕێکخستووە تا پەیوەندییەک لەنێوان چەمکی قوربانیدان لە ئایینی مەسیحی و قوربانیدانی نیشتمانپەروەرانی کورد دروست بکات، هەروەها شانازییەک لە ڕەمزی ئازار (سێدارە) دروست دەکات کە گۆڕاوە بۆ نیشانەی سەربەرزی و شەرەف. ئەم ڕێکخستنە هونەرییە بەهێزە، ڕەمزی ئایینی و نەتەوەیی تێکەڵ دەکات بۆ دروستکردنی وێنەیەکی کاریگەر لە پیرۆزی قوربانیدان بۆ نیشتمان. وێنەی هێمایی سەرەکی لەم شیعرەدا (سێدارە)یە کە شاعیر دەیکاتە هێمایەک بۆ شەهیدانی کوردستان. سێدارە لێرەدا ڕەمزی ئازار، قوربانیدان و ستەمی مێژوویی دژی گەلی کوردە. شاعیر بە تووڕەیی و خەمەوە دەڵێت کە ئەو نیشانە و مەدالیایەک لە شێوەی سێدارە درووست دەکات تا خەڵک بیدەنە یەخەی خۆیان، وەک بیرهێنانەوەیەک بۆ ئەو قوربانییانەی کە شەهیدانی کورد پێشکەشیان کردووە.

٢-٩ وێنەی لێکچواندن

یەکێکە لەهەرە وێنەبەربڵاوەکانی دونیای شیعر، کە زۆربەی شاعیران لەبەرهەمەکانیان ڕەنگیان پێداوەتەوە، چونکە (ئاسانترین جۆری ئەو پێکهێنە ڕەوانبێژیانەیە کە وێنە بونیاد دەنێت، شاعیر زیاتر سەربەست دەبێت و مەودایەکی فراوانیشی لە بەردەمدا دەکرێتەوە.))عبدوڵلا و میرە و حمەفەرەج، ٢٠٢١: ٦) هەروەکو شاعیر لە کۆپلەیەکدا دەڵێت:

ئەوان هێشویەک ئەستێرەی شین بوون
بۆ دوارۆژی کورد ئەجریوانەوە
ئەوانیش کێردی نامەردی و قین بوون
بۆ سەربڕین ئەبریسکانەوە.
(بێکەس ٢٠٠٢: ٢٩٣)

شاعیر لێکچواندنێکی جوان دەکات بۆ قوربانییەکان و بکوژەکان: (ئەوان هێشویەک ئەستێرەی شین بوون) – لێرەدا لێکچواندنی تەواوە. قوربانییەکان بە (ئەستێرەی شین) لێکچوێنراون، کە وێنەیەکی زۆر جوانی هیوا و ڕووناکییە. (هێشویەک) واتە کۆمەڵێک پێکەوە، کە ئاماژەیە بە یەکگرتوویی و کۆمەڵیبوونی قوربانییەکان. لێچوو (ئەوان)ە (قوربانییەکان) لەوچووە (ئەستێرەی شین)ە. (بۆ دوارۆژی کورد ئەجریوانەوە) – واتە ئەو ئەستێرانە بۆ داهاتووی گەلەکەیان ڕووناکیان دەبەخشی. (ئەوانیش کێردی نامەردی و قین بوون) – لێرەدا لێکچواندنێکی

تر هەیە. بکوژەکان بە (کێردی نامەردی و قین) لێکچوێنراون، واتە چەکی پڕ لە ڕق و کینە و نامەردی. لێچوو (ئەوانیش)ە (بکوژەکان) لە وەچوو (کێردی نامەردی و قین)ە. (بۆ سەربڕین ئەبریسکانەوە) – ئەمە دژایەتی تەواوی دێڕی دووەمە. لە کاتێکدا قوربانییەکان بۆ ڕووناکی و ئایندە دەدرەوشانەوە، بکوژەکان بۆ سەربڕین و کوشتن دەبریسکێنەوە. ئەم دوو لێکچواندنە بۆ دروستکردنی دژایەتی بەکارهێنراون – یەکەمیان وێنەیەکی جوان و پڕ لە هیوا و ڕووناکییە، دووەمیان وێنەیەکی ترسناک و پڕ لە توندوتیژی و ڕقە.

٢-١٠ وێنەی خواستن

خواستن یەکێکە لەهونەرە دیار و چڕەکانی ڕەوانبێژی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا. عبدلقاهر الجرجانی هونەری خواستن بە پایە بڵندتر دادەنێت لە هونەری لێکچواندن و دەڵێت: (خواستن پێگەیەکی بەرزتری هەیە لە لێکچوواندن، چونکە خواستن پوختتر و کورترە، توانای سەلماندنی مەبەستدارتری هەیە.) (الجنابي ٢٠١٤: ١٣٤) دەبین کە باسی لە گرنگترین تایبەتمەندی کردووە کە ئەویش کورتبڕییە، واتە بەکەمترین وشە زۆرترین مانابدات بەدەستەوە، ئەو پێی وایە تەیبەتمەندی کورتبڕی لەخواستندا باشتر بەرجەستە دەبێت. هەروەکو شاعیر لە کۆپلەیەکدا دەربارەی شەهید جەمیل ڕەنجبەر دەڵێت:

بۆ ئەڕۆی ئەی ئاسکە سورەکە
بۆ ئەڕۆی !
بۆ ئەڕۆی ئەی مانگی
کاکۆڵ ئاڵ بۆ ئەڕۆی ؟!
بەم شەوە بۆ ئەڕۆی!
باران و ڕەهێڵە
دەتوخوا هەر ئەشڕۆی
گوڵاڵەی زامێکی سەرسینگت
لەلای من جێ بهێڵە. (بێکەس ٢٠٠٢: ٢٨٩)

ئەم شیعرە وێنەیەکی خەمناک و پڕ سۆزە بۆ شەهید جەمیل ڕەنجبەر. شاعیر وێنەیەکی شیعری جوان دروست دەکات، لە ڕێگەی چەند وێنەی خواستنەوە باس لە کۆچی شەهید جەمیل ڕەنجبەر دەکات. شیعرەکە سەرتاپا پرسیار و داواکارییە بۆ ئەوەی ئەو کەسە خۆشەویستە نەڕوات و بمێنێتەوە. وشە خواستراوەکان ئاسکە سورەکە: خواستنێکە بۆ شەهید جەمیل. ئاسک نیشانەی جوانی، ناسکی و بێتاوانییە. سوور بوونیش ئاماژەیە بۆ خوێن و شەهادەت. شاعیر جەمیل بە ئاسکێکی سوور وێنا دەکات کە هاوکات جوان و ناسکە و خوێنی لێ دەچۆڕێت، مانگی کاکۆڵ ئاڵ: خواستنێکی دیکەیە بۆ جەمیل ڕەنجبەر. مانگ نیشانەی ڕووناکی و ڕێنیشاندەرە، کاکۆڵ ئاڵیش (کاکۆڵی سوور) دیسان ئاماژەیە بۆ خوێن و قوربانیدان. واتە شەهید جەمیل وەک مانگێک بووە ڕووناکی بەخشیوە بە گەلەکەی. گوڵاڵەی زامێکی سەرسینگ: ئەمەش خواستنێکی زۆر بەهێزە. گوڵاڵە گوڵێکی سوورە و لێرەدا وێنەیەکی شیعرییە بۆ برینی سەر سنگی شەهید. شاعیر داوا دەکات هیچ نەبێت ئەم برینە (یادەوەرییە، قوربانیدانە) لای ئێمە بەجێ بهێڵێت، واتە یادی لە دڵماندا بمێنێتەوە.

٢-١١ وێنەی درکەیی

درکـە یـەکێکە لـەو توخمـانـەی کـە شاعیر لـە پێکهێنانی وێنەکانیدا پـەنـای بـۆ دەبـات، کە شانبەشانی لێکچواندن و خواستن گرینگیەکی زۆری هەیە، چونکە (بەشدارە لە پێکهێنانی وێنە لە خۆیدا بەبێ ئەوەی تێکەڵ بە توخمەکانی دیکە بێت،

بۆیە بە یەکێک لە تایبەتمەندییە ڕوونەکانی وێنە دادەنرێت لەناو شیعر و قسە خۆشی و نووسیندا، لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە لە شوێنێکدا دێت شیاوی ئەویی نییە و ڕوون و ئاشکرانییەو لە هەمان کاتدا پشت بە کورتییەکەشی دەبەستێت.) (سلمان، ٢٠١١: ١٠٤) بەو مانایەی درکە بنەمایەکی گرنگی وێنەی شیعرییە، کە بەتەنها دەتوانێت وێنە دروست بکات بێ ئەوەی پێویستی بە هونەرەکانی تر هەبێت. شاعیر لە کۆپلەیەکدا دەربارەی شەهید مامەریشە دەڵێت:

کۆببنەوەو هەستنە سەرپێ
سەرهەڵبڕن!
بازێک شەلاڵی خوێناوەو
تۆزێکی تر
بەم ناوەدا تێئەپەڕێ!
ڕوەوقەندیل
بەسەر هەورازی شەختەدا
نزم ئەفڕێ (بێکەس ٢٠٠٢: ٣١٣)

لەم دەقە شیعرییەدا، شاعیر وێنەیەکی درکەی زۆر بەهێزی بەکارهێناوە. شاعیر وشەی (باز) ی درکاندووە بۆ وەسفکردنی مامە ریشە. ئەمە درکەیەکی ڕوونە کە تێیدا مامە ریشە بە بازێک وێنا دەکرێت کە (شەلاڵی خوێناوە). باز نیشانەی ئازایەتی، بەرزی، پاکی و ڕاوکردنە، هەروەها سیمبولی ئازادییە لە کولتووری کوردیدا. شاعیر لە ڕێگەی ئەم درکەوە وێنەیەکی بزۆکی کێشاوە بۆ شەهیدەکە، کە وەک بازێکی بریندار (شەلاڵی خوێناو) نزم دەفڕێت بەرەو قەندیل و بەسەر هەورازی شەختەدا تا دەگاتە لوتکە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕێگای خەبات و شەهیدبوونی مامە ریشە و گەیشتنی بە ئامانجی بەرز و پیرۆز. ئەم درکەیە هێزێکی گەورەی بەخشیوە بە وێنەی شیعرییەکە و توانیویەتی مانای قوربانیدان، فیداکاری، بەرزی و گەورەیی ڕێگای خەبات و شەهیدبوون لە کەسایەتی مامە ریشەدا دەربخات.

ئەنجام

شێرکۆ بێکەس زۆر بە وریایی و شارەزاییەکی تەواوەوە وێنەی شەهیدانی هەرچوارپارچەی کوردستانی کێشاوە. ئەمەش بە شێکی ئەو ئەزموونەیە کە لە ناو واقیعەکەدا ژیاوە. لە شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی هونەریانە وێنەی هەستی و واتاییەکانی بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی شەهیدان. شاعیر لە جیاتی زمانی ڕاستەوخۆ، بە ڕەمز و هێما شیعریەکان شەهادەتی وەک ئەزموونێکی قووڵی مرۆیی نیشانداوە. هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە، چونکە دەیویست شەهیدان لە چوارچێوەی مردنی ئاساییدا نەبینرێن، بەڵکو وەک خۆشەویستانی زیندوو و کاریگەر پێشکەش بکرێن. شاعیر زۆرجار سروشتی بۆ وێناکردنی شەهیدان و دەربڕینی هەستە قووڵەکانی بەکارهێناوە، چونکە سروشت توانای وێناکردنی ئەو هەستانەی هەیە، کە زۆرجار قسە ناتوانێت لێی دەربڕێت.

سەرچاوەکان

به کوردی

– ئەمین، عەبدولقادر محەمەد (٢٠٠٩) وێنەی شیعری لەڕێبازی ڕۆمانسی کوردی دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

– بێکەس،شێرکۆ (٢٠٠٢) دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی.

– رضا، ئیدریس عبدالله (٢٠٢١) وێنەی شیعری لە دیوانی (تەمەن)ی (ئەحمەد محەمەد)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

– عیسا، هاوژین سڵێوە (٢٠٠٩) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

– عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٢٣) واتا لەدەرەوەی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

– گەردی، سەردار ئەحمەد حسن (٢٠٠٤) بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا (١٩٧٠-١٩٩١) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

– مستەفا، د.ئیدریس عبدالله (٢٠١٧) دەقناسی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

– احمد، مەریوان حمەکریم (٢٠٢٢) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری(سالم)دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– شارەزا ،کەریم (١٩٩٧) وێنەی شیعری کوردی لە هەردوو باری جولاو و چەسپاودا، گۆڤاری (رامان) ژمارە (١٥)

– عەلی، د.طاهر محەمەد (٢٠٠٧) وێنەی کاریکاتێری لەچەند شیعرێکی داشۆرینی(شێخ رەزای تاڵەبانی)دا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی) ژمارە(٢٢) کانونی یەکەم.

– عباس و حسین، لانه رضوان و پ.ی.د.جبار احمد (٢٠٢٣) بنیاتی وێنەی شیعری لە شیعری (مستەفا بەگی کوردی)دا، گۆڤاری(قەڵای زانست) ژمارە(١) بەرگی (١)

– عبدوڵڵا و میرە و حمەفەرەج، کانیاو بەکر و ئەحمەد محەمەد رەشید و دیلان سەلام (٢٠٢١) وێنەی شیعری لە شیعرەکانی"سالم"دا، گۆڤاری(زانکۆی گەرمیان) ژمارە (١) بەرگی (٨) نیسان.

– .کاکەی فەلاح (١٩٨٦) وێنەی شیعری چییە؟، گۆڤاری(کاروان) ژمارە(٤٩) تشرینی یەکەم، ساڵی پێنجەم.

– کەریم و ئەمین ، د.زایەر لەتیف و عبدولقادر محەمەد (٢٠٠١) بنیاتی وێنە لە شیعری ڕۆمانتیکی کوردیدا، گۆڤاری(زانکۆی سلێمانی) ژمارە(٥)

به عەرەبی

– الرباعي ، عبدالقادر (١٩٩٤) دراسات حديثة في الصورة الشعرية تاريخا و منهجا، مجلة (دار المنظومة العدد(١٣) المجلد(٤) سبتمبر.

– البصير، د.كامل حسن (١٩٨٧) بناء الصورة الفنية في البيان العربي، الجمع العلمي العراقي، عراق.

– السرحان وجاسم، محي هلال و احمد حسوني (٢٠٠١) الشهيد فى الاسلام، منشورات منظمة المؤتمر الإسلامي شعبي، بغداد.

– المسبحي، الدكتور عادل جاسم صالح (٢٠٠٨) الشهيد في السنة النبوية من واقع الكتب الستة ، ط١، شركة ومكتبة الإمام الذهبي ، الكويت.

– المغربي، أبو أسامة (٢٠٠٩) رسالة الفريد في تبيان فضل الشهيد (جواب السؤال حول إرسال الثواب للشهيد) مكتبة النور.

– الجنابي، جمال خضير (٢٠١٩) الصورة الشعرية في جنار نامق، ط١، دار غيداء للنشر و التوزيع، الاردن.

– الجنابي، جمال خضير (٢٠١٤) وسائل تشكيل الصورة الشعرية عند فوزي الاتروشي، ط١، داروﻣﻜﺘﺒﺔ عدنان، بغداد.

– بلمقنعي ، د.عمر (٢٠١٦) مفهوم الصورة و حضورها

في النقد الادبي عند العرب والغربيين، مجلة (التواصل في اللغات و الآداب) العدد(٤٦) حزيران.

– صالح، بشرى موسى (١٩٩٤) الصورة الشعرية في النقد العربي الحديث، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت.

– باباعربى، فطيمة الزهرة (٢٠١٨) حجاجية الصورة الشعرية في شعر احمد عبد الكريم، رسالة الماجستير،كلية الاداب واللغات، جامعة قاصدي مرباح–ورقلة.

– ريـان، نـزار عبد القـادر محمد (١٩٩٠) أحاديث الشهادة والشهيد جمع وتصنيف وتخريج ودراسة لما يتعلق بالشهيد، رسالة الماجستير،كلية الدراسات العليا ، الجامعة الأردنية.

– سلمان، حسام تحسين ياسين (٢٠١١) الصورة الفنية في شعر ابن القيسراني عناصر التشكيل والابداع، رسالة الماجستير،كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية.

– اكتراب ، د.المصطفى (٢٠٢٤) الصورة الشعرية في الدراسات العربية والغربية، مجلة (ابن خلدون للدراسات و الابحاث) العدد(٨)المجلد(٤) سبتمبر.

– بومالى ، د.حنان (٢٠١٨) تشكيل الصورة الشعرية في النص الشعري العربي المعاصر، مجلة (كلية الآداب و اللغات) العدد(٢٣) حزيران.

– بورديم ، أ.د.عبدالحفيظ (٢٠١٦) جمالية الصورة الشعرية– قراءة في الاصول والدلالات، مجلة (دراسات) حزيران.

بە ئینگلیزی

-Bowersock, G. W (2002), MARTYRDOM AND ROME, Cambridge University Press, First impresslon, Cambridge.

- Smith, Lacey Baldwin (1997), Fools, martyrs, traitors: the story of martyrdom in the Western /world, Second impresslon, Northwestern University Press Evanston, Illinois.

-Belanger, J. J., Sharvit, K., Caouette, J., & Dugas, M. (2014), The psychology of martyrdom: Making the ultimate sacrifice in the name of a cause. Journal of Personality and Social Psychology, 107(3), American Psychological Association.

-Boyarin, D. (1998), Martyrdom and the making of Christianity and Judaism. Journal of Early Christian Studies, (64.)

-Firestone, R. (2004). Martyrdom. Journal of Early Christian Studies, January.

بە ڕووسی

- Лотман, Ю. М. (1969), Как читать стихи: Анализ поэтического текста, Издательство (ПРОСВЕЩЕНИЕ), Ленинград

- РЫЖАКОВА & РЕНКОВСКАЯ, СВЕТЛАНА & ЕВГЕНИЯ (2022), Смерть за идеалы и почитание за смерть: к вопросу о мученичестве и его возможных моделях в культуре Индии, № 40(1), Государство, религия, перковь в России и за рубежом.

الملخص

هذا البحث دراسة تحليلية لصورة (الشهيد في شعر شيركو بيكەس). يحتل الشهيد مكانة خاصة كرمز ثقافي وقومي في المجتمع الكردي، وخاصة عند الشاعر الراحل شيركو بيكەس الذي كان له تجربة شخصية كمقاتل بيشمركة ورفقة مع الشهداء في شعره، لا يصور الشهيد فقط كرمز للتضحية، بل كقوة حية ومستمرة تمنح الحياة للنضال القومي حتى من خلال الموت. تنبع أهمية هذا البحث من عدم وجود دراسات سابقة وندرة المصادر باللغة الكردية حول هذا الموضوع. خلص البحث إلى أن شيركو بيكەس قد نجح في رسم صورة فنية لشهداء كردستان باستخدام المفردات الكردية الأصيلة، وفي قصائده يصبح دم الشهيد ماء يغذي الوطن ويقوده نحو الحرية. المنهج المتبع في هذا البحث هو المنهج)الوصفي والتحليلي). و لذا فان دراستي هذه تكمن في قسمين: ففي القسم الاول نذكر صورة الشهيد و مفهومه، والاصطلاح والتعابير النقدية لدى النقاد مرة، و مفهوم الشهيد والتعرف عليه في مرة أخرى. ويحتوي القسم الثاني انعكاسات صورة الشهيد وأنواع الصور في قصائد الشاعر بشكل عملي.

الكلمات المفتاحية: شيركو بيكەس،الصورة، الشهيد، تضحية، الكورد.

Abstract

This research is an analytical examination of the image of the martyr in Sherko Bekas's poetry. The martyr holds a special place as a cultural and national symbol in Kurdish society, particularly for Sherko Bekas who had personal experience as a Peshmerga fighter and companionship with martyrs. In his poetry, the martyr is depicted not merely as a symbol of sacrifice, but as a living and continuous force that gives life to the national struggle even through death. The significance of this research stems from the absence of previous studies and the scarcity of Kurdish-language sources on this subject. The research concluded that Sherko Bekas successfully created an artistic portrayal of Kurdistan's martyrs by using authentic Kurdish vocabulary, and in his poems, the martyr's blood becomes water that nourishes the homeland and leads it toward freedom. The methodology followed in this research is descriptive and analytical. This study consisted of two parts: First: discuss poetry images and term and share the ideas of the critics, on the other hand martyrs will be discussed as term theoretically .Second: discussing the importance of martyr's image and its type in the sherko bekas's poem empirically.

Keyword: sherko bekas's, image, martyr, sacrifice, Kurd.

وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١٥
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٢٠

بەرجەستەکردنی گومان لە هەردوو توخمی کارەکتەر و زمان لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی کاروان کاکەسووردا

هاوژین مستەفا عەبدوڵڵا،
قوتابی ماستەر- ئەدەب، بەشی کوردی
کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
com.gmail@Hawjinh775

پ.د. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی،
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان،
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
krd.edu.su@shekhmohammad.Sangar

پوختە

گومان وەک توخمێکی بنەڕەتی لە داڕشتنی ڕۆمانێکدا کاردەکات، ڕەنگە زۆرجار تاکە پاڵنەری نووسین و دروست کردنی ڕۆمانێک بوو بێت، چونکە گومان دەبێتە ئامرازێک بۆ لێکۆڵینەوە و پرسیار و بیرکردنەوە لە ڕاستییەک یان زیاتر لە ڕاستییەک، ڕۆماننووسیش بە ئامێزگرتنی گومان، چوارچێوەیەکی هونەری بۆ پرسیارەکانی دادەڕێژێت، لە ڕێگەی قسە و کەسایەتی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە گومانەکانی دەخاتەڕوو، هەروەها گومان پێکهاتە و ئاراستەی چیرۆکەکە لە قاڵب دەدات و خوێنەران بانگهێشت دەکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ گەشەسەندنی ڕۆمانەکە بەشداری بکەن. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەبارەی پەیوەندی گومان بەتوخمەکانی گێڕانەوە پێشکەش بکەین، لەم ڕۆمانە گومان وەک ڕەگەزێکی سەرەکی کاردەکات، لە دەسپێکی ڕۆمانەکە تا کۆتایی وەک سێبەر بوونی هەیە، لە یەک کاتدا کاریگەری لەسەر گەشە سەندنی پلۆت و لەسەر پەرەسەندنی کارەکتەرەکانیش هەیە، گێڕانەوەکە لە ڕێگەی ساتەکانی نادڵنیایی و دوودڵییەوە، لە پرسیارە فەلسەفییە ئاڵۆزەکان سەبارەت بە متمانە و باوەڕ و واقیع دەکۆڵێتەوە.

کلیلە وشە: گومان، ڕەخنەی نوێ، گێڕانەوە، ڕۆمان، بەرجەستەکردن.

پێشەکی

گومان لەمێژە لایەنێکی بنەڕەتی ئەزموونی مرۆڤ و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی بووە، وەک کاتالیستێک بۆ پرسیارکردن لە گریمانەکان و گەڕان بە دوای ڕاستییە ئاڵۆزەکاندا، لەم دواییانەدا گومان لە ناو ئەدەبی هاوچەرخدا گرنگییەکی نوێی وەرگرتووە، هانی خوێنەر دەدات بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ گێڕانەوەکەدا سەرقاڵ بن و متمانەی کارەکتەرەکان و خودی چیرۆکەکەش بخەنە ژێر پرسیارەوە. (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی (کاروان عومەر کاکەسوور) نموونەیەکی بەرچاوە لە بەکارهێنانی گومان وەک ستراتیژییەتێکی گێڕانەوە.

ئەو پرسیارانەی لەم توێژینەوەیە دەخرێنە ڕوو ئەمانەن: چۆن گومان وەک ئامرازێکی گێڕانەوە لە ڕۆمان بەکاردەهێنرێت؟ چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان گومان و توخمەکانی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا هەیە؟ ڕۆڵی گومان چییە لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان خوێنەر و کارەکتەرەکاندا. گومان بەشدارییەکی نوێ لە بواری شیکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا پێشکەش دەکات و لە دەقی ئەدەبی بە تایبەتی لە ڕۆماندا بووەتە یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی گێڕانەوە، هەروەها دەرگا بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەبارەی چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆکی نووسەرانی نوێی کورد دەکاتەوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گومان و توخمەکانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا، تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری گومان لەسەر ڕۆڵی خوێنەر. بەڵام لە بارەی پێکهاتەی توێژینەوەکە و کێشەی داڕشتن، جگە لە پێشەکی و لیستی سەرچاوەکان ، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا: چوارچێوەیەکی تیۆری لەبارەی زاراوەی گومان و جۆر و ئاستەکانی باسکراوە، لە بەشی دووەمیشدا بە شێوەیەکی پراکتیکی بەرجەستەکردنی گومان لە هەردوو توخمی کارەکتەر و زمان لەناو دەقی ڕۆمانی دیاریکراو دەدۆزینەوە و شییدەکەینەوە.

١. پێناسەی گومان

گومان (حاڵەتێکە لە بێ توانایی لە یەکلایی کردنەوەی ڕاوبۆچوونێک، کە مرۆڤ تیایدا دەژییێت و تایبەتە بە زانیارییەکی دیاریکراو، لە سۆنگەی ئەوەی ڕاستە یان هەڵەیە، جا ئەگەر بە لای ئەوەدا چوو کە ڕاست و دروستە، پێی دەگوترێت مەزندە (تخمین)، بەڵام ئەگەر کەسەکە لە حاڵەتی نێوان ڕاست و هەڵە بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، ئەو کاتە پێی دەگوترێت گومان- شک)(النجاح نیت٢٠٢٠: ١)

ئیبن حەجەر (٨٥٠هـ/١١٤٨م) ئاماژە بەوە دەدات (گومان زاراوەیەکە و بە واتای ڕاوەستان لە نێوان دوو کاردا دێت، هیچ کامێکیان لەوی دیکە پەسەندتر و جیاوازتر نییە).(بن الحجر ٢٠١٠، ج٦: ٤١٣)، واتە دوو دڵی لەنێوان دوو شت کە کەسی ژێر ناتوانێت یەکێکیان بەسەر ئەویتریان سەربخات، یان دۆخێکی ناسەقامگیری ناوەکییە لە بارەی دروستی یان هەڵەیی شتێک، کە تیایدا مرۆڤ ناتوانێت بە تەواوی دڵنیا بێت لە ڕاستی یان چەوتی شتێک.

لە فەرهەنگی فەلسەفەدا بەمجۆرە پێناسەی گومان کراوە: (دوودڵی و ڕاڕاییە لە نێوان دوو هاودژی یەکتری، کە عەقڵ هیچیان بەسەر ئەوەی دیکەدا ناسەپێنێت، ئەوەش بە هۆی نیشانە و ئاماژەی یەکسان لە هەردوو لایەنی بڕیارەکە، یان بەهۆی نەبوونی هیچ ئاماژەو نیشانەیەک لە نێوانیان) (صلیبا١٩٨٢: ٧٠٥-٧٠٦)، کەواتە چەمکی گومان بەکارهاتووە بۆگەیشتن بە ڕاستی.

(لەسەردەمی یۆنانییەکاندا چەمکی گومانکاریان بۆئەو کەسانەی کە زۆر بەوردی بیردەکەنەوە

بەکاردەهێنا یان بەدوای ساغکرنەوەی ڕاستی شتەکان دا چوون) (بدوي١٩٨٤: ١٦). گومان وەک مامۆستایەکی توند وایە کە وامان لێدەکات پرسیار بکەین، بگەڕێین، بیر بکەینەوە.

(غەزالی) (٤٥٠-٥٠٥) دەڵێت: (گومانەکان ڕێگەی گەیشتنن بە ڕاستی، ئەوەی گومان نەکات تەماشا ناکات، ئەوەی تەماشاش نەکات نابینێت، ئەوەی نەشبینێ بە کوێری دەمێنێتەوە) (الطویل١٩٥٨: ٤٤٠)، غەزالی لێرەدا گومان وەک قۆناغێکی پێویست و سوودبەخش لە گەشەکردنی مەعریفی و ڕۆحی مرۆڤدا دەڕوانێت، نەک وەک شتێکی نەرێنی، ئەمەش لە هەندێک ڕووەوە پێشەنگییەکە بۆ ئەو بیرکردنەوە ڕەخنەییەی کە دواتر لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا لەلایەن کەسانی وەک دیکارت و کانتەوە پەرەی پێدرا.

(گومان بەرهەمی عەقڵێکی بەئاگایە و ئاراستەیەکی فەلسەفییە، کەسی گومانکار دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ بۆ دوورخستنەوە لەنەزانی دەیگرێتە بەر) (مهدوي ١٣٧٦: ١١-١٣) ، واتە کەسی گومانکار لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قووڵ، نەک لەبەر نەزانین دەگاتە حاڵەتی گومان، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕەیە کە گومان دەبەستنەوە بە نەزانین و کەمزانینەوە.

دیکارت (١٥٩٦- ١٦٥٠) دەڵێ: (پێویستە بە چاوی گومانەوە سەرنجی هەموو شتێک بدرێ، بەوەی ساختەیە، هیچ جارێک شتێک بەڕاست دانانێم، ئەگەر دڵنیا نەبم لەوەی کە ڕاستە، واتە خۆم لە بڕیاری خێرا و پێشەکیانە دەبوێرم، دەربارەی هیچ شتێک بڕیار نادەم، ئەگەر ئەو شتە بەڕوون و ئاشکراییەکی ئەوتۆ نەکەوێتە بەر بیرم و نەیزانم، کە دەرفەتی هیچ گومان لێکردنێک نادات) (دیکارت ٢٠١٦: ١٥٩)، هەروەها دیکارت زیاتر پێ دادەگرێ و پێیوایە کە (ژێری ئەوەیە متمانە بە کەسێک نەکەین، ئەگەر بۆ جارێکیش فریوی دابین و فێڵی لێ کردبین، جا ئەگەر هەندێک جار هەستەکان لە شوێنی متمانەی خۆیاندا نەبوون، ئەدی چۆن لە هەموو جارەکان متمانەیان پێ بکەین)(فضل الله١٩٩٦: ٨٨) ، ئەمەش ڕێگایەکە دیکارت بۆ دۆزینەوەی دڵنیایی پێداگیری لەسەردەکات،کە مرۆڤ هەمیشە بەچاوی گومانەوە لە هەموو شتێک بڕوانێت، تا دەگاتە دڵنیایی تەواو، مەبەستی دیکارتیش لێرەدا ئەوە نییە کە زانین ڕەتبکاتەوە،بەڵکو دەیویست بنەمایەکی پتەو بدۆزێتەوە بۆ زانین.

٢. ئاستەکانی گومان

٢-١. گومانی شایەتی کەم جێی بڕوا

شایەتی شایەتحاڵ یەکێکە لەباوترین جۆرەکانی بەڵگە لەدادگاکاندا، ئەو بەڵگانەی پێشکەشی دەکەن، دەرئەنجامی دادگاییەکە دیاریدەکات. شایەت ئەو کەسەیە دەشێت هێشتا زیندوو بێت و توانای ئەوەی هەبێت قسە بکات و شایەتی بدات، بە جۆرێک هەریەک لەم ڕستانەی دواتر ببنە وتراوێکی شایەتەکە: من لەوێ بووم، من بینیم، من دەتوانم بە خەڵکی ڕابگەیەنم، لەم پێناسە سێ لایەنەدا، شایەت دەبێت هەموو ئەم سێ مەرجە سەرەکییەی تێدا بێت کە بریتییە لە بوونی لەوێ، بینینی ڕووداوەکە و توانای گواستنەوەی ڕووداوەکە(Sasu 2013:7)، ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەپێدانە، ئێمە چەند متمانە بە شایەتحاڵەکان بکەین، وەک سەرچاوەیەکی زانین.

٢-٢. گومانی خەون ئامێز

پرسی گومانی خەون ئامێز یەکێکە لە بەناوبانگترین پرسەکانی فەلسەفە، دەکرێت لە ڕێی ئەم پرسیارەوە بە سادەیی بخرێتە ڕوو:

چی دەتوانێت پاسادان بۆ باوەڕی کەسێک بکات کە لە هەر ساتێکی دیاریکراودا ئەو بەئاگایە و نەنووستووە؟ ئەم کێشەیە بە نزیکی پەیوەستە بە (ڕامانی یەکەم)ی دیکارتەوە، بەڵام بە درێژایی مێژووی فەلسەفە باسکراوە و هێشتاش سەرنجی تاک ڕادەکێشێت، دەکرێت کێشەکە وا تێبگەین کە دەپرسێت چۆن دەتوانین پاسادانی ئەوە بکەین کە باوەڕمان بەوەیە لە ساتێکی دیاریکراودا بەئاگاین، لەکاتێکدا دەزانین هەندێک جار بەئاگاین و هەندێک جاریش لە خەودا خەون دەبینین، هەروەها دەکرێت وا پرسیارەکە بکرێت کە بپرسێت چۆن دەتوانین پاساو بۆ ئەوە بهێنینەوە کە باوەڕمان بەوەیە هەمیشە لە نێو خەوندا نین و هەرگیزیش بەئاگا نین، لێرەدا کێشەکە جۆرێکە لە گومانی نێو جیهانی دەرەکی، چۆن دەتوانیت پاساو بۆ ئەوە بهێنیتەوە کە باوەڕت هەیە کە هیچ کاتێک سەبارەت بە سروشتی ئەزموونەکەت فریو نەدراویت؟ دەتوانین وا بیر لە یەکەمیان بکەینەوە کە جۆرێکە لە گومانی سنووردار و دووەمیانیش جۆرێکە لە گومانی بێسنوور)(Gregory 2023:2968)، گومان بەدواداچوونەکانمان بۆ ڕاستدەکاتەوە، هانمان دەدات بۆ گەیشتن بە سنوورەکانی زانین و تێگەیشتن.

٣-٢. گومانی پیتۆڵی شەڕانگێز

دیکارت وەها باس لە گومانی پیتۆڵی شەڕانگێز دەکات کە وەک دوا قۆناغ و لوتکەی گومانبێت، پێش ئەمەش بەدواداچوون بۆ شێوازەکانی تری گومان دەکات، لەوانە پرسیارکردن لە متمانەپێکراوی تێگەیشتنە هەستیارەکان، لەبەرچاوگرتنی ئیمکانیەتی شێتی و بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە جیانەکردنەوەی خەونەکان و واقیع (Andrews 1998:48)، ستراتیژی دیکارت ئەوەیە کە گومانەکانی هەنگاو بە هەنگاو قووڵتر دەکات، بۆ ئەوەی بگاتە گومانی هەرە بنەڕەتی، کە دوای ئەوە بتوانێت شتێک بدۆزێتەوە نەتوانێت گومانی لێ بکات، بەڵام ئەم گومانە هەموو شتێک دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنانەت ئەو شتانەی لێیان دڵنیاین، وەک ئەوەی ٢+٣=٥ یان چوارگۆشە چوار لای هەیە، دەکرێت تەنیا فریودان بن.

فەیلەسوف مۆیاڵ شارۆک ڕەخنە لە گومانەکانی دیکارت دەگرێت و بانگەشەی ئەوە دەکات، دیکارت بە شێوەیەکی دروست ئەوەی لە ڕووی لۆژیکییەوە مومکینە (واتە شتێک کە لە ڕووی تیۆرییەوە مانای هەیە) جیاناکاتەوە لەو شتانەی لە ڕاستیدا لە واقیعدا مومکینن، ئەم گومانە شەڕانگێزییە تەنیا دەکرێت لە حاڵەتی خەیاڵکردن و وێناکردنندا مومکین بێت، نەک لە نێو ژیانێکی ڕاستەقینەدا، هەروەها پێیوایە دیکارت وەها مامەڵە لەگەڵ گومانە شەڕانگێزییە گریمانەییەکەی خۆیدا دەکات، وەک ئەوەی لە واقیعدا هەبێت، نەک تەنیا تاقیکردنەوەیەکی وێنایی و لێکدانەوەیی بێت، بەهۆی ئەم هەڵەیەیان بەو ئەنجامە دەگات کە دەستگەیشتن بە زانینی ڕاستەقینە مەحاڵە، یان کات بەفیڕۆ دەدات لە هەوڵی پووچەڵکردنەوەی سیناریۆیەکی تەواو خەیاڵیدا (Noaparast Bagheri 2025:29).

٣. پەیوەندی گومان بە توخمەکانی گێڕانەوە

٣-١. پەیوەندیی نێوان گومان و کارەکتەر

کارەکتەر بەتوخمێکی گرنگ و سەرەکی دەقە گێڕانەوە ئامێزەکان دادەنرێت، چونکە (کەسەکان ئەوەندە گرنگن کە دەبنە هۆی بەیەکەوە گرێدانی هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی وەک (زمان ، کات، شوێن)، واتە ئەوان ناوەندی کارلێککردنی

پەیوەندییەکانن، نەجم ئەڵوەنی لەبارەی کارەکتەرەوە دەڵێت: (کارەکتەر یەکێکە لەتوخمە سەرەکی و گرنگەکانی ڕۆمان و بەبێ ئەو هیچ ڕۆمانێک نانووسرێت و سەرجەم ڕووداوەکانی هەر ڕۆمانێک پەیوەندی بەژیان و کارو کردەوەی کارەکتەرەوە هەیە)(ئەڵوەنی ٢٠٠٩ : ٩)،کارەکتەر وەک هێزێکی بزوێنەری لێدێت، کەهەموو توخمەکانی تری ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە.

سەنگەر حاجی لەمەش ئەولاتر دەچێ و دەنووسێ: (ئەگەر هەریەکێک لەتوخمە سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی پەیوەندی بەئەوی ترەوە هەبێت، ئەوا کارەکتەر پەیوەندی بە هەمووانەوە هەیە و گۆڕان و مانەوە و تەنانەت هەستکردن بە بوونیان لەکارەکتەرەوە سەرچاوە دەگرێ) (حاجی ٢٠٠٩: ١٧٣)، کەواتە کارەکتەر چەقی گێڕانەوەیە و هەموو توخمەکانی تر لەخزمەتی ئەودا دەبن، ئەمانەش هەموویان لە خزمەت ئەو بیرۆکە و ڕوانینانە دەبن کە ڕۆماننووس هەیەتی، چونکە (ڕۆمان ڕێگە بە نووسەرەکەی دەدات کە لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە دیدگا فیکرییەکانی و تێڕوانینەکانی ژیانی سەبارەت بە واقیع دەرببڕێت کە بەنیازە بیکاتە ئامرازێک بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکان، بۆ گەڕان بەدوای شتە شاراوەکان بەو ئومێدەی لە واقیع تێبگاو کێشەکان چارەسەر بکا، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕن لە وروژاندن و گەڕان بەدوای وردەکارییەکانی واقیعی زیندوو و ڕەهەندە دیار و نەبینراوەکانیدا) (هناوي ٢٠١٩)، ڕۆمان دەبێتە پردێک لەنێوان نووسەر و خوێنەردا و هۆکارێکیشە بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کێشە ئاڵۆزەکاندا.

یەکێک لەو کێشانەی کە لە ڕۆمان باس دەکرێ بریتییە لە پرسی گومان و نادڵنیایی، لەوێدا (جەخت لەوە دەکرێتەوە کە نادڵنیایی تەنیا توخمێکی بابەتیی نییە، بەڵکو لایەنێکی بنەڕەتییە لە گەشەکردنی کارەکتەر و پێکهاتەی گێڕانەوە لە چیرۆکی خەیاڵی پۆستمۆدێرندا، نووسەران دەڵێن تێگەیشتن لەم دەربڕینە ناڕاستەوخۆیانە بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی ئەزموون و ناسنامەی کارەکتەرەکان زۆر گرنگە (zaluzhna 2023: 40-47)، دەبینین کەچۆن ململانێ ناوەخۆییەکان، لەوانەش گومان، دیمەنی دەروونی کارەکتەرێک لە قاڵب دەدەن.

ئەم جۆرە ململانێیە کاتێک ڕوودەدات کە (کارەکتەرێک لەگەڵ خۆیدا ناکۆک بێت، لەوانەیە گومان، نائەمنی، یان پرسی کەسی لەخۆبگرێت، کە تەحەدای کارەکتەرەکە بکات، ئەم ململانێیە زۆرجار بەدواداچوون بۆ لایەنە قووڵەکانی پاڵەوانەکە دەکات و دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەسی و خۆدۆزینەوە) (Feccomande:2023)، ئەم جۆرەی ململانێی ناوەخۆییە بەوە جیادەکرێتەوە لە ململانێی دەرەکی کە ڕەنگە دوژمنەکە خودی کەسەکە خۆیەتی یان بیرکردنەوە و هەستەکانیەتی، کە ئەمەش گێڕانەوەکە قووڵتر دەکاتەوە، کە پەیوەندی بەئەزموونی مرۆڤەکانەوە هەیە.

گومان (ئامرازێکە نووسەران بۆ دروستکردنی کاریگەری لەناو ڕۆماندا بەکاریدەهێنن) (kyrpy-ta:2019)، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات هەمیشە لە مەراق دابن و بەردەوام بێت لە خوێندنەوە بۆ گەیشتن بە کۆتایی و ئەنجامی چیرۆکەکە.

٤. جۆرەکانی گومان لە ڕۆمانەکەدا

٤-١. گومانی سروشتی کارەکتەر

ئەگەر سەیری ڕۆمانەکە بکەین زۆر کەم کارەکتەرێک دەدۆزینەوە لەم ڕۆمانە گومان نەکات، ڕەنگە هەندێکیان بۆ گەیشتن بە ڕاستی

بێت و هەندێکیش بۆ خودی کەسەکە بگەڕێتەوە، ڕەنگە چەند هۆکارێک هەبن کە ئەم گومانەی لا دروستکردوون بۆنموونە ئەزموونی ڕابردوو، شێوازی ژیان هتد... بۆ نموونە لە کەناڵی یەکەمدا، ئامانج باسی گومانی خۆی دەکات لەبارەی (سەرۆ مەنجەنیق) ئەو کاتەی کە لە شاخ بوون، کە ئایا بۆچی ئێمە هەموومان بەردمان دەگوێزایەوە؟ مەبەستەکەش تەنیا لای سەرۆ مەنجەنیق بوو... ئامانج دەڵێ:

(چ ئازارێکە تۆ قورسترین بەردت پێ بێت و نەزانی چ مەبەست و چ ئامانجێکت لەم ڕاگوێزانەوەیەدا هەیە..(کاکەسوور٢٠١٢: ١٨)، ئاواز شەوێکیان لێی پرسی: (باشە تۆ کاتێک بە بەرد شەڕ دەکەیت و لە دوژمنیان دەگریت، ئەوە مانای ئەوە نییە تۆ بەدەستی خۆت بەردەکان لە شوێنی خۆیان لادەبەیت و دووریان دەخەیتەوە....؟! (کاکەسوور٢٠١٢: ١٩). وێڕای ئەوەی هەڵگرتنی ئەو بەردە ئەزەلییە و ڕۆماننووس لە سیزیف وەریگرتووە، ئەم دیالۆگانە دەریدەخەن کە چۆن کارەکتەرەکان لەناو تۆڕێک لە گومان و دوو دڵیدا ژیان بەسەردەبەن، لێرەدا (سەرۆ مەنجەنیق) وەک کارەکتەرێکی بەگومان و نادڵنیا نیشان دەدرێت، گومان بووەتە پاڵنەری هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان و ڕێگرییان لێدەکات لە گەیشتن بە ڕوونی یان پێشکەوتنی یەکلاکەرەوە.

هەروەها کاتێک شۆڕش پرسیار لەمام ئەنوەر دەکات لەبارەی برینەکانی سەری، لە وەڵامدا مام ئەنوەر دەڵێت: (ئەمانە چیرۆکی خۆیان هەیە... هەندێکیان بەدەستی پێشمەرگە و هەندێکیان بەدەستی جاش شکاون)(کاکەسوور٢٠١٢: ٥٧)، لێرەدا ئامانج دەکەوێتە گومانەوە کەئایا بەدەستی کامیان بریندار بووە؟! نووسەر لێرەدا زۆر زیرەکانە خوێنەریش دەخاتە گومانەوە وەک ئامانج، ئایا مام ئەنوەر پێشمەرگە بووە یان جاش یان هەردووکیان...؟! چونکە وەڵامدانەوەی مام ئەنوەر و هەڵسوکەوتی دەبێتە هۆی ئەوەی هەم کەسەکانی دەوروبەری و هەمیش خوێنەر گومانی لێی هەبێت، بەتایبەتی کاتێک شۆڕش لێی دەپرسێت:(لە پێشمەرگایەتی برینداربوویت؟! ئەویش دەڵێ: ئا و نا، بەڵام وازم لێ بێنە، ناتوانم تێت بگەیەنم) (کاکەسوور٢٠١٢: ٥٧)، وەڵامە ناڕوونەکەی مام ئەنوەر بووەتە هۆی سەرلێشێواوی و بێزاری لای هەموو ئەوانەی چاوەڕێی ڕوونکردنەوە بوون.

ئامانجیش کارەکتەرێکی گوماناوییە و باس لە داپیرەی دەکات کە چۆن بە دزییەوە دەچووە سەرگۆڕی کچەکەی و دەگریا.. چەند جارێک منیشی دەبرد...پێی دەگوتم: (بە کەس نەڵێی ئێمە چووینەتە سەر گۆڕی پوورت، بە دەم گریانەوە پێی دەگوتیت: هەموویان لە پەروین تۆراون کەسیان نایانەوێ قسەی لەگەڵدا بکەن) ئامانج دەڵێ: نەمدەزانی بۆچی نەمدەتوانی پێی بڵێم ئاخر ئەم مردووە، مردوو چۆن قسە دەکات؟! ((کاکەسوور٢٠١٢: ٧٦)، داپیرەی ئامانج بە دەنگێکی ورياوە نهێنییە لەمێژە نێژراوەکان ئاشکرا دەکات، کە زۆربەی کات بە نهێنی دەمێنەوە و قسەیان لەبارەوە ناکرێت، ئامانج گومانی هەیە لەوەی کە لە ڕابردوودا چی ڕوویداوە، بۆیە داپیرەی ئەم نهێنییانەی بۆ باس دەکات. نووسەر دەیەوێت لە ڕێگەی گومانی ئامانجەوە وێنایەکی شاراوەی کۆمەڵگەیەکی داخراو نیشان بدات.

وێڕای ئەوەی ئامانج خۆی کارەکتەرێکە مێشکی پڕ گومانە، هەڵسوکەوتەکانی کاریگەریی لەسەر کارەکتەرەکانی دیکەش دروست دەکات و بە گومانیان دەخات. ئەو باسی ئەو نامەیە دەکات کە سۆزان بۆی ناردووە، سۆزان لە نامەکەدا دەڵێ: (چەند حەزدەکەم نەخۆشییەکەت هۆی نەهاتنت

بێت، بەڵام دڵم پێم دەڵێت وانییە...! سۆزان گومان لەبارەی نەخۆشیەکەی ئامانج دروست دەکات، کە ئایا بەڕاستی نەخۆشە یان پاساو دەهێنێتەوە تا من نەبینێ؟!(کاکەسوور٢٠١٢: ٩٣)، لێرەدا گومانی نائارام و ترسە درێژخایەنەکان سۆزانی لە نێوان گومان و خۆشەویستیدا هێشتووەتەوە.

دلارام کارەکتەرێکی دیکەی ڕۆمانەکەیە و ئەویش گومان دەکات، بەڵام گومانی ئەو جیاوازە، ئەو گومان لەوە دەکات جوانیی جارانی مابێ، کە هاوسەرەکەی (وەک قسەی هەتاو)، پێ لەخشتە بردووە، بەڵام هەتاو دەڵێ: (وانییە، وانییە... ئێستاش لە من و لە هەزار کچی ئەم شارە جوانتری) (کاکەسوور٢٠١٢: ١٦٢)، زۆرجار هەستەکانی ژن دوای هاوسەرگیری دەگۆڕدرێن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەرپرسیارێتییە تازەکان و خۆشەویستی و ئەزموونەکانی گەشەکردنی کەسییە، وا دەکات گومان لە بەهاکانی پێشووی خۆی بکات.

ئازاد باسی ئەوە دەکات ئەو کاتەی چووەتە ماڵی (سامیە خان) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عیماد و ئیمان، دەڵێ: سامیە خان بەجۆرێک گوماناوی سەیری دەکردم خۆم گومانم لەخۆم دەکرد، دواتر پێی دەڵێت:(گوێت لێبێت، من ژنێکی ساویلکە و نەفام نیم، هەتا کەس بتوانێت پاشقوڵم لێ بگرێت، ئازاد دەڵێ: من هیچ لەو قسانە تێناگەم؟!! دەڵێ: چاک دەزانی مەبەستم چییە، خوێڕی ... ئێستا ملت دەشکێنێت و دەچێتە دەرێ... هەتا ژیانیشت ماوە نەک بیر لەم ماڵە، بەڵکو بیر لە کۆڵان و گەڕەکیشمان بکەیتەوە، هاوار بە حاڵت... چ خۆم و چ منداڵیشم هەر شتێکمان بەسەر بێت، ئەوە یەخەی تۆ دەگرم) (کاکەسوور٢٠١٢: ١٧٦)، سامیە خان پارەی لە ئازاد وەرگرتووە، بەڵام نایەوێ ئەو قەرزە لێکەوتەی دیکەی هەبێت و ئازاد بۆ هیچ کارێکی ناپەسند بەرانبەر خۆی و منداڵەکانی بەکاربێنێ.

بابەتی پارە لەنێوان ئازاد و سامیە خان، عیماد و ئیمان و شێرزادیشی خستووەتە گومان، کە ئایا بۆچی پارەی داوە بە سامیە خان؟! هەرچەندە ئازاد هەوڵدەدات بۆیان ڕوون بکاتەوە، بەڵام ئەوان بەردەوام گومان لە کەسایەتی ئازاد دەکەن، بەو جۆرەی کە شێرزاد دەڵێ: (ڕاستییەکەی بوونی ئەو پارە زۆرەش لای تۆ لەو کاتەدا، گومانێکی گەورەی لای من دروست کردووە((کاکەسوور:٢٠١٢: ١٧٩)، ئەگەر سەیر بکەین چیرۆکێکی شاراوە هەیە لەپەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان کەسایەتییەکان، هەر کەسە و خەم لە بەرژەوەندی خۆی دەخوات و زۆرینەشیان گومانیان لەیەک هەیە و هەندێک جاریش وێڕای گومان لە ئەوانی دیکە، گومان لە خۆیشیان دەکەن.

ئامانج یەکێکە لەو کارەکتەرانەی سەرەڕای گومانی لە ئەوانی دیکە، بەردەوام گومان لە کەسایەتی خۆی دەکات و دەڵێت: (سەرەتا گومانم هەبوو کە منێکی کوڕی (ملازم ماجیدی هەمزە قەلاتی) بتوانم بە ناوی ڕێکخراوێکی دژی ڕژێمەوە قسە بۆ نزیکترین کەسیشم بکەم، بەڵام وەکو (شۆڕش) دەیگوت بە پێچەوانەوە خەڵک زیاتر باوەڕ بەوانە دەهێنن، کە لە ناکاو بۆ کەسانی دژی خۆیان دەگۆڕێن، چونکە ئەوە لایەنێکی دەروونیی هەیە...) (کاکەسوور٢٠١٢: ٢٧١)، گۆڕانی لەناکاو وەک ئەوەی کە شۆڕش باسی دەکات، واتە گۆڕانی کت و پڕ لە هەڵوێستێکدا زۆرجار دەبێتە هۆی متمانە کردن لای خەڵک، هەروەها ئەم گومانەش بنەمایەکی گرنگە بۆ پەرەسەندنی کەسایەتی و گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی خوێنەردا.

گومانکردنی ڕزگار لە ئامانج، دوای ئەوەی خوشکەکەی بە درۆی دەهێنێتەوە کە خەڵکی گوند

بێت دەڵێ: (هەستم دەکرد ڕژگار بە شێوەیەک لە شێوەکان باوەڕی بە هەستی خوشکەکەی کردووە و لێم کەوتووەتە گومانەوە، چونکە سەرێکی باداو گوتی: هەتا ئێستا بەهەر کەسێکی گوتبێت خەڵکی کوێیە بە هەڵەدا نەچووە، بەڵام ئەمڕۆ ئەویش لە ئاستی تۆدا سەری لێ تێکچووە!! (کاکەسوور:٢٠١٢: ٣٠٣)، نووسەر لە ڕێگەی ئەم گومانەوە کەشێکی مەترسیدار دەخوڵقێنێت، بۆ زانینی ڕاستی ناسنامەی ئامانج و بەردەوامی چیرۆکەکە.

بە هەمان شێوە کاتێک سۆزان باسی کاتی خوێندنی لە قوتابخانە و سەرسامبوونی بە ڕووناک دەکات، بەوەی یارمەتیدەرێکی باشی ئەو بووە لەو کاتەی تووشی کێشە دەبێت، دوای کوشتنی باوکی میدیا، دەڵێ: (باوەڕم نەدەکرد ئەوێک، کە ژنی ئەفسەرێکی گەورەیە، بیەوێت لە کاتێکی ئاوادا یارمەتیی من بدات... گوتم ڕەنگە ئەمەش پلانێک بێت.. هەمیشە بە گومانەوە لەم ژنەم دەڕوانی، کەچی هیچ لەوەش تێنەدەگەیشتم بۆچی هێندە پێی سەرسام بووم؟! (کاکەسوور٢٠١٢: ٣٥٠) سۆزان لەدوای کوشتنی باوکی میدیا، لە هەموو کەسانی دەوروبەری خۆی دەکەوێتە گومان و دەیەوێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات، لێرەدا ڕۆماننووس بە تێکەڵکردنی گومان و سەرسامبوون، دەیەوێت باری دەروونی کارەکتەرمان بۆ بخاتەڕوو کە تا چ ڕادەیەک شڵەژاوە.

شڵەژانی سۆزان، شڵەژانی ڕووناکی لێ دەکەوێتەوە و ئەویش دەخاتە گومانەوە. ڕووناک کاتێک سۆزان دەبینێ کە هێندە پەشۆکاوە، پێی دەڵێت: (من بزانم شتێک هەیە ئاوا نیگەرانی کردوویت، ئەمڕۆ تۆ پێش ئەوەش ئاسایی نەدەهاتییە بەرچاوم... سۆزان دوێنێ و پێریش لە ژووری بەڕێوەبەر بیستم تۆ وەک جاران نیت و خەفەتبار دەردەکەویت... چیت بەسەرهاتووە؟! (کاکەسوور٢٠١٢: ٣٥١)، خەمباری سۆزان و باری دەروونی تێکشکاوی بووەتە هۆی دروستبوونی گومان لای کەسانی دەوروبەری، بێگومان کوشتنی جەنگاوەرێکی حکومەت لەلای سۆزان کارێکی هەروا ئاسان نەبوو کە بە ئاسانی لەبیری خۆی بباتەوە.

بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان لە شاخ ڕوودەدەن، بۆیە بەشێک لەو گومانانەی لەناوەوەن پەیوەندییان بە شاخەوە هەیە. (فیکری کۆپتەر) و (بورهانی ئامە گووپە) کە هاوڕێی شاخی باوکی سۆزان بوون، گومان لە باوکی سۆزان دەکەن کە (سابیر پوولەکە) باوکی میدیای کوشتبێت، سۆزان دەڵێت: (ئاگام لێبوو هەردووکیان بە چپە لە بابەیان دەپرسی ئاخۆ ئەو خۆی (سابیر پوولەکە)ی نەکوشتووە و لەوانی دەشارێتەوە، بەڵام بابە دەیگوت بە هیچ شێوەیەک پەنجەی ئەوی بەرنەکەوتووە) (کاکەسوور٢٠١٢: ٣٥٨)، نووسەر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گومانەوە درێژە بە بابەتی کوشتنی باوکی میدیا بدات و خوێنەر لە دوو دڵی و گومان بهێڵێتەوە. ئەمەش تەکنیکێکی سەرنجڕاکێشە و ڕۆماننووس و گێڕەرەوە وا لە خوێنەر دەکەن بەدوای سەرەداوی کردنەوەی گومانەکان بکەون تا لێیان دەگەنە ڕاستی.

٢- ٤. گومانی نائاسایی کارەکتەر

هەندێک گومان هەن لە ژیانی ڕۆژانەدا ئاسایی دەردەکەون و لە ڕووی دەروونی و تەندروستیشەوە ئاسایی وەردەگیرێن، کەچی هەندێک جۆر و ئاستی گومان هەن قووڵن و دەرخەری ناتەندروستی بارودۆخی کارەکتەرن. بۆ نموونە شێرزادی کارەکتەر گومانەکەی هێندە قووڵە، گومان لە دایکی

خۆی دەكا كە خیانەت بكا. شێرزاد باسی ئەوە بۆ ئازاد دەكات كە باوكی لە پێشوودا پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتی دیكە هەبووە، تەنانەت گومانی لەوە هەبوو ئەو ئافرەتەی كە پەیوەندی لەگەڵ باوكی ئازاد هەبوو كە دایكی لێیان دەچێتە ژوورەوە، دایكی ئەو بێت، كاتێ بەئازاد دەڵێ:(ئازاد جوان گوێ لە لەدایكت بگرە و بزانە كاتێك ئەو ژنە جلەكانی دەپۆشێت، كێیە؟! بەشكو دایكی من بێت!... (كاكەسوور٢٠١٢: ١٥٠)، گومانەكانی شێرزاد ململانێی قووڵی كۆمەڵایەتی و دەروونی ئاشكرا دەكات، كە ڕەنگدانەوەی لە دەستدانی متمانەیە.

هەروەها كاتێك شێرزاد نهێنی زۆر لەبارەی باوكی ئازاد بە ئازاد دەڵێ، ئەویش دەكەوێتە ناو گومانێكی قووڵترەوە، تەنانەت پرسیاری ئەوە لە شێرزاد دەكات، دەڵێ: (ئایا دایكم جگە لە باوكم لەگەڵ هیچ كەسی دیكە پەیوەندی نەبووە؟! (كاكەسوور٢٠١٢: ١٥١). ئەوەی دەگوزەرێ پەیوەندیی بە باوكی ئازادەوە هەیە و ئەو ئێستا لەبەرئەوەی زانیاریی لەبارەی باوكییەوە دەسكەوتووە، گومانەكانی قووڵتر بوون، ئەمەش تارادەیەك پاساو هەڵگرە، بەڵام گومانەكانی ئازاد لەوە ناوەستن و دێ گومان لە دایشكیی دەكا، بۆیە گومانەكەی نائاسایی و نا تەندروست دەردەكەوێ.

سۆزانی كارەكتەر وەك چۆن چەند گومانێكی ئاسایی لەبارەی كەسانی دەوروبەری هەبوو، بە هەمان شێوە هەندێك گومانی قووڵیشی هەن كە هێندە قووڵن نائاسایی دەردەكەون. سۆزان لە گۆڕستان دەبێت، لەناكاو دوو پیاو دەبینێت، سۆزان بۆی دەردەكەوێت كە یەكێك لە هاوڕێكانی باوكی سیخوڕ بێت، كاتێك گوێی لەقسەكانی ئەو دوو پیاوە دەبێت كە چاودێری باوكی و هاوڕێكانی دەكەن، كە لە گلكەند دانیشتوون، دەڵێ: (نەمدەزانی كامیان سیخورە.... یەكەیەكەیانم هێنایە بەرچاو و بیرم لە قسە و هەڵسوكەوتەكانیان كردەوە، تاكو بتوانم لەو ڕێگایەوە دەسنیشانی بكەم، بەڵام سوودی نەبوو، دوایی بەخۆمم گوت هەركامێكیان بێت، هیچ لەوە ناگۆڕێت، كە بابە تووش بووە و ئیتر هێز نییە ڕزگاری بكات) (كاكەسوور٢٠١٢: ٣٨٣). ئەمە دەبێتە هۆكاری زنجیرەیەك بەدواداچوون و زنجیرەیەك گومانی قووڵتر. سۆزان خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (شتێكی سەیر خۆی خزاندە مێشكمەوە و لە ناخەوە هەڵێتەكاندم... چەند ویستم دووری بخەمەوە و نەهێڵم خەیاڵم داگیر بكات، كەچی دواجار هەر ئەو بەسەر مندا سەركەوت، ئاسان نەبوو بەخۆم بڵێم ئەو سیخورە باوكی خۆمە، چەند بیرم لە قسە و هەڵسوكەوتەكانی دەكردەوە، گومانم نەدەما لەو زیاتر كەسێكی تر نییە... بەربوونە ناكاوەكەی لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ كار، پێش هەموو شتێك هیی ئەوە بوون لە كاتێكی ئاوادا بیخەمە بەرچاو....) (كاكەسوور٢٠١٢: ٣٨٣)، گومان لێرەدا زۆر قووڵترە، چونكە كارەكتەری سۆزان گومان لە باوكی خۆی دەكات. مەبەستی نووسەریش دروستكردنی كەشێكی پڕ لە هەڵپەسێردراوی و سەرنجڕاكێشی و دروستكردنی ململانێی ناوەكی و دەرەكییە لە كارەكتەری سۆزاندا. بە وردبوونەوە لە كارەكتەری سۆزان ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە كە هەنگاوی یەكەمی گومان بیركردنەوەیەكی سەرەتاییە لە بابەتێك، دواتر ئەگەر لێی نەگەیتە ڕاستی و گومانەكە نەڕەوێتەوە، یان خۆمانی لێ ڕزگار نەكەین، ئەوا بیركردنەوەی دیكەی بەدوادادێت و بە لێكدانەوەی قسە و كردار و هەڵسوكەوتەكانی مرۆڤ یان كارەكتەرەكە، زۆرجار گومانەكان قووڵتر دەبنەوە و ئەمەش كاریگەریی دەبێ لەسەر بەرەو ناتەندروست چوونی كارەكتەرەكە. سۆزان گومان

لە دایکیشی دەکات، (وای بۆچووم دایەش ئاگاداری ئەو کارەی بابە بێت، بگرە بە دوورم نەدەزانی هەر خۆی ئەو ڕێگایەی بۆ دانابێت، چونکە هیچ وەکو جاران لە چارەنووسی نە دەترسا و نەمدەبینی ئامۆژگاری بکات) (کاکەسوور٢٠١٢: ٣٨٣).

دوای دۆزینەوەی (ئەردەلان)ی خاڵی سۆزان و هەژار، گومانی سۆزان زۆر قوڵتر دەبێتەوە بەرانبەر باوکی، دەڵێ:(بەردەوام دەمویست لەوە تێبگەم کە ئاخۆ باوکم دەستی لە کوشتنی کەسوکاری دایکمدا نییە... هەتا دەهات ئەرکی من قورستر دەبوو، بەوەی بەردەوام شتەکان لقی دیکەیان لێ دەبووەوە و زیاتر ئاڵۆز دەبوون، کەچی من هێندەم کات نەبوو، تاکو بۆ یەکلایی کردنەوەیانی تەرخان بکەم) (کاکەسوور٢٠١٢: ٤٠١)، سۆزان لێرەوە هەست دەکات ئیتر لە شەڕێکی قورسدایە و گومانەکەی بووەتە گومانێکی قووڵ و ترسناک. ڕۆماننووسیش لە هەوڵی دروستکردنی کەشێکی تراژیدی و ڕەشبینانە دایە کە پەیوەندی بە کرداری تاوان و کوشتن و ترس و لەناوبردن هەیە.

دوای ئەو هەموو گومانە، سۆزان بیر لەوە دەکاتەوە کە ئاخۆ بۆچی باوکی هەوڵی ئەوەی داوە ببێت بە سیخوڕ؟! دەڵێت: (هەندێجار دەگەیشتمە ئەو باوەڕەی بەهۆی منەوە بابە ناچاربووە ببێتە سیخوڕ، تاکو ژیانم لە دەستی مەرگ ڕزگار بکات... ئەمەیان بەڕاستی ئازاری دەدام..) (کاکەسوور٢٠١٢: ٣٨٤). سۆزان هاوشێوەی ئامانجی کارەکتەر، وێڕای گومان لە ئەوانی دیکە، گومان لە خۆیشی دەکات و پێیوایە، ئەو هۆکاری ئەوەیە کە باوکی بووە بە سیخوڕ.

لە ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکاندا گومان هێندە زاڵە، تەنانەت کاتێک کارەکتەرەکانی زانیاریش لەگەڵ یەک دەگۆڕنەوە، گومان لەیەک دەکەن، بۆنموونە کاتێک نەرمین باسی کوشتنی هاوسەرەکەی دەکات بۆ سۆزان کە چۆن چۆنی کوشتوویەتی، سۆزان دەکەوێتە گومانەوە ئاخر چۆن ئەو نهێنیانەی خۆی بۆ ئەو باس دەکات:(دەمویست لەوە تێبگەم بۆچی لە ناو ئەو هەموو خەڵکە بە تەنیا ئەو نهێنییە لای من دەدرکێنێت؟! هەندێکی تر بیری کردەوە و گوتی: ڕەنگە گومانی بۆ ئەوە چووبێت، کە من سابیر پوولەکەم کوشتووە، بۆیە ئێستا ئەو چیرۆکەی هەڵبەستووە، تاکو منیش ئەوەی خۆمی بۆ ئاشکرا بکەم...) (کاکەسوور٢٠١٢: ٤٢٧)، خۆی باسکردنی نهێنی سیستەمی گومان قووڵتر دەکات، نووسەریش هەوڵدەدات چین چین گومانی قووڵتر بخولقێنێت لە ڕێگەی نهێنی، گومان، کوشتن.

٣-٤. ئاستی گومانی خەونئامێز

گومانی خەونئامێز لەنێوان ئاگایی و نائاگایی کارەکتەردایە و ئەوەش وای لێدەکا گومانی لەوە هەبێ کە بەسەری دێ، یان ڕوودەدا. ئازاد باس لەو کاتە دەکات کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بابەتێکی حوسێن عارف دەخوێنێتەوە و دەڵێ: (ئەوە خەیاڵی من بۆ کوێ چوو؟! خۆ من ئاگام لە نووسینی چیرۆکەکە برا... لە دوای ناوەکەمەوە یەک وشەی دیکەم نەنووسیوە، کارەکتەر بەناخی خۆیدا ڕوو دەچێت، خەیاڵێک دەیبات و یەکێک دەیهێنێت، لە واقیعەوە بۆ زیندەخەون و لە زیندەخەونەوە بۆ خەون و ئەمجارە لە خەونەوە بۆ زیندە خەون و لەوێوە بۆ واقیع، بەکورتی خەیاڵ دەسەڵات لە تۆ دەسەنێت و خۆی دەدۆزێتەوە((کاکەسوور ٢٠١٢: ١٠٠)، لێرەدا ئازاد خۆی ون کردووە و گومانی لەخودی خۆی هەیە، کە ئایا لە واقیع دەژی یان لەخەیاڵدا دەژیێت.

ئامانج دەڵێ:(کاتێک لەناو پێخەفەکەدا چاوم هەڵهێنا و (شۆڕش) و (داندی) لە تەنیشتمەوە پرخەیان دەهات، نەمدەزانی ئەوەی بینیبووم خەون بوو یان ڕاستی؟! دەمگوت ئەگەر ڕاستی بوو، بۆ بیرم نییە کەی بۆ ماڵ گەڕاوینەتەوە..؟! ئایا من لە ترسان هەموو ئەو شتانەم لێ تێکچووە..؟!) (کاکەسوور ٢٠١٢: ٢٠٩)، ئامانج نازانێ و لەبیری چووە، ئەوەی بینیویەتی بەڕاستی ڕوویداوە یان تەنیا خەونێک بووە. هۆکاری ئەمەش بۆ ترس دەگەڕێنێتەوە و گومانی هەیە ئەوەی بەسەری هاتووە بە هۆی ترسەوە بووبێ.

ئامانج بەهۆی سەختی و ئەزموونی ژیان گەلێکجار ڕادەمێنێ و لەو دونیا واقیعییەی تێدایە دادەبڕێ و بەرەو سوریالی بوون دەڕوا: (لێرەو لەوێ مندالەکان کوڵلارەیان هەڵدەدا و شێوەی کوڵلارەکان لەبەر چاوی تۆدا لە مردووەکان دەچوون، بگرە وات دەزانی مردووەکانن وا ڕووت و قووت بە ئاسمانەوەن... دەست و قاچیان لە هەوادا دەجوڵێنن و بە شێوازی تایبەتی خۆیان سەما دەکەن... جلەکانیشیان لەسەر تەناڧەکان هەڵخراون و بۆنێکی سەیریان لێ دێت... بە ترسەوە لێیان ڕادەمایت و ئاگات لە دەوروبەرت نەدەما..؟!) (کاکەسوور ٢٠١٢: ٢٢٩). ئەمە پیشاندانی کاریگەریی گومانە لەسەر دەروونی مرۆڤ، کە چۆن دەتوانێت ڕاستی بگۆڕێت و بیکات بە زیندە خەوێکی ترسناک.

ئامانج بیری لە شۆڕش و داندی دەکردەوە، کە بە ئامانجیان گوتبوو دەچن بۆ سەیرکردنی شەڕە سەگ، ئامانج خەیاڵ دەیبات و دەڵێ:(نەتدەتوانی باوەڕ بەوە بهێنیت، کە ئەوان چووبێتنە ئەو دەشتەی قەراغی شار بۆ بینینی شەڕە سەگ، بەڵکو دڵت پێی دەگووتی کارێکی ترسناکیان بە دەستەوەیە و چاوەڕێت دەکرد بە کارەساتێکی دیکەوە بگەڕێنەوە... نەتدەزانی ترس بوو، یان ئازار ئاوا لە دەوروبەر دایبڕیبوویت، کاتێک دەستێک قایم و بەردەوام لە دەرگای حەوشەتانی دەدا، نەخێر، لەقە بوو، دەیکوتا و وردە وردە بە ئاگای دەهێنایەوە) (کاکەسوور ٢٠١٢: ٢٥٠)، چونکە مەرج نەبوو هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە شۆڕشەوە دەکرد، شۆڕشگێڕبن و هەندێکیان بۆ سیخوڕیکردن دەنێردرانە ناو شۆڕش، بۆیە ئەوانەی پێشمەرگە بوون دەبووایە زۆر بە ئاگایی و بە ترسەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا بکەن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان نامۆ دەردەکەون.

ئامانج، ئەو کارەکتەرەیە کە پشکی شێری لە گومانی خەونئامێز بەردەکەوێ، چونکە کەسێکی بە هەستە و بەدوای ئایندەیەکی پڕشنگداردا دەگەڕێ. ئەو کاتێک لەگەڵ ماهیڤان قسە دەکات، هەموو ئەو قسانەی ساڵانێکە لە دڵی هەڵگرتوون و بوون بە بارگرانی بۆی، بۆ ماهیڤانی دەردەبڕێ، دواتر دەڵێ: (نازانم کەی و لەکوێ ئەم دیالۆگە لە نێوان من و ماهیڤان هاتە گۆڕێ... ڕەنگە ئێوارەیەک بووبێت لەو ئێوارانەی خەیاڵە جەنجاڵەکانم لە دەوروبەریان دابڕیبووم، چونکە ئەو باڵندە سپیانەم دەبینی و هەتا ئێستاش لە شێوەی کڵۆ و بەفر دێنە بەرچاوم، بەڵام زۆرجار بەخۆم دەڵێم ئەم دیالۆگە لەخەودا بوو نەک لە ڕاستی، بگرە وای بۆ دەچم (ماهیڤانیش) یەکێکە لەو کارەکتەرە سەیرانەی خەیاڵی من، کە بەدرێژایی تەمەنی خۆم خەڵقم کردوون) (کاکەسوور ٢٠١٢: ٢٦٦)، ئەم گومانە خەون ئامێزەی ئامانج پەیوەندی بە پرسی بوون و نەبوونەوە هەیە، ڕۆماننووس دەیەوێت بڵێت جیاوازی نێوان خەیاڵ و واقیع هێندە سەخت نییە بۆ مرۆڤ، کاتێک کاریگەری لەسەر کەسەکان هەیە، واتە هیچ گرنگ نییە ئاخۆ کەسێکی ڕاستەقینەیە یان کارەکتەری ناو خەیاڵە.

٤-٤. ئاستی گومانی پیتۆڵی شەڕانگێز

سۆزان باس لەو کاتە دەکات کە هاوڕێکانی باوکی گومانیان لە باوکی دەکرد بە کوشتنی (سابیر پولەکە)، دایکی سۆزان دەڵێ:(باشە تۆ چوزانیت ئەمانە لە لایەن حکومەتەوە ڕەوان نەکراون، تاکو بزانن تۆ دەستت لە کوشتنی ئەو پیاوەدا نییە..؟! نەڵێی هاوڕێمن، لە شاخ پێکەوە بووین و شتی وایان لێ ناوەشێتەوە، بەڕاستی ئەنوەر من باوەڕم بە کەس نەماوە، هەر بە هیچ کەسێک) (کاکەسوور: ٢٠١٢: ٣٥٩)، ڕۆماننووس لێرەدا دەیەوێ بڵێ کە ئەو گومانە وەک ژەهر خوێنی هەموویانی پیسکردووە و ئەوەی دنەی باوکی سۆزان دەدا تا گومان لە هاوڕێکانی بکات دایکی سۆزانە و بەوپەڕی لێزانییەوە گومانی سەر باوکی سۆزان دەڕەوێنێتەوە و دەیخاتە سەر هاوڕێکانی.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێن یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە بەشی هەرە زۆری کارەکتەرەکانی وەک (ئامانج، ئازاد، شێرزاد، سۆزان......هتد)، گومان لە هەموو کەسانی دەوروبەریان دەکەن، تەنانەت لە نزیکترین کەسەکانیشیان وەک دایک و باوک، بۆیە چیرۆکی ڕۆمانەکە پڕە لە گومان و بێباوەڕی کە تیایدا هیچ پەیوەندییەکی مرۆیی نەماوە، ئەوان پێیانوایە ئەگەر گومان نەکەن، تووشی ئازار و زیان دەبن، ئەمەش دەچێتەوە ناو گومانی پیتۆڵی شەڕانگێز، چونکە گومان لە هەموو کەسێک دەکەن و ناتوانن سۆزی ڕاستەقینە بۆ کەسێک دەربڕن، هەروەها بەردەوام لە فشارێکی دەروونی قورسن، کە زۆر ماندوویان دەکات و کاریگەری لەسەر تەندروستییان دەبێت. ڕۆماننووس توانیویەتی زۆر بە جوانی ئەو جیهانە پیشان بدات، کە تێیدا گومان زاڵ بووە بەسەر سۆز و متمانەدا، ئەمەش بووەتە هۆی وێرانبوونی بنچینە کەسایەتی و کۆمەڵایەییەکانی مرۆڤ.

٤-٥. پەیوەندیی نێوان گومان و زمان

زمان ڕۆڵێکی دیار دەگێڕێت لە دارشتن و پێکهێنانی ڕۆماندا، لەگەڵ توخمە گرنگەکانی کە بریتین لە ڕووداو، کارەکتەر، کات، شوێن، بابەت و مانا، ڕۆماننووس یان نووسەر ناتوانێت بیر و خەونی خۆی بە فۆڕمێکی بەرجەستە بخاتەڕوو تەنیا لە ڕێگەی زمانەوە نەبێت، (لە ڕێگەی زمانەوە کارەکتەرەکان قسە دەکەن، ڕووداوەکان دەگۆڕدرێن، ژینگە ڕوون دەبێتەوە و خوێنەر فێری سروشتی ئەو ئەزموونە دەبێت کە نووسەر دەریدەبڕێت) (حسین ٢٠١٨)، زمان فۆڕمێکی هونەری قووڵ و ئاڵۆزە کە دەتوانێت جیهانێکی تەواو بخولقێنێت، بۆ دەربڕینی هەست و سۆزە ئاڵۆزەکان و پەروەردەکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان لە سەرانسەری کلتووره جۆراوجۆرەکاندا.

زۆربەی ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەدەب ئامانجدارە، ئامانجی ئەدەبیش لە گەیاندنی سوود، یاخود گەیاندنی جوانی و ئیستاتیکیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەم توخمەش کە پاڵپشتی سەرەکی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیە، بریتییە لە (زمان)، کەواتە دەتوانین بڵێین: (زمان بناخەی دامەزراندنی دەقە) (ئەلۆەنی ٢٠٠٣: ٧٥)، کەواتە زمان بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان دادەنرێت بۆ دروستکردنی کاری ئەدەبی وەک بنچینەیەکی سەرەکی بۆ دەربڕین و خولقاندنی مانا.

ل دووماهیکا ڤەکولینێ ئەم گەهشتینە ئەڤان ئەنجامێن خوارێ: هێزا تێپەڕاندنێ تنێ گوهۆڕینا کارێ تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ نینە، بەلکو هندەک پیڤەرێن دیتر ژی هەنە کاریگەریێ دکەنە سەر هێزا تێپەڕاندنێ وەکو (بەشداربوویان، ڤەلڤین، ڕێژەیا کاری، دەمکیبوون، مەبەستداربوون، ئەرێنیبوون، شێواز، کارتێکرنا ل بەرکاری، سەربەخۆیا بەرکاری). هێزا تێپەڕاندنا مۆرفیما /ان/ کاریگەریا وێ بۆ تێپەڕاندنا کاری ژ مورفیمێن /ا/ و /ێ/ پترە، و ب مۆرفیما سەرەکی یا تێپەڕاندنێ دهێتەدانان. ژ کومەلا مۆرفیمێن پاشگرێ (-اندن) تنێ /ان/ مۆرفیما تێپەڕاندنییە و /د/ مۆرفیما دەمی و /ن/ ل دیماهیکێ مۆرفیما چاوگییە. ژبلی تێپەڕاندنا مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی، تێپەڕاندنا سیمانتیکی ژی هەیە، بەلێ تێپەڕاندنا مۆرفۆلۆجی ژ جورێن دیتر بهێزترە.

پەراوێز:

١ ژبلی دارشتنا مۆرفیما تێپەڕاندنێ، (-اندن) هندەک ئەرکێن دیتر دبینیت، وەکو:

ب ڕێکا (-اندن) هندەک چاوگ ژ پەیڤێن بیانی دهێنەدروستکرن، کۆ د زمانێ کوردیدا دهێنەبکارهێنان، وەکو:

-شبە + اندن = شوبهاندن

-خلق + اندن = خولقاندن.

بۆ پتر پێزانینان بنێرە: (نەسرین فەخری(١٩٧٥). پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری کۆری زانیاری کورد. بەرگی سییەم. بەشی یەکەم: بەغداد.

٢ بۆ پتر وەرگرتنا پێزانینا ل سەر ئەڤان جۆرە کاران بنێرە ئەڤان ژێدەران:

أ وریا عومەر ئەمین دپەرتووکا پیتوەکانی زمانەوانی ل ٥٤ و ڕێزمانی کاری زمانی کوردی، ل٣٥ چوار کار دیارکرینە، ئەو ژی ئەڤەنە: (گەنین، زان، پشکوتن، زەرین)

ب ئەورەحمانی حاجی مارف د پەرتووکا ڕێزمانی کوردیدا، ل ٥٨ ئەڤ کارە دیارکرینە (گەنین، زان، نیشتن، سرەوتن).

ژێدەر

ب کوردی

- ئامێدی، صادق بهاءالدین (١٩٨٧). ریزمانا کوردی کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری. زانکوی سەلاحەددین: هەولێر.
- ئەمین، وریا عومەر(٢٠٠٤). ئاسویەکی تری زمانەوانی. بەرگی یەکەم: هەولێر.
- ئەمێن، وریا عومەر (٢٠١١). پیتۆوەکەکانی زمانەوانی. چاپی یەکەم:: هەولێر.
- بابان شێرکۆ (٢٠١٧). چەند بابەتێکی دەگمەن و کاریگەر لە ڕێزمانی کوردیدا. کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین: هەولێر.
- بەرواری، ناجی تەها (٢٠٢٤). گۆڤارا پەیڤ. ژمارە ٩٨: دهوک.
- جزیری، مەلا ئەحمەد (٢٠٠٥). دیوانا مەلایێ جزیری. چاپا دوویێ. دەزگەها سپیریز یا چاپ و وەشانێ: دهوک.
- خالد، عبدالوهاب (٢٠٠٩). دەستپێکەک بۆ زمانڤانییا پراکتیکی: دهوک.
- خۆشناو، شێروان حوسێن (٢٠١٦)، توانای مۆرفیما بەند لە دەولەمەنکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا. چاپی یەکەم: هەولێر.
- رەئوف، بەهزاد موحسین (٢٠٢٢). دیدێکی نوی بۆ دۆخی تێپەڕی و تێنەپەڕیی کار لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین. ژمارە (٤). بەرگی (٩).
- رەجب، سلیمان اسماعیل (٢٠٠٦). مۆرفیمێن ڕێزمانێن کوردییا سەری(گوڤەرا بادینان). ناما ماستەرێ. کولیژا پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤاییەکان. زانکویا سەلاحەددین، هەولێر.
- ڕەسۆل، عەبدوڵڵا حوسێن (١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتورا. کولیژا پەروەردا ئیبن روشد. زانکویا بەغدا.
- زەنگەنە، مصطفی مەحمەد کەریم (١٩٩٧). پێکهێنەرەکانی(اندن) و ئەرکەکانی. کاروانی ئەکادیمی. ژمارە١. بەرگی یەکەم. وەزارەتی ڕەۆشەنبیری: هەولێر.
- سەلیم، زێرین خورشید و محەمەدتاهر، نەسرین عەبدوللا (٢٠١٤).مۆرفیما دوولایەنی د دیالێکتا سەرییا زمانێ کوردیدا. کۆڤارا زانکۆیا دهوک. پەربەندا ١٨. ژمارە ١.
- طاهر، دلمان قطاس (٢٠١٣). مۆرفۆفۆنیم د زمانێ کوردیدا. ناما ماستەرێ. زانکۆیا دهوک. کولیژا ئادابێ: دهوک.
- عومەر، فاضل(١٩٨٦). نێڤگر د زمانی کوردیدا. گوڤارا ڕۆشنبیری نوێ ژمارە١٠٩: بەغدا.
- عومەر، فاضل (٢٠٠٤). چەند ئاورەک ل زمانێ کوردی. چاپا ئێکێ. دەزگەها سپیریز یا چاپ و وەشانێ: دهوک.
- عومەر، نەوزاد ئەنوەر (٢٠١٤). کۆزەتیف لە زمانی کوردیدا: هەولێر.
- فەخری، نەسرین (١٩٩٦). یارمەتیدەری فرمانی خاڵێکی پرشنگداری کەسێتی زمانی کوردیدا چۆن و بۆ. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٣٨: بەغداد.

- قادر، ئەبوبکر عومەر (٢٠٠٣).بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا. نامەی دکتورا. کۆلێژی زمان. زانکوی سلێمانی.
- قادر، سەربەست (٢٠٢١). تێپەڕ و تێنەپەڕ لە کوردیی (ناوەڕاست)دا جیاکردنەوە و گرفت. ناوەندی تیشک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە: سلیمانی.
- کەریم، عومەر مەحمود (٢٠٠٤). کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردی (کرمانجی خواروو).
- گوهەرزی، محەمەد طاهر (١٩٩٩). ڕێزمانا کوردهی/زارێ کرمانجی. چاپا ئێکێ: دهوک.
- لیژنەیەک ژ وەزارەتا پەروەردێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ (٢٠٢١). زمان و ئەدەبێ کوردی. چاپا هەشتێ. قوناغا ئامادەیی. پولا یازدێ.
- مارف، ئەورەحمانی حاجی (٢٠٠٠). ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم. وشە سازی. چاپی یەکەم: سلێمانی.

ب عەرەبی و فارسی
- ابن منظور (١٤١٤هـ). لسان العرب. دار صادر- بيروت ط٣.
- حقبين، فريده (١٣٨٢). بررسی صوری. نقش و شناختی تعدی در زبان فارسی. پایاننامه دکترا زبانشناسی. به راهنمایی دکتر محمد دبير مقدم. دانيشگاه علامه طباطبایی.
- راسخ مهند، محمد (١٣٩١). لازم و متعدی در زبان فارس. مجله دستور. ویژەنامه نامه فرهنگستان.شماره ٨. ص ١٦٩- ١٨٧.
- القاضي، محمد بن علي (١٩٩٦). موسوعة كشاف اصطلاحات الفنون والعلوم. الطبعة الاولى. الجزء الاول: بيروت.
- القرئان الكريم. سورة البقرة. الايه (٢٢٩).
- محمد، الساهل (٢٠١٩). ظاهرة التعدية فى الغة العربية مراجعات في مقولة الفعل المتعدي والمفعول به. مجلة جيل الدراسات الادبية والفكرية. العدد ٥٣.

ب ئینگلیزی
- Crystal, D .1992. A Dictionary of Linguistics and Phonology. Sixth Edition.
- Dixon, R.M.W., 1994. Ergativity. Cambridge University Press, Cambridge
- Hopper, Paul J. and Thompson, Sandra-A(1980). Transitivity in Grammar and Discourse Language. p. 256
- Leyons, John . 1995. Introduction to Theoretical Linguistics. Cambridge University Press.
- Malchukov, A., 2005. Case pattern splits, verb types, and construction competition. In: Amberber, M., de Hoop H. (Eds.), Competition and Variation in Natural Languages: The Case for Case. Amsterdam, Elsevier, pp. 73–.
- Tsunoda, T., 1999. Transitivity and intransitivity. Journal of Asian and African Studies, 57.

الملخص

أنجز هذا البحث بعنوان (قوة تعدية الفعل في اللغة الكوردية). سنحاول من خلال عنوان البحث ما هي التعدية وما أنواعها؟ وأين تكمن قوة التعدية؟ يهدف هذا البحث إلى معرفة ما إذا كانت قوة التعدية هي فقط تحويل الفعل اللازم إلى المتعدي من خلال بعض المورفيمات، أي هل هي فقط بإضافة مكونات الجملة أم أوسع من هذا. في نهاية البحث توصلنا إلى أن التعدية ليست مجرد تحويل الفعل اللازم إلى المتعدي، وأن قوة تعدية الفعل ليست فقط بإضافة بعض الأدوات للجملة، بل هناك جمل لها قوة التعدية أكثر من جملة أخرى بالأداة نفسها ونوع الفعل نفسه. ينقسم البحث – ماعدا المقدمة والخاتمة – إلى فصلين. يتناول الفصل الأول مفهوم التعدية ومصطلحها وتعريفها، بالإضافة إلى تأثير التعدية في بنية الجملة في اللغة الكوردية. وأما الفصل الثاني، فيتناول أنواع التعدية وقوتها. سنحاول أن يتم توضيح هذه المسألة وفق معايير هاپر و تامپسن.

الكلمات المفتاحية: التعدية، مورفيمات التعدية، قوة التعدية، الفعل اللازم و الفعل المتعدي.

Abstract

This study, entitled (The Transitivity Strength in Kurdish) has been meticulously conducted. As the title suggests, this study aims to elucidate the concept of transitivity, its disctinct types, and notion of the transitivity strength in Kurdish. The objective of this research is to demonstrate that the transitivity strength in Kurdish is not only determined by some morphemes that convert the intransitive verbs into transitive ones. It means that whether it is only done by adding the sentence elements, but it is broader. Finally, the consequences confirm that transitivity is not only to convert an intransitive verb into a transitive one. Furthermore, the verb transitivity strength is not merely an addition of some sentence elements, but there is a sentence which its transitivity strength is greater than that of another sentence with the same verb element and type. Apart from the introduction and conclusion, the research has been devided into two parts. The first part provides the terms and the definitions central to the analysis of the transitivity. Moreover, the impact of the transitivity on the sentence contents in Kurdish has been discussed. In the second part, the discussion is about the types of the transitivity and their corresponding strength. The study will attempt to clarify this issue according to Hopper and Thompson›s criteria.

The key words of the research: transitivity, transitivity morphemes, the transitivity strenght, the transitive verb and intransitive verb.

وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/٢٦
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨/١٩

پێکهاتەی بڕگەی زمانی کوردی لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا (دیالێکتی ناوەڕاست بە نموونە)

پ.ی.د. تەلار صباح عمر
بەشی کوردی فاکەڵتی پەروەردە زانکۆی کۆیە
org.koyauniversity@sabah.talar

پوختە

دەنگەکان جەوهەری زمانن، هەموو زمانێکیش لە سەرەتادا بە دەنگ دەستپێدەکات، واتە دەنگەکان یەکەم بەرهەمهێنەری زمانن لەلایەن تاک. مرۆڤ بەهۆی ژمارەیەکی دیاریکراو لە دەنگ، ژمارەیەکی بێئەندازە بڕگە ومۆرفیم و وشە و زاراوەی زمانی دروستدەکات. ئەم بڕگە و وشە و زاراوانەی زمانیش هەمیشە وەک خۆیان نادرکێندرێن، بەڵکو بەهۆی ژینگەی دەوروبەریان، یان بەهۆی نواندنی فۆنیممەکانی زمان لە داڕشتنی یەکەی گەورەتر گۆڕان لە درکاندنیاندا ڕوودەدات. کەواتە بنەماکانی بنیادنانی بنەڕەتی قسەکردن بریتین لە فۆنیم، کە بچوکترین یەکەی زمانە خۆی واتای نییە، بەڵام دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. پێکهاتەی ڤاوڵەکان دەتوانێت کاریگەری لەسەر بەدیهێنانی فۆنەتیکی وشەکان هەبێت. فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان سەرنج دەخاتە سەر لایەنە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییەکان و چۆنیەتی بەرهەمهێنان و تێکەڵکردنی دەنگەکان بۆ دروستکردنی بڕگە. بڕگە یەکەیەکی زمانە، پەیوەستە بە ڤاوڵەکانەوە. ئەم ڤاوڵانە (کرۆکی لوتکە) هێزی بڕگە وەردەگرێت بەگوێرەی کورت ودرێژی ڤاوڵەکان بڕگە دەستنیشاندەکرێت. پێکهاتەی بڕگەش ئاماژە بە چۆنیەتی ڕێکخستن و ڕێکخستنی دەنگەکان بۆ پێکهێنانی گوتەی واتادار لە زمانێکی دیاریکراودا دەکات، بڕگەکان بونیادنەری وشەکانن کاریگەریان لەسەر شێواز و درکاندنی وشەکان هەیە.

کلیلەوشە: دەنگ، فۆنیم، ڤاوڵی کورت، ڤاوڵی درێژ، بە بڕگەکردنەوە

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی پێکهاتەی بڕگەی زمانی کوردی لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا (دیالێکتی ناوەڕاست بە نموونە)یە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بڕگە یەکەیەکی گرنگی پێکهاتەی وشەکانی زمانە و بەگوێرەی ڤاوڵە درێژی و کورتەکان دروستدەبێت، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆئەوەی توێژینەوە لەم بارەیەوە ئەنجامبدەین. ئامانجی توێژینەوەیەکەمان دەستنیشانکردنی پێکهاتەی بڕگەکانی زمانی کوردیە لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا. میتۆدی لێکۆڵینەوەکەمان وەسفی شیکارییە. ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە لە دووبەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا پێداچونەوەیەک بۆ کارەکانی پێشو ئەنجامدەدەین، دواتر تیشکدەخاتە سەر فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان و تایبەتمەندییەکانی و سیما فۆنۆلۆژییەکان لەگەڵ خستنەڕووی دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی. لە بەشی دووەم تیشک دەخەینە سەر بڕگە و سنوری بڕگە و قاڵبەکانی بڕگەی زمانی کوردی لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا. لە ئەنجامدا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەخەینەڕوو: ئایا فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان هیچ چوارچێوەیەک بۆ نەخشە دەنگییەکان لەزماندا دابیندەکات؟ قاڵبەکانی بڕگە لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا چۆنە؟ ئایا گۆڕان لە سنوری بڕگە ڕوودەدات؟ ئایا لە زمانی کوردیدا فۆنۆلۆژی بەهەمهێنان لەسەر بیرۆکەی داهێنان لە سەر جیاوازیکردنی هەردوو ئاستی قووڵ و ڕووکەش دروستبووە؟

لە کۆتایدا جگە لە پوختە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

١. ناساندنی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان و دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی

١.١ پێشینەی توێژینەوە.

سەبارەت بە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان چەند کارێک لە چوارچێوەی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان ئەنجامدراوە. یەکەمین کار بە کرمانجی ناوەڕاست لە بارەی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنانەوە نوسرابێت نامەیەکی ماستەرە لەلایەن (خەبات هادی جەمیل)ە، لە ساڵی ٢.١٥ بە ناونیشانی)فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا)، لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی زمان نوسراوە، ئەم ماستەرنامەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باسی یاسا فۆنۆلۆژییەکان و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان، کێشەی شیکاری فۆنێمەکان دەکات. لە بەشی دووەم باس لەفۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان و فۆنۆلۆژی کەرتە دەنگییەکان، بنەماکانی گۆڕانی فۆنۆلۆژی دەکات. لە بەشی سێیەمدا باسی سیما جیاکەرەوەکانی دەنگەکانی کردووە، شێواز و شوێنی گۆکردنی دەنگەکان و پاشان پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، گۆڕانی یاسا گوێزراوە و یاساکانی ئاستی وشە و بەرهەمهێنانی هێزی دەنگی وشەی باسکردووە.

تێزی دکتۆای سەلوا فەریق سالح بەناونیشانی (ئەتلەسا فۆنۆلۆجیا زمانێ کوردی پارێزگەها دهۆکێ) ئەم تێزە لە سێ بەش پێکدێت، لە ساڵی ٢٠١٧ وەک کتێب چاپکراوە زۆر بابەتی بەنرخی وروژاندوە و پەردەی لەسەر زۆر شت هەڵداوەتەوە.

نامەیەکی تر لە زانکۆی ڕاپەڕین هەیە، بە ناونیشانی)پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی منداڵی کوردیدا) لە نوسینی (کارزان خدر اسماعیل)ە، لە ساڵی ٢٠٢١ نوسراوە، ئەم نامەیە لە سێ بەشی پێکهاتووە، دوای دەروازەیەکی تیۆری لەسەر بابەتە فۆنۆلۆژییەکان، تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان باسدەکات. توێژەر زیاتر لە ڕوانگەی فێربوونی

زمانی منداڵ لە تیۆرەکە دەدوێت. هەر لە زانکۆی ڕاپەڕین تێزی دکتۆرای (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم) بە ناونیشانی)دەنگسازیی کێشناسی و دەنگسازیی کەرتە دەنگییە خودکارییەکاندا) لە ساڵی ٢٠٢٢ نوسراوە، ئەم تێزە لە سێ بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا، باس لە بنەماکانی دەنگسازی دەکات. بەشی دووەم باس لە دەنگسازی کێشناسی دەکات، بەشی سێیەمی تەرخانکردووە بۆ دەنگسازی کەرتە دەنگییە خودکارییەکان.

تێزی دکتۆرای(کسر یاسین) بە ناونیشانی (فۆنۆلۆژییا بەرهەمهێنانی یا نە ڕاستەهێلی د زمانێ کوردیدا) ئەم تێزەش لە زانکۆی زاخۆی ساڵی ٢٠٢٣ نوسراوە، ئەم تێزە باس لە جۆرەکانی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان دەکات، کە یەکێک لەو جۆرانە تیۆری نمونەییە، تەنیا ناساندنێکی سادەوساکارە، لەگەڵ چوارچێوەی توێژینەوەکەیدا دەگونجێت .

١.١ فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان

فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان تیۆرێکە لە تیۆرەکان لە چوارچێوەی بواری زمانەوانیدا، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا پەرەیسەندووە، تیشکدەخاتە سەر نوێنەرایەتیی دەروونی و درووستکردنی نەخشە دەنگییەکانی زمان، هەروەها سەرنج دەخاتە سەر پێکهاتە ئەبستراکت و بنەڕەتییەکانی نەخشە فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی مرۆڤدا. سەرەتای سەرهەڵدانی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان بە پلەی یەکەم بۆ کارەکانی نوام چۆمسکی و مۆریس هال دەگەڕێتەوە. ئەمەش وەک کاردانەوەیەک بوو دژی دەنگسازی دێرین، کە لە بەرهەمەکەیاندا لە ساڵی ١٩٦٨دا (شێوەی دەنگی ئینگلیزی) پەرەیپێدراوە، ڕێگەیەکی سیستماتیکی بۆ هەژمارکردنی نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکان و فۆرمەکانی ڕووکاری توخمە فۆنۆلۆژییەکان دابیندەکات.

(فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لقێکی سەرەکییە لەڕێزمانی بەرهەمهێنان، ئەمەش بەشێکە لە ڕێزمانی گشتی، هەوڵدەدات شیکردنەوە بۆ ڕەگەزە بەکارهاتووەکانی فۆنۆلۆژی بکات، هەروەها هەوڵدەدات وەسفکردنێکی گونجاوی زمان بکات، کە لەئاخێوەری زماندا هەبێت، تاکو بگونجێت لەگەڵ سیستەمی دەنگییەکە بۆئەوەی بەدروستی بەکاریبهێنین. گرنگترین ئاستی نواندن لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا بریتییە لە نواندنی سیستەمی دەنگی و نواندنی سیستەمی فۆنۆلۆژی. لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا جەخت لەسەر دۆزینەوەی یاسا و بنەما فۆنۆلۆژییە بنەڕەتییەکان دەکرێتەوە، کە قسەکەران بە شێوەیەکی نائاگا بۆ دروستکردنی دەنگەکانی زمانەکەیان بەکاریدەهێنن. ئەم یاسایانە وەک بەشێک لەو زانستە زمانەوانییە زگماکییە سەیردەکرێت، کە قسەکەران خاوەنیانن). (Charles and Michel 1979:2)

فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان گرنگی و کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر تیۆرە زمانەوانییەکان و لێکۆڵینەوەکانی هەبووە، بە دابینکردنی چوارچێوەیەکی فەرمی بۆ شیکردنەوەی نەخشە فۆنۆلۆژییەکان. زمانزانان توانیویانە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی زمانەکان ئاشکرابکەن و گۆڕانکارییە فۆنۆلۆژییە ئاڵۆزەکان ڕوونبکەنەوە. جەختکردنەوەی تیۆرییەکە لەسەر نوێنەرایەتی و یاسا ئەبستراکتەکان ڕێگەی خۆشکردووە بۆ پێشکەوتنی زیاتر، وەک تیۆری ئۆپتیمالیتی و ڕێبازەکانی دیکەی بنەمادار بە سنووردارکردن.

مەبەست و ئامانجی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان وەسفکردنی پێکهاتەی فۆنۆلۆژی زمانەکانە بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕێسا و بنەمای فەرمی

و وەسفکردنی ئەو زانیارییە ناڕاستەوخۆیەیە، کە قسەکەران هەیانە سەبارەت بە فۆرمەکانی فۆنۆلۆژی ڕێگەپێدراو لەزمانەکەیاندا. واتە ئامانجی سەرەکی بریتییە لەوەی توانای ئاوەزیی و مێشک(توانست) بکات بە مۆدێل بەشێوەیەک کە توانای دروستکردنی(بەرهەمهێنان)ی ڕستەکان و تێگەیشتنیان بگرێتەوە، (مەحوی ٢٠٠٨: ٩) هەروەها وەسفکردنی گونجاوی ئاخاوتنە، بۆ بەرهەمهێنانی سیستەمی دەنگی و تێگەیشتنی لەو زمانانەی کە فۆنۆلۆژیی بە بەرهەمدێن.

فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان بەرهەمی هەوڵ و ڕێبازی جیاوازە لە کۆن و نوێدا بۆ هێنانەکایەی بەرهەمێکی پڕاوپڕ، کە بتوانی دیاردە دەنگییەکانی ناو ڕێزمان لێکبداتەوە، هەروەها بنەمای جیاکردنەوەی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی لەسەر بنەمای ڕۆنای سەرەوە و ژێرەوە هاتەکایەوە. فۆنۆلۆژی کلاسیکی هەوڵدەدات بۆ شیکردنەوەی درکاندن، کە لە چ بەشێکی زمان دروستدەبێت، بەلام فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان هەوڵدەدات بۆ دانانی یاسایەک بۆ پێکەوەگرێدان لەناو ئاواکردنی ڕستەی ڕێزمانی و شێوەکەی و دەنگەکەی لەژێر تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان. لەلای چۆمسکی ئاستی دەنگی بەیەک ئاست ڕوونکراوەتەوە، دەنگەکانی زمانی دیاریکردیە بە کۆمەڵە سیمایەکی دەنگی جیاکەرەوە، هەر دەنگێک لەسیستەمە دەنگیەکەی زماندا دیاریدەکات و جیایدەکاتەوە. (حنا ١٩٩٧: ٥٣) کەواتە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان هەوڵدەدات وەسفکردنێکی وردی درکاندن لەبەرهەمهێنانی سیستەمی دەنگی و تێگەیشتن بۆ زمان بکات.

١–٣ قۆناغەکانی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان

فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان ئامانجی ڕوونکردنەوەیە نەک تەنها ئەو شێوازە فۆنۆلۆژییانەی، کە لە زمانە تاکە کەسییەکاندا چاودێری دەکرێن، بەڵکو بنەما گشتگیرەکانیش شێوازەکانی دەنگ لە سەرانسەری هەموو زمانەکان بەڕێوەدەبەن، پەیوەستن بەدانانی کۆمەڵێک یاسا و سنووردارکردنی گشتگیر، هەربۆیە فۆنۆلۆژیستەکانی بەرهەمهێنان هەوڵدەدەن پێکهاتەی بنەڕەتی زانستی فۆنۆلۆژی مرۆڤ ئاشکرابکەن. کە بەپێی چەند قۆناغێک ئەنجامدەدرێت:

(یەکەم قۆناغی فۆنۆلۆژی یاسا بناغەیە، کە بە قۆناغی دەرکەوتن و سەرەتایی دەگوترێت، لە چوارچێوەی بیری سیستەمی دەنگی هەر زمانێکی سەربەخۆ بەجیا وەسف و شیکردنەوە بۆ دەنگەکان دەکات، جیاکردنەوەی نواندنی فۆنەتیکی لە نواندنی فۆنۆلۆژی لەزمانێکی دیاریکراودا، لەناو دەقێکی تایبەت بەڕیزبەندی لەسەر نواندنی فۆنۆلۆژی کاردەکات). (خان ١٣٩٨: ٨)

یاسافۆنۆلۆژییەکان یاسای ئەبستراکتن، باس لە شێوازی سیستماتیکی دەکەن، کە نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکان (فۆنیمەکان) دەگۆڕدرێن بۆ فۆرمی فۆنەتیکی ڕووکار. ئەم یاسایانە هۆکاری دیاردەکانی وەک جیاکردنەوە و سڕینەوە و جێگیرکردنی دەنگەکان لە قسەکردندا دەگرێتەوە. فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان پێیوایە، کە قسەکەران نوێنەرایەتی دەروونیی دەنگەکانی زمانەکەیان هەیە، ڕەنگە لەو دەنگە ڕاستەقینانەی، کە لە قسەکردندا بەرهەمدەهێنرێن جیاواز بێت. ئەم نوێنەرایەتییە بنەڕەتییانە بە هۆی یاساکانی فۆنۆلۆژییەوە دەگۆڕدرێن بۆ دروستکردنی فۆرمەکانی ڕووکار.

دواتر قۆناغی فۆنۆلۆژی بنەما و پارامیتەرە، کە ((جەخت لەسەر نواندنی فۆنۆلۆژی و دەنگ دەکاتەوە، لێرەدا بنەمای فۆنێم لەجێگای یاسای فۆنێم دانراوە، هەردووکیشیان یاسابناغە و بنەما و پارامیتەر لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا لەژێر

ناوی فۆنۆلۆژی جیاکردنەوە پێشنیازکراوە، چونکە فۆنۆلۆژی دوای کارکردنی یاسای فۆنیمی بنەما و پارامیتەرەکانی فۆنیمی لەسەر نواندنی فۆنۆلۆژی بەدەستدێن. کۆتا قۆناغی فۆنۆلۆژی سنورداری بناغەیە)) (رستمی ١٣٩٢: ٢٣) هواتـە، فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان بەچەند قۆناغێک چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە سروشتی سیستماتیکی نەخشە دەنگییەکان لەزماندا دابیندەکات و تێروانینێک پێشکەشدەکات، بۆئەو نەخشانەی لە مێشکی قسەکەرەکاندا دروستدەبن.

١-٤ـ تایبەتمەندی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان

تایبەتمەندییەکانی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان، کە لە ڕێبازەکانی دیکەی شیکردنەوەی فۆنۆلۆژی جیایدەکەنەوە ئەمانەن:

١ـ وشەکان بە فۆرمێکی فۆنۆلۆژی ئەبستراکت و بنەڕەتییەوە لەمێشکدا هەڵدەگیرێن. ڕۆنانی قوڵ(URs) کە ئەبستراکتن بریتین لە فۆرمەکانی فۆنۆلۆژی پێش ئەوەی هەر یاسایەکی فۆنۆلۆژی جێبەجێبکرێت. نوێنەرایەتییە ڕووکارەکان ڕۆنانی ڕووکـەش(SRs) فۆرمی ڕاستەقینەی قسەکراوی وشـەکـانـن هـەمـوو یاساکانی فۆنۆلۆژییەکانیان لـەسـەرجـێـبـەجـێـکـراوە. (یـاسـاکـانـی فـۆنـۆلـۆژی نێوەندگیری لە نێوان ئەم دوو ئاستەدا دەکەن.)

٢. فـۆنـۆلـۆژی بەرهەمهێنان یـاسـای فەرمی بۆگۆڕینی نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکان بۆ فۆرمی ڕووکـار بەکاردەهێنێت. ئەم یاسایانەش نەخشە و پرۆسـەی ڕێکوپێک لە فۆنۆلۆژی زمانێکدا دەگرن. یاساکان بە شێوەیەکی گشتی هەستیارن بە کۆنتێکست، واتە لە ژێر بارودۆخی فۆنۆلۆژی تایبەتدا کاریان پێدەکرێن. ئەم یاسایانە دەتوانن پرۆسـەکـانـی وەکـو جـیـاکـردنـەوە، جێگیرکردن، سڕینەوە، ... لەخۆبگرن.

٣. فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان کۆمەڵێک تایبەتمەندی دووانـەیـی (وەک [±دەنـگ]، [±لـووت] و هتد) بۆ تایبەتمەندکردنی فۆنیمەکانی زمانێک بەکاردەهێنێت. ئەم تایبەتمەندیانە یارمەتیدەرن بۆ وەسفکردنی نەخشە فۆنۆلۆژییەکان و بەکارهێنانی یاساکان بەوردی. بۆنمونە تایبەتمەندکردنی فۆنیمی [س] – گر +کپ، هەروەها [ز] +گڕ-کپ

٤ـ کۆمەڵێک دەنگ هەندێک تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە. چینە سروشتییەکان دارشتنی یاساکانی فۆنۆلۆژی ئـاسـان دەکـەن، بـەو پێیەی زۆرجـار یاساکان بۆ تەواوی چینەکان دەگونجێن نەک دەنگە تاکە کەسییەکان.

٥. جەخت لـەسـەر هێزی بەرهەمهێنانی یاساکانی فۆنۆلۆژی دەکـاتـەوە، واتـە دەتـوانـن ژمارەیەکی بێکۆتایی فۆرمی ڕووکار لەکۆمەڵەیەکی سنووردار لەنوێنەرایەتی و ڕیسای بنەڕەتییەوە دروستبکەن.

٦. فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان زۆرجار نوێنەرایەتی یـاسـا ئەبـسـتـراکـتـەکـان دەخـاتـەڕوو، کـە ڕەنـگـە پەیوەندییەکی فۆنەتیکی ڕاستەوخۆیان نەبێت. ئـەم ئەبستراکتبوونە دەتوانێت هـۆکـارێـک بێت بۆئەوەی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان بە ئاسانی بە تەنیا بە فۆرمەکانی ڕووکـار ڕوونبکرێتەوە. واتـە ئەم ئەبستراکتبوونە ڕێگەدەدات بە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە نەخشە فۆنۆلۆژییەکان و گۆڕانکارییەکان.

٧. یاساکانی فۆنۆلۆژی بەڕیزبەندییەکی دیاریکراو جێبەجێدەکرێن، ئەم ڕیزبەندییە دەتوانێت کاریگەری لـەسـەر ئەنجامی وەرگرتـنـی فـۆنـۆلـۆژی هەبێت. ڕێکخستنی یاساکان دەتوانێت ئەوە ڕوونبکاتەوە، بۆچی هەندێک پرۆسـەی فۆنۆلۆژی پێش ئەوانی تر ڕوودەدەن.

١-٥. سیمای فۆنۆلۆژی

ناتوانین باس لە ئەرکی دەنگەکانی زمان بکەین بێئەوەی ئاماژە بە تایبەتمەندی بیستنی ئەو دەنگکانە نەکەین وەک لێوی، وەستاوی،.... بەرلەوەی باس لە سیما فۆنۆلۆژی بکەین باشتروایە باس لە سیمای دەنگی و سیمای جیاکەرەوە بکەین.

١-٥-١ سیمای دەنگی: زمانەوانان دەنگەکانی ئاخاوتن بە گروپێک لە سیماکان دەناسێنن، کە لە ئەنجامی دەربرینی دەنگەکانی زمان بەدەستدێن. ((یەکەم خاڵ لە دیاریکردنی سیمای دەنگەکان دیاریکردنی سازگەی دەنگەکانە، دەنگەکە لێویە، ددانییە،... هەر بەتەنها سازگە بەس نییە بۆ دیاریکردنی سیمای دەنگەکان، چونکە چەند دەنگێک هەن هەمان سازگەی درکاندنیان هەیە، بەڵام هەڵگری سیمای ترن، وەک گری، کپی.)) (عەبدوللا و عەلی، ٢٠١٨، صفحة ١٠٩) سیماکان دوو مەبەستی سەرەکیان هەیە:

((١- دەستەیەک سیمای بەهادار بۆ هەریەکێک لە یەکە دەنگییە جیاوازیەکانی زمانی مرۆڤ دابیندەکات.

٢- بوونی ڕێگایەکی سروشتی بۆ ناسینەوە و دیاریکردنی ئەو پۆلە دەنگییانەی بەیەکەوە لە پرۆسە فۆنۆلۆژیەکاندا کاردەکەن.)) (جمیل ٢٠١٥: ٨٣-٨٤)

١-٥-٢ سیمای جیاکەرەوە:

جەخت لەسەر هێمای زمانی دەکاتەوە، پێیوایە وشەیەکی وەک دار لە(د،ا،ر) پێکدێت. ئەو هێما زمانییە دەتوانرێت پارچەپارچە بکرێت. هەرچەندە دەنگەکان بچوکترین یەکەی زمانن، بەڵام دەنگەکان بۆخۆیان هەڵگری سیمای جیاکەرەوەن، پێویستە لە جیاکردنەوەی دەنگەکان سیمای دەنگی و سیمای جیاکەرەوە بۆدەنگەکان ئەنجامبدەین. سیمای تایبەت بەدەنگەکان لە زمانێکی دیاریکراو وەرناگرین، واتە بەشێوەیەکی گشتی سیمای دەنگەکە وەردەگرین، بەڵام سیمای جیاکەرەوە تایبەتە بەزمانیکی دیاریکراو و ئامانج لەو سیمایانە ئەوەیە ڕۆڵیان لەدەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی هێمایەکی زمانی لەگەڵ هێمایەکی تر لەناو هەمان زماندا هەیە. بۆ نمونە دەنگی] ب[دەنگێکی لێوی گرە، کپی دەنگی [ب] دەنگی [پ]، کە ڕۆڵێکی ئەرکی هەیە. وەک دەنگی [ب] و[پ] لە نمونەی (بەڕ)و(پەڕ)دا. ڕەگەزێکی تری جیاکردنەوەی جیاوازی واتای وشەکانە لەزمانەکەدا. لە فۆنۆلۆژیدا سیمای جیاکەرەوەی دەنگەکانی زمان لە زمانی سروشتی وفسیۆلۆژی، یان بایلۆجی دەردەخات. بۆنمونە یاکوپسون ئەم سیمایانەی لەتیۆرەکەی خۆی لە سروشتی فیزیکی دەنگەکان دەرخست، کەواتە سیمای جیاکەرەوە ئەو گۆڕانانەیە، کە لەسیمای دەنگەکان پەیدادەبن، ئەم سیما جیاکەرەوانەش سیمای جوتۆکەیە ئامادەیە+ یان نائامادەیە. (عەبدوللا و عەلی ٢٠١٨: ١١٠) سیمای جیاکەرەوە یەکێکە لەڕێبازەکانی فۆنۆلۆژی بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت لایەنی جیاواز و لێکچون لەنێوان فۆنیمەکاندا دەستنیشانبکات. (ئیسماعیل، ٢٠١٣، صفحة ٣٢)

سیماکان چەند پۆلێکی فراوان لێکجادەکەنەوە، بۆنموونە دەنگە کۆنسنانتەکان بەسەر دوو پۆلی سەرەکی دابەشدەبن، دەنگە کۆنسنانتە گرەکان و دەنگە کۆنسنانتە کپەکان. ئەمەش سیمای جیاکەرەوەی دوودانەیی دەگەیەنێت دەنگە کۆنسنانتە گرەکان سیمای[voice+[هەڵدەگرن لەهەمانکاتدا دەنگە کۆنسنانتەکپەکان سیمای| voice-|هەڵدەگرن. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، تاماوەیەکی زۆر لەشیکردنەوەی دەنگسازیدا تەنیا فۆنیم بچوکترین یەکەی دەنگی بوو، بەڵام دواتر

سیماکان بەهەند وەرگیران، سیماکانی(+_) هاوکاری فۆنیمەکان بوون بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە ڕۆنانی ژێرەوەی کەرتە دەنگییەکان. (جمیل ٢٠١٥: ٨٣)

ئەم سیمایانە زۆر گرنگن لەزماندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن بەهۆی ئەم سیمایانەوە یەکەکانی دەناسرێنن. بۆنمونە دەنگی [ب] لەڕێگای گۆکردنەوە سیمای ئەم دەنگە دەناسین. هەر دەنگێک لە دەنگەکانی زمان بمانەوێت بیانناسین بریتین لەکۆمەڵێک سیما. (عەبدوللا و عەلی ٢٠١٨: ١١١)

ترۆبتسکۆی پێیوایە کەهەریەکەیەکی دەنگی پێویستە سیمای جیاکەرەوەی هەبێت لەگەڵ یەکەکانی تر، کە دەبێتە هۆی لێکجاکردنەوەیان، ئەم سیمای جیاکەرەوەش لەئەنجامی بوونی بەرانبەری دوانی لەنێوان فۆنیمەکان سەرهەڵدەدات. ترۆبتسکۆی ئەم بەرانبەری درێژکردەوە چەند بەرانبەریەک جیادەکاتەوە.

١. بەرانبەری سالیب: ئەوجۆرە لەسەر ئەوە بنیاد دەنرێت، کە سیفەتێک لەیەکێکیان هەیە و لەوی تریان نییە، ئەویش لەم جوتە سیمایانە پێکدێن [+گڕ] [-گر] [+لوتی] [-لوتی] (ئیسماعیل ٢٠١٣: ٣٣)

٢. بەرانبەری پلەپلەیی: ئەوجۆرەیان لەسەر ئەوە بنیادنانرێت، کە یەکێکیان سیفەتێکی تێدایە و لەوی تریاندا نییە، بەڵکو لەسەر پلەی ئەو سیفەتە هەمان خاسیەت لەهەردوو لادا هەیە، بەڵام بەپلەیەکی جیاواز بۆنمونە فۆنیمەکانی/ا/ لە وشەی (دارا) دا لە درێژیدا جیاوازن، کە فۆنیمی یەکەم هێزی لەسەر نییە، لە ناوەندێکی داخراودایە، کورتترە لە فۆنیمی دووەم، کە هێزی لەسەرە و لەناوەندێکی کراوەدایە. باری لێو و خڕبونەوەی فۆنیمی /و/ /ۆ/ دا هەیە، لە/و/ دا لێو زیاتر خڕدەبێتەوە وەک لە /ۆ/ واتا هەمان سیفەتیان هەیە، بەڵام یەکێکیان دەرکەوتووترە، یان زیاترە.

٣. بەرانبەری یەکسان لەم جۆرەدا هەردوو لا لەڕووی هێز و کاریگەری وەک یەکن. ئەم جۆرەش لەسەر بوونی سیمای تایبەت و نەبوونی لەوی تر بنیادنانرێت، وەکو ئەو دژانەی لەنێوان فۆنیمەکانی تردا هەیە، وەک لەنێوان /ف/ و /ح/ یان /ب/ و /چ/دا. (ئیسماعیل ٢٠١٨: ٣٤) کەواتە سیمای فۆنۆلۆژی بریتییە لەسەرجەم ئەو سیمایانەی فۆنیم پێکدەهێنن، ئەو سیمایانە بچوکترین یەکەی سەرەکین لەشیکردنەوەی فۆنۆلۆژیدا.

سیمای فۆنۆلۆژی چەند ئەرکێکی هەیە.

(١. ئەرکی جوداکردن: جیاوازی لەنێوان گروپێک لە فۆنیم دەکات بەڕێگای بەکارهێنانی (+))، کە ئاماژەن بۆ سیماکان.

٢. ئەرکی وەسفی: لەسەر ئاستی فۆنەتیکی پێویستە سیمای جیاکەرەوە هەر دەنگێک وەسفبکرێت. بۆنمونە /ب/ +لێو +گڕ+ تەقیو

٣. ئەرکی پۆلینکردن: ئەم ئەرکە دیاریکردنی دەستەی فۆنیمەکانە، تاکو ئەو فۆنیمانە دیاریبکات، کە لەڕەفتار وەکو یەکن لەڕێگای سیماکانەوە پۆلینبکرێت. بۆنمونە/ب/ +لێو +گڕ+ تەقیو /پ/ +لێو +کپ+ تەقیو) (عەبدوللا و عەلی ٢٠١٩: ٢١)

١-٦ فۆنیم و ئەلەفۆن

دەنگ کەرەستەی خاوی زمانە، دەنگەکانی زمانیش بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەکاتی درکاندندا بە دوای یەکدادێن، ئەم دەنگانەش زۆرجار دەبن بەفۆنیم، هەر زمانێکیش ژمارەیەکی فۆنیمی دیاریکراوی خۆی بەکاردەهێنێت، لە نوسینیشدا هێمایی / / بۆ فۆنیم دانراوە. دەتوانین فۆنیمەکانی زمانی کوردی بەهۆی جووتە وشەوە دەستنیشانبکرێت. بەواتایەکی تر (دەنگەکان بە فۆنیم دادەنرێن لەو شوێنانەی کە

دەبێتە هۆی دروستکردنی جیاوازی واتایی لەنێوان دوو وشـە). (فتاح ١٩٩٠: ٥٦)هەرچەندە چەندین پێناسە بۆفۆنیم کراوە، بەڵام ئەوەی لە هەموویان گونجاوترە، ئەو پێناسەیە: ((فۆنیم بچوکترین دانەیە کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ)) (فتاح، ١٩٩٠، صفحة ٦٣) واتە فۆنیم ئەو دەنگانەن، کە لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراودا توانایی گۆرینی واتایان هەیە، ئەگەر توانای گۆڕینی واتاشیان نەبێت ئەوا نابێتە فۆنیم، بەڵکو دەبێتە ئەلەفۆن، کە شێوەی جیاوازەکانی فۆنیمێکن بەهۆی ژینگەی تایبەت و کاریگەری دەنگەکانی دەوروبـەر دروستدەبێت. وەک لـە وشـەی سـاڵ و صـاڵ دا /س/ فۆنیمە، بـەڵام [ص] ئەلەفۆنی /س/، چونکە نەیتوانیووە واتا بگۆڕێت. واتە دەتوانین بڵێین فۆنیم بریتییە لە کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوە هەر فۆنیمێک لەمانە چەند دەنگێکیان هەیە هیچیان لەیەکتری ناچن وەک /س/ لەزمانی کوردی چەند دەنگێک دەنوێنێ/فۆنیم/ دەنگ [س ~] ساڵ

[س] سیر کە هیچ یەک لەم دوو [س]ە شوێنی یەکتر ناگرن. (ئیسماعیل، ٢٠١٣، صفحة ١)

شوێنی فۆنیم دەوردەبینێت لەجیاکردنەوەی واتای وشـەکان. ئەرکی فۆنیم تەنها خۆی لە ئاڵوگۆری نابینێتەوە لەناو پێکهاتەی خۆیدا (بۆجیاکردنەوەی واتـای وشـەکان)، بەڵکو کاریگەری ڕیزبەندی و شوێنی لەسەرە لە پێکهاتەی زمانیدا، (شەڕ، ڕەش) دوو وشـەی جیان، هەرچەندە فۆنیمەکان هەمان فۆنیمن، بەڵام ڕیزبەندی فۆنیمەکان جیاوازە.

فۆنیـمـەکـان چـەنـد جـارێـک لـە وشـەکـانـدا دوبـارەدەبـنـەوە، بـەڵام هـەرجـارەی بەجۆرێکی تایبـەت دەدرکـێندرێت دەشـێت ئـەم جـۆرانـە لە ڕووی بیستن و درکاندنەوە لەیەکتری نزیک نەبن. بۆنمونە (باڵ، بیر، باب) ئەو/ب/ لەوشـەی باڵدایە، جیاوازە لەو /ب/ لەوشـەی بیر دایە ئەوەش نییە، کە لەکۆتای باب هاتووە. هۆکاری ئەم جیاوازیەش بۆئەو ژینگە جیاوازە دەگەڕێتەوە، کە دەنگەکانی تێکەوتوون. [ب] لەوشـەی باڵ بەهۆی ئەو /ڵ/ی لە دوایدا هاتووە سیمای مەڵاشوی پێبەخشیوە و وایکردووە جیابێتەوە لەوەی لە وشـەی بیردایە، کە باسێکی ئاساییە، هەروەها جیایە لەکۆتای وشـەی باب دایە، کە جۆرە تەوژمێکی هەوای لەگەڵدایە و تەقینەوەیـک هەسـتپێدەکرێت. (ئیسماعیل٢٠١٣: ٣٩) گۆڕان لەدەربرینی فۆنیمەکان لەشوێنی جیاواز پێی دەوترێت گۆڕانی فۆنۆلۆژی. (Andrew, Martin, David & Harald 2009:77) کەواتە ئەلۆفۆن ئەو کۆمەڵە دەنگانەن، کە فۆنیمێک دەیانگرێتە خۆی، یان فۆنیمێک دەینوێنێت بە ئەندامی ئەو فۆنیمە ناودەبرێت، یان بە ئەلەفۆنی ئەو فۆنیمە دادەنرێت.

ئەلەفۆنەکانی فۆنیمێکیش بەپێی چەند مەرجێک دیاریدەکرێن:

١. لێکچوونی دەنگی: مەبەست لە لێکچوونی دەنگی بابەتێکی نسبیە نەک ڕەها، چونکە ناکرێت بڵێین دەنگێک لە جۆرە دەنگێکی تر ناچێت، زۆرجار دوو دەنگ بەلای کەمەوە لە بارێکدا لەیەکدەچن درکاندن و سازگەیان یەک بێت، یان لەیەکەوە نزیک بن، وەک دەنگی [ت] و دەنگی [د] هەردووکیان هەمان سازگەیان هەیە. کەواتە بۆیان هەیە بە دوو ئەلەفۆنی هەمان فۆنیم دابنرێت، ئەگەر هاتوو لە حاڵەتێکدا واتا نەگۆڕێت وەک مهاباد_ مهابات.

٢. دابـەشـبـوونـی تـەواوکـەری: ئەلەفۆنەکانی یەک فۆنیم بەشێوەیەکی تەواوکەری دابەشدەبن، واتـە ئەلەفۆنەکان بەسەر شوێنی دەرکەوتنیان دابەشدەبن، هیچ یەکێکیان لەشوێنی ئەویتریاندا دەرناکەوێت، گریمان فۆنیمێک سێ ئەلەفۆنی هەیە شوێنی (سەرەتای وشە، ناوەڕاستی وشە، کۆتای

وشـە) لە فۆنیمی[ب]یان دەرکەوتنی پێش ڤاوڵ، یان پێش کۆنسنانتێکی تر، یان کۆتای. ئەم دەنگانە لـەڕووی فۆنەتیکەوە جیـاوازن، بـەڵام لەوانەیە لەڕووی فۆنۆلۆژیەوە هاوتابن، یان یەک دەنگ بن. (Mustafa 2007:87)

باب [ب] ب١

دەبردرێت[ب] ب٢

بابتان [پ] ب٣

ئەگەر سـەیری ئـەو وشـانـەی سـەرەوە بکەین دەبینین کۆنسنانتی سێیەم لەو وشانەی سەرەوەدا دەنگی [ب]ە، بەهۆی ئەوەی لەهەر سێ وشەکاندا هەمان وێنایان هەیە، لەپێڕەوەی زماندا هەمان ئـەرک دەبینێت، بـەڵام ئـەگـەر ئێمە لـەڕووی درکاندنەوە لێیوردبینەوە، ئەو کاتە لەبەرانبەر سێ دەنگ دەوەستن، کە جیاوازن و یەک دەنگ نین، بەمەش[ب] لە وشەی یەکەم قورس و هەناسەدارترە لەهی دووەم وەکو (ب)، بەڵام لەوشەی سێیەم وەکو (پ) دەدرکێندرێت، کەواتە لەلایەنی مادییەوە ئێمە لەبەرانبەر (٣) دەنگی جیاوازی دەوەستین، کەچی لـەڕووی هۆشـەکییەوە(زەینی)، نابەرجەستەیی و ڕێنوسدا بەرانبەر یەک دەنگ دەوەستین.

(Harald David ،Martin ،Andrew 2009:77)

هۆی ئەوەیە دەبێت بەیەک دەنگ دابنرێن، چونکە لە ئەرکدا بەرانبەر یەک ناوەستن بەواتای ئەوەی جیاوازییە فۆنتاتیکییەکانی نێوان هیچ جیاوازییەک لەواتا ناهێنێتەکایەوە، دواتر ئەمانە ئەندامی یەک خێزانی دەنگین، لە بازنەیەک دەرناچن، بەڵام بەهۆی ئەو جیاوازییانە لـەوەوە دێنەکایە، کە لە ژینگەی دەنگی جیاواز، یان سیاقی جیاواز دەردەکـەون، ئەمەش دەکرێت لەمێشکی قسەکەرێکی کورددا بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزی بکەین.

ب= (ب١+ب٢+ب٣...) دابەشبونی تەواوکارانە بەهەمویان فۆنیمی ب دروستدەکەن.

بـەمـەش (ب١+ب٢+ب٣) بـەشـداریـدەکـەن لە پرکردنەوەی ڕوخسارەکانی /ب/، چونکە هیچیان ناتوانن شوێنی ئەوی تر پربکاتەوە، بەڵام ئەوەی بەڵگەنەویستە ئـەوەیـە کـەوا ئەلۆفۆنەکانی هـەر فۆنیمێک دەبێت لە بەشێک لە ڕوخساری فۆنیمەکە وەکو شوێن و شێوەی درکاندن بەشدارییبکات.

٣. ئەگەر ئەلەفۆنەکانی یەک فۆنیم بەشێوەیەکی تـەواوکـەری دابەشنەبوون دەشێت هـەموو، یان هەندێکیان لەباری ئـازاد دابـن، گۆڕانی ئازادیش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەلەفۆنێک شوێنی ئەلەفۆنێکی تری سەر بەهەمان فۆنیم بگرێت. (فتاح ١٩٩:: ٦.)

بۆنمونە /س/ مەڵاشوێنراو← سەهۆڵ

/س/ ئاسایی ← سەر یان بەهۆی هاوسێیەتییەوە لەگەڵ دەنگێکی قەڵەوی تەواو.

/س ~ /← سڕ.

کاتێک لـەدەنگە بـەسـتراوەکاندا بەشێوەیەک دەتوانرێت تەوژمی هەوایی لەگەڵدابێت، یان لەگەڵیدا نەبێت وەک لـە هـات (بـەسـتراو) بێتەوژم هات (تەقێنراو) تەوژمی هەوای لەگەڵدایە. (ئیسماعیل، ٢٠١٣: ٤٦)

١- ٧- فۆنیمەکانی زمانی کوردی

فۆنیمەکانی زمانی کوردی بەسەر فۆنیمە کەرتییەکان و فۆنیمە ناکەرتییەکان دابەشدەبن.

فۆنیمە کەرتییەکان ڤاوڵەکان و کۆنسوونانتەکان دەگرێتەوە:

١ـ ڤاوڵەکان: ئەو دەنگانەن، کە لەکاتی درکاندنیاندا هەوا بە ئارەزووی خۆی لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە و هیچ تەگەرەیەک ناکەوێتە ڕێگایان، واتە لەکاتی دروستکردنی ڤاوڵەکاندا هیچ بەشێکی زار بە هیچ بەشێکی تر ناکەوێت. (ئەمین ٢..٤: ٥٢)ڤاولەکانی زمانی کوردی ژمارەیان هەشت ڤاوڵە (و، وو، ۆ، ا، ە، ی، ێ، بزرۆکە)

ریز				
پشتەوەی زمان	ناوەراستی زمان	پێشەوەی زمان		
وو u	آ بزرۆکە و u	i ی	بەرز	رادەی بەرزی و نزمی
ۆ O		ێ e	ناوەراست	
	ە		ناوەراست	
aI			بەرز	

بۆئەم خشتەیە سود لە نامەی دکتۆرای (سەلوا، ٢٠١٧، صفحة ١٢) وەرگیراوە

٢ ـ کۆنسوونانت: ئەو دەنگانەن لەکاتی درکاندنیاندا هەوا لەسییەکانەوە دێتە دەرەوە جۆرە تەگەرەیەک، یان داخستن و کرانەوە دەخرێتە بەر تەزووی هەناسەوە. (Martin ،Andrew 2009:4، David Harald) واتە لە هەندێ جێگادا هەواکە رێگەی لێدەگیرێت و بەئارەزووی خۆی بەرەو دەرەوە ناڕوات. بۆنمونە دەنگە ژێیەکانی ناو قورگ. مەلاشوی نەرم، لێو... هتد تەگەرە دەخەنە پێش ئەو هەوایەی، کە ئەو دەنگانەی پێدروستدەکرێت، کەواتە دەتوانین بڵێین کۆنسوونانت ئەو دەنگانەی ئاخاوتنن، کە لەئەنجامی تەگەرە خستنە پێش رێڕەوی ئەو هەوایەی، لەسییەکانەوە دەردەچێت لەئەنجامی خاڵێکی دیاریکراودا لەسەر زمانە بچکۆلە بەرهەمدەهێنرێت.

سەبارەت بەژمارەی کۆنسنانتەکانی زمانی کوردی رێککەوتنێکی تەواو لای زمانەوانەکان نییە، لەنێوان (٢٥ـ ٢٨) کۆنسنانتە، ئەمانەن (ب،پ، ڤ، ف، م، و، د، ت، ز، س، ن، ل، ر، ڕ، ج، چ، ژ، ش، ڵ، ی، گ، ک، غ، خ، ق، ح، ە، ع)، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کۆنسنانتەکانی زمانی کوردی (٢٥) کۆنسنانتە، چونکە بەشێوەیەکی فۆنەتیکی لەرێگەی ئەرکەوە (٢٥) کۆنسنانت لەڕووی ئەرکەوە جیادەکرێتەوە. کۆنسنانتەکان دەبن بەدوو بەش. بەشێکیان گڕن دەنگە ژێکان لەکاتی گۆکردنیان دەلەرنەوە، بەشێکیان کپن دەنگە ژێکان نالەرنەوە. بەلەرینەوەی دەنگە ژێکان دەوترێت زرینگانەوە.

دەنگە کۆنسونانتەکان بەم شێوەیە وەسفدەکرێن:

١ـ ژێداری (گڕی و هەناسەداری): گڕی لە دەنگە کۆنسونانتەکاندا بە رێکوڕوونی بەشێوەی [voice +⁻] نیشاندراوە دەنگی گـڕە[voice+⁻] ئەگەر بەرێکوپێکی و بەئاسانی دەنگەژێکانی بلەرنەوە ئەگەرنا دەنگییەکە[+کپە]. بۆنمونە [پ] [+کپ] لەبەرانبەردا [ب] [+گڕ]

٢ـ سازگەی درکاندن: سازگەی دەنگ، یان شوێنی دروستبوونی دەنگ یەکێکە لەو پێوەرانەی بۆ پۆلکردنی دەنگەکانی کۆنسنانتەکان بەکاردەهێنرێت، ئاماژە بە شوێنی دەرچوونی دەنگ دەکات بە گوێرەی ئەندامی دەنگەوە دەنگەکانیش بەپێی سیمای جیاکەرەوە، یان بەپێی سازگەکان دابەشدەکرێن بۆ چەند گروپێک:-١دەنگی لێوی ٢ـ لێوی ددان ٣ـ ددانی ٤ـ پووکی ددانی ٥ـ دەنگی مەلاشووی رەق ٦ـ دەنگی مەلاشووی نەرم ٧ـ دەنگی کۆتایی مەلاشووی نەرم ٨ دەنگی گەروویی ٩ـ دەنگی قورگی (عەلی ت،، ٢٠١٥، الصفحات ٣٩-٤٠)

٣ـ چۆنیەتی درکاندنی دەنگەکان: چۆنیەتی درکاندن یەکێکە لەو پێوەرانەی بۆ پۆلکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن بەکاردەهێنرێت. ئەم پێوەرەش

ئاماژە بە باری ڕێڕەوی هەوا دەدات، ئەو گۆڕانانەی، کە لەو ڕێڕەوە ڕوودەدات لە کاتی بوونی تەگەرەوە بەربەست لەپێش دەرچوونی هەوا، یان بەستنی ڕێگایە، کە بەتەواوی، یان بە شێوەیەکی ناتەواوی، یان هەر لادانێک و لاربوونەوەیەک کە ببێتە مایەی دەرچوونی هەوا لە تەنیشتەکانی دەمەوە. دەنگە کۆنسوونانتەکان بەگوێرەی چۆنییەتی درکاندنیان بەم شێوەیە پۆلدەکرێت:-

دەنگی (تەقیو، یان وەستاو، خشۆک، لووتی، تێکەڵاو، لایی، دووبارەکراو، خلیسکاو، چەماوە) (عەلی . ت ٢٠١٥: ٤٥)

جگە لەم سیمایانە هەندێک لە دەنگە کۆنسوونانتەکان خاوەنی چەند سیمایەکی ترن:

١. پفداری: فشارەکی زیاتری هەوایە لەئەنجامی دەرچونی لە ڕادەبەدەری لەکاتی بەرهەمهێنانی دەنگە کۆنسوونانتەکان، ئەو سیمایە لە کۆنسوونانتی تەقیوی کپدا زیاتر دەردەکەون. لەهەندێ زمانان لە کۆنسوونانتی تەقیوی گڕیشدا دەردەکەوێت. لە زمانی کوردیدا تەقیوی کپ پفدارن بەشێوەی [pʰ]، [tʰ]، [kʰ] دەنوسرێت. بۆنمونە پەر

٢. گڕچووی: لەناوچونی سیمای گڕی لە کۆنسوونانتی گڕدا بە گڕچووی دادەنرێت لەناوچونی سیمای گڕی نابێت، ئەگەر کۆنسوونانتەکە تەقیوی گڕچووی بوو. بۆ نمونە [b] لەگەڵ کپەکەی [p] بنەیەک، چونکە هەریەکەیان جگە لە سیمای گڕی و کپی خاوەنی چەند سیمایەکی دیکەنە لەوانە ئەگەر سیمای گڕی و کپیش لەناوبچن ئەو سیمایەی تر ڕۆڵی جیاکردنەوە دەبینێت. بۆنمونە لە کۆنسوونانتی گڕدا[b] سیمای نەرمی و کۆنسوونانتی کپی [p] سیمای توندی هەیە لەکاتی گڕچون ئەم کۆنسوونانتە گرە گۆری بە [b] ئەو ڕۆڵە جیاکردنەوە بە نەرمی و توندی دەکریت. بۆنمونە باب- باپ

٣. برگەبوون: سیمای برگەبوون بریتییە لەهەبوونی سیمای ڤاوڵی کۆنسوونانتی، کە سیمای برگەبوون هەبوو، دەتوانێت وەک ڤاوڵێک برگە پێکبهێنێت. لەزمانی ئینگلیزیدا کۆنسوونانتی[n,m,r,l] هەڵگری سیمای بەبرگەبوونن. لە زمانی کوردی دیالێکتی ناوەڕاست سیمای برگەبوونمان نییە.

٤. لێویبوون: سیمای لێویبوون خڕبوونەوەی لێوەکان پیشاندەدات، کە هەندێکجار هاتنە پێشەوەی لێوەکانیشە. بۆنمونە خواردن [xʷarɨn]، کوین[kʷin] ، چوار[tʃʷar]

٥. مەلاشوی: سیمای مەلاشووی هەندێک بەرزبونی بەشی پێشەوەی زمان بۆ مەلاشو دەبێت لەکاتی بەرهەمهێنانی ئەو کۆنسوونانتە، کە شوێنیان مەلاشوونەبێت، پێشی زمان بۆ مەلاشوو بەرزدەبێتەوە دەوترێت ئەم کۆنسوونانتە بەمەلاشووی بووە. وەک چ، ش

٦. مەلاشوی نەرم: سیمای مەلاشووی نەرم بەرزبونی بەشی پاشەوەی زمان بۆ مەلاشووی نەرم دەبێت لەکاتی بەرهەمهێنانی ئەو کۆنسوونانتە، کە شوێنیان مەلاشووی نەرم نەبێت، پاشی زمان بۆ مەلاشووی نەرم بەرزدەبێتەوە دەوترێ ئەم کۆنسوونانتە بەمەلاشووی نەرمی بووە. (عەلی و عەبدوللا، ٢٠١٩:١٤١- ١٤٥)

٢. پێکهاتەی برگە بەپێی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان

١.٢ برگە و ڕۆنانی برگە

لە بەشی یەکەمدا ڤاوڵ و کۆنسنانتەکانی زمانی کوردیمان دەستنیشانکرد، قسەپێکەری زمان دەتوانێت بریاربدات ئایا دەنگی دیاریکراو ڤاوڵە، یان کۆنسنانتە؟ برگە ڕاستییەکی فۆنیمییە، لەلای

قسەپێکەرانی زمان ڕوونە، یەکەیەکی زۆر گرنگە. ((زۆربەی خەڵک باوەڕیان وایە، ئەگەر نەتوانن بزانن برگە چییە، دەتوانن بزانن چەند برگە لە یەکێک وشە، یان ڕستەدا هەیە. ئەمەش بەدەستنیشانکردنی ڤاوڵەکان لەڕیتمی قسەکردندا دەبێت.)) (Roach٢...: ٧.) برگە ئەو زانیارییانە دەستنیشاندەکات، کە دەچێتە خانەی بەئاگایی قسەپێکەران. وشەکانی بەشێوەیەک ڕاست و بەپێی تایبەتمەندیە فۆنتاکتیکییەکانی زمان بەسەر برگەکان دابەشدەبن. چۆنیەتی پێکەوەهاتنی ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان لە چوارچێوەی برگە پێی دەوترێت فۆنتاکتک. (Peter 2000:71) واتە ئەو یاسایانەی کە ڕێزبونی دەنگەکان لە چوارچێوەی برگەیەک، یان وشەیەکدا دیاریدەکەن. (فتاح١٩٩.: ٧٦) لە زمانی کوردی ڤاوڵ برگە پێکدەهێنێت ئەمە یاسای فۆنتاکتی کوردییە.

پێناسەکردنی برگە کارێکی هەروا ئاسان و بێکێشە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەی زۆری بۆکراوە، بەڵام هەندێکجار پێناسەکان تەنیا یەک ڕوی بابەتەکە وەردەگرن، یان بەشێوەیەکی گشتی لێیدەکۆڵرێتەوە (پیتەر ڕۆچ) پێیوایە، برگە سێتێک یەکەی دەنگی زۆر گرنگە، لە دەنگی ڤاوڵ و کۆنسنانت پێکدێن، لەسەر بنەمای ڕێگری لە هەواوکراوەیی ئەندامەکانی ئاخاوتن جیادەکرێنەوە، ئەگەر هەوا بەئازادی بڕوا، ئەوا زیاتر بەرزدەبێتەوە، ڕێژەی دەرچونی هەوا لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. ڤاوڵ و کۆنسنانتەکانن بەرێککەوت و بەبێ یاسا ناچنە پاڵ یەکتری، بەڵکو لە کاتی چونەپاڵ یەکتری پەیرەوی چەند مۆدێلێکی تایبەت دەکەن و یەکەی گەورەتر لەخۆیان دروستدەکەن، مەبەست لەنواندنی فۆنۆلۆژی نواندنی فۆنیمەکانی زمانە لەداڕشتنی یەکەی گەورەتر وەک مۆرفیم و وشە. (Peter 2000:71.) کریستاڵ برگە بەوە پێناسەدەکات،)یەکەیەکی قسەیە، کە زۆرجار لە دەنگێک گەورەترە و لە وشەیەکی تەواو بچووکترە. (David 2008:467)

کاتامباش پێیوایە (پێکهاتەی برگە لەڕێگای کەرتە دەنگییەکانی زمانەوە ڤاوڵ و کۆنسنانتەکانن بە هەردووکیان برگە پێکدێنن ڤاوڵ و کۆنسنانتەکانن برگە دروستناکەن، بەڵکو دەسەڵاتی ڤاوڵە برگە دروستبکات.)

(Katamba2989:158) هەرچەندە زمانەوانان لەپێناسەکردنی برگە جیاوازن، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی گونجاوترین پێناسەی برگە بریتییە لەکۆمەڵە دەنگێک، کە بەیەک تەوژم لەدەم دێتەدەرەوە. (فتاح: ١٩٩٠: ٧٥) هەرچۆنێک بێت ئەو پێناسەیەی کە بەشێوەیەکی گشتی لە لای زۆرێک لە زمانەوانان پەسەند دەکرێت، بەڵام هێشتا هەموو زمانەوانان هاوڕانین، لەوانە (کۆستۆڤیچ) وا دادەنێت، کە برگە دەنگ نییە، بەڵکو یەکەیەکی ئەبستراکتە، کە هاوتای دەنگی جیاواز نییە و بنیادنانی لە زمانە جیاوازەکان وەکیەک نییە، هەروەها پێیوایە، لە تیۆرە جیاوازەکان و بە شێوەی جیاجیا باسکراوە، بەڵام ئەو شتەی لەنێوان هەموان هاوبەشە و قەناعەت پێکەرە، ناوک هێز و گیانی ڕۆنانی برگەیە. (:Kenstowicz 1994 250-253) کەواتە هاوبەشی گشتی لەسەر بوونی ناوک وەک ڕوحی برگە، کارئاسانی دەکات بۆ لێکنزیکبوونەوەی تێڕوانینەکان.

چۆمسکی و هال دەنگەکانی ئاخاوتن بۆ دوو جۆر دابەشدەکەن: یەکەم ئەو دەنگانە دەگرێتەوە هەموویان تایبەتمەندییەکی]+ برگەیی[یان هەیە، دەتوانن شوێنی ناوکی برگەکە بگرن. جۆری دووەم هەموو دەنگەکانی دیکەی زمان دەگرێتەوە، کە بە] برگەیی[تەنیا دەکرێت لە پەراوێزی برگەکە دابنرێن،

واتە نابنە ناوکی برگە. (Chomsky & Halle1968: 354–355) بەمشێوەیە ڕۆنانی برگە لە تیکەڵەیەک لە ڤاوڵ (v)و کۆنسنانت(c) پێکهاتووە. هەرچۆنێک بێت، تیکەڵبوونی ڤاوڵ وکۆنسنانت، بۆ پێکهێنانی یەکەی پێکهاتەیی گەورەتر بە ڕێککەوت ئەنجامنادرێت، بەڵکو بەدوای فەرمانێکی دیاریکراودا دێت و ئەو یەکانەی بەمشێوەیە دروستدەکرێن، پێکهاتە و دابەشکردنی ناوخۆیی خۆیان هەیە، بەپێی یاساکانی خۆیان، پێکهاتەی ناوەکی برگەکە لەدوو بەشی پێکدێت: سەرەتای (O) و ناوەڕاستی (R)؛ ناوەڕاستیش لە دوو بەش پێکهاتووە، ناوکی (nuc) و کۆتا (cod). (Martin ،Andrew 2009: 79، David ، Harald)

پێکهاتەی برگە لە زمانەکان وەک یەک نییە سادەترین برگە لە زمانی کوردیدا لە ڤاوڵێک و کۆنسنانتێک پێکدێت، بەڵام لەزمانی ئینگلیزی ((تەنها لەیەک ڤاول پێکدێت)). (Peter 2000: 70) لە زمانی کوردیدا وشە بە ڤاوڵ دەستپێناکات، هەرگیز دوو ڤاوڵ لە تەکیەکدا نایەن، ئەگەر دوو ڤاوڵیش بەدوای یەکدابێن ئەوا ڤاوڵێک بەهۆی کاریگەری ڤاوڵەکەی ترەوە لەناو دەچێت، یان نیمچە ڤاوڵێک لە نێوانیان دێت. بە شێوەیەکی گشتی ڤاوڵەکان لەڕووی درکاندنەوە هەمیشە گڕن، ڤاوڵەکان لە زمانی کوردی دەبنە هەوێنی پێکهێنانی برگە، بەڵام بە تەنها ناتوانن برگە پێکبهێنن، بەڵکو پێویستیان بەهاوکاری کۆنسنانتەکانە بۆدروستکردنی برگە. واتە برگە بە بێڤاوڵ نابێت، لە هەر برگەیەکدا دەبێت ڤاوڵێک هەبێت. ئەم ڤاوڵە هێزی برگە وەردەگرێت. ژمارەی برگەکانی هەر وشەیەکیش پەیوەستە بە ژمارەی ڤاوڵەکان، واتە چەند ڤاوڵمان لە وشەیەکدا هەبێت ئەوەندە برگەمان دەبێت. دەستنیشانکردنی برگە پەیوەندی بەواتاوە نییە.

٢-٢ جۆرەکانی برگە

پێکهاتەی برگە لەفۆنۆلۆژیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، کاریگەری لەسەر ڕیتم و شێوازی فشار و درکاندنی وشە و دەستەواژەکان هەیە. ئەو وشانەی ڤاوڵەکانیان زیاترە زیاتر بەهێواشی دەدرکێن لەچاو ئەو وشانەی ڤاوڵیان کەمترە.

هەندێ لە زمانەوانەکان وەک (عبدالله حسین) پێیانوایە، کە برگە بە تەنیا لەیەک ڤاول پێکدێت و برگە بە ڤاول دەستپێدەکات. ئەگەر لە زمانی کوردیدا قالبی ئەم جۆرە برگانە (V, VC, VCC) هەبن، ئەوا ئەگەر چەقی برگەکە ڤاوڵ(v) ێکی کورتبوو، ئەوا گۆڕانکاری بەسەر ژمارەی قالبەکانی برگە و جێکەوتەکانیشیدا دێت. واتە جێکەوتەی سەرەتا و کۆتایی برگە بۆش دەبێت، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەدانین، کە برگە بەم شێوەیەی سەرەوە دروستبێت، بەڵکو برگە لە زمانی کوردی لە ڤاوڵێک و کۆنسنانتێک، یان زیاتر دروستدەبێت. ئەگەر برگەکە تەنها ڤاوڵێک و کۆنسنانتێک بوو ئەوا برگەکە بەبرگەی کورت دادەنرێن، ڤاوڵە کورتەکان دەبنە هەوێنی دروستبوونی برگەی کورت (خۆشناو ٢.١٣: ٤٨)، چونکە کەمترین وزە و کات بۆ دەربڕینی ئەم جۆرە برگانە پێویستە. برگە کورتەکانیش ئەمانەن)وە، کو، چ‍i ، کی). ڤاوڵە درێژەکانیش دەبنە هەوێنی دروستبوونی برگەی درێژ. برگەی درێژیش ئەم جۆرە برگەیە هەموو یاساکانی پێکهێنانی برگە دەگرێتەوە، ((ڕێژەی کرانەوەی دەم لە دەنگێکەوە بۆ دەنگێکی تر دەگۆڕێت)). (ڕەسول٢..٤٠٢: ٤) بۆیە برگە درێژەکان بەوە دەناسیتەوە، کە پێتە ڤاوڵەکانی لە بێژانا درێژبن)ا، ۆ، ێ، وو) بە ڤاوڵی درێژ دادەنێت.

هەندێک لە زمانەوانان برگە لەڕوویێکی ترەوە دابەشدەکەن، کە جوڵەی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەکەنە بنەمای جیاکردنەوەی جۆرەکانی

برگە، لەبەرئەوەی برگە بە ئەندامەکانی ئاخاوتن دەردەبـــڕدرێـت، کـەواتـە داخـــراوی و کـراوەیی ئۆرگانەکانی بەرپرس لە دەربڕینی برگەکانی دەبنە بنەمایی جیاکاری و دابەشبوونیان، بەتایبەت لە ڕوانگەی داخراویی و کراوەیی دەم)زار)، بەسەر دوو جۆردا دابەشدەکرێن. یەکەم/ برگەی کراو :ئەو برگەیەی، کە کۆتاییەکەی ڤاوڵە، واتە(CV, CCV) ، کە لەکاتی دەربڕیندا دەم بە کراوەیی دەمێنێتەوە، هەرچەندە ڤاولەکان بەپێی تایبەتمەندی فۆنیمی خۆیان لە هەندێکیاندا ئەم کراوەییە زیاتر هەست پێدەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە، هێز لەسەر برگەی کۆتایی بەرجەستە دەکرێت و برگەکان وەکیـەک لـەڕووی فۆنەتیکییەوە دەرنـابڕدرێن. Chomsky and Halle 1968:18))

دووەم/ برگەی داخراو :ئەو برگانە دەگرێتەوە، کە کۆتاییەکەیان بە دەنگی ڤاوڵ نەهاتووە، یان بە جۆرێکی تر ئەو برگانەن بە دەنگی کۆنسنانت کۆتاییان پێدێت و ئەندامەکانی ئاخاوتن بەرەو داخـران دەڕۆن. نمونە: [شـار] [کـورد][چوار][خـوارد]. برگەی داخراو بەهۆی چوار قاڵبە برگە دروستدەبن، کە (CVC, CVCC, CCVC, CCVCC) هەریەکەیان دەتوانن برگەی داخـراو پێکبهێنن، برگەی داخراو واتە لەکاتی کۆتایی هاتنی دەربڕیندا دەم دادەخرێت، بۆیە بە برگەی داخراو ناونراوە.



زمـانی کـوردی هــەردوو جـۆر بـرگـەی هەیە، جۆری برگە پەیوەندی بە مۆسیقای زمانەوە هەیە، ئەو زمانانەیە برگەی قورسیان زۆرە بەلای گوێگر مۆسیقی نین، بە پێچەوانەشەوە ئەو زمانانەیە برگەکانی بەزۆری کراوەن، واتە بەڤاوڵ کۆتاییان دێت لای گوێگر زمانێکی مۆسیقین. زمانی ئینگلیزی لەم نێوانەدایە زمانی کوردیش زۆری برگەکانی کـراوەن و برگەی قورسی کەمە، چونکە زۆر بەکەمی ڕێگە بە هێشوە کۆنسنانت دەدات. (فتاح، ١٩٩٠، صفحة ٧٧)

٣-٢-قاڵبەکانی برگە

زمانە جیاوازەکان خاوەنی قاڵبی برگەی جیاوازن، ئەگەر چی لێکچون لەنێوان قاڵبی برگەی زمانەکاندا هەیە. سادەترین قاڵبی برگە لەو زمانانەیە جێکەوتەی سەرەتای برگەیان بەتاڵ نییە بریتییە لە کۆنسنانت و ڤاوڵێک. دیاریکردنی قاڵبەکانی برگە بەپێی فۆنۆلۆژی کلاسیک ئەو قاڵبانەی تاکو ئێستا بۆ زمانی کوردی دارێـژراوە شەش قاڵبە، بەڵام لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان کورت و درێژی ڤاوڵەکان هەوێنی دارشتنی قاڵبەکانی برگەن. واتە لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان قاڵبەکان بەپێی کورت و درێژی ڤاوڵەکان قاڵبەکانی برگە دەگۆڕێن، ڤاوڵە کورتەکان (ە، بزرۆکە، ی، و) بەشداری برگە کورت

دەکەن. ڤاوڵە درێژەکانیش(ا، وو، ێ، ۆ) بەشداری قاڵبی برگەی درێژ دەکەن. قاڵبەکانی برگە لە زمانی کوردی بەپێی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان ئەمانەن:

١. Cv دە



٢. Cv:



٣. Cvc شەڕ



٤. Cv:c شار



٥. Cvcc دەرد



٦. Cv:cc سارد



٧. Ccv دیە، وشە



٨ Ccv: گیا



٩. Ccvc ستەم، زویر



١٠. Ccv:c چوار





١٢. Ccv:cc خوارد



٢-٤ سنووردارێتی

سنووردارێتی یەکێکە لەو زاراوانـەی بە واتای دیاریکردنی سنور بۆ شتێک بەکاردێت، بەپێی بنەمای دەستووری زمانە جیاوازەکانی جیهان بەشێکی مەرجدارە و یاسا و بنەمای خۆی هەیە، کە تەواوی سنوردارێتیەکانی زمانەکان دەگرێتەخۆ، تەنیا جیاوازی سیستماتیک لە نێوان زمانەکان لە پلەبەندی سنوورداریتی هەیە، ئەمە لە تیۆری بەرهەمهێنان بەلادان لە سیستەم دادەنرێت. (قوامی، نظریه بهینگی: مروری بر پیشینه و سازوکار (خان ١٣٨٩: ٣)

سنورداێتی لەهەموو زمانێکدا لەهەموو ئاستەکانی زماندا هەیە. لەسەر کارلێکە فۆنۆلۆژییەکان ئاماژە بۆ ئـەو بنەما وریسایانە دەکـەن، کە ڕەفتار و سنوردارکردنی نەخشە دەنگییەکان لەناو زمانێکی دیاریکراودا بەڕێوەدەبەن.

ئەم سنووردارکردنانە ڕۆڵێکی گرنگ لە دارشتنی پێکهاتەی فۆنۆلۆژی وشەکان و دیاریکردنی چۆنیەتی کارلێککردنی دەنگەکان لەگەڵ یەکتردا دەگێڕن. ئاستی دەنگ یەکێکە لەو ئاستانەی سنوورداریتی تێدا بەدیدەکرێت، پەسەندکردنی دەنگی بەرز بۆئەوەی بـەرەو ناوەراستی برگەیەک، کە بەرزترین پلەی دەنگە زیادبکات و بەرەو لێوارەکان کەمبێتەوە. ئەم سنوردارکردنە ئـەوە ڕوندەکاتەوە، بۆچی دەنگە دەنگدارەکان وەک ڤاول و نزیکەکانی مەیلیان هەیە چەقی برگە داگیربکەن، لەکاتێکدا ڕێگریکارەکانی وەک وەستان و خۆلێدان لە پەراوێزی ڤاوڵەکاندا دەبینرێن.

٢-٥ سنوورداریەتی برگە

هــەر زمـانـێک بـەجـۆرێک سـنـوری بـرگـە دیاریدەکات، جۆرێکی برگە پەسەنددەکات بەسەر جۆرەکانی تردا، سنوری برگە تەنانەت لەنێو هەمان زمانیشدا بەپێی شێوازەکەی دەگۆرێت، هەر بۆیە بۆ دیاریکردنی سنوری برگە دەبێت لە زمانێکی دیاریکراودا بدوێین. (فتاح، ١٩٩:. ٧٥)

قسەپێکەرانی ڕەسەنی زمانەکە زانیاریان لە بارەی بڕگەوە هەیە لەکاتی بەرهەمهێنانی وشە زۆرترین ژمارەی جێکەوتە لە ڕۆنانی بڕگە سێ جێکەوتەیە. هەر سێ جێکەوتەکەش خاوەنی سنورداریەتی جیاوازن. واتە جۆر و ژمارەی ئەو کەرەستانەی لەم جێکەوتانە دەردەکەون جیاوازن و سنوردارن. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پیدا بڕگە لە ئەنجامی چونە پاڵیەکی ڤاوڵێک و کۆنسنانتێک، یان چەند کۆنسناتێک دروستدەبێت. لە ڕۆنانی هەر بڕگەیەکدا ژمارەیەک هیما هەیە. سەرەتا (O) ئاوازە (R) لوتکەی ئاوازە(N)، هەروەها کۆتا (Co) هەریەکە لەو چاڵانە دەتوانرێت وەک چاڵێکی بەتاڵ، یان کەرتی دەنگی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەوەی لە بڕگەدا زۆر گرنگە جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە لوتکەی ئاوازەیە، کە زرینگانەوە و لەرینەوەی کەرتە دەنگییەکان دەستنیشاندەکات. (Radford 2009، David، Harald، Andrew) (Andrew 2009: 82)



لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگە زمانەکان وەکیەکنین بەپێی یاسا تایبەتەکانی زمانەکان دەگۆڕێن. زمانی کوردی تەنها کۆنسنانتەکان دەتوانن لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگە دابن. واتە زمانی کوردی دەچێتە خانەی ئەو زمانانەی جێکەوتەی سەرەتای بڕگەیان بەلای کەم بە کۆنسناتیک پڕ دەکرێتەوە. هەرچەندە هەندێک زمانی تر هەن، کە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەیان بەتاڵە وەک زمانی ئینگلیزی، چونکە لەو زمانانەدا تەنها ڤاوڵێک دەتوانی بڕگە دروستبکات، یان لەبڕگەیەکدا زیاتر لە ڤاوڵێکی تێدا بێت. (Peter 2000: 70–71)

سنورداریەتی کرۆکی بڕگە ئەوەیە هەمیشە بە ڤاوڵێک پڕدەکرێتەوە، بەڵام دەرکەوتەی ڤاوڵەکان لەزمانەکاندا جیاوازە لەزمانی کوردیدا دەکرێ زیاتر لە کۆنسنانتێک بێت، بەڵام تەنها یەک ڤاوڵ دێت و دەبێتە کرۆکی بڕگە لە زمانی ئینگلیزی زیاتر لە دوو کۆنسنانت دێت، کە بە هێشووە کۆنسنانت دادەنرێت. هەرچەندە لە زمانی ئینگلیزی هێشووە ڤاوڵیشمان هەیە، بەڵام لە زمانی کوردی هێشووە ڤاوڵمان نییە.

٢-٥ بنەماکانی دەستنیشانکردنی بڕگە

چەند بنەمایەک بۆ دەستنیشانکردنی بڕگە لە زماندا هەیە:

١. بنەمای زۆرترین دەستپێکردن (ئەم بنەمایە یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆنانی بڕگە و دیاریکردنی چۆنیەتی دابەشبوونی فۆنیمەکان بەسەر بڕگەکان و پڕکردنەوەی جێکەوتەی سەرەتای بڕگە، کە بە چ دەنگێک دەبێت. زمان بەپێی ئاخاوتنی مرۆڤ و تیۆری ئابوریکردن بەرەو ئاسانی دەڕوات، بەڵام ڕێگەیان پێدەدەن لە شوێنی دەستپێکردن و کۆتادا بەپێی ڕێککەوتن جێکەوتەکان پڕبکرێنەوە، یان بۆشبن

(Vennemann 2988:31–7)

واتە ئەم بنەمایە بەواتای پەیوەستکردنی ڤاوڵ بە بڕگەوە دێت. لەبەرئەوەی ڤاوڵ کرۆکی بڕگەیە یەکەمجار ڤاوڵ پەیوەست دەکەین بەبڕگەوە بەپێی ئەم بنەمایە دوای هەموو ڤاوڵێک سنوری بڕگە دێت، ئەگەر دوای ڤاوڵ کۆنسنانت نەبوو، واتە بڕگە

کراوەیە ئەگەر کۆنسنانت هەبوو دەچێتە هەنگاوی دووەم
(Harald ، David ،Martin ،Andrew 2009:81–82)

٢. بنەمای کۆنتۆری ناچاری: (ئەم بنەمایە وادادەنێت، بەشەکانی تەنیشت یەکتر ناتوانن لە هەندێک تایبەتمەندیدا یەکسان بن. واتە دوو دەنگی تەنیشت یەکتر هەمان هارمۆنی و بەرزبوونەوە و نزمبونەوەیان هەبێت، ئەم سنوردارکردنە هۆکاری دیاردەکانی جیابوونەوەیە، یان گونجان، کە دەنگە هاوشێوەکان زیاتر جیاوازدەبن بۆئەوەی دووبارەنەبنەوە. ئەم بنەمایە بەدوو قۆناغ جێبەجێدەکرێت سەرەتا پێویستە ژمارە ڕێگەپێدراوەکەی سەرەتای برگە یەک کۆنسنانت پەیوەست بکەین بە سەرەتای برگەوە، لەکۆتای هەر کۆنسنانتێک مایەوە پەیوەستی دەکەین بە کۆتای برگەوە. بۆنمونە لە هەندێک زماندا دوو ڤاولی تەنیشت یەکتر ناتوانن یەک تۆنیان هەبێت. واتە ناتوانن دوو ڤاوڵ پێکەوەبێن). (John 1976:6–9)

٣. بنەمای کۆتایی بێیاسا: (زمانەکان مەیلیان هەیە بۆ دورکەوتنەوە لە هەندێک پێکهاتەی دەنگی، یان زنجیرەیەک، کە لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە بە نیشانەدار، یان ناپێویست دادەنرێت). بۆنمونە لە هەندێک زماندا ڕەنگە یاسایەک هەبێت، دوو دەنگ لە برگەیەکدا قەدەغە بکات. ئەم بنەمایە پێشبینی دەکات، ئەگەر ڕەگی وشەیەک بە ڤاوڵێکی دیاریکراو کۆتایی پێبێت و ئەم پاشگرییەی خوارەوە بە هەمان ڤاوڵێک دەستپێبکات، دەنگێکی زیادە، یان ڕێکخستنێک دەخرێتە ناوەوە، بۆئەوەی قەدەغەکردنەکە پێشێلنەکرێت. ئەمەش لە وشەی (گۆزە) کاتێک نیشانەی ناسراوی (ەکە) دەچێتە سەر لەئەنجامدا (گۆزەکە) بەرهەمدێت .ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی هەندێک پێکهاتەی دەنگ لە زمانەکاندا دەگمەنن، یان هەرنین و ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو بنەمایانەی، کە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانی ئەنجامی دەدەن. بەواتایەکی تر دوای پەیڕەوکردنی هەردوو بنەمای یەکەم و دووەم کۆنسناتی ماوە بەپێی بنەمای سێیەم وەک کۆتایی برگە هەژماردەکرێت و دەلکێت بە کۆتای برگەوە. ئەم بنەمایانە لە زمانی کوردیدا بەکاردێن. بۆنمونە دۆ کاتێک مۆرفیمی ناسراوی بچێتە سەری دەبێتە_ دۆیەکە

٢-٥ گۆڕانی سنوری برگە

لە ئەنجامی چوونە پاڵیەکی مۆرفیمەکان سنوری برگە گۆڕانکای بەسەر دادێت ژمارەی مۆرفیمەکە و ژمارەی برگەکان یەکسان نابن. سنوری برگە لە فەرهەنگدا جێگیرە، بەڵام کاتێک دەچێتە فەرهەنگ فۆرمێکی چەسپاو هیچ ژینگەیەکی لە دەوروبەری نییە ئەو ژینگەیە وادەکات سنوری برگە جێگیر نەبێت. بۆنمونە

کورد	ستان	کوردستان
١برگە	١ برگە	٣ برگە

سەرەتای برگە لەزمانی کوردیدا بەلای کەمەوە بە کۆنسنانتێک پڕدەکرێتەوە. ئەگەر بەهەر هۆکارێک سەرەتای برگە بەتاڵ بێت دوو ئەگەرمان دێتە پێش حاڵەتی یەکەم ئەگەر وشە، یان مۆرفیمی یەکەم کۆتای بە برگەی داخراو هاتبێت و مۆرفیمی، یان وشەی دواتر بە ڤاوڵ دەستپێبکات سنوری برگە گۆڕانی بەسەر دادێت کۆنسناتی کۆتایی لەجێکەوتەی کۆتای برگەی یەکەم دەگوازرێتە بۆ جێکەوتەی سەرەتای برگەی وشە، یان مۆرفیمی دووەم بەو پرۆسەیەش دەوترێت بە برگەکردنەوە (-Resyl labification) واتە سەرلەنوێ سنوردانانی برگە (دوبارەکردنەوەی برگە پرۆسەیەکی فۆنۆلۆژییە

کەتێیدا ڤاوڵەکان بە ڤاوڵەکانی ترەوە دەبەسترێنەوە جگە لەوانەی لەبنەڕەتدا هاتوون، ئەمەش دەتوانی لەناو وشەیەکدا، یان لە سنوری وشەکاندا ڕوودبدات زۆرجار دوبارەکردنەوەی برگە بەهۆی گۆڕانی سترێس، یان سرینەوەی ڤاوڵەکانەوە دروستدەبێت. لەهەندێ حاڵەتدا دوبارەکردنەوەی برگەکان وادەکات، وشەکان وادەربکەون، کە برگەکانیان زیاترە لەوەی کە لەڕاستیدا هەن.





- مارف، ئەورەحمانی حاجی (٢٠١٤ أ)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم ناو، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلات.
- مارف، ئەورەحمانی حاجی (٢٠١٤ ب)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم ژمارە و ئاوەڵکردار، هەولێر: رۆژهەلات.
- محەمەد، کەسەر یاسین (٢٠٠٩)، جیاوازییا ب کارهینانا فۆنیمان د کوردییا سەری و ناڤەڕاستدا، پلا ماستەرێ، زانکۆیا دهوک: کۆلیژا ئاداب.
- محەمەد، ڕۆکان عەبدوڵا (٢٠١٥)، چەند تایبەتێتییەکی ناوچەی گەرمیان لە ڕووی فۆنەتیک و گراماتیکەوە (لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە)، پلەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانیی: سکوڵی زمان-فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان.
- موکریانی، کوردستان (٢٠١٧)، زمانی کوردی – مۆرفۆلۆژیا، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانە هەڤاڵی هونەری، بڵاوکراوەی زانکۆی لوبنانی فەرەنسی.
- مووسا، سەباح (٢٠١٠)، رۆڵی ژمارە لە پێکهاتەی وشەی کوردیدا ناو بە وێنە. گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (٧)، هەولێر، ل ل١٢٢-١٣٣.
- وەهبی، تەوفیق (١٩٢٩)، دەستووری زمانی کوردیی، جیزمی یەکەم، بەغدا.
- هەرشەمیی، شاسوار (٢٠٢٢)، فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی کوردیی مێژووی پێکهاتنی وشە لە زمانی کوردیدا، بەرگی دووەم، سلێمانی: دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، بڵاوکراوەکانی ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی.
- وەهبی، تەوفیق (١٩٢٩)، دەستووری زمانی کوردیی، جیزمی یەکەم، بەغدا: الطباعة الحدیثة.

ژێدەر ب زمانێ عەرەبی:

- خرما، نایف (١٩٧٨)، أضواء على الدراسات اللغویة المعاصرة، الكویت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب.

ب ئینگلیزی:

-Bloomfield, L. 1933. Language, New York: Henry Holt and company
-Crystal, D. 2008. A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth Edition, Oxford: Blackwell Publishing.
-Fakhry, S.A. 2005. The Syntax of Numerals in Standard English and Standard Kurdish, Journal of Sulaimani University, Number 16. PP (197-213).
-Fattah, M.M. 1997 A Generative Grammar of Kurdish, PhD thesis, Universiteit van Amsterdam.
-Mackenzie, D.N1961 .. Kurdish Dialect Studies-1, London: Oxford University Press.
Nurhayati, D.A.W. 2020. An Introduction to English Morphology, Academia Pustaka.
-Stageberg, N.C. 1981. An Introductory English Grammar, Fourth Edition, Holt Rinehart and Winston.
-Trask, R.L. 1996). A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, Reprinted.

الملخص

هذه الدراسة بعنوان (العدد في الكرمانجية الشمالية-اللهجة الفرعية البهدينية «دراسة صوتية و صرفية»). الهدف عن الدراسة هو بيان الظواهر الصوتية التي تظهر على شكل العدد، وكذلك بيان التركيب الصرفي للعدد و دوره في صياغة الكلمات الجديدة. تمت الدراسة وفقا للمنهج الوصفي التحليلي. ومن ابرز النتائج التي توصلت الها، أن العديد من الظواهر الصوتية تتواجد في العدد منها (التجانس غير التام، التبادل، الحذف، الإيجاد) هذا بالإضافة الى كثير من الخصائص المورفولوجية للعدد. تتألف الدراسة من فصلين، يتناول الفصل الأول منها العدد من حيث المصطلح، المفهوم والتعريف كما تمت الاشارة الى ابرز انواع العدد من حيث الدلالة فضلا عن بيان المورفيم وانواعه وخصائصه. اما الفصل الثاني الذي ينقسم الى مبحثين، يشير اولهما الى دراسة الظواهر الصوتية للعدد، بينما يتناول المبحث الثاني (تركيب العدد، العدد واقسام الكلام، دور العدد في صياغة الكلمات، العدد و ظاهرة المورفوفونيم، العدد والمورف الفارغ، العدد والتكرار).

الكلمات المفتاحية: العدد، الظواهر الصوتية، المورفوفونيم، المورف الفارغ، التكرار

Abstract

This research is entitled (Number in Northern Kurmanji-The Bahdini Dialect (A Phonological and Morphological study)). This research aims to identify the phonetic phenomena that affect the form of some numbers, the role of numbers in the formation of new words, and the morphological structure of numbers that are different in terms of structure. This research was conducted according to the descriptive analytical method. We have concluded that phonetic phenomena (partial assimilation, mutation, elision, insertion) play a role in the formation of some number forms, and that number plays a very active role in the formation of new words. The research consists of two parts. Part, one covers the following topics (terminology, concepts and numerical recognition, types of numbers in terms of meaning, concepts, definitions, characteristics and types of morphemes). The second part is divided into two sections. In the first section, the phonetic phenomena that occur in the form of numbers are discussed. The second section covers the following topics (number variations in terms of structure, numbers and parts of speech, numbers and the formation of new consonants, numbers and the phenomenon of morphophonemes, numbers and empty morph, numbers and repetition).

Key words: Number, Phonological Phenomena, Morphophonemes, Empty Morph, Repetition.

وەرگرتن:٢٠٢٥/٤/١٦
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٦/١٨

بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

م.ی احمد جمال حمەکریم
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب،
زانکۆی جیهان، هەولێر
ahmed.jamal@cihanuniversity.edu.iq

پ.ی هەردەوان محمود کاکەشیخ
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب،
زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر
hardawan@su.edu.krd

پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی تەکنەلۆژی لە ناسینەوە و بەرەنگاربوونەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەسوودوەرگرتن و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد Artificial Intelligence[1] ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، خستنەڕووی لایەنە گرنگەکانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکردە کە دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر لە شیکردنەوە و پۆلێنکردنی ناوەڕۆک و دەستنیشانکردنی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیاییدا بگێڕن. لە سەردەمی ئێستادا، گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا و فراوانبوونی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو ببێتە کێشەیەکی جیهانی و نێوخۆیی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر جووڵەی بازاڕ و لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەکارهێنەران هەیە. توێژینەوەی بەردەست بە ڕێبازی چاوپێکەوتنی قووڵ لەگەڵ سامپڵێکی مەبەستدار لە بەرپرسانی ژووری هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لە خولی ژیریی دەستکرد(AI)،

١ لە زمانی کوردییدا (Artificial Intelleginc) بە چەند زاراوەیەک هاتووە، وەک (زیرەکیی دەستکرد، هۆشیی دەستکرد، ژیریی دەستکرد) ئێمە دەستەواژەی (ژیریی دەستکرد) مان پێ گونجاوترە چونکە ئێستا ئامێرەکان و ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد توانای فێربوون، بیرکردنەوە، شیکردنەوە، لێکدانەوە، تەنانەت توانای بڕیاردان و خۆنوێکردنەوەشیان هەیە، بۆیە قۆناغی زیرەکییان تێپەڕاندووە و ئێستا دەتوانین بڵێین گەیشتوونەتە ئاستی ژیریی، ئەمەش لە چەندین سەرچاوەی زانستی و توێژینەوەی نوێدا پشتگیری کراوە.

هەروەها لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایانی بواری تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد، هەوڵی دۆزینەوە و شیکردنەوەی ئەو ڕێکار و تەکنیکانە دەدات، کە دەکرێت وەک ئامرازێکی کاریگەر لە ناسینەوە و پۆلێنکردنی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی نادرووستی میدیاییدا بەکاربهێنرێن. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەران پێیگەیشتوون، زۆربەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پشت بە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد نابەستن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو، ئەمەش بەهۆی بەردەستنەبوونی ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکردە بۆ زمانی کوردی.

کلیلەوشەکان: ژیریی دەستکرد، تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد، ناسینەوە، ساختەهەواڵ، ناوەڕۆکی میدیایی، ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو.

پێشەکی

لە سەردەمی ئێستادا، بەهۆی گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و فراوانبوونی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردەی بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵ و زانیاریی هەڵە بووەتە یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم میدیای نوێ. ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر بڕیاردان و هەڵوێستی تاکەکانی کۆمەڵگا درووست کردووە و زۆرجار دەبێتە هۆی درووستبوونی قەیران و کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، پێشکەوتنی بەرچاو لە بواری تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرددا ڕوویداوە، کە دەرفەتێکی نوێی خستووەتە بەردەم میدیاکاران و دامەزراوە میدیاییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە. تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد، بەتایبەتی لە بواری شیکردنەوەی داتا و ناسینەوەی زانیاری ناڕاست و دەستکاریکراو، توانایەکی بەرچاویان لە دۆزینەوە و پۆلێنکردنی ناوەڕۆکی میدیاییدا هەیە.گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات میکانیزمە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە بواری ناسینەوەی ساختەهەواڵدا شی بکاتەوە و ڕێگەچارەی کردەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە بخاتە ڕوو. هەروەها، توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی کە لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەم تەکنیکانەدا هەن لە میدیای کوردییدا.

پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنەلۆژیا و ئاڵۆزتربوونی شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی ساختەهەواڵ، پێویستی بە توێژینەوەی زانستی و پراکتیکی لەم بوارەدا زیاتر کردووە. لە کاتێکدا کە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو هەنگاوی گەورەیان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد بۆ پاراستنی کوالیتی زانیاری ناوە، پێویستە میدیای کوردییش هەنگاوی هاوشێوە بنێت.

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی ژووری هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لە خولی ژیریی دەستکرد و هەروەها لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ژیریی دەستکرد، هەوڵی دۆزینەوەی باشترین ڕێگەکانی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد دەدات لە ناسینەوە و بەرەنگاربوونەوەی ساختەهەواڵدا. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ دامەزراوە میدیاییەکان و ڕۆژنامەنووسان لە باشترکردنی کوالیتی کارەکانیان و پاراستنی متمانەی جەماوەر.

هەروەها، گرنگی توێژینەوەکە لە کاتێکدایە کە دەتوانێت ببێتە سەرەتایەک بۆ توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا و هاندانی پسپۆڕان و ئەکادیمیستان بۆ قووڵبوونەوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە بواری میدیادا. ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی پیشەی ڕۆژنامەوانی و پاراستنی بەها پیشەییەکانی.

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لە زیادبوونی بەرچاوی بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵ و زانیاری هەڵە لە میدیای نوێدا سەرچاوە دەگرێت. سەرەڕای بوونی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد، هێشتا نەبوونی سیستەمێکی کاریگەر بۆ ناسینەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە بووەتە هۆی دروستبوونی کێشەی متمانە لە نێوان میدیا و وەرگردا. هەروەها نەبوونی تێگەیشتنێکی قووڵ لە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد شیکردنەوە بکات کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی ساختەی میدیایی. ئەمە دەتوانێت ڕێگە بگرێت لە بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵەکان و کاریگەرییە نەرێنیەکانیان لەسەر کۆمەڵ. ئامانجەکانی ئەی م توێژینەوەی بریتین لە: شیکردنەوەی تەکنیکە سەرەکییەکانی ژیریی دەستکرد لە ناسینەوەی ساختەهەواڵدا. هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ئەم تەکنەلۆژیایە لەسەر پیشەی ڕۆژنامەوانی. دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەم تەکنیکانە. پێشکەشکردنی ڕێکاری کردەیی بۆ باشترکردنی کوالێتی ناوەڕۆکی میدیایی. دانانی چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە میدیای کوردییدا.

ئەو پرسیارانەی لەم توێژینەوەیە دەخرێنە ڕوو ئەمانەن: چۆن دەتوانرێت تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد بەکاربهێنرێن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی ساختەی میدیایی؟ ئەم تەکنیکانە چەندە کاریگەرن لە ناسینەوەی ساختەهەواڵدا؟ پێداویستییەکان و ئاستەنگەکانی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکانە چین؟ پێداویستییەکان و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەم تەکنیکانە لە میدیای کوردییدا کامانەن؟ چۆن دەکرێت ئەم تەکنیکانە لەگەڵ سرووشتی میدیای کوردیدا بگونجێنرێن؟

کۆمەڵگە و نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە هەموو بەرپرسانی ژووری هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان. بەهۆی سروشت و تایبەتمەندێتی بواری توێژینەوەکە، توێژەران سامپڵێکی مەبەستداریان هەڵبژاردووە کە لە سێ گرووپ پێکهاتووە:

١- بەرپرسانی ژووری هەواڵ لە (٦) کەناڵی ئاسمانیی هەواڵی لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی.

٢- پێنج ڕۆژنامەنووسی بەشدار لە خولی زانیاریی چەوتی مەبەستدار-دروستکراوی ژیریی دەستکرد.

٣- دوو پسپۆڕی بواری بەرنامە (ئەپلیکەیشنەکان)ی ژیریی دەستکرد. توێژەران ئەم سامپڵەیان دەستنیشانکردووە تاوەکو بتوانن داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، ڕاستەوخۆ لە کەسانی شارەزا و پەیوەندیدار کۆبکەنەوە، شیکردنەوەیان بۆ بکەن و ئەنجامەکان بخەنەڕوو.

پێشینەی توێژینەوە:

لەم بارەیەوە چەند سەرچاوەیەکمان هەن کە پێشتر نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، لەوانە: گەشاو عەلی فەرەج، ئاشنا شەوکەت هادی، ژاڵە جەمیل حمد(٢٠٢٤): توێژینەوەیەکیان بەناونیشانی (ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا) پێشکەشی گۆڤاری توێژەر کراوە لە زانکۆی سۆران لە هەرێمی کوردستان. توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە و لەڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی ڕاپیوی ئەنجامدراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ڕۆڵ و کاریگەریی ژیریی دەستکرد لە جیاکردنەوە و ئاشکراکردنی هەواڵی ناڕاست لە هەواڵی ڕاست و چۆنێتیی سوودوەرگرتن لە ژیریی دەستکرد لەو جیاکردنەوەیەدا .توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە میدیای کوردیی وەک پێویست سوودی لە ژیریی دەستکرد وەرنەگرتووە بۆ جیاکردنەوەی هەواڵی ناڕاست لە هەواڵی ڕاست.

توێژینەوەی دووەم لە نووسینی دانا ئەبوبەکر ساڵح، ڕێبوار مەلا نەبی (٢٠٢٣)ە، بەناونیشانی (دۆزینەوەی ساختەهەواڵی کوردی لەسەر بنەمای ڕێبازەکانی فێربوونی ئامێر (Kurdish Fake News Detection Based on Machine Learning Approaches) پێشکەش بە گۆڤاری پاسەر کراوە لە زانکۆی گەرمیان. لە توێژینەوەکەدا، توێژەران (مۆدێلی پۆلێنکردنی سەرپەرشتیکراو-supervised classification models)یان لەسەر کۆمەڵە داتا عەرەبییە بەردەستەکانی گشتی بەکارهێناوە بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ لە تویتەکانی عەرەبی بە بەکارهێنانی (فێربوونی ئامێر- Machine Learning). ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە درووستکردنی پۆلێنکەرێکی دووانەیی کە بتوانێت هەواڵێکی دیاریکراو وەک (ڕاست) یان (ساختە) دەستنیشان بکات و خەمڵاندنی ئەگەریی پێشکەش بکات. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات کە بە بەکارهێنانی شێوازەکانی machine learning و بەتایبەتی Convolutional Neural Networks CNN)، دەتوانرێت بە وردبینییەکی بەرزتر هەواڵی ساختە بە زمانی کوردی بناسرێتەوە و جیا بکرێتەوە لە هەواڵی ڕاست.

توێژەران لە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی سوودیان لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە لەڕووی دارشتنی ناوەڕۆک و تەوەرەکانی توێژینەوەکەوە. خاڵی هاوبەشی لەنێوان ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی پێشوودا، بریتییە لە گۆڕاوی توێژینەوەکە، کە بەکارهێنانی ژیریی دەستکردە بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ لە میدیای کوردییدا. خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لە دوو توێژینەوەکەی پێشوو، ڕێبازی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیە، ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی چاوپێکەوتنی قووڵ (فۆکەس گرووپ) دەبەستێت بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی ژوورەکانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییەکوردییەکان و ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لە خولەکانی ژیریی دەستکرد بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ، هەروەها لەگەڵ پسپۆڕانی زیرەکی دەستکرد ئەنجامدراوە. لەگەڵ ئەم گرووپانەدا گفتوگۆی قووڵ کراوە سەبارەت بە شێوازەکانی بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکانی ژیریی دەستکرد بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو لە میدیای کوردیدا. هەروەها بە شێوەیەکی وردتر، ئەو ئاستەنگ و ئاڵنگارییانە شیکراونەتەوە کە لەکاتی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ دێنە پێش ڕۆژنامەنووسان.

کلیلەوشەکان:

– ژیـریـی دەسـتـکـرد: مـەبـەسـت لـە ژیریی دەستکرد ئەو تەکنەلۆژیاییە کە وادەکا کۆمپیوتەر و ئامێرەکان هاوشێوەی مرۆڤەکان لێ بکات، کە بتوانن فێرببن، تێبگەن، بیربکەنەوە و دواجاریش توانای بڕیاردانیان هەبێت.

– تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد: مەبەستمان لێی هەموو ئەو ئامراز و تەکنیکانەیە کە بەکاردێن بۆ ناسینەوەی ناوەڕۆکی میدیایی و ساختەهەواڵ.

– ناسینەوە: مەبەستمان لە توانای ئامرازەکانی ژیریی دەستکردە لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی.

– ساختەهەواڵ: مەبەست لە هەموو ئەو هەواڵ و ڕووداوانەیە کە زانیاریی ناڕاست و شێوێندراو لەخۆدەگرێت.

– نـاوەڕۆکـی مـیـدیـایی: ئـامـاژەیـە بـۆ جـۆرە جیاوازەکانی زانیاری و کات بەسەربردن کە لە ڕێگەی کەناڵەکانی پەیوەندییەوە بەرهەم دەهێنرێن و دابـەش دەکرێن. ئەمەش دەق، دەنـگ، وێنە و ڤیدیۆ دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی وەک تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و ئینتەرنێتەوە بڵاودەکرێنەوە.

– ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو: جۆرێکە لە ناوەڕۆکی ساختە (وێنە، ڤیدیۆ، یان دەنگ) کە وا دەردەکەوێت وەک ڕاستیی بێت، بەڵام لە ڕاستییدا شێوێندراوە یان ساختەیە.

١- تیۆریینامە (تـەکـنیکـەکـانی ژیریی دەستکرد و ساختەهەواڵ)

١-١. تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد

تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد (AI) ڕێگا و ئەلگۆریتمەکانن کە یارمەتی ئامێرەکان دەدەن ئـەرکـەکـانی وەک فـێـربـوون، بـیـرکـردنـەوە و چارەسـەرکـردنی کێشـەکان ئـەنجام بدەن.ئـەم تەکنیکانە ڕێگە بە سیستەمی AI دەدەن کە زانیارییەکان پرۆسێس بکەن و نەخشەکان بناسن و بڕیار بدەن. (geeksforgeeks.org, 2024).

لـەگـەڵ پێشکەوتنەکانی تـەکنـەلۆژیای میدیا، ئـەوە ڕوون بـووەتـەوە کە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد (AI) چەندین بوار دەگرێتەوە و بووەتە ڕاستییەکی واقعی. یەکخستنی ژیریی دەستکرد لەگەڵ ئامرازەکانی نووسین، دەستکاریی نووسین و بـەرهـەمـهێنـان بەشێوەیەکی بنەڕەتی شێوازی دروستـکـردن و گەیاندنی زانـیـاری، هــەواڵ و نـاوەڕۆک بۆ بینەران دەگۆڕێت. (Hajli, Saeed, Tajvidi, Shirazi, 2021).

تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد (AI) یارمەتی ڕۆژنامەنووسان، هەواڵسازان و پەیامنێران دەدەن بۆ باشترکردنی کارایی و کاریگەرییان، بەوەی کە پرۆسەی نووسین و دروستکردنی ناوەڕۆک ئاسانتر دەکەن. سەرەڕای ئەوەی کە ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد دەتوانن خۆیان ناوەڕۆک دروست بکەن و کات و سەرچاوەکەی دیاریی بکەن، بەڵام پێویستە لەلایەن ڕۆژنامەنووسان، هەواڵسازان و بڵاوکەرەوەکانەوە پشکنین و ڕاستکردنەوەی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابوون لە دروستی و جۆرایەتی ناوەڕۆکەکە. (He, Zhan, Qi, 2023).

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد (AI) چەندین کێشە و نیگەرانی دروست دەکات. لەوانەیە تاکەکان و دامەزراوەکان بە تەواوی قەبوڵی نەکەن، هەروەها نیگەرانیی ئەوە هەیە لەسەر ئەوەی کە لەوانەیە ژیریی دەستکرد زانیاری ناڕاست یان هەڵە پێشکەش بکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە لە بەکارهێنانی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ورد و درووست. (influencermarketinghub.com).

١-٢. تەکنیکە باوەکانی ژیریی دەستکرد لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو

ژیریی دەستکرد (AI) چەندین تەکنیک لەخۆدەگرێت کە وا دەکات ئامێرەکان لاسایی ژیریی مرۆڤ بکەنەوە، ئەمەش ئاسانکاری بۆ ئەرکەکانی وەک فێربوون، بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات، لەم تەوەرەیەدا تەکنیکە باوەکانی ژیریی دەستکرد دەخەینەڕوو کە لە دۆزینەوەی ساختەهەواڵ بەکاردەهێندرێن:

١-٣. فێربوونی ئامێر (Machine Learning ML)

فێربوونی ئامێر (ML) لقێکی ژیریی دەستکردە کە یارمەتی کۆمپیوتەرەکان دەدات لە داتاکانەوە فێربن و کاراییەکانیان باشتر بکەن بەبێ ئەوەی پێویست بکات ڕاستەوخۆ بەرنامەی بۆ دابنرێت. کۆمپیوتەر لەبری ئەوەی ڕێنماییە جێگیرەکان جێبەجێ بکات، نەخشەکانی ناو داتاکان شی دەکاتەوە و خۆی ڕێکدەخات بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات بڕیاری باشتر بدات. (Bishop,2006).

ئامێری فێربوو ئەو ڕێگایەیە کە زۆرێک لە سیستمی ژیریی دەستکردی مۆدێرن بەکاری دەهێنن. لەڕاستییدا زۆربەی ئەو ژیریی دەستکردانەی کە ڕۆژانە بەکاری دەهێنین، لانیکەم لە بەشێکدا، پێدەچێت ئامێری فێربوو بەکاربهێنن بۆ ئەو ڕەفتارانەی کە وا لە سیستمەکە دەکەن زیرەک یان ژیر دەربکەوێت. (محمد نجم ٢٠٢٤: ٤١)

١-٤. پرۆسێسی زمانی سرووشتی (Natural Language Processing NLP).

پرۆسێسی زمانی سرووشتی (NLP) بەشێکە لە ژیریی دەستکرد کە یارمەتی کۆمپیوتەرەکان دەدات بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و کارکردن لەگەڵ زمانی مرۆڤ.(Jurafsky, 2000) ئەم تەکنەلۆژیایە کارەکانی وەک جیاکردنەوەی نووسین، دۆزینەوەی زانیاری گرنگ، تێگەیشتن لە هەستەکان لە نووسین، وەرگێڕانی زمان، و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەگرێتەوە. توانای پرۆسێسکردنی زمانی سروشتی بەو مانایەیە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن ناوەڕۆک بە شێوەیەکی کاراتر بەرهەم بهێنن و بە شێوەیەکی کاریگەرتر بینەرەکانیان بکەنە ئامانج. (Chollet,2019).

١-٥. فێربوونی قووڵ (Deep Learning)

دیپ لێرنینگ (Deep Learning) یاخود فێربوونی قووڵ، شێوازێکی بەهێزی ژیریی دەستکردە (AI) کە بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی هەواڵە ساختەکان. ئەم تەکنیکە یارمەتی کۆمپیوتەر دەدات تا شێوازەکان لە ناو دەیتای زۆر دەستنیشان بکات، ئەمەش وا دەکات ئاسانتر بێت بۆ دۆزینەوەی زانیارییە ساختەکان. (Young, azarika, Poria, Cambria, 2018).

ئەم مۆدێلانە دەتوانن ئاڵۆزی و جیاوازییەکانی زمان لەبار بگرن و ئەو نیشانە بچووکانەی زمان دیاری بکەن کە جیاوازیی نێوان هەواڵە ڕاستەقینەکان و ساختەکان دەکەن. ئەم مۆدێلانە بە ڕاهێنانی تۆڕێکی دەماریی لەسەر دەیتایەکی گەورەی وتارە هەواڵییەکان کاردەکەن، کە هەریەکەیان نیشانەیەکی هەیە کە دەڵێت ئایا وتارەکە ڕاستە یان ساختە. (Chollet,2019).

٦-١. فێربوونی چاودێریکراو (Supervised Learning).

فێربوونی چاودێریکراو (Supervised Learning) شێوازێکی ژیریی دەستکردە (AI) کە بۆ جیاکردنەوەی هەواڵە ساختەکان بە شێوازە جیاوازەکان بەکارهێنراوە. ئەم شێوازە بریتییە لە ڕاهێنانی مۆدێلێکی فێربوونی ئامێر لەسەر دەیتایەکی هەواڵەکان کە نیشانەیان پێدراوە و دابەشکراون بەسەر ڕاستەقینە و ساختە. مۆدێلەکە فێردەبێت شێوازەکان لە دەیتاکەدا دیاری بکات و ئەو شێوازانە بۆ هەواڵە نوییەکان بەکاربهێنێت. (Ozbay, Altunbey, Alatas, 2020).

٧-١. ساختەهەواڵ و بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو

لە سەردەمی ئێستاماندا کە ئازادیی کاری ڕاگەیاندن هەیە، هەموو کەسێک دەتوانێت بەبێ فلتەر ڕا و بۆچوون و ناوەڕۆکی میدیایی بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەمە دیوێکی نەرێنیی هەیە کە بریتییە لە بڵاوبوونەوەی ڕێژەیەکی زۆری ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێویندراو.

هاوکات، ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی ناڕاست پرسێکی بەربڵاون لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر تێڕوانینی خەڵک بۆ ڕاستی و متمانەپێکراوی لە میدیادا هەیە.

لەسەردەمی میدیای نوێدا، دەتوانرێت ساختە هەواڵ لەماوەی تەنها یەک چرکەدا بڵاوبکرێتەوە و تۆڕێکی ساختەهەواڵ لە سەرانسەری ئینتەرنێتدا دروووست بکات، چونکە چەندین میدیا دەتوانن ڕووماڵی هەمان زانیاریی ساختە بکەن کە دواتر وەک ئەوەی لەلایەن چەندین سەرچاوەوە پشتڕاستکرابێتەوە دەردەکەوێت. (سەعید ٢٠٢٤).

لەبواری دیجیتاڵ میدیا، فەیک نیوز(ساختەهەواڵ) زۆرترین خوێنەری هەیە و سەرنجڕاکێشترین شێوە و جۆری هەواڵن لە جیهاندا. ئەمە لەکاتێکدایە کە سنووری ئازادیی بۆ دیارینەکراوە، چونکە سانسۆر و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە. (عەزیز ٢٠٢٢: ١٦٠).

ساختەهەواڵ بەو بابەتانەی هەواڵ پێناسە دەکرێن کە بەمەبەست درووستکراون بۆ دەستکاریکردنی تێڕوانینەکانی خەڵک بۆ ڕاستی و ڕووداو و لێدوانە ڕاستەقینەکان. (Allcott, Gentzkow, Yu, 2019).

زۆرینەی وای لێتێگەیشتوون کە بەو واتایە دێت کە هەواڵەکە لە بناغەدا درۆ بێت، بەڵام سەرچاوەکان دەڵێن مەرج نییە هەواڵەکە لە بناغەدا هەمووی درۆ بێت، هێندەی ئەوەی یاری "تلاعب" بە ناوەڕۆکەکەی دەکرێت و دەشێوێندرێت، یان بەو چیرۆکە هەواڵانەی لەسەر ڕاستیی بناغە ناگرن ناودەبرێت، یان زانیارییەکە دەشێوێندرێت و دەستکاریی دەکرێت. (حەمەسەعید ٢٠٢٢: ٤٣)

تەکنەلۆژیا نوییەکانی پەیوەندیکردن ئاسانکارییان کردووە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکارهێنانی ساختەهەواڵ بەڕێگەی نوێ، ئەمەش وا دەکات جیاکردنەوەی ئەوەی کە متمانە بە چ زانیارییەک بکرێت قورستر بێت. (Kalsnes, 2018).

هەواڵە ساختەکان تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی وەک ماڵپەڕی هەواڵیی درووست دەرکەون. پلاتفۆرمەکانی وەک فەیسبووک و تویتەر(ئێکس) ئاسانکاریی دەکەن بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان بەبێ ئەوەی کاتێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە تەرخان بکەن. (Pen-nycook, Rand, 2021).

بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵ بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی سۆشیال میدیا نەیتوانیوە ڕەسەنایەتی هەواڵێک پشتڕاست بکاتەوە. ئەمەش وا دەکات کە

ئاسانکاری بکات بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی بەرواڵەت ڕاستەقینە کە بە شێوەیەکی لێهاتووانە دەستکاری کراون. (Rampersad, Althiyabi, 2020).

لە لایەکی دیکەوە ناوەڕۆکی ساختە بریتییە لە ماددەیەکی بە ئەنقەست دروستکراو، لەوانە وێنە، ڤیدیۆ، یان وتارە دەستکاریکراوەکان، کە بۆ چەواشەکردن و فریودانی بینەر داڕێژراون. هەردوو فۆرمی ناوەڕۆک، هەرچەندە لە مەبەستدا جیاوازن، بەڵام بەشدارن لە پرسێکی گەورەتردا کە متمانە بە دامەزراوە جیاوازەکان دەشێوێنێت، لەوانەش میدیا و سیستەمی سیاسی. ((Paul, 2024).

٨-١. ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە دیاریکردنی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیادا

ژیریی دەستکرد لەمڕۆدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی ناڕاست یان شێوێندراودا، ئەوەش لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکانییەوە، چونکە توانای شیکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری لە داتا و زانیاری و دەستنیشانکردنی ئەو شێواز و ڕەوتانە هەیە کە ئاماژەن بۆ زانیاریی هەڵە.

فێربوونی ئامێر(Machine Learning) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دۆزینەوەی ساختەهەواڵدا بەهۆی توانای شیکردنەوەی بڕێکی زۆر لە داتا و دەستنیشانکردنی ئەو شێواز و ڕەوتانەی کە ئاماژەن بۆ زانیاری هەڵە. (Otermin,Cabezuelo, 2023).

لەلایەکی دیکەوە، تەکنیکەکانی پرۆسێسی زمانی سرووشتی (NLP) سیستەمەکانی AI دەتوانن لە زمانی مرۆڤ تێبگەن و لێکبدەنەوە، ئەمەش ئاسانکاریی دەکات بۆ ناسینەوەی گێڕانەوەی فریودەرانە و ڕاپۆرتکردنی لایەنگری. (Otermin,Cabezuelo, 2023).

هەروەها ئەلگۆریتمەکانی ژیریی دەستکرد چاودێریی ڕەوتی سۆشیال میدیا دەکەن، هەژمارە گوماناوییەکان یاخود چالاکییەکانی بۆتەکان دەستنیشان دەکەن و شێوازەکانی بڵاوکردنەوە شیدەکەنەوە بۆ ئاشکراکردنی هەواڵە ساختە ئەگەرییەکان. دەتوانرێت میتۆدەکانی ژیریی دەستکرد لەسەر کۆمەڵە داتا گەورەکان ڕابهێندرێت بۆ ناسینەوەی نەخشەکانی تایبەت بە زانیاریی هەڵە. سەرەڕای ئەوە شیکاریی فیدباک و پێوەرەکانی بەشداریکردن دەکات بۆ پێوانەکردنی تێڕوانینی گشتی و دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی چەواشەکارانە لەڕێگەی یەکخستنی چەندین شێوازی ناوەڕۆکی هەواڵ، وەک: دەق، وێنە و ڤیدیۆ. (فەرەج، هادی، حمد، ٢٠٢٤).

سەرەڕای ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی ژیریی دەستکرد لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراودا، شارەزایانی ئەو بوارە پێیان وایە کە (هیچکەس ناتوانێت ١٠٠٪ پشت بە ژیریی دەستکرد ببەستێت، و ناشبێت ببەستێت، چونکە کێشەت بۆ دروست دەکات، ژیریی دەستکرد وەک کارمەندێک وایە لەبەردەستی ڕۆژنامەنووسدا و پشکنیکەکانی ١٠٠٪ نییە، بەڵکو تەنها ئامرازێکی یارمەتیدەرە). (هێمن فاتیح ٢٠٢٥).

بە لەبەرچاوگرتنی گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کاریگەری ژیریی دەستکرد لە بەرەنگاربوونەوەی ساختەهەواڵدا بەندە بە پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنەلۆژیا و کوالێتی ئەو زانیاریانەی کە بۆ ڕاهێنانی سستەمەکانی ژیریی دەستکرد بەکاردەهێنرێن. هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی تاکتیکەکانی ساختەهەواڵ، ژیریی

دەستکردیش دەبێت خۆی بگونجێنێت بۆئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر ڕاستیی و درووستی زانیارییەکان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا بپارێزێت.

٩-١. سنووردارbوونی بەردەم بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد

یەکێک لە سنووردارکردنە بەرچاوەکانی ژیریی دەستکرد (AI) لە ناسینەوەی ساختەهەواڵدا بیتواناییەتی لە تێگەیشتنێکی تەواو لە چوارچێوە و وردەکارییە کولتوورییەکان لەناو زمانی مرۆڤدا، کە ئەمە بۆ زمانی کوردیی تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە، بەو پێیەی (هیچ بەرنامەیەکی ژیریی دەستکردمان نییە بۆئەوەی تێکستێک بناسێتەوە کە بە زمانی کوردی نووسرابێت و دیاریی بکات کە ئایا ڕاستە یان ساختەیە) (هێمن فاتیح٢٠٢٥).

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە هەرچەندە کاریگەریی ژیریی دەستکرد بەهێزە لە ناوەندەکانی هەواڵدا و زۆرجار لە کاری مرۆڤ باشترە، بەڵام بوون و مانەوەی ڕۆژنامەنووسی هاوڵاتیی هێشتا زۆر گرنگە. ئەمەش بەهۆی سنووردارbوونی ژیریی دەستکردە لە تێگەیشتنی تەواوەتیی زمانی سروشتیی مرۆڤ، هەروەها ناتوانێت بەشێوەیەکی قووڵ ڕووداوەکانی ڕۆژانە شیکار بکات. (Salih, Nabi, 2024).

٢. کردەنیانمە (لایەنی پراکتیکیی توێژینەوە،شیکردنەوەی چاوپێکەوتنی قووڵ لەگەڵ سامپڵی توێژینەوە)

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەران پشتیان بە ڕێبازی وەسفیی شیکاریی بەستووە و چاوپێکەوتنی قووڵیان وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکانی تایبەت بەلایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە بەکارهێناوە، ئەمەش یەکێکە لەو ڕێبازە زانستیی و بەکارهاتووانەی کە لە توێژینەوەکانی بواری میدیادا پشتی پێدەبەسترێت، لەبەر تایبەتمەندێتی بواری توێژینەوەکە توێژەران سامپڵێکی مەبەستداریان دەستنیشانکردووە، لەڕێگەی ئەنجامدانی فەوکەسگرووپ لەگەڵ سێ گرووپی پەیوەندیدار بە گۆڕاوی سەرەکیی توێژینەوەکە.

٢-١. ڕێکارەکانی دەستنیشانکردنی سامپڵی توێژینەوەکە:

دوای ئامادەکردنی گفتوگۆنامە(فۆرمی پرسیارەکانی چاوپێکەوتن) بۆ لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە، توێژەران بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕووی ئەنجامەکانی تایبەت بەلایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە، پشتیان بە ڕێبازی چاوپێکەوتنی قووڵ بەستووە، کە ئەمەش یەکێکە لەو ڕێبازە زانستیی و بەکارهاتووانەی کە لە توێژینەوەکانی بواری میدیادا پشتی پێدەبەسترێت. بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە توێژەران بەپێی تایبەتمەندێتی سامپڵی توێژینەوەکە، چاوپێکەوتنی سامپڵەکەیان بۆ (٣) گرووپ پۆلێنکردووە کە ئەوانیش بریتین لە:

- گرووپی بەرپرسی ژووری هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی، کە بریتین لە (٦) کەناڵی ئاسمانی هەواڵی کوردی، ئەوانیش هەریەک لە کەناڵەکانی (سپیدە، پەیام، ئاڤا، ڕووداو، کوردستان٢٤، ئێن ئاڕ تی).
- گرووپی پسپۆڕ و شارەزایان لە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد، کە (٢) مامۆستای زانکۆ و شارەزا و پسپۆڕ لە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکردن لە هەردوو زانکۆی تیشک و زانکۆی سەلاحەددین.
- گرووپی ڕۆژنامەنووسان، کە بریتین لە (٥)

ڕۆژنامەنووسی بەشداربوو لە (خولی زانیاریی چەوتی مەبەستدار-درووستکراوی ژیریی دەستکرد).

٢-٢. خستنەڕووی ئەنجامی گفتوگۆکان و شیکردنەوەیان:

یەکەم: بایەخ و گرنگی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لەڕوانگەی ڕۆژنامەنووسانەوە

بەمەبەستی زانینی بایەخ و گرنگی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد بۆ ڕۆژنامەنووسان، تـوێـژەران لـە ئـەنـجـامـی ئـەو چاوپێکـەوتـنـە قـوولانـەی کـە بـەشـێـوەی فـەوکـەس گـرووپ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانیان کرد، ڕا و سەرنجی ڕۆژنامەنووسان بەمجۆرە بوو:

١. سەبارەت بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد، ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لە فەوکەس گرووپەکەدا، پێیان وایە ژیریی دەستکرد لـە سـەردەمـی ئـێـستادا بـووەتـە پێویستییەکی حەتمی بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسێک، باشتروایە ڕۆژنامەنووسان ئاشنایەتییان بەم تەکنیکانە هەبێت و بتوانن وەک ئامرازێک کەڵکی لێوەربگرن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شـێـوێـنـدراو. چـونـکـە بـەهـۆی پێشکەوتنەکانی تـەکـنـەلـۆژیـای گـەیـانـدن و کـەمـیـونـیـکـەیـشـن، بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە زیادبوونە، بۆیە ئەگەر ڕۆژنامەنووسان شارەزایی پێویستیان لەبارەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد نەبێت لە ناسینەوەی ئەم ساختەهەواڵانەدا، ڕەنگە وەک هەواڵی درووست مامەڵەی لەگەڵ بکەن و بڵاوی بکەنەوە.

٢. سـەبـارەت بـە ڕێـکـارەکـانـی فـێـربـوونـی بـەکـارهـێـنـانـی تـەکـنـیـکـەکـانـی ژیـریـی دەسـتـکـرد لـە نـاسـیـنـەوەی سـاخـتـەهـەواڵ، هـەمـوو سامپڵی توێژینەوەکە، کە بەشداربوون لە خولی (زانیاریی چـەوتـی مـەبـەسـتـدار – درووسـتـکـراوی ژیریی دەستکرد)، پێیان وایە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو، سەرەڕای جیاوازی ئەپلیکەیشنەکان تاڕادەیەکی زۆر فێربوون و بەکارهێنانیان ئـاسـانـە، بـەوپـێـیـەی لـەو مـاوەی بەشداری خولەکەیان کردووە، کە بریتیی بووە لە (٢٥ کاتژمێر ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکی) زانیاریی تەواو و پێویستیان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئـەم تەکنیکانە وەرگـرتـووە، بـەجـۆرێـک کـە بۆ کارکردنی ڕۆژانەیان دەتوانن لەڕێگەی ئەپەکانی ژیریی دەستکرد بەئاسانی پشکنین بۆ هـەواڵ و ناوەڕۆکە میدیاییەکان بکەن.

٣. سەبارەت بە بەربەست و ئاڵنگەرییەکانی بـەردەم ڕۆژنـامـەنـووسـان لـە بـەکـارهـێـنـانـی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرددا، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە هیچ بەربەستێکی ئەوتۆ نەهاتووەتە پێش، چونکە پاش تەواوکردنی خولەکە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لە خولەکە سەرکەوتووانە توانیویانە چەندین ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنەکانی ژیریی دەستکردەوە بناسنەوە، تەنها لە هەندێ حاڵەتدا ناسینەوەی ڤیدیۆی ساختەکراو ئەنجامەکان درووست نەبوون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێک ڤیدیۆیەک چەندبارە لە هەژمار و پەیجەکانەوە بڵاودەکرێتەوە، ناسینەوەی لەلایەن ئەپلیکەیشنەکانەوە بە ڕادەیەکی بەرز نییە، هەربۆیە ئەمە وادەکات کە هەندێجار ئەپلیکەیشنەکانی ژیریی دەستکردیش ڤیدیۆی دەستکاریکراو نەناسنەوە.

دووەم: گرنگیی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە ڕوانگەی ژووری هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە

بەمەبەستی زانینی ڕادەی پشتبەستنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو، توێژەران لە ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنە قووڵانەی کە بەشێوەی فەوکەس گرووپ لەگەڵ ژووری هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە کرد، ڕا و سەرنجی کەناڵەکان بەمجۆرە بوو: (زۆرینەی کەناڵە هەواڵییە کوردییەکان تائێستاش پشت بە تەکنیک و ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد نابەستن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو)، هەرئەوەش وایکردووە زۆرجار کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانیش لە پەیج و سۆشیاڵمیدیای کەناڵەکانیان دووچاری بڵاوکردنەوەی ئەمجۆرە هەواڵانە ببن، بەتایبەتی ئەگەر سەرچاوەی هەواڵەکە وەرگیراوبێت لە ئینتەرنێتەوە. بەووردبوونەوە لە وەڵامەکانی بەرپرسی ژووی هەواڵ لەکەناڵە ئاسمانییەکان، توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە بایەخنەدانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەئەپەڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە:

١. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان هێشتا زانیاری پێویست و تەواویان لەبارەی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد نییە بەتایبەت بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زۆربەی کەناڵە کوردییەکان خولی ڕاهێنانیان نییە بۆ ڕۆژنامەنووسانی ژووری هەواڵ.

٢. هەندێ لە کەناڵە ئاسمانییەکان پێیان وایە بەکارهێنانی تەکنیک و ئەپڵەکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد، تێچوون و خەرجی زۆری هەبێت و پێویستی بە پسپۆڕی و ژێرخانی تەکنیکی هەبێت کە لە کەناڵەکاندا بەردەست نییە.

٣. کەناڵە ئاسمانییەکان پێیان وایە کە بەدواداچوونی مرۆیی و هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی هەواڵ گونجاوترن ڕێگایە بۆ دەستنیشانکردنی ساختەهەواڵ. هەندێ لە کەناڵەکانیش لە هەواڵەکانیاندا زیاتر پشت بە وێنە و ڤیدیۆی خۆیان دەبەستن یان لە سەرچاوە و ئاژانسە فەرمییەکانەوە وەریان دەگرن.

سێهەم: بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد و ئاستی ورد و دروستیی و ئاڵنگەرییەکانیان لە ناسینەوە ساختەهەواڵدا

بەمەبەستی زانینی ئاستی ورد و دروستی(ئەکیوریسی) تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو و هەروەها بەردەستبوونیان لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەران لە ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنە قووڵانەی کە لەگەڵ پسپۆڕانی بوارەکەدا ئەنجامیان دا، ڕا و سەرنجیان بەمجۆرە بوو:

١. سەبارەت بە ئاستی وردیی و دروستیی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراودا، دەبێ بزانین ئەو بابەتە میدیایە لە کام پۆلێندا خۆی دەبینێتەوە، چونکە ڕادەی ناسینەوە لە هەر پۆلێنێکی ناوەڕۆکی میدیاییدا جیاوازە بە بەراورد بە پۆلێنەکانی دیکە. ئەمەش پشت بەو داتایانە دەبەستێت کە ژیریی دەستکرد توانای ناسینەوە و ئەرشیفکردنی هەیە. بۆیە لە ناسینەوەی تێکستدا

هێشتا ئەپڵکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد ڕادەی ورد و درووستییان لە ئاستێکی باشدا نییە، چونکە شێوازی ڕێنووسی کوردی و لەبەئاوتی بەکارهێنراو لە نووسینی دەقەکاندا بۆ زمانی کوردی جیاوازی زۆری تێدایە، بۆ نوومونە هەندێ دامەزراوەی میدیایی وشەی(کاژێر) بەکاردەبەن لەبری وشەی(کاتژمێر)، یاخود بەکارهێنانی وشەی (هاونیشتیمانی) لەبری وشەی (هاوڵاتی)، ئەم جیاوازییە وادەکات ژیریی دەستکرد نەتوانێ بزانێت کە ئەو وشانە هەمان مانایان هەیە.

٢. سەبارەت بەو بابەتە میدیاییانەی کە بەشێوەی دەنگ بڵاودەبنەوە، ژیریی دەستکرد دەتوانێت دەنگی ساختە درووست بکات وەک خۆی، کە جیاکردنەوەیان لەلایەن مرۆڤەکان نزیک لە مەحاڵە، چونکە ئەم دەنگە ساختانە تەنها ژیریی دەستکرد دەتوانێت پشتڕاستی بکاتەوە ساختەیە یان نا. ئەمە بەو واتایە دێت کە ناتوانرێت لە ناسینەوەی ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراودا سەد لەسەد پشت بە ژیریی دەستکرد ببەستێت، چونکە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد وەک کارمەندێک وایە، پشکنیکەکانی ١٠٠٪ نییە بەڵکو تەنها ئامرازێکی یاریدەدەرە کە دەکرێت وەک هۆکارێک بۆ ناسینەوە سوودی لێوەربگرێت.

٣. سەبارەت بە بەردەستبوونی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە دامەزراوە میدیاییەکاندا، توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی هەندێک لە ئەپڵیکەیشنەکان بەخۆڕایی و بێبەرامبەر بەردەستن بۆ دامەزراوەکان و دەتوانن سوودی لێوەربگرن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراودا، جگە لەوەش چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەوڵی درووستکردنی پلاتفۆرمێکی ژیریی دەستکردن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیای شێوێندراو، کە بەتەواوی پاڵپشتی لە زمانی کوردی دەکات و هەروەها بەکارهێنانی ئەو ئەپڵیکەیشنە بە ڕادەیەک ئاسان و سادەکراوەتەوە، کە هەم بۆ ئەوانەی خوێندەواریی باشی دیجیتاڵییان نییە، هەم بۆ ڕۆژنامەنووسان بەکەڵک بێت.

٤. سەبارەت بە گونجاندنی ئەم تەکنیکانەی ژیریی دەستکرد لەگەڵ کاری ڕۆژنامەوانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، باشتروایە کەناڵە میدیاییەکان یەکجۆر لەیئاوت بەکاربێنن بۆ نووسینی دەقەکوردییەکان و هەروەها ئەو وشەجیاوازانەی کە هاومانان لە فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیا دیجیتاڵییەکاندا داخڵ بکرێن تاوەکو ژیریی دەستکرد بتوانێ بەئاسانیی بیانناسێتەوە. ئەمەش وادەکات ڕێژەی ڕاست و درووستی ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد باشتر و باشتر بکات. چونکە ئاستی ڕاست و درووستیی ئەپڵیکەیشنەکانیش وابەستەیە بەو داتا و زانیارییانەی کە لە ڕێی مرۆڤەکانەوە دەدرێت بە ئامێرەکان.

٣- دەرەنجامەکان:

گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

– سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی سامپڵی توێژینەوەکە، کۆکن لەسەرئەوەی کە ژیریی دەستکرد (AI) بووەتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ ڕۆژنامەگەریی مۆدێرن و پێیان وایە کە بڵاوبوونەوەی خێرای ساختەهەواڵ و دەستکاری ناوەڕۆکی میدیایی وا دەکات ژیریی دەستکرد شتێکی پێویست بێت.

– تەواوی بەشداربووان کۆکن لەگەڵ ئەوەی کە ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد زۆر کاریگەرن لە ناسینەوە و دیاریکردنی ناوەڕۆکی میدیایی و ساختەهەواڵدا.

– سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی سامپڵی توێژینەوەکە، کە بەشداربیان لە خولی (زانیاریی چەوتی مەبەستدار–دروستکراوی ژیریی دەستکرد) کردووە، جەختیان کردووەتەوە لەوەی کە ئامرازەکانی(AI) بۆ دیاریکردنی ساختەهەواڵ فێربوون و جێبەجێکردنیان بە پراکتیکی زۆرئاسانە و کاتێکی زۆری پێویست نییە.

– زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان دوای تەواوکردنی خولەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو نەبوونەتەوە لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی AI.

– زۆربەی کەناڵەئاسمانییەهەواڵییەکان، تاوەکو ئێستا پشت بە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد (AI) نابەستن بۆ دۆزینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێویندراو، ئەمەش بەهۆی بەردەست نەبوونی ئەپلکەیشنەکانی ژیریی دەستکردە بۆ زمانی کوردی.

– ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد، هەندێجار ئەنجامەکانی ورد و درووست نیین سەبارەت بە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیای شێوێندراو، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی کیبۆردلایئاوتی جیاوازەوە درووست دەبێت لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و هەروەها بەکارهێنانی وشەی جوارجۆر بۆ هەمان مەبەست وەک وشەی (کاتژمێر–کاژێر).

– پسپۆڕانی بواری ژیریی دەستکرد، کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد(AI)، وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر پشتی پێدەبەسترێت لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیای شێویندراو، نەک جێگرەوەیەکی تەواو، چونکە هیچ ئامرازێکی ژیریی دەستکرد گەرەنتی ئەنجامی بێکەموکوریی ناکات.

– بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو پێویستمان بە بوونی ئەپڵیکەیشنێکە کە پاڵپشتی ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد بکات، کە زۆرترین داتا و زانیاریی تێدا داخڵکرابێت، بۆئەوەی ئاستیی ئەکیوریسی (وردیی) بەرز بێت لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراودا.

پێشنیار و ڕاسپاردەکان

– ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر درووستکردنی داتابەیسی کوردی بۆ فێربوونی ئامرازەکانی AI، بەتایبەتی بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ.

– توێژینەوەکانی داهاتوو سەرنج بخەنە سەر باشترکردنی وردیی ئامرازەکانی AI لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ.

– پێشنیار دەکەین توێژەران لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیریی دەستکرد بکۆڵنەوە و زیاتر ئەو ئامرازانە بخەنەروو کە ئەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیاییدا.

– باشترە سەرجەم دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەشداری بە ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی ژووری هەواڵ بکەن لە ڕاهێنانی تایبەت بە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد AI لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیای شێوێندراو.

– بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێبەرێک بۆ خوێندەواریی ژیریی دەستکرد(AI) لە بواری ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو ئامادەبکەن، هەوڵبدەن لەناو پرۆگرامی خوێندنا جێی بکەنەوە چ بەشێوەی کۆرس بێت یاخود لەڕێی ئەنجامدانی

چالاکی زانستییەوە، ئەمەش لەپێناو برەودان بە لێهاتوویی و کارامەییەکانی دەرچووی بەشەکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە بواری ڕۆژنامەنووسیی ومیدیادا.

– بەستانداردکردنی بەکارهێنانی کیبۆردلائیاوتی یەکگرتوو بۆ نووسینی هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکان لەلایەن دامەزراوە میدیاییە کوردییەکاندا، کە ئەمەش دەبێتە پاڵپشتییەکی باش بۆ ئەپلیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد، بۆ باشتر ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو.

سەرچاوەکان

بە ئینگلیزی:

- Allcott, H., Gentzkow, M., & Yu, C. 2019. Trends in the diffusion of misinformation on social media. Research & Politics, 6(2), 20-53.

- Bishop, C.M. Pattern Recognition and Machine Learning; Springer: Berlin/Heidelberg, Germany, 2006.

- Chollet, F. 2019. Deep Learning with Python. Manning Publications.

-DAN-LAURENȚIU CARDAȘ-RĂDUȚA, The Effectiveness and Limitations of Artificial Intelligence in Journalism, DOI: 10.2478/saec-2024-0009

- Han, H. J.; Mankad, S.; Gavirneni, N.; Verma, R. 2016. What guests really think of your hotel: Text analytics of online customer reviews. Cornell Hospitality report, 16(2), 3–17.

- Joel Paul, 2024, The Role of Ai in Combatting Misinformation and Fake Content,

- Jurafsky, D. Speech & Language Processing; Pearson Education India: Chennai, India, 2000.

- Kalsnes, B. 2018. Fake news. In Oxford Research Encyclopedia of Communication. https://doi.org/10.1093/acrefore/9780190228613.013.809

- Maialen Berrondo-Otermin and Antonio Sarasa-Cabezuelo, 2023, Application of Artificial Intelligence Techniques to Detect Fake News

- Nick Hajli, Usman Saeed, Mina Tajvidi, Farid Shirazi, 2021. (Social Bots and the Spread of Disinformation in Social Media: The Chal-

lenges of Artificial Intelligence", https://onlinelibrary.wiley.com/doi/abs/10.1111/1467-8551.12554

- Ozbay, Feyza Altunbey, and Bilal Alatas. 2020. (Fake news detection within online social media using supervised artificial intelligence algorithms.) doi: https://doi.org/10.1016/j.physa.2019.123174.

- Pennycook, G., & Rand, D. G. (2021). The psychology of fake news. Trends in Cognitive Sciences, 25(5), 388-402

- Qiang He, Pengzhou Zhang & Huijie Qi, 2023, (Problem Solving and Algorithm Research of the Integration of News Media Gathering and Editing Based on Artificial Intelligence), https://link.springer.com/chapter/10.1007/978-981-19-7184-6_4

- Rampersad, G., & Althiyabi, T. 2020. Fake news: Acceptance by demographics and culture on social media. Journal of Information Technology & Politics, 17(1), 1-11.

- Young, T., D. Hazarika, S. Poria, and E. Cambria. 2018. (Recent trends in deep learning based natural language processing.(*ieee Computational intelligenCe magazine* 13 (3): 55-75. doi:10.1109/MCI.2018.2840738.

- Mileva, Geri, Top 10 AI Tools for Journalists to Boost Writing Speed and Quality, 2025. https://influencermarketinghub.com/ai-tools-for-journalists/

- https://www.geeksforgeeks.org/what-is-an-ai-technique/18 /April/2024

-https://www.studysmarter.co.uk/explanations/media-studies/mass-media/media-content/

- Dana Abubakr Salh1, Rebwar Mala Nabi1 (2023). Kurdish Fake News Detection Based on Machine Learning Approaches. DOI: 10.24271/PSR.2023.380132.1226

به كوردی:

– فەرەج، گەشاو عەلی؛ هادی، د. ئاشنا شەوکەت؛ حمد، ژاڵە جمیل (٢٠٢٤) ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا. گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران

– حەمەسەعید، نەزاکەت حسێن (٢٠٢٢) میدیا و سۆشیال میدیا – کاریگەریی و چارەسەر، چاپی یەکەم،

–سەعید، ئاراس (٢٠٢٤) هەواڵی ساختە چییە و چۆن بیناسینەوە؟ ماڵپەری خەندان، https://www.xendan.org/detailwtar/٧٠٣١

– عەزیز، هەژار حەکیم (٢٠٢٢) موبایل جۆرناڵیزم، چاپی یەکەم.

– محمد، هیمداد عبدالقهار (٢٠٢٤) نجم، سەنگەر حسن، ژیریی دەستکرد بۆ مامۆستایان، چاپی یەکەم.

– چاوپێکەوتن لەڕۆژی یەک شەممە ٢-٣-٢٠٢٥، لەگەڵ د.هێمن فاتیح ابراهیم، زانکۆی تیشک، هەولێر.

– چاوپێکەوتن لە ڕۆژی شەممە ١-٣-٢٠٢٥٤، لەگەڵ م. سەنگەر یوسف ساڵح، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر، بەڕێوەبەری پڕۆژە لە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی،

ملخص

تسعى هذه الدراسة إلى استكشاف الحلول التكنولوجية لاكتشاف ومواجهة الأخبار المزيفة والمحتوى الإعلامي المتلاعب به في القنوات الفضائية الكردية، من خلال الاستخدام والتطبيق الفعال لتقنيات الذكاء الاصطناعي. يتمثل الهدف الأساسي لهذا البحث في فحص الجوانب الحرجة لتقنيات الذكاء الاصطناعي التي يمكن أن تلعب دورا فعالا في تحليل وتصنيف المحتوى، بالإضافة إلى تحديد الأخبار المزيفة والمحتوى الإعلامي المتلاعب به. في العصر المعاصر، أسهم التقدم السريع للتكنولوجيا والانتشار الواسع لمنصات وسائل التواصل الاجتماعي في جعل انتشار الأخبار المزيفة والمحتوى الإعلامي المتلاعب به تحديا عالميا ومحليا، له تأثيرات مباشرة وغير مباشرة على ديناميكيات السوق والأبعاد النفسية والاجتماعية للمستخدمين. تعتمد الدراسة الحالية على منهجية المقابلات المعمقة مع عينة قصدية من مديري أقسام الأخبار في القنوات الفضائية الكردية والصحفيين الذين شاركوا في دورات تدريبية حول الذكاء الاصطناعي، بالإضافة إلى الخبراء والمتخصصين في مجال تقنيات الذكاء الاصطناعي. يسعى البحث إلى تحديد وتحليل تلك الاستراتيجيات والتقنيات التي يمكن استخدامها كأدوات فعالة في اكتشاف وتصنيف الأخبار المزيفة والمحتوى الإعلامي غير الدقيق. من أهم النتائج التي توصل إليها الباحثون أن غالبية القنوات الفضائية الكردية لا تعتمد على تقنيات الذكاء الاصطناعي لاكتشاف الأخبار المزيفة والمحتوى الإعلامي المتلاعب به. ويعزى ذلك إلى عدم توفر تطبيقات الذكاء الاصطناعي للغة الكردية.

الكلمات المفتاحية: الذكاء الاصطناعي, تقنيات الذكاء الاصطناعي، التعرف، الأخبار الكاذبة، المحتوى الإعلامي، محتوى إعلامي مشوه.

Abstract

This study seeks to explore technological solutions for detecting and countering fake news and manipulated media content within Kurdish satellite channels, through the effective use and application of Artificial Intelligence (AI) techniques. The primary objective of this research is to examine the critical aspects of artificial intelligence techniques that can play an effective role in analyzing and categorizing content, as well as identifying fake news and manipulated media content. In the contemporary era, the rapid advancement of technology and the widespread adoption of social media platforms have contributed to making the dissemination of fake news and manipulated media content a global and domestic challenge, which has direct and indirect impacts on market dynamics and the psychological and social dimensions of users. The present study employs a methodology of in-depth interviews with a purposive sample of news department managers from Kurdish satellite channels and journalists who participated in artificial intelligence (AI) training courses, as well as with experts and specialists in the field of artificial intelligence techniques. The research endeavors to identify and analyze those strategies and techniques that can be utilized as effective tools in the detection and classification of fake news and inaccurate media content. Among the most significant findings reached by the researchers is that the majority of Kurdish satellite channels do not rely on artificial intelligence techniques for detecting fake news and manipulated media content. This is attributed to the unavailability of artificial intelligence applications for the Kurdish language.

Keywords: Artificial Intelligence, Artificial Intelligence Techniques, Recognition, Fake News, Media Content, Distorted Media Content

وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/١٨
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨/١٣

الحفاظ على التراث المعماري في محافظة دهوك (فندق الحجري في سرسنك آنموذجا)

د. هاوار نجم الدين هواس
دكتوراه في الاثار
وزارة التربية
com.gmail@Hawarnajmadinv

كوڤان احسان ياسين
ماجستير في الاثار
دائرة الاثار والتراث دهوك
krd.edu.su@yaseen.kovan

خلاصة

عندما ننظر الى عمارة فندق الحجري في سرسنك، نشعر بالقيم والسمات التاريخية الموجودة فيها، بحيث كانت نقطة انطلاق السياحة بمفاهيمها الحديثة. الفندق ذات الثمانون سنة_كان مسرحا تعكس الهوية التاريخية والتراثية للمنطقة، التي اثرت على مجرى تاريخ العراق وكوردستان في تلك الفترة. سيسلط هذا البحث ولأول مرة على تاريخ هذا التراث وبيان الهوية المعمارية لها، أي العمارة الحديثة، وتعتبر نموذجا للعمارة الفريدة والنادرة على مستوى كوردستان العراق بشكل عام، إضافة الى ذلك حافظ هذا التراث على سماته المعمارية، رغم اجراء عملية الصيانة عليها لمرات عديدة، ولكن الترميم والصيانة الغير علمية قد اثرت سلبا على السمة المعمارية والتراثية للفندق، بسبب بناء منشاة أخرى بالقرب من الموقع، وهذا اثرت بشكل سلبي لمحور الرؤية والحركة بالقرب من هذا الصرح التاريخي. باستخدام المصادر التاريخية سنحاول سرد قصة بناءها وتاريخها، ومن خلال الوثائق والصور والمخططات، سنحاول فهم أعماق العمارة في الموقع، إضافة الى فهم مواد البناء. لحسن الحظ تم صيانتها اخيرا من قبل شركة، ليصبح واجهة سياحية لزوار، لكي يستمتعوا بجمال المنطقة ويمزج بين القديم والجديد في عمارة واحدة.

الكلمات الرئيسية: سرسنک، الفندق الحجري، التراث، العمارة، السياحة

مقدمة البحث:

مشاكل البحث

من الملاحظ أن معظم الدراسات التي أجريت على المنطقة ركزت على الجوانب البدائية، دون التعمق في مضامين الحضارة أو تتبع مسارات تطورها في هذه المنطقة، وانما اكتفوا بالسرد والنقل التاريخي، ولهذا من الصعب على الباحثين التعمق في المفاهيم الحضارية، منها العمارة بمفاهيمها القديمة والحديثة، وهذا بحد ذاته عائق يواجه كل من يحاول دراسة هذه المواقع، وسنحاول ادراج المشاكل الموضوعية على هذا البحث الذي يتمحور على تاريخ وعمارة الفندق الحجري من خلال:

أولا: ندرة المصادر المتعلقة بالموضوع، وخاصة الدراسات المعمارية على أماكن كهذه، وهذا يجعلنا الاعتماد على الدراسات الميدانية وتحليل بقايا الهيكلية[1].

ثانيا: عدم وجود توثيق لهذه العمارة سابقا، وحتى اثناء صيانتها في السبعينيات من القرن الماضي لم يهتموا بتوثيقها، وبهذا فقدنا جزء من المعلومات عنها، إضافة الى ذلك تم تشويه بعض من سماتها المعمارية وخاصة المرتبطة بعمليات_التبريد القديم والتي استخدم فيها الطبيعة كمصدر لها.

ثالثا: ان هذه البناية في حالة رديئة، رغم ان باستطاعتنا رسم مخططاتها ومقاطعها، لكن قسم من جدران هذه البناية مهددة بالانهيار وهذا خطر على مستقبل هذه العمارة ومستقبل تاريخها ويجب الإسراع في حمايتها.

رابعا: وبعد سنة ١٩٩١ قام قسم من الاهالي بالاستيطان فيها (خاصة الذين رجعوا من تركيا وإيران) حيث قاموا بترميم واستحداث اقسام من عمارة الفندق واستخدموا المواد الحديثة في بنائها وطلائها، وبهذا فقدنا جزء مهما من تاريخ هذه العمارة.

خامسا: وبعد احداث هجوم تنظيم داعش الارهابي والشام على كردستان والعراق، استخدمها اللاجئين من قبضة هذه الجماعة الارهابية_من منطقة سنجار، وقام بعض المنظمات الدولية بصيانة اجزاء منها لتكون جاهزة للعيش لهؤلاء العوائل النازحة، أي انها كانت مأوى للنازحين والمهجرين مرتين بعد سنة ١٩٩١. لكن ذلك شوهت اقسام منها، وهذا بحاجة الى دراسة موضوعية أكثر.

اهداف البحث

تكمن اهداف البحث في القيم الموجودة في بناية الفندق الحجري، وتعتبر من الأبنية الفريدة التي تمت المحافظة عليها في كوردستان بشكل خاص والعراق بشكل عام، ويهدف هذا البحث الى ما يلي: -

اولا: القيمة التاريخية للموقع، الاحداث التي حدثت فيها منذ بناءها والى يومنا هذا، فقد كان الفندق ميدانا للكثير من الاحداث التاريخية وزيارة الوفود اليها.

ثانيا: القيمة المعمارية، وتعتبر من الأبنية الفريدة من حيث العمارة وعناصرها، إضافة الى موقعها الذي يحاكي جمال الطبيعة وقد تم تصميمها الانحدارات الجبلية في سرسنك، بحيث نرى ان هناك تموج في اقسامها.

---

١ . لا يمكن إنكار وجود بعض المحاولات البحثية التي تناولت دراسة المنطقة، إلا أنها ما تزال محدودة من حيث العدد أو العمق، مما يبرز الحاجة إلى دراسات أكثر شمولا وتخصصا، حيث لم يجري فيها أي مسح سواء كان تراثيا او معماريا، ولا يوجد أي قاعدة بيانات لتفهم التطور التاريخي للمدينة، حيث ذكرها دلائل محافظة دهوك بعد سنة ١٩٧٠ وبعدها، هذا من جهة، ومن جهة أخرى ان الجرائد والصحف في الحقبة الملكية لم يركزوا على المواضيع الحضارية، فقط اكتفوا بالسرد التاريخي، للمزيد ينظر: علي، نظيف محمد وياسين، كوڤان احسان، ٢٠١٦، سەرسنک گەوهەرا هاڤینگەها،دهوک، چاپخانا پارێزگەها دهۆکێ؛ اردني، مصطفى عبدالرحمن، ٢٠١٧، سەرسنک وارگەهێ شاهانه ١٩٢٢-٢٠١٦، بغداد. دار الجواهري لطباعة والنشر.
.

